# گزنگ 100



گۆڤارێكی ئەدەبییە یەكێتیی نووسەرانی كورد - لقی كەركوك دەریدەكات

گزنگ ژمارە - 100 ساڵی 2013




تابلۆی بەرگ:سامان ئەبو بەكر
چاپ:-- چاپخانەی كارۆ -- سلێمانی

# گزنگ

١٠٠ كانوونی دووەم ٢٠١٣

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: **یەكێتیی نووسەرانی كورد - لقی كەركوك**



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

07701385647

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

07701322588

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

دلێر ڕەفیق

**دیزاین**

ئەنجام سەعید

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**كەركوك-رەحیماوا-فلكەی ئیخوان-بەرانبەر قوتا بخانەی خانی**

**كوردستان / كەركوك**


**تێبینی:**

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا ١٠٠

**سەکۆی گزنگ:-**

شیکردنەوەی گوتار، **زاگرۆس محەمەد**............ل٥

**زمان:-**

ئەرکەکانی زمان، **و: د. دارا حمید محمد**............ل١١

**وتار و لێکۆڵینەوە:-**

نۆڤلێتی زەردە مار و مرۆڤ لە سایەی ستەمدا، **لەتیف فاتح فەرەج**............ل٢١
کە خودا ئیشارەت دەکات، **ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان**............ل٢٥
ساتەکانی داگیرسان، **فەیسەڵ هەمەوەندی**............ل٢٩
خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵ، **ئەرشەد تەحسین**............ل٣٣
ئەدەبی منداڵان، **سیمین چایچی**............ل٥١
ئاوڕێکی کورت لە شەپۆلەکانی شیعری نوێی کوردی، **شەریف فەلاح**............ل٦١
ڕەنگبێ شیعری وەفایی بێ، **مستەفا سەیید مینە**............ل٧٧
مەلا عەبدوڵڵای ئەفزاری، **خالید ئەویندار**............ل٧٩
پێناسە هەڵنەگری دەمارگیری، **و/ ئەرسەلان حەسەن**............ل٨٩
ژنێ لە شووشە گەڕانێکە بەناو...، **زایەر زەنگنە**............ل٩٧
ئەدەبی ئێرۆسی و کۆمەڵە سەرنجێك، **عبدولڕەحیم سەرەڕۆ**............ل١٠٧
تیۆدۆر فۆنتانە، **و/ عومەر عەلی شەریف**............ل١١٣
دژە پەند لە شیعری کوردیدا، **د. هاوژین صلیوە**............ل١١٩
زەمەنی کاڵبوونەوەی ڕەنگە جوانەکان، **سیروان کەریم**............ل١٢٣
شکانی لقی درەخت وەك شکانی قاچی مرۆڤ بەئازاری، **مەحموود نەجمەدین**............ل١٢٧

**وەرگێڕان:-**

چۆن شیعر کاریگەری دەبێت، **و: نەسیم چۆمانی**............ل١٣١
ماسی، **و: کوردستان مجباس**............ل١٣٧
چەند چیرۆکێکی زەکەریا تامر، **و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**............ل١٤١
بەندەر، **و: حسێن عەلی**............ل١٤٧
هێی دز ژیانت کامەیە، **و: هەورامان وەتمانی**............ل١٤٩
ماریۆ بارگاس یوسا، **و: سەرکەوت نەجاتی**............ل١٥٧
بوودەڵە، **و: مەحموود عومەر باوزی**............ل١٦١

**چیرۆك:-**

ڕۆخی پایزێك، **سالار ئیسماعیل سەمین**............ل١٦٥
چاوشارکێ، **عوسمان دەروێش**............ل١٦٩
پله گۆشت، **ئومێد مەحموود**............ل١٧١

**شیعر:-**

چەند وردیلە شیعرێك، **ئەنوەر عەرەب**............ل١٧٧
خەم و ترس، **د. وریا عومەر ئەمین**............ل١٧٨
ئەلبوومی شەقامەکانی کەرکوك، **مەدیحە سۆفی**............ل١٧٩
ڕەنگەکان خوێنی کۆتاییان هەیە، **و: سەلاح جەلال**............ل١٨٥
حیکایەتەکانی موسافیرێك، **ئیبراهیم هەورامی**............ل١٨٧

**دیمانە:**

عەلی ئەشرەف دەروێشیان، **و: دیمانە: بابەك سەحرانەوەرد**............ل١٨٩
باکۆ جەلال، **سەنا جەباری**............ل٢٠٣
کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **بەڕێوەبەری نووسین**............ل٢٠٧



زاگرۆس محەمەد

# شیکردنەوەی گوتار

"دی سۆسێر" گوتار لە پرۆسەی ئاخافتندا بەرجەستە دەکات، بەڵام "بنفێست" پێناسەی دەکات و دەڵێت: هەر ئاخافتنێك پێویستی بە قسەکەرو گوێگر هەبێت، لایەنی یەکەم نییەتی، کارکردنی هەیە لەسەر لایەنی دووەم بە ڕێگەیەکی دیاری کراو.

گوتار ئەو پرۆسەیەیە کە هەڵگری کۆمەڵێ نهێنی و مانای قووڵە، تا بەودیوی نەگەین سوود لەو مانایانە نابینین. ئەتوانم بڵێم هەر گوتارێك پێناسەی خاوەنەکەی دەکات، بەرهەمی هزر و توانا عەقڵییەکانی مرۆڤ دەردەخات، ڕێگایە بۆ گەیشتن بە توانای مرۆڤێك لەو ڕێگایەوە ئەتوانێت ناخی خۆی لە تاریکییەوە بخاتە بەر ڕۆشنایی و ئەوانی دی بیبینن و ڕای خۆیانی لەسەر بدەن .

پێش ئەوەی بە وردی لەم چەمکە بدوێین دەبێت ئەوە بزانین لای زۆربەی زمانەوانییەکان گوتار جگە لە پرۆسەیەکی فۆنەتیکی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات شتێکی دی نییە و ئەو پێناسانەی "دی سۆسێر" و "بنفێست" بەڵگەن لەسەر ئەم بۆچونە، بەڵام سەرەتا





بۆ زانینی گوتار پێویستە لەو زانایانەوە لە گوتار تێبگەین و هەر بۆیە پێناسەکانیانم وەکو لە گوتارەکەمدا کردم بە سەرەتا، پاش ئەوە ئەتوانین نهێنییەکانی ئەو چەمکە هەستیارە هەڵدەینەوە بە یاوەری ئەو زانا دووربینانەی کە لەم چەمکەیان کۆڵیوەتەوە، لە میانەی خوێندەوەمان بە وردی بۆ ئەو زانستە، بۆمان دەردەکەوێت کە بچووککردنەوەی گوتار لە پرۆسەی ئاخافتن هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵکو دەبێت سەرەتا ئەوە بزانین ئەو چەمکە دەترازێ بۆ نووسین و هێما، واتا دەکرێت بە وتەی مرۆڤێك بوترێت گوتار و هەروەها بە دەقێکی نووسراو.

### گوتار و بوونگەرایی

لای بوونگەراییەکان زۆر وتن فاکتەرێکە لەو فاکتەرانەی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر بوونی مرۆڤ. زۆربلێکان بەردەوام وا دەزانن وتەکانیان (گوتارەکانیان) بەڵگەن لەسەر بوونیان و زۆربلێیی تەنها چەکە بۆ سەلماندنی بوون، ئەوان مرۆڤە کەم دووەکان بە سەرشێت و بەکەسانێك وەسف دەکەن کە توانای تێکەڵبوون و بەسەر بردنی ژیانێکی ئاساییان نییە. "هایدگەر" پێی وایە ئەو کاتەی گوتار چڕدەکرێتەوە لە دیاردەکانی دەنگ و تەنها دانیشتنەکانی پێ خۆش بکرێت و لاپەڕەکانی پێ پڕبکرێتەوە، ئەوکات گوتار فاکشنە سەرەکییەکەی خۆی لە دەستدەدات و دەچێتە چوارچێوەی زۆربلێییەوە. ئەو پێی وایە دەبێت گوتار شرۆڤەی ڕاستەقینەی هزربێت و گوزارشت لە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ بکات. "سارتەر" پشتگیری لە بۆچوونەکەی "هایدگەر" دەکات و پێی وایە دەبێت ئەو گوتارەی لە مرۆڤێکەوە دەردەچێت گوزارشت بێت لە بوونی ئەو مروڤە، بەڵام "سارتەر" وردتری دەکاتەوە و بە بۆچوونی ئەو، ئەو بونگەراییەی لە گوتاری ڕاستەقینە هەیە پێویستی بە بوونی ئەوی دی هەیە، لەبەر ئەوەی گوتار مانا ناداتە دەستەوە ئەگەر بەرامبەرێك نەبێت بە قووڵی ئەو گوتارە وەربگرێت .

بوونگەراییەکان کاتێك گوتار بە گوتاری ڕاستەقینە دادەنێن، ئازادبێت و هیچ جۆرە سانسۆرێکی سایکۆلۆژی و مێژوویی لەکەداری نەکات. ئەو گوتارەی خاڵییە لە ئازادی خاڵیە لە بوون، بۆیە هەر کاتێك ئازادی لە گوتاردا نەبوو، دەبێتە زۆربلێیی. هەر کاتێك گوتار بوو بە ئاوێنەی ناخی مرۆڤەکان، ئەوکات فانکشنە سەرەکییەکەی خۆی دەپێکێت، بۆ پاڵشتی ئەم بۆچوونە "هایدگەر" پێی وایە ئەدەب شتێکی دروستکراو نییە یان شتێك نییە دروستبکرێت، بەڵکو ڕووداوێکە



## فۆكۆ

دەبێت رێگەی پێ بدرێت ببێت.
ماكیاژكردنی گوتار لای بوونگەراییەكان مرۆڤ بەرەو نەبوون دەبات و هەر ئەوەندە بوونی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوانی دی دەڵێن بوونت هەیە .
"فۆكۆ" لە "سیستەمی گوتاردا" باس لە ویستی مرۆڤ دەكات بۆ وتنی ئەو وشانەی لە ناخیدا فشاریان دروستكردووە و پێویستیان بەوەیە ببن بە گوتار. بەپێی ئەو وتەیە ئەو جۆرە گوتارە رەچاوی بارۆدۆخی دەرەوەی مرۆڤەكان ناكات و تاكڕەوانەیە و كاریگەری دەبێت و ئەگەری ئەوەی لێ دەكرێت زیان بەخشبێت. "فۆكۆ" بە ناوی حەزی مرۆڤەوە دیالۆگێكی زۆر ورد لەگەڵ مێگەلدا دەكات،



## هایدگەر

حەز دەڵێت:"خودی خۆم نەمدەویست بچمە نێو ئەم ئاستە ترسناكەی گوتارەوە، هەر نەمدەویست پەیوەندیم پێوەی هەبێت، لەبەر ئەوەی هەڵگری فاكتەری یەكلاكەرەوەیە. بەڵكو حەزدەكەم هەموو لە دەورمبن و دیودیار و ژێربن و كراوە و بێ كۆتایی، لەو شوێنە كە چاوەڕێ منن، لەو شوێنە راستییەكان وردە وردە یەك لەدوای یەك بەرزدەبنەوە، هیچ شتێك لە پێشم نییە جگە لەوەی خۆم جێ بهێڵم وەكو تێكشكاوێكی شاد. ئەوكات مێگەل وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: " مەترسە دەست پێ بكە ، ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی بێیت بۆ ئەوەی پێت بڵێین گوتار ملكەچی یاسایە ... ئێمە شوێنمان بو گوتار داناوە، شوێنێك







## سارتەر

تێدا بەختەوەرە بەڵام چەككراوە ..." بەردەوام "فۆكۆ" دڵنیا نییە لە گوتارە نوسراو و گوتراوەكان كە هەن، هەمیشە ئەمانخاتە ئەو گومانەوە كە ئەم دەقەی لە بەردەستمانە هەموو ئەو شتانە نییە كە لە هەگبەی مرۆڤەكان بوون، بەلكو نهێنییەكی بێ سنوور لە پشتی دەقەكەوەیە، ئەو بەشە زانیارییەی كە گوتارەكە دەیداتە دەسەوە ئەوەندەیە كە مرۆڤەكان پێی وێراون و زانیویانە لە ئەنجامی وتنیدا زیانیان پێ ناگات، دەقا و دەق ئەو مانایەی "فروید" دێتە هزرم كە پێی وایە مرۆڤ ئەشكەوتێكی تاریكە و بە سەدەها چرا نهێنییەكانی ناوی نادۆزیتەوە.

### شیكردنەوەی گوتار لای فۆكۆ

ئەتوانین بڵێین "فۆكۆ" بەردەوام گەڕاوە بەدوای میتافیزیكای گوتاردا و هەمیشە



## دریدا

پاساوی شوێن و كات لە شیكردنەوەی گوتاردا دوردەخاتەوە، لە "حفریات المعرفە"دا دەڵێت: "من سوود لەو یەكە ئامادەكراوانە وەردەگرم كە سایكۆلۆژی و رامیاری و ئابورین، ئاماژە سەرەكییەكانن، بەڵام بۆ ئەوەی بمەوێ شرۆڤەی پێكهاتەی ناوەكی یەكە گومان لێكراوەكان بكەم و هەڵوێستە بكەم لەمەڕ شارەوە دژوارەكانی، ئەو زانستانە بەكار ناهێنم كە پێشتر باسمان كردن بۆ شرۆڤەكردن ... گوتار بە چ حەقێكەوە شوێنێك دەكات بە مەیدانی خۆی و خۆی بە كاتێكی دیاری كراوەوە دەبەستێتەوە ؟"...!
فاكتەری شوێن و كات لای "فۆكۆ" ئامراز نین بۆ شرۆڤەكردنی گوتار، داماڵینی گوتار لەو دوو فاكتەرە پڕ و بەتەوتری دەكات، لە كۆت و بەندی رزگاری دەكات و رێگە

دەدات بە شرۆڤەکاران نهێنییەکانی ئەودیوی بدۆزنەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر خودی گوتارەکە گوتارێکی جدیبێت، لە بەرامبەردا دیل کردنی گوتار بەو دوو فاکتەرەوە زیانێکی زۆری پیّ دەگەیەنێت“ دەبێتە هۆی ئەوەی گوتاری جدی و لاواز لەیەك نەکەینەوە لەبەر ئەوەی بەستنەوەی گوتار بەو دوو فاکتەرەوە لە بەهای گوتاری جدی کەمدەکەنەوە و بەهای گوتاری لاواز بەرزدەکەنەوە و هەردووکیان لە یەك ئاست پۆلێنیان دەکەن، ئەوکات بەها بۆ گوتار نامێنێت بەڵکو شوێن و کات حوکمی باشی و خراپی لەسەر دەدەن، بە زمانێکی دی دەتوانین بڵێین ئەو گوتارە پێی دەوترێت گوتار کە بەبیّ رەچاوکردنی کیّ وتی و کەی وترا فاکشنی خۆی بکات و کاریگەری هەبێت، کاتێك دەڵێت :

**لە خەو هەڵساوە یان ئاڵوزە چاوت**
**هەمیشە وایە یان مەخمورە ئەمشەو**
**..............**
**سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێت**
**جێگەی سەر دارەکەی "مونسوور"ە ئەمشەو**

چی کارت بەوەیە کیّ وتوویەتی و کەی وتراوە و لەکۆی وتراوە، ئەو دەقە شیعرییە خۆی پێگەیەك دروست دەکات و وا لە شرۆڤەکاران دەکات لە دوای نهێنییەکانی بگەڕێن.

ئەو گوتارانەی کات و شوێن دەکەنە پاڵپشت بۆ دەرکەوتنیان، جگە لە دروستکردنی بوونی درۆ بۆ خاوەنەکانیان هیچ وەزیفەیەکی تریان نییە و تەنها بە لێسەندنەوەی ئەو دوو فاکتەرە هیچ جۆرە شیکردنەوەیەك هەڵناگرن.

## تێڕامانی یەکەم لە گوتار

پاش ئەوەی "فۆکۆ" فاکتەری شوێن و کاتی لە شیکردنەوەی گوتار دوورخستەوە، ئەوکات لەسەر خودی گوتار کار دەکات و پێمان دەڵێت "لە کۆتاییدا دەبێت دان بەوەدا بنێین ، ئەبێت ئەوە لەبیروباوەری خۆمان دەرکەین کە پێمان وابێت بە یەکەم جار لە گوتارێکی راستەقینە بگەین، بەڵکو پێویستی بە تێڕامانە و ئەو تێڕامانەیش ناکرێت تا ڕوننەبێتەوە کە ئەو گوتارە دەرخستنی تێدا نییە."

ئەو بۆچوونەی "فۆکۆ" نزیکە لە بۆچوونەکەی "درێدا" کە لە وتەیەکیدا دەردەکەوێت "مانا پارێزراوە بۆ قسەکەر" بەڵام دوورە لەو مانەیەی کە "هۆسرەل" دایڕشتووە بۆ زمان و مانا دەبەستێتەوە بە رووکەشی گوتارەوە، ئەو هۆشداری "وعی" و خود لێك جیاناکاتەوە، ئەم چەمکە بووە مایەی شۆڕشێکی نویّ بۆ شیکردنەوەی گوتار لەلای "هایدگەر" و "نیچە" و





تەنانەت "فروید"یش، ناهۆشداری "اللاوعی" لەوێوە سەرچاوەی گرت و پێیان وابو مەرج نییە ئەوەی وترابێت لە هۆشدارییەوەبێت، بۆیە پێویستە بەردەوام لەودیوی گوتارەکاندا نهێنیە راستەقینە و مانا جوانەکانی گوتار بدۆزینەوە.

ئەو خاڵەی سەرنجی راکێشام لەو چەمکانەی "فۆکۆ" دایرشتووە و لە رستەیەکدا کۆی دەکاتەوە و دەڵێت: "نابێت رەسەنایەتی گوتار هەواڵەی هۆشدارییەکی دوور بکەین، بەڵکو دەبێت وەکو بیّ رەسەن رەفتاری لەگەڵدا بکەین". لێرەدا "فۆکو" دەستکاری هەستیارترین چەمکە سەقامگیر و چەقبەستوەکانی کردووە، کاریزما بۆ هیچ گوتارێك ناهێڵێت و مێژوو و خاوەن وتە دەسڕێتەوە، هەموو گوتارەکان بیّ نیشتیمان و بیّ خاوەن دەکات، دەمانخاتە بەردەم گوتارەکان پاش ئەوەی هزرمان فۆرمات دەکات و دەیسڕێتەوە لە باگراوەندەکانی ئەو گوتارە.

"فۆکۆ" پێمان دەڵێت پێش ئەوەی دەقێك بخوێنیتەوە، بۆ نموونە دەقێکی ئەفلاتون یان هەر کەسێکی دی، دەبێت ناو و مێژووی ئەو دەقە بسڕینەوە و تەنها گوتارەکە دەخرێتە بەر تاقیکردنەوە و شرۆڤەکردن و بەبیّ ئەوەی کاریگەریی خاوەنەکەی لەسەرمانبێت کە ئەفلاتۆنە، دەشێت گوتارێکی ئەفلاتۆن لە ئێستادا هیچ مانایەك نەبەخشێت بەڵام لە سەردەمێکدا بۆخۆی شاکارێك بووە، لە روانگەی "فۆکۆ"وە ئەو گوتارە نابێت کاریگەریی مێژوویی کە لە ساتەوەختێکدا سودبەخشبووە و هەروەها کاریگەریی خاوەنەکەی کە ئەفلاتۆنە رامان بگۆڕێت لە شیکردنەوەی گوتارەکە.

ئەم چەمکە ڕووی راستەقینەی گوتارەکانمان بۆ دەردەخات، بۆمان ڕووندەبێتەوە چ گوتارێك هێزی مێژوو و کات و وتیار بووەتە پاڵپشتی تەنها بە داماڵینی لەو فاکتەرانە دەبێتە هۆی پوکبوونەوەی، ئەو کات گوتاری سوودبەخش و بیّ سودمان بۆ دەردەکەوێت.

"وشەیەکی ئاشتی لە هەزار وشەی بەتاڵ باشترە" ئەم گوتارە با "بوزا" وتبێتی بەڵام کە لەساتەوەختێکدا بیّ مانایی خۆ سەلماند، نابێت کاریزمای "بوزا" وامان لیّ بکات بەو دەقە بڵێین دەقێکی باش

.

**سەرچاوەکان**

**١- حفريات المعرفة ... ميشيل فوكو**
**٢- نظام الخطاب ... ميشيل فوكو.**
**٣- الوجود و الموجود ... مارتن هيدجر.**
**٤- الصوت و الظاهرة ... جاك دريدا .**



و: د. دارا حمید محمد

# ئەرکەکانی زمان

## Functions of Language

ئەرکەکانی زمان بەشێوەیەکی گشتی بەسەردووبەشدا دابەشدەبن :

بەشی یەکەم لەئەرکەکانی زمان بابەتێتی زمانە ، واتە خودی زمان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو کە لەکۆمەڵێك پەیوەندی ناوخۆیی پێکدێت . هەریەکێك لەو پەیوەندیانەی ناوەوەی زمان ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە ، ڕۆڵ و گرنگی ئەو ئەرکانەی زمان پشتبەستوو دەبێت بە توانا بابەتییەکانی زمانێکی دیاریکراو ، واتە گرنگی ئەرکی زمان وابەستەدەبێت بە ئاستی گەشە و پێشکەوتویی ئەو زمانە .

ئەرکەکانی ناوەوەی زمان سنووردارن و هەرئەرکێك و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام لەهەمان کاتدا جۆرە پەیوەندییەك هەموو ئەرکەکانی زمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، بەشێوەیەك کە یەکەیەکی یەکگرتووی لێپێکدەهێنێت . لە ئەرکەکانی ناوەوەی زمان :

١- ئەرکە فۆنەتیکییەکان .
٢- ئەرکە فۆنۆلۆژییەکان .
٣- ئەرکە مۆرفۆلۆژییەکان .
٤- ئەرکە سینتاکسییەکان .
٥- ئەرکە فەرهەنگییەکان .





٦- ئەرکە واتاییەکان .
٧- ئەرکە ڕەوانبێژییەکان .
٨- ئەرکە شێوازییەکان .

دیارە ، هەموو ئەو ئەرکانەی زمان پەیوەندییان بە چۆنییەتی درکاندن و ئاخاوتن و شێواز و ڕەوانبێژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و نووسین و خوێندنەوەوە هەیە .

بەشی دووەمی ئەرکەکانی زمان ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانە : ئەو ئەرکانە وابەستەیە بە زمانەوە وەك پێکهاتەیەکی تەواو و کامڵ کە ئامادەیە ، بۆ بەکارهێنان لەپێناو پەیوەنیکردن و لەیەکگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵدا . چونکە زمان ئامرازی سەرەکی لێکگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و، لەهەموو بوارەجیاجیاکانی ژیاندا ڕۆڵی کارای هەیە ، بەڕادەیەك کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ دەستبەرداریان ببێت . زمان لەجۆری دووەمی ئەرکەکانیدا زنجیرەیەك ئەرکی کۆمەڵایەتی تێکچڕژاوی گرنگ بەجێدەهێنێت ، کە پێویستییەکانی تاك و کۆمەڵی لەگەیاندن و تێگەیشتن تێدا جێ بەجێدەکرێت و ، مەبەستەکان بەدیدێن .

زانایانی زمان و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ...تد لەمێژە گرنگیان بە ئەرکەکۆمەڵایەتییەکانی زمان داوە و ، نموونەی زۆریان لە چۆنییەتی جێ بەجێکردنی ئەو ئەرکانە لەلایەن زمانەوە خستۆتەڕوو . بۆ ئەو مەبەستەش لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و ، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتییە فراوانەی کە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای گرتووەتەوە ، هاوشان و هاوتەرییە ، تەنانەت پێشکەوتنی خودی زمانیش .

وەك دەرئەنجامێکی ئەو لێکۆڵینەوانە و ، بە پشتبەستن پێیان واتە بە لێکۆڵینەوەکان ، زانایان توانیویانە چەند بنەمایەك دابنێن ، کە بوونیان لە هەموو ئاخاوتنێکدا پێویستە ، تا بۆبەجێهێنانی مەبەستێك لەمەبەستەکانی گونجاو و لەباربێت . وەك: مەبەستی پرسیارکردن ، بانگهێشتکردن ، گەیاندنی زانیاری ، شیعر خوێندنەوە ، وانە وتنەوە ، پەیوەندی تەلەفۆنی ، یان هەرشێوازێکی تری بەکارهێنانی زمان . ئەو بنەمایانەش پێکهاتوون لە :

١- قسەکەر (پەیامنێر) ئەوکەسەیە کە دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێت .
٢- وەرگر( قسەبۆکراو ) ئەو کەسەیە کە پەیامەکەی ئاراستەدەکرێت .
٣- پەیام واتە بابەتی ئاخاوتنەکە کە باسی لەسەردەکرێت و ، مەبەستە

بگەیەنرێت .

٤- کەناڵی گەیاندن ، کە دەکرێ ، ڕاستەوخۆ بێت وەك ئاخاوتنی ڕووبەڕوو ، یان ناڕاستەوخۆ وەك لەڕێی ئامێرەکانی کەیاندنەوە بێت تەلەفۆن ، تەلەفزیۆن ، نێت ...تد .

٥- زمان ، مەبەست لەو زمانەیە کەبەکاردێت لە کردەی گەیاندندا ئایا زمانی سروشتیی ،وەك : زمانی کوردی عارەبی ئینگلیزی ....تد بێت یان زمانی جەستە .

٦- شێوازی گەیاندنەکە ، کە چۆنییەتی و مەبەست لە بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە ، بۆنموونە بۆ ئەمرکردن بێت یان ئامۆژگاری یان هەواڵ یان پرس ...تد .

٧- دەقی ئاخاوتنەکە ، واتە ئەو دەقەی کە زمانی لەپێناودا بەکارهاتووە . بۆنموونە بۆ وتنەوەی شیعر بێت یان پەخشان ...تد .

ئەرکەکانی زمان بەپێی ڕۆڵ و گرنگی شوێنی ئەو بەشانە لەپێکهاتەی گشتی دەقەکەدا ئاخاوتن بێت یان نووسین جیاواز دەبێت . یەکەزمانییەکانیش کە لە ڕۆنانی هەرجۆرێك لەجۆرەکانی ئاخاوتندا بەشداردەبین دەکرێن بەدوو بەشەوە :

١- هێمای زمانی دەبن و ، ڕەنگدانەوەی هەندێ واتا و دیاردەی دیاریکراو دەبن .

٢- هێمای نازمانی دەبن و ، لەشێوەی ئاماژە و جموجوڵی جەستەییدا دەبن ، بەمەبەستی گەیاندنی هەندێ حاڵەتی تایبەت .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی زمان ڕاوبۆچوونی هەندێ لەزمانەوانە بەناوبانگەکان دەخەینەڕوو ، کە لە توێژینەوەکانیاندا ڕوونیانکردووەتەوە و ، دواتریش زمانەوانانیتر گەشەیان پێداوون .

١- زمانەوانی جێرمانی کارل بوهلەر(Karl Buhler ١٨٧٩ – ١٩٦٣ ) نموونەیەکی خستەڕوو بەناوی ( مۆدێلی ئامێرەکان – Organonmodell – ) دەکرێ مەبەستی ئەو زانایە ئامێرەکانی درکاندن بێت ، واتە ئەندامەکانی ئاخاوتن (وەرگێڕ) . بوهلەر زمان بە ئامێرێك دەچوێنێت ، بەڵکو زمان بە یەکێك لە ئامێرەکانی ژیان دادەنێت . ئەو زانایە لە توێژینەوەکانیدا ئاماژەی بۆ سێ پێکهاتەی سەرەکی کردووە ، کە لە هەموو بەکارهێنانێکی زماندا بوونیان هەیە ئەوانەش :

ا- قسەکەر یان پەیامنێر

ب- وەرگر یان کەسی قسە ئاراستەکراو یان پەیام بۆ نێرراو

ت- بابەتی ئاخاوتن

دواتر ئەو زانایە ئاماژە بۆئەوە دەکات ،





کە بەپێی ئەو ڕێگەیەی کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت ، دەتوانرێت ئەرکی زمان دەستنیشان بکرێت .

٢- زمانەوانی ڕووسی ڕۆمان جاکۆبسون( Roman Jakoson ١٨٩٦ – ١٩٨٢ ) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی زمانەوانی پراگ لە ساڵی ١٩٣٣ . دواتر لەئەنجامی هەڵگیرسانی جەنگی گێتی دووەم چووە بۆ تشیك و لەوێوە بۆ دانیمار و ئینجا سوید و دواتر لە ١٩٤١ گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ، لەبواری زمانەوانییدا درێژەی یەکارەکانیدا . لەتاراوگەدا بەتایبەتی لە زاکۆکانی فەرەنسا و دواتریش لەزانکۆکانی ئەمریکادا وەك هارفەرد و نیۆیۆرك کاری دەکرد . هەر ئەو زانایەش بوو توانی ئەو ڕیسایانە بدۆزێتەوە ، کە زمان پێیان کاردەکات و ، ئەو نموونەیەی کە لە ساڵی ١٩٦٠ دا پێشکەشیکرد و بەناوی جاۆبسونەوە ناسراوە ، باس لەوە دەکات ، کە زمان جگەلەو ئەرکانەی بوهلەر دیاریکردوون ، ئەرکی تریشی هەیە .

ئەو زانایە لەوبڕوایەدایە کە زمان ئەرکی ناوەوە و ئەرکی پەیوەندی نێوان پەیامنێر و وەرگری هەیە ، بەمەش ئەرکی کۆمەڵایەتی بۆ زمان زیاد دەکات ، سەرباری ئەرکی جوانکاری کە وابەستەیە بە شارەزایی و کارامەیی لەبەکارهێنانی یەکە زمانییەکاندا . جاکۆبسون ئەرکەکانی زمان بەم شێوەیە دەخاتەڕوو :

أ- ئەرکی گوزارشتکردن

ب- ئەرکی سەرچاوەیی بوون (مرجعیە)

ج- ئەرکی گاریگەری و کارتێکردن

د- ئەرکی ڕازیکردن

هـ- ئەرکی زمانەوانی

و- ئەرکی ئەدەب و هونەر

٣- زمانەوانی ئەمریکی دیل هیمز ( Dell Hymes ١٩٢٧-) نموونەیەکی پێشکەشکرد ، کە بەناوی خۆیەوەناسرا(Hymes Modell ) . ئەو زمانەوانە نموونەکەی لەچوارچێوەی تیۆرییە ئەدەبییەکان و کردە زمانییەکان و ئەرکەکانی زماندا بەشێوەیەکی فراوان خستەڕوو ، چونکە هەندێ لایەنی تری وەك کەس و شت و بابەت ئاوێتەی ئەرکی زمان دەکات ، کە لەڕاستیدا پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە ، بەڵکو بەشێوازێك لەشێوازەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە قسەکەران و ڕوداو و کردەی ئاخاوتنەکەوە هەیە . وەك شوێنی نمایش ، بەشداربووان ، بینەران ، هەندێ ئاماژە و لەیەکتر ڕوانینی نێوان هونەرمەندان لەکاتی نمایشکردنی شانۆنامەیەکدا .

٤– زمانەوانی ئینگلیزی هالیدای(Michael Haliday ) کە دکتۆرای لەزمانە چینییەکان بەدەستهێناو ، لە زانکۆکانی لەندەن و سیدنی دەیوتنەوە ، سێ جۆری گرنگ لە ئەرکەکانی زمان دەستنیشان دەکات و ئەو ئەرکانەش دابەش دەکات بۆ دوو گروپ ، کە بریتین لە :

أ– ئەرکی کارەکی (پراکتیکی)

ب– ئەرکی لۆجیکی

جۆری یەکەم لە ئەرکەکانی زمان باس لە پەیوەندی نێوان کەسەکان و پەیوەندییان بە دەقە زمانییەکەوە دەکات ، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکانی بوهلەر و جاکۆبسوندا تەبان ، بەڵام جۆری دووەم لەئەرکەکانی زمان ئەوا پەیوەندی بە قسەکەر و گوێگرەوە هەیە ، هەروەها باس لە پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق دەکات . ئەنجامیش ئەم ئەرکانەی زمان دەستنیشان دەکات :

أ– ئەرکی سوود بەخشین

ب– ئەرکی رێکخستن

ت– ئەرکی کارلیککردن

پ– ئەرکی کەسێتی تایبەتی

ج– ئەرکی دۆزینەوە

ح– ئەرکی وێناکردن

خ– ئەرکی راگەیاندن

د– ئەرکی رەمزی هێمایی

٥– زمانەوانی جێرمانی یۆرگن میسنج ( Urgen Messing) دەیەوێست نموونەیەکی نوێ سەبارەت بە ئەرکەکانی زمان بخاتەروو ، ئەویش بەسوودوەرگرتن لە بۆچوونەکانی زمانەوان بێرڤەر(Brever) . ئەو زانایە جگە لەگرنگیدانی بە زمانەوانی بایەخێکی زۆری بە دەروونزانی زمانەوانی دەروونی( Syco Lingustics ) دەدا .ئەمەش بەمەبەستی گەیشتن بوو بە رێگەچارە بۆ ئەو کێشانەی زمان کە زمانەوانی دەروونی خستنیەروو . هەروەها هەوڵێکبوو بۆ دۆزینەوەی ئەرکی نوێی زمان و جیاواز لەو ئەرکانەی کە زمانەوانی پێشتر باسیانکردبوو ، هەرچەندە هەندێ ئەنجامی بەدەستهێنا ، بەڵام تا ئێشتا ئەو ئەنجامانە لە زمانناسیدا بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووە .

بەگشتی دەتوانین بڵێین ، ئەرکەکانی زمان گەلێ بوار و لایەنی جیاواز دەگرنەوە ، ئەو ئەرکانە رۆڵی کارایان هەیە لە لێکگەیشتن و گەیاندن و پەیوەنیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگادا . هەروەها رۆڵێکی گەورەیان هەیە لەبونیاتنانی شارستانییەت و گەشەپێدانی ژیانی مۆرڤدا. هەرگیز مۆرڤ





لەتوانایدا نیە بەبێ زمان لێکبگەن و ناتوانن بەبێ زمان پێویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن . زمانیش وەک هەربوونەوەرێکی تر پەیدا دەبێت و گەشەدەکات و گەورەدەبێت و دواتر پیر و لاواز دەبێت و دەمرێت . ئەمەش پەیوەندی بە بوارە جیاجیاکانی ژیانەوەهەیەوەك بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری رامیاری و زانستی ..تد ، لاوازبون یان بەهێزبونی ئەو بوارانە لاوازبوون و بەهێزبوونی زمانی لێدەکەوێتەوە .

دەکرێ ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی زمان لەچەند جۆرێکدا چڕبکرێنەوە ، کە بریتین لە

**١– ئەرکی یارمەتیدانی کردەی بیرکردنەوە :**

زمان لەپرۆسەی بیرکردنەوەدا رۆڵێکی گەورە دەبینێت ، هاوکارییەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ دەکات لە پرۆسەی بیرکردنەوە و تێڕامان لەدەوروبەر و ژینگەکەیان ، هەروەها یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵ دەدات لە دۆزینەوەی رێگەچارەی پێویست بۆ گرفت و کێشەکانیان . واتە زمان پێویست و گرنگە بۆ مرۆڤ لە کردەی داڕشتنی بیرۆکەکانیدا ، چونکە بەزمان ئەوەی دەیەوێت بیڵێت ، دایدەڕێژێت ، بەزمان گوزارشت لەناخی خۆی دەکات ، هەر بەزمان بیروبۆچوونەکانی تۆماردەکات ، هەروەها زمان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی بیرۆکەکان و ، دواتر وابەستەکردنیان بەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە کە وروژێنراوە ، هەر زمانیش هۆکاری دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی زەینی و مەعریفی مرۆڤە ، و بە زمانیش مرۆڤ دەتوانێت بیروبۆچوونەکانی رێك بخات و کۆیانبکاتەوە و شیکاریان بۆبکات .

**٢– ئەرکی گوزارشتکردن :**

یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی زمان گوزارشتکردنە لەبیر ، چونکە مۆرڤ لەرێی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانێت گوزارشت لەبیر و هەست و سۆزی خۆی بکات ، هەر بەزمان مرۆڤ(قسەکەر یان پەیامنێر) دەتوانێ ، گوزارشت لەو بابەتانە بکات ، کە دەیەوێت بیگەیەنێت ، ئەمەش لەرێی درکاندن و هەندێ هێماو ئاماژەوە ئەنجام دەدرێت . واتە بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەبێت ، مرۆڤ دەتوانێت بۆ گەیاندنی بیرەکانی هەردوو شێوازەکە بەکاربهێنێت . هەروەها بەکارهێنانی زمان وشێوازی ئاخاوتن لەهەمانکاتدا رەنگدانەوەی کەسایەتی قسەکەرن .

سەنتەرەکانی بیرکردنەوە و

گوزارشتكردن و تێگەیشتن لە مێشكی مرۆڤدا جێگیرن ، هەرزیانێك بەر ئەو شوێنە جێگیرانە بكەوێت ڕەنگدانەوەی لەسەر گوزارشتكردن و ئاخاوتن دەبێت .بۆ نموونە بنكەی (وێرنكا) ، ئەركی تێگەیشتنە لە زمان و شیكردنەوەی هێماكانییەتی . هەر گرفتێك لەو شوێنە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت لە شێواز و گوزارشتكردندا .

**٣- ئەركی پەسنی و نمایشكردن :**

مرۆڤ زمان بەمەبەستی وەسفكردنی ئەو بارودۆخە جیاوازانە بەكاردەهێنێت ، كە لە ژینگەو دەوروبەریدا هەیە ، هەروەها زمان بۆ وەسفكردنی هەرگۆڕانكاری و گەشەكردنێك كە لەكۆمەڵگای مرۆڤداڕوودەدات بەكاردەهێنرێت .واتە بۆ وەسفكردنی هەموو چالاكییە كۆمەڵایەتییەكانی تاك ، دیاردەسروشتییەكان ، ئەو دۆخ و حاڵەتانەی كە هاوتا و تەریبی هەركردەیەكی مۆرڤن بەكاردەهێنرێت .

٤- ئەركی كارتێكردن و ڕازیكردن :

لەڕێی بەكارهێنانی زمانەوە بەشێوازی كاریگەر و بەپێی پلانێكی باش وەك ئەمركردن و هیوا و ئاوات و ...تد دەكرێ مرۆڤ كار لەسەر ڕەفتار و هەڵسوكەوتی كەسانیتر بكات ، قسەكەر بێت یان گوێر ، هەروەها دەكرێ كاریگەری لەسەر چۆنییەتی بیركردنەوەیان بەجێبهێڵێت ، واتە دەكرێ لەڕێی ئاخاوتنەوە زمان ئەركی ڕازیكردن بەجێبهێنێت ، ڕازیكردنی گوێگر لەسەر ئەنجامدانی كردەیەك یان پەشیمانبوونەوە لە ئەنجامدانی ڕەوشتێكی نەخوازراو .

١- ئەركی هەڵسەنگاندن :

زمان دەكرێ بۆ هەڵسەنگاندنی كەسەكان و ڕەوشت و ڕەفتاری كەسەكان بەكاربهێنرێت ، هەروەها دەتوانرێت زمان وەك میكانیزمی پێودەنگی بۆ پرۆژەكانی بوارە جیاجیاكانی زانستی و كۆمەڵایەتی و ڕامیاری بەكاربهێنرێت ، واتە زمان ئەركی بڕیاردان و بەراوردكردن بەجێدەهێنێت .

٢- ئەركی كاری یاسایی كردن :

لەڕێی زمانەوەیە كاری یاسایی و كارگێڕی وەك ئاگاداركردنەوە فەرمانكردن لەبوارە جیایجاكانی وەك سەربازی و پەروەردەیی ز حیزبی ..تد دا بەجێ دەهێنرێت ، واتە لەمجۆرە شێوازی ئاخاوتنانەدا زمان ئەركی جێبەجێكردنی كاری یاسایی بەجێ دەهێنێت .

٣- ئەركی پەیوەندیكردن و گەیاندن :

زمان ئەركی گەیاندن و ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری و هەست و سۆز و هەواڵ لەنێوان تاكەكاندا بەجێدەهێنێت ، ئەمەش لەڕێی





گواستنەوەی پەیامەوە دەبێت لە قسەكەرەوە بۆ گوێگر ، ئەم كردەیەش لەڕێی زمانەوە دەبێت و بەشێوەیەك دەبێت كە هەردولا دركی پێ بكەن و لێی بگەن . واتە پێویستە زمانێكی هاوبەش لەنێوان هەردوولا قسەكەر و گوێگردا هەبێت . بوونی ئەو زمانە ئاستی بەشداریكردن و سەركەوتنی تاك لەكردەكۆمەڵایەتییەكاندا دەخاتەڕوو ، هەروەها ئەگەر كەسێك بیەوێت بگاتە شارستانییەت و مێژووی هەر گەلێك ، پێویستە ، بەرلەهەر شتێك فێری زمانەكەیان ببێت ، چونكە زمانەكەیان كلیلی گەیشتنە بە ئەزمونو شارستانییەتی گەلان و سوود لێوەرگرتنیان .

٤- ئەركی لێكگەیشتن :

یەكێك لەئەركە هەرە گرنگەكانی زمان ئەنجامدانی كردەی لێكگەیشتن و كۆڕینەوەی بیروڕا و لێكنزیكبوونەوەی تێڕوانینەكانە لەنێوان مرۆڤەكاندا .ئەمەش لەڕاستیدا ئەركی سەرەكی و باڵاترین میكانیزمی لێكگەیشتنی مۆرڤبووە لەدێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ .

٥- ئەركی گواستنەوەی كلتور :

زمان هۆكاری سەرەكی گواستنەوەی كلتورە لەنێوان نەوەكانی كۆمەڵدا . زمان تەنها ئامرازبووە كە لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە كلتور و چالاكی و زانیارییەكانی باو باپیرانی بۆ پاراستووین بۆ گوێزاوینەتەوە . واتە زمان زنجیرەیەكە ڕابردوو بەئێستاو بەداهاتووشەوە دەبەستێتەوە .

١٠ – ئەركی گەشەكردن :

گەشەكردن و پێشكەوتن و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و توانای ئاوەزی مرۆڤ ڕاستەوخۆ وابەستەیە بەزمانەوە ، لەهەمان كاتیشدا خودی زمان لەو گەشەكردنی ئاستی مەعریفی و زانیارییەی تاك سوودمەند دەبێت و گەشەدەكات .

١١- ئەركی دەروونی :

مرۆڤ دەتوانێت لەڕێی زمانەوە بەسەر گرفتە دەروونی و هەڵچوون و شەرمكردن و دۆخەدەروونییەكانی تردا زاڵبێت .چونكە زۆرجار مرۆڤ لەڕێی گوزارشتكردن لەو دۆخە دەروونییە ناڵەبارانەوە هەست بەئاسودەیی دەكات ، بەڵكو زۆر جار پسپۆڕانی دەروونناسی بۆ چارەسەركردنی ئەو جۆرە دۆخانە داوا لەو كەسانە دەكەن كە باسی دۆخەكان بكەن چونكە ، بارگرانی سەرشانیان كەم دەكات .

١٢ئەركی ئەدەبی :

ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی یەكێكە لە بەرهەمەكانی زمان ، بە زمان جوانی ئەدەب دەردەكەوێت و ، خۆشی و چێژ

بە خوێنەر دەبەخشێت ، زۆرجاریش فۆرمی دەق كاریگەری زیاتری لەسەرخوێنەر دەبێت تا ناوەرۆك .

١٣ – ئەركی دۆزینەوە و خستنەڕوو :

زمان هۆكارێكە بۆ زانینی ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەی هزری و دركركردنی بە ڕووداوەكان و چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا ، لەهەمانكاتیشدا دەكرێ زمان ئەركی شاردنەوەی زانیارییەكان بەجێبهێنێت . (دیكرۆ) یەكێكە لەو زانایانەی كە پشتگیری لەم بۆچوونە دەكەن . ئەو زانایە وای بۆدەچێت كە دەكرێ مرۆڤ لەڕێی زمانە خۆی لە كۆمەڵێك گوتن بپارێزێ ، كە پێدەچێت وتنیان گرفتی بۆ دروست بكات .لەوانە : وتنە قەدەغەكراوەكان ( تابووەكان) یان سیاسییەكان ، یان بۆ خۆپاراستن لە هەر ڕەخنە و تێبینییەك . بەم شێوەیە دیكرۆ لەو بڕوایەدایە كە زمان تەنها دیاردەیەك نییە بۆ پەیوەندییە كۆمەلآیەتییەكان یان ئامرازێك بێت بۆ گەیاندنی هەواڵ ، بەڵكو زمان دیاردەیەكە ستمە سیاسی و كۆمەلآیەتی و ڕەوشتی ..تد لەخۆدەگرێت . زمان دەكرێ وەك ستراتیژێك سەیربكرێت كە پشت بە لێكدانەوە و مەزەندەكردنی پێش وەخت دەبەستێت .

١٤– ئەركی دەسەلآتداری :

ڕۆلان بارت یەكێكە لەو زانایانەی كە بڕوای بەدەسەلآتداری زمان هەیە ، ئەویش لەڕووی فۆرم یان ناوەرۆكەوە ، بۆ نموونە لەڕووی فۆرمەوە مرۆڤ ناتوانێت زمان بەكاربهێنێت ، تا بەتەواوەتی پابەندی یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژی و سینتاكسییەكانی نەبێت ، لەڕووی ناوەرۆكیشەوە ئەوا زمان دەبێتە بەشێك لە كەسایەتی تاك ، چونكە لەڕێی زمانەوە داب و نەریت و ناوەرۆكە هزرییەكان فێر دەبێت و ، هەر بەزمانیش بەكاریاندەهێنێت چ لەشێوەی وتندا بێت یان كردە . هەروەها زمان ئامرازێكی مەعریفەیە ، مرۆڤ لەڕێی زمانەوە مەعریفەكان بەدەست دەهێنێت و پشتیان پێدەبەستێت .

١٥– ئەركی سوودمەندبوون :

بەپێی بۆچوونی هالیدای مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە بە زمان دەتوانێ ئەركی سوودوەرگرتن و سوودگەیاندن بەجێ بهێنێت . دەتوانێ بەزمان سوودمەند بێت لەڕێ بەجێهێنانی پێویستییەكانییەوە . هەروەها دەتوانێت بەزمان سود بەكەسانیتر





بگەیەنێت لەڕێی ڕێنماییكردن بەباشە و قەدەغەكردنی خراپەكارییەوە .

١٦– ئەركی كارلێكی :

مۆرڤ گیانلەبەرێكە هەرگیز ناتوانێت بە تەنها و بەدابراوی بژی ، باشترین هۆكاری پەیوەنیكردن و كارلێكی مۆرڤ بەدەوربەرییەوە زمانە .

١٧– ئەركی كەسی : مرۆڤ بە زمان دەتوانێت گوزارشت لە بۆچوون و هەست و تێڕوانییەكانی خۆی بۆ بابەتە جۆراوجۆرەكان بكات ، بەمەش زمان دەبێتە پێناسی كەسی و بیرو ڕاكانی پێدەگەیەنێتە دەوروبەری ، هەروەها زمان دەكرێ وەك ئاوێنەیەك سەیربكرێت كە كەسایەتی تاك و ئاستی ڕۆشنبیری و هزری و پێگەی كۆمەلآیەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە ، هەروەها دەكرێ زمان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە كەسییەكانی تاك و ئاستی بەهێزی و لاوازی بێت .

١٨ یەكێكیتر لە ئەركەكانی زمان بەپێی بۆچوونی هالیدای ئەركی پرسیاركردن و گەڕانە بەدوای زانیاریەكاندا كە لەڕێ پرسیارەوە پێیان دەگات . هەروەها ئەركی خەیاڵكردن كە لەشێوەی دەربڕینی ئەدەبی (شیعر و پەخشان)دا و لە قاڵبی دەربڕینی زمانییدا دەیانخاتەڕوو .ئەمەش لەپێناو ئاسودەیی بەخشین بەدەوروبەر ، وەك هۆنراوە ، گۆرانی ..تد.

١٩– ئەركی ڕاگەیاندن :

مرۆڤ لەڕێی زمانەوە دەتوانێت هەواڵ بە دەوروبەری خۆی بگەیەنێت بەڵكو دەتوانێت بە هۆی ئەو تەكنۆلۆژیا زانیارییە پێشكەوتوەوە بە هەموو جیهانی بگەیەنێت ،

٢٠- ئەركی ئاماژەیی :

هەندێك وای بۆ دەچن كە زمان بریتییە لە هێما ، كە ئاماژە بۆ شتەكانی دەوروبەر دەكەن ، بەمەش زمان ئەركی هێماكاری بەجێدەهێنێت ، چونكە ئەو هێما زمانییانەی بەرامبەر بەشتەكان بەكاردەهێنرێن، تەنها ئاماژەن و بەرامبەر بە ئاماژەبۆكراوەكان بەكاردەهێنرێن ، ئەو هێما زمانیایانەش بەڕێكەوتنی ئەو كۆمەڵە دەبێت ، كە بەكاریان دەهێنن ، واتە كۆمەڵی خاوەن زمانەكە .

سەرچاوە :

د. محمد شطب
Dr.Mohammed Shatup
Shatup@gmx.net



**لەتیف فاتیح فەرەج**

# نۆڤلێتی زەردە مار و مرۆڤ لەسایەی ستەمدا

لە نۆڤلێتی زەردەماردا، کە حەمە سەعید زەنگنە نووسەرەکەیەتی! زیاتر قسە لەترس و دڵەراوکەو نیگەرانی مرۆڤ کراوە، راستە لەنێو نۆڤلێتەکەدا هەرچی پەیوەندی بەمارەوە هەیە لەحەکایەت و داستان و پەند، هەوڵدراوە، کاری لەسەر بکرێت و سوود لە رەمزی مار بینراوە، بۆ ئەوەی لێیەوە باس لە مرۆڤی کورد بکرێت، وەك مرۆڤێکی خۆهەڵکێش و فشەکەرو خۆبەرەپێشەوە ، لەهەمانکاتدا ترسنۆك و هیچ لەباردا نەبوو، ئەم نۆڤلێتە پێمان دەڵێت ئەمە هەقیقەتی مرۆڤی کوردە لە باشووری کوردستان ، دیارە شوێنی رۆمانەکەش کەرکووکە، ئەوەتا پاڵەوانی نۆڤلێتەکە چەند رۆژێکە خێزان و منداڵەکانی بەسەردان چوونە بۆ شارەکەی شێخی نەمرو، ئەو خۆی تەنیا ماوەتەوە، مارەکەش ئەم تەنیایی و بێکەسییەی قۆستووەتەوەو، گەرەکی بووە زەفەری لیبینێ و بیکوژێ، دەشێ ئەم تەنیاییەی نەبوایە! مارەکەش سڵی بکردایەتەوەو بەم سانایيە نەیتوانیبا سنوور ببەزێنێ و هێرشی بکاتە سەر، من لە کورتە نووسینێکدا هێندەی دەمەوێت لەسەر هەڵوێستی مرۆڤ لەم نۆڤلێتە قسەبکەم، هێندەم ناگەرەکە لایەنی هونەری و ئیستاتیکی نۆڤلێتەکە شیبکەمەوە، هەموو کەسەکان لەسەرەتادا وەك پاڵەوان خۆیان








دەردەخەن و، دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە دەکارن زۆر شت بکەن ، کەچی هەرزوو پەشیمان دەبنەوەو بیانویەك دەدۆزنەوە بۆ ئەو خۆدزینەوەیە، نووسەر زەردەماری بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان دروست کردوە ، ئەیەوێ بڵێت ئەکرێ لەم رێگایەوە ئازایەتی مرۆڤی کورد تاقیبکەنەوە، ئەو زۆر باش ئەمەی وێنا کردوە. ئەوەش دەزانێ کە قسە پولێکی قەڵب ناکات و کردەوە سەتگی مەحەکە، کاتێ تاك تاك ئازایەتییەکە دەبێتە بلقی سەر ئاو ئەوەمان پێشان دەدات کە" ئەو کۆمەڵەی بە چاو سوور کردنەوەیەك پاشەڵی گەرم دەکات" پێشتریش هاتووە" ئەو کۆمەڵەی تۆ یەکێکی لەوان" ئەمە مەبەستی سەرەکی نووسەرە، ئەو دەیەوێت ئەمەمان پێبڵێت ئاخر کۆمەڵێك پۆخڵی تا ناقرگەی چووبێت لەکوێ گیانی بەرگری و بەرەنگاری تیا دەمێنێت و دەتوانێت رووبەرووی نەیارو دوژمنەکانی بێتەوە، ئەو واتە نووسەر، کەمن وای بۆ دەچم هەر خۆی پاڵەوانی نۆڤلێتەکەیە لەدووتۆی نۆڤلێتەکەیدا باسی شەپرزەی و بێسەرەو بەرەیی ئەو بەرەنگاری و رووبەرووبوونەوانەشمان بۆ دەکات ،ئەوان نەخشە بۆ رووبەرووبوونەوە دەکێشن ، بەڵام هەر زوو نەخشەکە بەهۆی ئەوەی نەکەسیان بروایان بەیەکترە نەکەسیان ئازایەتی رووبەرووبوونەوەیان تیایە،هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەتا دووسێ جار نەخشەی بەگژاچوونەوەی زەردەمارەکە دەگۆڕن، بەڵام کاتێ زەردەمار لەپەل و پۆ دەکەوێت و کۆتای دێت ، ئیدی هەموویان لەچوار دەوری کۆدەبنەوەو دەبنە خاوەنی ئازایەتییەکە، نووسەری زەردەمار دەیەوێت پێمان بڵێت مرۆڤەکان ئازایەتی بەرپەرچدانەوەی ستەمیان نییەو لەسایەی ستەمدا دەمیشیان بەئاستەم دەگەڕێ، ئەمە بەروونی لەگفتوگۆی میرزاو حەمەی پاڵەوانی نۆڤلێتی زەردەماردا دەردەکەوێت ، ئەوەتا هەر ئەوەی رەنگی مارەکە دەژنەون ! ئیدی قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و ناتوانن هیچ بکەن، لە پەنای ئەم ترس و بەد گومانیەشەوە هێشتا لە حەکایەتی ئەوە ناکەون ! هەرکەسەو داستانی ئازایەتی خۆی دەگێڕێتەوە،

هەقیقەتی مرۆڤی کورد تا رادەیەکی زۆر ئاوایە، ئەو بەردەوام لەبەردەم ناخۆشی و نەهامەتییەکاندا باسی پاڵەوانەتی رابردووی خۆی دەکات، رابردوویەك کە بۆ ئێستا هیچ بایەخێکی نییە، میرزاو حەمە هەر یەکەو باسی چیرۆکی خۆیان و خەڵکی تر دەکەن ، لەبارەی بەگژاچوونەوەی ماردا، کەچی جگە لەنائومێدی و پەشیمانی شتێکی تر بە پاڵەوانی نۆڤلێتی زەردەمار نابەخشن، بۆیە ئەو بەناچاری پەنا دەباتە سەربان و دەیەوێت لەو حەکایەتە ترسناك و لەش پروکێنەی ئەوان دەربازی بێت، لەوێ کەژاڵی ئامۆزای ورەیەکی دەخاتەوە بەر، ئاخر زۆر جار لەنێو ئەو زەلکاوەدا ئومێدێك هەیەو کەسانێك ئەگەر بە دوو قسەش بێت دەتوانن ئاسودەی ئەوە بەمرۆڤ ببەخشن، کە ئەوە ئیتر کۆتای دنیا نییە، من لام وایە نووسەر دەیتوانی مەوداو ماوەیەکی زۆر زیاتر لەنێوان ئەم دوو جۆرە لەمرۆڤدا بوەستێت و، لێرەشەوە دەیتوانی چیرۆکێکی جیاوازمان نیشان بدات، چیرۆکی هەڵوێستە جیاوازەکان ، مرۆڤێك هەمیشە دەڵێت رابردوو هی من بوو، یەکێکی تریش دێت دەڵێ ئاییندە باشتر دەبێت، کەژاڵ نمونەی کەسی دووەمە، ئەو بە ئامۆزاکەی دەڵێت سەبرت هەبێت و ئاییندە وەك ئێستا نابێت ، لەنێو ئەو گیرۆدە بوونەدا بەدەست ستەمەوە ئەمە

موژدەیەکی باشە بۆ ئەوەی پیاو لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بەبروای من لێرەدا نووسەری نۆڤلێتەکە رەگەزی مێی وەك هاوکارو فریاد رەس نیشان داوە بۆ رەگەزی نێر ، ئەمەش رێکورەوان بەئێمە دەڵێت لە بارو دۆخی ئاوادا پێویستە هەردوو رەگەزەکە پێکەوەبن ، بێکەسی شاعیر لە شوێنێکدا دەڵێت :

نێرومێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێك نەدەن

دوورە دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵێك ر نافرێت

نووسەریش لێرەدا دەیەوێت ئەو رۆڵەی ژن نیشان بدات ئەوەتا کەژاڵی ئامۆزای پێی دەڵێت سەبرت هەبێت هەر رووناکی گەرایەوە پێکەوە دەچین و ئەگەر لەوێ مابوو لەناوی دەدەین، ئاخر مرۆڤ کەبەراوردی هەڵوێستی لەسەر خۆو ئاوەزدارانەی کەژاڵ دەکات و بەراوردی دەکات بە هەڵوێستی ئەو مام حوسێنەی وەك پاڵەوان خۆی نیشان دەدات و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە سەدان ماری خواردووە ! لەوە تێدەگات ، کە ئەم دوو رەگەزە هەرگیز بێ یەکتر ناژین و بەیەکەوە دەتوانن باشتر بیر بکەنەوە، هەڵوێستی کەژاڵ هەڵوێستی خانمێکی لەسەر خۆو بیرکەرەوەیە ، لێ هەڵوێستی مام حوسێن هەمان ئەو هەڵوێستەیە، کە لە شێنەییدا وەك شێر خۆی دەردەخات و





لە تەنگانەشدا دەکەوێتە لچە تەتەڵە.

حەمەسەعیدزەنگنە بە ماوەیەکی زۆر کورت کە خۆی لەیەك شەودا دەبینێتەوە، کۆمەڵێکی زۆر لەمرۆڤی جیاجیامان بۆ تاقیدەکاتەوە، چ لەوانەی کەلەناو شاردان و، بەقەولی خەڵکی لادێ دەست وپێ سپی و ترسنۆکن ، ئەوەتا لە شوێنێکدا میرزا بەتەوسەوە دەڵێت" ناحەقی مەگرە .. شارییە !! شاری هەروا ترسنۆکن" بەڵام خۆ میرزا خۆیشی ئەوە دەرنەچوو! چ لەوانەی، کە خەڵکی گوندن. نووسەر دەڵێت: ئەوان هەموویان لەبەردەم ستەمدا دەستەپاچەن و ئازایەتی بەرەنگاریان نییە، هەرواشە ئەوتا هەر کاکەو بەجۆرێك دەیەوێت خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی زەردە مارەکە بدزێتەوە، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی لە هەوڵی کوشتنی مارەکە بەردەوام نەبن ، بۆیە هەرکە کارەبا دێتەوە دەستەیەك بۆ رووبەڕووبوونەوەی وەرێ دەکەون ، نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت با ترس و بیمیش پرزەی لێبڕی بین !! بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دەست لە ئەژنۆ دانیشین، بۆیە لەکۆتایدا دەڵێت ئەگەر پێکەوەبین دەتوانین بەسەر ئەو ستەمەدا زاڵبین ، ئەو راستە باسی ترسنۆکی و خۆپارێزی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات ، بەڵام نایەوێت لە شوێنێکدا بە جێمان بێڵێت .

لام وایە ئەم نۆڤلێتە وەکو نۆڤلێت هێشتا گەرەکێتی تێر بکرێت ، دەشێت نووسەر لە دەقێکی تردا هەمان ئەو کارەکتەرانە ئامادەبکاتەوە بۆ درێژەدان بە رۆمانەکە، بەتایبەت بەشێك لەکەسایەتییەکان وەك بروسکە دێن و دەڕۆن، نمونەی کەژاڵ و مام عاسی، دواقسەی من لەسەر زمانی نۆڤلێتەکەیە، ئەو زمانەی تێکستەکەی پێنووسراوە زمانێکی جوان و پاراو و دەوڵەمەندە، حەمە سەعید زەنگنە وەك چیرۆك نووسێکی کەرکووکی هەقە دەسبەرداری ئەو زمانە نەبێت و، لە ئاییندەدا زیاتر کاری لەسەر بکات ، زمان لای نووسەرانی کەرکوك بەگشتی بایەخێکی زۆری هەیە ، بۆیە نموونەی نووسینەکانی مامۆستا شوکر مستەفا، مەلا جەمیلی رۆژ بەیانی محەمەد موکری و هتد جێگایەکی زۆر لەسەر نووسەرانی ئەم دەڤەرە بە جێدەهێڵێت، بەبروای من ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بەشێك لەم ناوچەیە بەهەمان ئەو شێوەیە دەنووسن ، کە قسەی پێدەکەن واتە زمانی ئاخاوتن هەر ئەوەیە، کە دەخرێتە سەر لاپەڕە، ئەمە جگە لەوەی لەم ناوچەیە واتە لەکەرکوك و گەرمە سێر زۆربەی شێوە زارەکان بوونیان هەیە "ماچۆو گۆرانی و هەورامی و تادوای"



ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

# کە خودا ئیشارەت دەکات

گەرمیان هەردەم لە ڕەوتی ژیاندا بێبەش نەبووە لە نەشونما و هەنگاوی بەپێزی ئەدیبان و جوامێران.. لەم سەردەمەی ئەمڕۆشماندا چەندین شاعیر و دەنگی ناسراو لە دونیای ئەدەبدا لە کۆششی بەردەوامدان. یەکێک لەو لاوە هەستیارانە کاك (ڕووزار ئەحمەد)ە حەزم کرد چەند سەرنجێك لەبارەی یەکێك لە بەرهەمەکانییەوە دەربڕم، ئەویش شیعری (کە خودا ئیشارەت دەکا..) یە دەڵێت:-

ئای گوناهەکانم

چیتر لێتان خۆش نابم

ڕۆژانێك بوو

لە دوورگەکانی بەرائەتەوە

منتان پەلکێش دەکرد و

لە ئاوی دەستنوێژی گوماندا

پرتان دەکردم لە تاوان

ئاساییە شاعیر عەشقێك ناخی بشواتەوە و درك بەو هەڵانە بکات، کە ڕۆژگاری هەرزەیی تووشیان کردبێت، بۆیە ڕووزار دەیەوێت لاپەڕەیەکی سپی هەڵداتەوە،





دووربێت لە گوناه وتەنانەت لێشیان نابورێت، جارێکی دیکە بەسەریان ناکاتەوە، ئەو نایەوێت ئەمانە بیگەیەننە ڕێگەیەکی هەتا هەتایی و بێکۆتایی. ئەو ڕۆژانە بەنەفرەت دەکات.. کە هەرێمەکانی پاکیزەیی دەیانگەیاندە هۆڕەکانی ڕاڕایی و بەتاوان هێوریان دەکردەوە.

بەسەر لاپەڕە کاڵەکانی مەرگدا یەك یەك دەکەوتم

بێ داڵدە وەك ڕیشۆڵە عاجزەکانی ئێوارەیەکی سارد،

بێ بنەوبان تا دەهات ئاوارەییم قورستر دەبوو

خەیاڵم بەسەر ئاوابووندا کڕنۆشی دەبرد

شاعیر ئەو مەلە کۆچەریانەیە، تەڕبوون و داڵدەیان بۆ ئێوارەیەکی سارد و بێلانە هێناوە. نامۆ و پەروازە، لە چڵێك دەگەڕێن بیکەنە هێلانە و ئارامییەکیان پێ بدات. ئەندێشەی ڕووە و ئاوابوون و نەمان دەفڕێت..

توخوا ئەی ئێوارە ساردەکە

بگەڕێنەوە

تەنها هەناسەیەك هەڵمژم بێتام

دەبێ ئەم سەفەرەم.

بۆیە لە سروشت دەپاڕێتەوە، دەیەوێت چەرخی گەردوون بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی، کە تامی کامەرانی و مانای ژیانی تێدا دەبینێتەوە، نایەوێت بە زەبری نادادی، ئاژاوە و ناکۆکی ئەم کۆچەی لێ تێك بدەن..

بێ سنووری سەرزەمینی یادەکانت

دەردیدە دەبم و

کەس گوێ بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی گوناهەکانم شل ناکا،

خەون و مورادەکانمان وەك سەربازێکی دەم هەڵپچڕاو

دەبێتە قوربانی سەختی ئەو خۆشەویستییەی کە وەحشییەکانی نیشتمان هاتن و

لەکەداریان کرد و ڕۆژمێری ماچەکانیان وەراند.

هەرچەندە زۆر لە شاعیران سنوور و پەیوەست بۆ خۆشەویستی دانانێن و بێ پاسەپۆرت دەچنە دەروونی دڵخوازەکانیانەوە، لێرەدا ئەم شاعیرەمان بێ سنووری خاکی یادگارییەکانی ئەوینەکەی خۆی بەدەربەدەر دەزانێت، ئیتر کەسێك شك نابات.. گوێ بۆ هۆکاری گوناهەکانی بگرێت، تاسەو خۆزگەکانی چۆن سەربازێکی ساویلکە و هیچ نەزان دەبێتە قوربانی خۆشەویستییەك، کە دژوارەکان.. ئەوانەی دژی نیشتمان و جوانین.. عەیب داریان کرد و ئەلبوومی

نیازەکانیان دا بەدەم ڕەشەباوە.
ئیتر قومێك خوێن نەما
بەدەمارەکانما یەك یەك
نامەکانت بداتەوە پۆستەی دڵم
ئـــای نیـــشتمان چـــەندە لـــە ســـاتە
کوژراوەکانتدا
بەردی مەزارم بۆت هەڵدا
چەند لەدەمی کورت بوونەوەی
عومردا
من خواستی تەمەنەکەی نوحت دەبووم

شاعیر جۆرە بێهوودەییەك نیشان دەدات، بە گوڕ و تینی خۆشەویستییەکەی و پێی دەڵێـت لەوکاتانـەی دەیانویـست چـرای تەمەنت بکوژێننەوە، چەندە ئـالوودەبووم و خوازیـاربووم کـە تەمـەنت درێـژبێت و (نوح) ئاسایی گوزەرێکی درێـژ بـە دونیـادا بکەین.

چـەندە لـە بێدەنگیـدا مـن بـەهاوار بـانگم دەکردی
ناچـار هـەر بـە کۆڵانـەکانی چـێژەوە بگەڕێمەوە
حەوشـەی ئـەو ماڵـەی کـە دەمێکـە مەحرومە
لە هوتافەکانی ئومێد و و گەڕانەوە

لێرەدا نیشتمان گوێگرانە لەبەردەم هاوار و ناڵـەی شـاعیردا و ناچـارە بەتاسـەوە بگەڕێتەوە ئەو هەوارگەیەی، کە بێبەشە لە سـەمفۆنیای گورانییـە پـڕ هیـوا و سـۆزدارەکان، وادیـارە شـاعیر بـێ ئومێدییـەك دەردەبڕێـت لـە خەونـەکانی خـۆی و هاوخەمـەکانی و ئەوانـەی شـاعیر دڵی پێخۆشکردن و دەیویست لەسایەیاندا نیـشتمان ببێتـە پەرسـتگای ئـەوین و هاتنـەدی خەونـەکانی وا دەرنەچـووە و ئەمیش بەهەنگاوی پڕ لە حەسرەتەوە روو لەو شوێنە دەکات، کە زێدی لەدایکبوونی ئاواتـەکانی بـووە، کەچـی هـەتا ئێـستا مەیئووسە و لـە چاوەڕوانی دروشمەکانیـدا خەو دەبینـێ، شاعیر هەست بـەنامۆیی و تـەنیایی دەکـات، خەریکـە گیـانی دەردەچێت لە چاوەڕوانیدا، ئـەو دەیـەوێت لـە نیـشتمانێکدا سـەر بنێتـەوە کـە ببێتـە مایـەی سـەربەزی و شـکۆ دەیـەوێت قەیرانـەکانی کۆتاییـان پـێ بێـت و ئینسانەکان خـاوەن مـاڵ و حـاڵی خۆیـان بن، بـێ ئـاوارەیی بژێتـەوە، بـوونی خۆی بەبێ مانا دەزانێت و شیعرەکانی لەسـەر گـەڵا خەزانییـەکان هەڵـدەوەرن. لێـرەدا نامـەوێت درێـژە بـە شـرۆڤەکردنی قەسـیدەکەی بـدەم ئـەوەی مەبەسـتمە (رووزار ئەحمەد) لە شیعرەکانیدا دەچێتە نێو دونیای فەنتازیای تەنیایی و نامۆبوون، شـاعیر نوقمـە بـە راستییەکانی مانـای جاویـدانی، وەلـێ زۆرجـار بێهێـزی و





بێووڕەیی نیشان دەدات، ئەویش لـە نسێی کۆپلە شیعری تازەدا، گرنگ لەگـەڵ خـودی خـۆی و پێنووسـەکەیدا ڕاسـتگۆیانە دەپـەیڤێت، جوانییـەك لەبەرهەمەکانیـدا بـەدی دەکـەین.. دوور لـە زۆر لـەخۆکردن، چۆن یەکێك ئاشنایەتی باشی هەبێت لەگەڵ زماندا، رووزار شاعیرێکی هەست ناسکە و بەوپێیەی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، کە زیـاد هەسـتیار و بەسـۆزە.. بـەڵام ئـەم ڕەفتـارەی بەردەوامییـەکی زۆری نییـە، شـاعیر یاخییـە.. بـەو مانایـەی بەرامبـەر نەهامەتییەکان رادەوەستێ و بێزار لـەخۆی و دەوروبـەر و ڕۆژگـار، شـاعیر دەیـەوێت پێشبینی ڕۆژانی داهاتوومان بۆ بکات، بەڵام چۆن دوارۆژێك تژی لەخەم و خۆزگە، بـەڵام داپۆشراو بە گەرداوی نائومێدی، گەر شاعیر ئـەم خەمۆکییـە لەبـەرۆکی خـۆی و شیعرەکانی ببێتەوە و گەشبینی ئارایشتی شـیعرەکانی بکـات.. دڵنیـام دوارۆژێکـی یـەکجار پرشـنگدار.. ئاسـۆی خـۆی و بەرهەمەکانی تیشك باران دەکات، هیـوای هەموانە کاکەی شاعیر زیاد لـە پێویست (انفعال) نەکات و خـۆی نەخواتـەوە، هـەتا تەندروسـتی خـۆی بپارێزێـت و کۆرپـەی شـیعرەکانی لـە گێـژاوی تووڕەبوونـدا نەخنکێن.

سەرچاوە: نەوشـەفەق – ژ (٣٤) کـانوونی دووەم – ٢٠٠٦.



فەیسەڵ هەمەوەندی

# ساتەکانی داگیرسان و.. "ستار ئەحمەد"ی شاعیر

شـــوهرەتی (بـــا) لەرەشـــەبایە، دەریـــا لەهەڵـــچوون و بـــەفر لـــەگڕگرتن و شـــەو لەیەڵدایی ..ئەم ناونیشانانەی سروشت بۆ قەســـــــیدەکانی مـــــــرۆڤ لەمـــــــەڕ دونیاوە،رســــکاندنی ئـــــەو وێنانــــــەن کەدەمانبەنـــــــەوە مــــــاڵێکی رووت و رووتـــەن.لـــەراز–ئومێـــد–لەچـــاوەڕوانی ..بەدیـــدێکی تـــر دەبینـــەوە موســـافیر لەتـــەنهایی و فـــاڵگرەوە لـــەرابردوو ..ئێمـــە لە(با)دەچووینەوە لای شنەبا.بەعیشوەوە دونیامـــان ئەزبـــەر دەکـــرد.لەهەڵەشـــەیی (بـــا)ش خۆمـــان بەکەشـــتییەکانی دونیـــاوە دەگـــرت....کـــەزریان دەکەوتـــە سەرچـــۆك ئێمە گۆرانیمان بۆ سەرفرازی دەووتەوە.

بـــەفر کرێـــوەی لـــێ دەنـــاین ..گرمـــان بەبەســـــــــــتەڵەکەکانەوە دەووت، وەلێ لەشەوێکی سەری ساڵدا سیحری بـەفرمان لەزمانی کۆنسێرتێکەوە دەگرت..بەهـەموو چوونەوەیەك بۆ ئـەو دیوی پەنجەرەکان کلوکلـــــو خـــــەیاڵمان بەشـــــتێکەوە





گرتبوو،چاوەڕوانیەکانمان ببێتە مەراز.شـەو نەبوو لەتەك داڵغەکانمان دونیـا بەعیشقەوە نەڕســـکێنین..شـــەو نـــەبوو نەبینـــەوە مەتەڵەکانی رابردوو،لەزمانی داپـیرەی ژیـان ،ئەوەنـدە نەترسـین کەپەتوویـەك گـشتمان نەگرێتـــەخۆی ..زۆرجـــار بـــەو حاڵەتـــە فیکریانـــەدا رەتـــدەبین،خۆمان لـــەواقیع نەدزینەوە و خەیاڵ مەتەڵـە خورافیـەکانمان دابهێنن ، بۆ هێوربوونـەوە..زۆرجـا دەبینـە چیرۆکی نابەڵەد لەهۆنینـەوە ..هیـچمان بـۆ نانوسرێت .سەرکێشانە فەتوای هـەڵوەرینی گەڵایـەك دەدەیـن .ژوانێـك نـادوێنین وەك کەسێکی فرە عاشـق ..لـەپڕ گڕدەگرین بـۆ ســـوتماکی قەقنـــەس و ژیانـــەوەی نـــویً ..رابردوومـــان وەك جـــووتێ پـــێڵاوی کـــۆن لـــەتاو نـــاعیلاجی هـــەر خۆمـــان لـــەپێ ی دەکەینەوە ..ئێـدی هـەروا دیـارین دەڵـێ ی لکاوینەتـــە دنیـــاوە..بۆیـــە شـــیعر ســـەر هەڵدەدات و هەموو شتێکمان پێ دەڵێ .

لـەم قەسـیدەیەی (سـاتەکانی داگیرسـان)ی شاعیر(ستار ئەحمەد)دا...

بەر لەرۆچوونمان بۆ دنیـا خەفـەکراوەکان و بەر لە ئاوێزانبوونی سـرتەو چرپەکانی ئـەو سـەفەرە تراژیدیایانـە ..بـەر لـەوەی پێکـی مەســـــتی خوێندنـــــەوە ی خـــــەیاڵمان بکـات..قەسـیدەکە ..تـەنها قەسـیدەیەکی شیعریەو هەڵایەك نانێتەوە،ئـەم دیـوی هـەلاً بۆ کلۆڵی ستار ناوێکە دونیای ریکلامـی بـۆ نـــەکراوە،حزووری شـــیعری ئـــەمڕۆ زیـــاتر پەیوەســـتە بەریکلامەکانـــەوە.ئـــەو هـــەلاً دنیایـەکی تـرە بەرجەسـتە لـە فەلـسەفەو بەرجەســـتە لـــە داهێنـــان.لـــەوێ ژیـــان تەفسیرێکی تـری هەیـە دوور لەکوژانـەوەی رۆژمێر ..دوور لەو فەلسەفە رۆتینەی ژیـان تەنها نمایـشی بەسـەربردنی رۆژگارەکـان بێ،لەوێ کەناڵەکانی تێگەیـشتن دەچـنەوە بـــن و بـــانی ئـــەو رێنمایانـــەی هـــەڵفڕینی هزرمان خۆشـتر دەکـەن ..بیرکردنـەوەمان موتـالاًتر دەکـەن بـە حیکمەتـەکانی ژیـان .لـەوێ شـتێك شـاعیر نایـەوێ راسـتەوخۆ ٢×٢ بکات چوار،چـوار دەکـا بەدەسـپێکی قەسیدەیەك ...نازانین چوار وەرزە..چـوار مانگـە..چـوار دیـوارە..هتـد..شـەوێکی تـــاڵ..ئـــەو دەمـــەی شـــەو لەحیکمـــەتی حەسانەوە دەکەوێ ..ئەو دەمـەی رەمـزی شەو لەتاریکی رووتەن (مجرد)دەکرێ..چی لەشـــەودا دەمێنێتـــەوە ..ئـــەو وێنایـــەی بەرجەســـتە کـــردووە ..کەمەرگـــە ..لـــویزا فانزەویلای–رۆمان نووسی ئەرجەنتینی

..هـــەر لەیەکـــەم کورتیلـــە چـــیرۆکیەوە سەرنجی نووسەران بۆ لای خـۆی راکێـشاو لـــەوەڵامی پرســـیاریکیدا لەمـــەڕ مەرگـــەوە کەکورتیلە چـیرۆکەکەی تایبـەت بـوو بـەو ناونیشانە وتی :دەمەوێ سـەرنجی خـەڵکی



راکێشم بۆ ئەو وشەیەی هەموومان هەموو ژیانمان هەر لە چاوەڕوانی ئەو وشەیەداین.مەرگ –ئەگەر ئاواتی مرۆڤایەتیشمان نەبێت ،وەلێ‌حەدەسێکی جیانەکراوەیە لەژیانمان..ترسمان لەمەرگ راکردن نیە لەو حەدەسە ..هەر وەک ترسمان لە شەو ترس نیە لەواقیع ..ئێمە ئەو عیشقانەمان پێ جوانترە کەبەئەمەکەوە دێنە هزرمانەوە ..عیشقە لە جووتبوونێکی رۆحیدا ،فەلسەفەیە لە مەڕ بوونەوەری ..نەک سێکس ..عیشقە دنیایەکی میهرەبانیە بە دنیایەکی خوداوەندیدا دەمانگێڕێ‌..

تاڵ وەک ئەو شەوانەی

مردن لەسەر گەڵای خەندەیەک

خوێنی پژانە رۆحی ژوانەوە

دەستەکان تێکەڵی سەمای موحیبەت و

پەنجەکانمان لەسەر دەفتەری عومر

هەڵوەرین

ئەم وێنا شیعریەی شاعیر(ستار ئەحمەد عیبدولرەحمان) دەتوانم بڵێم زمانێکی حیکمەت ئامێزانەیە وەک هاوکێشەیەک لەنێوان هزری مرۆڤ و کەلتورەکانی رابردوو....ئەم سێ گۆشەی بەرمۆدایەی نادیاریەکانی لە نێو سێ حاڵەتی من و رابردوو مەرگدا..لەسەر گەڵاکان ..کەنووسراوێکی ئەجەلی لەسەر نووسراوە یاخود ئاماژەیەکە بۆ وەرینی گەڵا یان مەرگی کەسێک .

گشت ئەم هامرایی لەفەلسەفەبوونی دنیای دروست،ەو میهرەبانیە دەخاتەڕوو کە لە ژواندا دەرسێکێ‌ .ئێمە تەفسیرێکی فیزیکیمان هەیە کە ژوان دەمانخاتە حاڵەتێکی سۆفیگەرانەوە..عیشقە دەبێ‌ بەپەیامێك ..دوو بەدوو لەمیحرابی ئاڵشتکردنەوەی رۆح تاحاڵ گرتن دەچینەوە.

ئەوەی شاعیر دەیەوێ‌ موعادەلەیەکی هاوسەنگی لەتەکا دابنێ‌..عیشقەو موحیبەت و گەیشتنە بە دنیای بەئەمەکبوون ،بەدیوێکی ترساتەکە ساتی







خۆبەخشینە بۆ ئەو هەڵوەستانە..ساتی هەڵوەرینی عومرە کە دابڕانە ..ئیدی کولتور لە سمبولی قەدەر هەموو بۆندەکان تێك دەشکێنێ‌..

نەوەکوو پیاسەیەکی خەمگین

یەخەی سەرابەکانی یادەوەریمان بژاکێنێ‌

چوون مەراق چۆن بەرکی خۆزگەیەك

هەڵدەدڕێ‌

دوای جریوەی جوانی کەوتووین

لەنسێی سۆزێکی تروسکەدا هەڵنشتین

ئەو شاعیرانەی بێ‌ لایەن گرفتەکان دەخەنەروو ،حورمەتێکی بێ‌ پایانیان هەیە لەمەڕ قەڵەمەکانیانەوە..ئەوان نابن بەلایەنگری حاڵتێك و حاڵتێکی تر کوێرکەنەوە.ئەوان کولتور بەنەخوێنەوارێکی زەق نازانن،بۆیە هۆکاری تێنەگەیشتن وەك دەلالەت دەبەنەوە حوجرەکانی خوێندن.فەتوای ناهەق نادەن ..ئەگەر بەخۆیان نەپەڕینەوە ئەوبەری کارەسات ..بەهەر حاڵ عیشق لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوو گوناهی تاك نییە..زیاتر کولتوور لە بەئاگابوونی دنیا خەبەردار نییە ..کاك ستار ئەحمەدی شاعیر ئەو حاڵەتەی بەوە چارەسەر کردووە ..خەڵکی لە حوجرەکانی رابردوو بێنە دەرەوە..گۆشەگیری نائومێدی نەبن..دڵمان بەو وێنایانە سەبوور نەبێتەوە

لەشکستی خەڵکانی دی ئۆخەیمان بەخۆمان بێتەوە..شیعر کەنابەینەوە ماڵی هزر گوناهێکی گەورەیە لە ووشە ..شیعر کەجێ‌ دێڵین لەنسێ‌ ی بەردێکدا تێنەگەیشتنمانە لە ووشە..شیعر لەکەناڵی مرۆڤێکی ریکلام نەکراودا ،کوشتنی ئەدەبە بەئەقڵیەتێکی لە خۆبایی..

من خەونێك هێنامی

لەجەستەی بەردێکا بە کانی ناساندم

لەنسێ‌ ی گردێکا ..داری حورمەتی لەدڵا

رواندم

ئەمێستاش بەشێکم بەرزییەو

ئەوی دیم لە گۆڕی سەر دڵی خاك دەچێ‌



ئا: ئەرشەد تەحسین عوسمان

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی
# لەچکەکەی خەیاڵ
# مەملەکەتی حکایەتەکان

### بەشی یەکەم

**پێشەكی**

لەچكەكەی خەیاڵ ڕۆمانێكی قەبارە مام ناوەندە، نوسینی عەلی پێنجوێنی یەو چاپی یەكەمی لەساڵی (٢٠١٠) لەلایەن چاپخانەی بابانەوە بڵاوكراوەتەوە. ئەم كتێبە یەكێك لە هەرە خۆشەویسترین كتێبەكانمە و یەكێكە لەو كتێبانەی كە زۆرترین چێژم لێبینیوە كە خوێندوومەتەوە و ڕەنگە تا ئێستا زیاتر لەدە جارم خوێندبێتەوە، ئەم كتێبە تەنها ڕۆمانێكی ئاسایی نیە و بەس،بەڵكو لێوان لێوە لە مەینەتی و ئازارەكانی كۆمەڵگە، هەر كە ئەم ڕۆمانە دەخوێنیتەوە هەست دەكەیت كە ڕۆچوویتەتە ناو كۆمەڵگەوە و هەست بە هەموو ئەو نەهامەتیانە دەكەیت كە بەسەر تاك بەتاكی ئەم كۆمەڵگەیەدا هاتوون.

ئەوەی ئەم ڕۆمانە لە ڕۆمانەكانی تر جیادەكاتەوە (بەتایبەت ئەوانەی تائیستا بەدەستی من گەیشتوون خوێندومنەوە) و تایبەت تر لە ڕۆمانی كوردیدا ئەوەیە كە ئەم ڕۆمانە خاوەنی كۆمەڵێ خاسیەت و





تایبەتمەندی خۆیەتی، چ لەڕووی تەكنیكی داڕشتن و گێڕانەوە و نوسینەوە بێ، چ لەڕووی زمانی ڕۆمانەوە بێ. چونكە ئەم ڕۆمانە پێویست دەكات تا دوالاپەڕەو دوادێڕ و دوا وشەی بخوێنیتەوە ئەو جا دەتوانی بڕیاربدەی كە چیت خوێندوەتەوە.

ئەم ڕۆمانە دەتباتەوە دونیایەكی تر، دەتباتە نێو دونیا پڕ لە فەنتازیەكەی خەیاڵ، لەوێ هەست بە جوانیەكانی شەو و سەیر و سەمەرەیی و جوانی و جلیوەی تاریكی و جەنجاڵیی تەنیایی و تەنیایی ناو قەرەباڵغی دەكەیت، لەم ڕۆمانەدا سەرمەست دەبیت بە حكایەتەكان و لە نێو حكایەتەنەوتراوەكاندا حیكایەت زەدە دەبیت.

لەم ڕۆمانەدا گێڕانەوە جیاوازە لەوگێڕانەوە تەقلیدیەی كە لە ڕابردووی ڕۆمانی كوردیدا بوونی هەبووە، چونكە لەڕۆمانی كوردیدا زیاتر گێڕانەوەیەكی چیرۆك ئامێز یان باشتر بڵێین حیكایەت ئامێز هەبووە، كەسێك یان چیرۆكنووس یان ڕۆماننووس هاتووە ڕووداوەكانی گێڕاوەتەوە لە ساتوەختی ڕوودانەوە تا كاتی كۆتایی هاتنی چیرۆك یان ڕۆمانەكە.
(لەدوایدا لەسەر ئەم لایەنەی ڕۆمانەكە دەدوێین).

هەروەك بابەتی ڕۆمانەكەش جیاوازە، كەرەسەی ڕۆمان لەم بەرهەمەدا زۆر جیاوازە لەو ڕۆمانانەی كەهەبووە، لەم ڕۆمانەدا توناو تون و گێرەو كێشەی زۆرتری ئەدەبی زۆرتر بەدی دەكرێت.

لەم ڕۆمانەدا ناچار دەبیت لە نێوان مەرگ و ژیاندا هاتوو چۆبكەیت، هەردووكیان خۆشەویستن و وەك هەمیشەش خۆشەویستان لێمان دوورن، حەسرەتی گەیشتن بە مەرگ سەد هێندەی ژیانكردنە و مەرگ هەردووره و ژیان هەر بەردەوامە و پڕ پریشە لە مردن، بەڵام مردنێكی لەسەر خۆ.

نەهامەتیەكان هێندە زۆرن لەم جیهانەدا كە سەراپا مرۆڤ ئازاری لێدەچۆڕێت، مرۆڤ لەم جیهانەدا بارگاویە بە خەم و ژان و دەستی لەگەڵ زامەكاندا گەرمكردووە و ئێش و ژان نغرۆی كردوون و تروسكاییەك خۆشی بوونی نیە.

مرۆڤەكانی نێو ئەم ڕۆمانە لە گەمەیەكی بەردەوامدان لە نێوان گەشبینی و ڕەشبینیدا، هەمیشە پەشێوی دەروونی یەخەی پێگرتوون و خۆشیان خۆیان بۆ جودا ناكرێتەوە ئاخۆ گەشبینن یان ڕەشبین، ئاخۆ هیوایان بە گەیشتن بە بەختەوەری هەیە یان هەر وا لە بەدبەختی و چارە ڕەشیدا دەمێننەوە.

ئەمانە سەرباری ئەوەی کەخودی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەش جیاوازن لەهەموو ئەو کارەکتەرانەی پێشتر لەرۆمانی کوردیدا هەبووە، چونکە لەم ڕۆمانەدا تاڕادەیەك کارەکتەری سەرەکی لەمرۆڤ بوون چۆتە دەرەوەو حیکایەت بەمانا مەعنەویەکەی بۆتە کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانی ڕۆمانەکە.

بەهیوایین لە خوێندنەوەیەکی کورتدا تیشکێ بخەینەسەر لایەنەباشەکانی ئەم ڕۆمانە، بەدڵنیایەوە لایەنەباشەکانی ئەم ڕۆمانەمان لەبەرچاو گرتووەو قسەمان لەسەر ئەو لایەنەیەتی کە شایانی قسە لەسەر کردنەو زاکیرەمانی بەرەو خۆی کەمەندکێش کردووە، بەدڵنیایەوە هەروەك چۆن لەهەموو دنیادا هیچ شتێ بێکەم و کوڕی نابێ، ئاوا ئەم خوێندنەوەیەی ئێمەش بەبێ کەم و کوڕی نیە. بەدڵنیایەوە ویستومانە لایەنی گەورەیی ڕۆمانەکە دەربخەین بەهیوایین ئەگەر نەتوانیین ئەم کارە بکەین لانی کەم وەك خۆی نیشانی بدەین نەك کارێك بکەین بچوکی بکەینەوە.

**بەشی یەکەم**

**ناونیشان**

گومان لەوەدا نیە لەم سەر زەمینەدا هەمووشتێك ناوێکی هەیە، یان هەموو شتێك خاوەنی ناونیشانێکی تایبەتی خۆیەتی کەپێی دەناسرێتەوە. هەموو بەرهەمێکی نوسراو "زیاتر مەبەستمان بەرهەمی ئەدەبیە"کە لە زهنی نوسەردا لە دایك ئەبێت ناونیشانێکی بۆ هەڵدەبژێردرێت کە لەرێیەوە لە بەرهەمێکی تری جیادەکاتەوە.

ناونیشانی هەربەرهەمێك کە دیاریدەکرێت دەبێ خاوەنی یان هەڵگری کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندی بێت، کە کورتەیەك لەو بەرهەمە لەناونیشاندا پیشان بدرێت یان لانی کەم کارێکی وابکرێت سەرنجی زۆرترین خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێت.

ئارام صدیق ئەڵێ:(یەکێك لەو خاڵانەی هەمیشە لای من جێی سەرنج بووە ناونیشان و دیزاینی ئەو بابەت و کتێب و گۆڤارانە بووە کە بینیومن. من ناتوانم خوێنەری کتێب، یان گۆڤاریێ، پاشانیش دەقێ بم، کەرووکەشەکەی سەرنجم ڕانەکێشێ، ڕەنگە ئەمە هەڵەیەك بێت لەمندا، بەڵام من لەسەرەتای خوێندنەوەمەوە بەوە ڕاهاتووم. هەمیشە ئەو کتێبانە چانسی کڕین و خوێندنەوەیان زیاترە کەناونیشان و بەرلەوە دیزاینیان جوان و سەرنج ڕاکێشە)[١].

بەڵێ زۆر کات بووە کەسێك بابەتێ، بەرهەمێکی جوانیشی بووە، وەلێ لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە لەناونیشاندا گوزارشت لەجوانی بەرهەمەکەی بکات ئەوا هەرخۆی بۆتە هۆی کوشتنی ئەو بەرهەمە.

دانانی لەچکەکەی خەیاڵ بەناونیشانی ئەم بەرهەمە بەڕای من دانانێکی هەروا هاکەزایی و ئاسایی نیە، چونکە هەر بەبیستنی ئەم دەستەواژەیە خوێنەر توشی وەستانێکی فکری دەبێت. (لەچکەکەی خەیاڵ) ئەمە بە تەنها ناوێکی لێکدراوە "تەواوکەر و تەواوکراو یان دیارخەر و دیارخراوە" بەبێ ئەوەی هیچ کردارێکی یان دانەپاڵێکی بۆ ئەنجامدرابێ، وە هیچ شتێك ئەمی بەکار نەهێناوە. ڕوونتر بڵێین لەچکەکەی خەیاڵ بۆخۆی وەستاوە و سەیری خوێنەر دەکات تا بڕیاری لەسەر بدات یاخۆی چی لێدەکات یان چۆن بڕیاری لێدەدات و بەچ لایەکیدا دەخات.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێت و هەموو ڕۆمانەکە بخوێنینەوە ئەوا تێدەگەین کە بەتەنها "لەچکەکەی خەیاڵ" بۆ ئەم ڕۆمانە تارادەیەك کەم و کوری تێدایە یان پڕبەپێستی نیە، چونکە بەدرێژایی ڕۆمانەکە دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەو لەچکەی لای خەیاڵە تەنها لەچکەیەك نیە بەڵکو ئەمە لە بنەڕەتدا دوو لەچکەن و هەردووکیشیان هی خورشەی دایکی خەیاڵن نەك هی خەیاڵ و لەکاتی فڕێدانە خوارەوەی خورشەی دایکی لەلایەن ئەحەشاپەی باوکیەوە لە کێوی ﴿ دێوە لێوە ﴾ وە بەیەکێك لەلەچکەکان دەمی خورشە دەبەستێت و بەئەوی تریان هەردووقاچی ﴿ ئیتر باوکت تەواو شێتگیر دەبێت و یەکسەر بەو تلوعی بەیانیە دایکت لەبەتانیەکەوە دەپێچێت و دەمی بەلەچکەیەك دەبەستێت و هەردوو قاچیشی بەلەچکەیەکی تر دەبەستێت. ئینجا لەگونیەی دەهاوێت و دەڕوات و دەیبات لە کێوی ﴿ دێوە لێوە ﴾ وە لەو ئاسمانەوە بەری دەداتە خوارەوە.ئینجا دێتەوە و بەخەڵك دەڵێت کەچی لە خورشە کردووە ﴾[١٣٧]. ئەمە ئەو گێڕانەوەیەیە کەشەوێك مچە پیرێ دوای ئەوەی خەیاڵ ڕێی دەکەویتەلای و بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن و لەسەر چی ئەحەشاپەی باوکی خورشەی دایکی کوشتوە. هەر لەزۆر جێگای تردا ئەوەتا ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێ کە ئەو لەچکانە چۆن هەریەکەیان کەوتونەتە لای کێوە ﴿ بەڵێ دوا یادگاری دایکمم لەدەستی باوکم وەرگرت لەچکەکەی تریش باوکم کردی بە ناو چاو پێچی خۆی، تەنیا لەچکەیەك کە لە دایکم بۆم بەجێمابوو، تەنیا دەمزانی بوخچەکەم ئەو لەچکەی تیایە ﴾[١٧٧].

خۆئەگەر مەبەست لەهەلبژاردنی ئەم ناونیشانە ئەوەیە کە ئەو لەچکە توانای خولقاندنی فەنتازیا و خەیاڵ و ئەفسانەی

هەیــە ئــەوا لەچــکەکەی ناوچاوپێــچی ئەحەشاپە زۆر لەو زیاتر توانای خولقاندنی ئەو جۆرە کارانەی هەیە کە لەگەڵ لۆژیك و بیرکردنەوەدا نەگونجاون ﴿کە لە چکەکەی لەبەردەمیــدا رادەخــست و دەیکــردەوە هێواش هێواش گڕی چراکە کزدەبوو، ئەو هــەموو رەنگــە لــەناو لەچــکەکەوە بــەرز دەبونەوە ﴾[لا ٢٩]. ئەبێ خولقاندنی فەنتازیا لەمەزیاتر چی بێت ؟ کە لەچکێ بتوانێ گڕی چرایەك کز بکات و رەنگی لێوە بەرز بێتەوە، ئاخۆ لەچکەکانی ئەم سەردەمە هــەموویان وان، ئــاخۆ خــودی ئــەو لەچــکەیەی لــە بوخــچەکەی خەیاڵدایــە هەروایە، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو لەچکەی ناوچاوپێچی ئەحەشاپە بۆتە دەرمانی نەمری و ناهێڵێ بمرێت و هەر بەزیندویی هێشتویەتیەوە ﴿جگە لەوە ئەم لەچکەیەی کردوومەتە ناو چاو پێچ نایەڵێ بمرم، ئەمە یەکێکە لەو دوو لەچکەیەی دایکت کەبۆم بەجێ ماوە دەیان شەو ئاواتم بەمەرگ خواستوە ئەم لەچکە نەیهێشتوە بمرم﴾[لا ٤٥].

﴿﴿زانیم ئەم لەچەیە بۆتە قەڵغان و نایەڵێ بمرم﴾﴾[لا ٤٧].

ئەمەیە خولقاندنی خەیاڵ و ئەفسانە لەچکێك بتوانێ و ببێتە دەرمانی نەمری و دەیانجار لەمردنت رزگار بکات، دەبێ حیکمەتی مانەوەی خەیاڵ لەو هەموو هاتووچۆیەی لەنێوان ماڵی حسەکەڕی مێردی و ئەحەشاپەی باوکیدا بەشەوان و بەنێو چەم و ترس و تۆفاندا و بەناو قوڕو چڵکاو دا هەرهۆی ئەو لەچکەیە بێت کە لەنێو بوخچەکەی دایە؟. تۆ بڵێی ناونانی لەچکەکە بەو ناوەوە هەر هەمان هۆکار بێت یان هۆکارەکەی کەمتوانایی لەچکەکەی خەیاڵ بێت لە چاو لەچکە ناو چاو پێچەکەی باوکیدا. خۆ هەردوو لەچکەکە هەر هی خورشەن و هەردووکیان لەو بەمیرات ماونەتەوە ئاخۆ بۆچی ئەمیان بۆتە ناونیشان و ئەویان وەها خەیاڵ و ئەفسانە دەخولقێنێ؟ دەبێ بەم شێوەیە نوسەر حەقی خۆی بەهەردووکیان دابێ و هەردووکیانی رازی کردبێ. بەپێچەوانەوە لەچکەکەی ناو بوخچەکەی خەیاڵ نەك هەر لەمردن نەیپاراست بەڵکو هەرخۆی بوە هۆی مەرگ بۆ خەیاڵ، ئەوەتا خەیاڵ دەچێتە سەر دارێکی بەرز و بەو لەچکە خۆی دەخنکێنێ ﴿لەچکەیەك مەگەر هەر ئەو رۆژە بەو رەونەق و جوانیە بینیبێتم کە دەم و چاوی خورشەم پێ هەڵبەستبوو، تا نەقیژێنێ و لە "دێوە لێوە"وە هەڵم دایە خوارەوە، ئەوە هەمان لەچکەیە کە لە گۆشتی گەردن و ملی خەیالا غەرق بووە. مل و گەردن ساف و سپی و بێ لەکە وەك





گڵۆپ بریسکە بریسکێتی دەپەخشایەوەو لەچکەکەش نوقمی ناو گەردن و ملەساف و سپی و ئاوێنە ئاسای بووبوو، بە ئەندازەیەك سێبەری هەموو ئەو رەنگە سەیرانە پەڕیبوونە ناو یەك بەیەکی دەمارەکانی ملیەوە وام دەزانی خوێنە لەناو دەمار و مل و گەردنیدا پەنگی خواردۆتەوە ﴾[لا ٨٣]. تۆبڵێی ناونانی هەر لەبەر ئەو هۆیە بێ کەئەم لەچکەیە لەمەرگی هەردووکیان "خورشە و خەیاڵی کچی" ئاگادار و هاوکار و هۆکاربووە.

حیکایەتی ئەم لەچکانە زۆر لەوە زیاترن کە لەم دەرفەتە کورتەدا باسی بکەین بەڵام دەکرێ بڵێین وەك چۆن ئەم رۆمانە سەراپا خاوەنی حکایەتە و سەرجەمی ئەکتەرەکانی حکایەت زەدەبوونە دەشێ ئاواش ناونانەکەی حکایەتێك بێت و تەنانەت دەشێ لەهەموو ئەو حکایەتانەی تریش جیاواز بێت. دوور نیە ئەم لەچکە لەکاتی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە کۆمەڵێك حکایەتی بیستبێت. وەك هەموو ئەو حکایەتانەی کە لەماڵی شێخی شەوناس بینران و بیستران و هەموو ئەو حکایەتانەی کە مەهروبی مردووشۆر بینینی و هیچیشیان نەگێردرانەوە ئەمیش باس نەکرێت و نەگێردرێتەوە. ( دەتوانین بڵێین هەرشتێ زیاتر لەواتایەك هەڵگرێت، دەبێتە هیمّا، هەر بەرهەمێکیش توانی زیاتر لە هێمایەك لەگەڵ خۆیدا دەرخات دەبێتە ئەفسانە، هەر ئەفسانەیەکیش ئەو هەستەت لادروست بکات کە تۆ بتوانی لەناو رووداوەکانیدا جێی خۆت بکەیتەوە، دەبێتە شاکار)[٢].

**بەشی دووەم**

**گێڕانەوە**

گێڕانەوە بریتیە لە پرۆسەیەکی کردەیی باشتر بڵێین بریتییە لەو رووداوەی کە کەسێك رووداوێك بۆکەسی بەرامبەری دەگێڕێتەوە و هەواڵێکی لەبارەی شتێکەوە پێ دەڵێت. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو راستیەی گێڕانەوە پرۆسەیەکە بەسەر شتێکدا هاتوە کە ئەویش رووداوە یان کارێکە دەگێردرێتەوە، ( گێڕانەوە راستە هەندێکجار تەقلیدی و بێگانەن،بەڵام زۆر جاریش جوانکاری وردیشی تێدا دەکرێت)[٣].

لە پرۆسەی گێڕانەوەدا سێ رەگەز یان سێ ژانر پێویستن و هەر یەکەیان لەپرۆسەکە دەرکەین ئەوا پرۆسەکە بوونی نامێنێ ئەو سێ ژانرەش بریتین:

- گێڕەرەوە
- گێڕدراوە ( رووداو)
- بۆ گێڕەرەوە

گومان لەوەشدا نیە کە چ چیرۆك یان

ڕۆمان یان حکایەت یان داستان بەبێ ئەم سێ ژانرە درووست نابن، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین سێ ڕەگەزە سەرەکیەکەی پڕۆسەی گێرانەوە ئەم سێ ژانرەن.

یەکەم : گێڕەرەوە

دەشتوانین بەلایەنی یەکەمی پڕۆسەی گێڕانەوە ناوزەندی بکەین، بریتیە لەو لایەنەی کەهەڵدەستێ بەگێرانەوەی ئەو کارەی یان ئەو ڕووداوەی کە ڕوویداوە و بۆتە کەرەسەو بابەتی پرۆسەی گێرانەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی باسکردنی ڕووداوەکانی پێسپێردراوە، گێڕەرەوەش بۆ چەند لایەنێك دابەش دەکرێت:

* نوسەری ڕۆمان یان چیرۆك کە خۆی دەبێتە گێڕەرەوە و ڕووداوەکان (گێڕدراوە) بۆ لایەنی سێیەم (بۆ گێڕەرەوە) دەگێڕێتەوە لەم ڕێبازەدا زیاتر کەسی سێیەم خوێنەر یان گوێگرە و زیاتر لەڕێبازی کۆن یان سەردەمی سەرەتای چیرۆك یان داستان و لاوك و حکایەتەکۆنەکاندا باوبووە و خەڵکان لە گوێی ئاگردان کۆبونەتەوەو حکایەتخوان حکایەتی بۆ گێراونەتەوە.

* ئەشێت گێڕەرەوە یەکێك لە ئەکتەرە سەرەکیەکانی ناو ڕۆمانەکەبێت و ڕووداو بۆ کەسی سێیەم بگێڕێتەوە، ئەم ڕێبازە زیاتر لەشێوازی نوسینەوەی یاداشتەکان پیادەکراوە کەکەسێك چیرۆکی ژیانی خۆی دەنوسێتەوە هەربۆیە دەشێت نوسەری ڕۆمانەکەو گێڕەرەوە هەر یەك کەس بن و هەر لەم ڕێبازەشدا دەگونجێت گێڕەرەوەو بۆ گێڕەرەوە هەر ئەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بن و ڕووداوەکان لەنێوان خۆیاندا بۆ یەکتری و لەو ڕێیەشەوە بۆ کەسی خوێنەر بگێڕنەوە.

* هەروەها ڕێبازێکی تریش هەیە ئەویش بریتیە لەوەی هەر ئەکتەرەو باسی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە چ بۆ یەکێ لە ئەکتەرەکان یان بۆ خوێنەر، ( یەکێك لە جوانیەکانی ئەم ڕۆمانە بوونی فرە گێڕانەوەو تێکشکاندنی ئەو تاك دەنگیەیە کە بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی بەخۆیەوە بینیوە، لەم ڕۆمانەدا پاڵەوانەکان خۆیان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە )[٤]. ( فرە دەنگی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خزمەتی پێکهاتەی ڕۆمانی، لەباری هونەرییەوە کردووە. ڕۆمان هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داوە خۆی لە یەك هێڵی قوتار بکات و لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چەند کڵاو ڕۆژنەیەك لەخۆی و بۆخۆی بکاتەوە، جا ئەم دەنگانە ئەگەرچی بەیەکەوە پەیوەستن و لەیەکدا جۆشیان خواردووە. بەڵام سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆیانیش هەیە)[٥].

ئەگەر سەرنج بدەین لەڕۆمانی لەچکەکەی





خەیاڵدا ئەوا ئەو ڕاستیە بەرچاو دەکەوێت کە هەر یەکە لەم ڕێبازانە بەیەکەوە و بەجیاجیا لەناو ڕۆمانەکەدا هەن. ئەوەتا هەر لەیەکەم وشەی ڕۆمانەکەوە کەدەیخوێنینەوە دەبینین کە گێڕەرەوە نوسەری ڕۆمانەکەیە و باسی سیفات و تایبەتمەندی ژیانی یەکێك لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە دەکات، کەچۆن دەژێت و چی بەسەر هاتووە، ﴿ مچە پیزێ وا بۆ ماوەی پانزە ساڵ دەبێت بەڕۆژ لە کونی ژوورەوە نایەتە دەرەوە و بەشەویش یەك دەقە چیە لەماڵەوە ئارام ناگرێ و لە دەشت و دەر ژیان بەسەر دەبات.....﴾[لا ٣٧].

ئەم شێوە گێڕانەوەیە لەلایەن نوسەری ڕۆمانەکەوە بەردەوام دەبێ تادەگاتە دوو لاپەڕە دواتر و لەپڕا مچەپیزێ ئەو کارەکتەرەی لەو ساوە باسی دەکرێت و کراوە بە پەندی زەمانە خەڵکی لەکاتی دووعا و نزا خراپەکانیاندا ئەو بەنمونە دەهێننەوە ڕاستەوخۆ خۆی ڕووداو و باسی یەکێك لەشەوەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن ژیاوەو چ جیاوازیەکی لەگەڵ شەوەکانی تردا هەبووە ﴿ شەوێکیان لەبن دار گوێزێکا دانیشتبووم جگەرەم دەپێچایەوە سەرمەستی ئەو جوانیە بووم کە لەشەو دەتکا، هەرچەند قوڵتر خۆم دەدایە بەر ڕەهێڵەی ئەو تاریکیەی کەلەشەو دەتکا هەزار هێندە بەزەیم بە گەمژەیی ئینسانا دەهاتەوە......﴾[لا ٥٥]. ئەم گێڕانەوەیە لەلایەن مچە پیزێ یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی ناو ڕۆمانەکەوە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ڕووداوە سەرەکیەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەبینینی خەیاڵەو چۆنیەتی شێوازی بینینەکەی باس دەکات ﴿ئای خەیاڵ..... ئەوە چی دەکەی لێرە؟ ئەو هەموو خوێنە چیە لەقاچ و قولت دەچۆڕێ جوتێ پێڵاوت بۆ لەپێ نەکردووە؟ بەم کزە کزی سەرمایە بۆ سەراپای گیانت نیشتوە لە ئارەق؟﴾[لا ٩٧].

ئەم شێوە پرسیارانە بەردەوام دەبێ. بەڕای من لەم شێوە تەکنیکی نوسینەدا ڕۆمان نوس ئامانجی پێکاوە و زۆر جوان دەلالەتی لەهەستی کردووە، بێگومان ئەم شێوازی گێڕنەوەیە جوانترە لەوەی بڵێ خەیاڵ پێی پەتی بوو یان پێڵاوی لەپێدانەبوو، دواتر دوو ئامانجی پێکاوە یەکەمیان ئەوەیە ووتویەتی دنیا زۆر ساردەو لەدووەمیشدا وتویەتی سەراپای گیانی خەیاڵ لەئارەق هەڵپڕژاوە.

لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا بەناونیشانی " گەڕانەوەی خەیاڵ بۆلای ئەحەشاپەو سەفەر بۆماڵی شێخی شەو ناس" بەهەمان شێوە ڕۆمان نوس خۆی گێڕەرەوەیە و باسی گەڕانەوەی خەیاڵ دەکات بەڵام

زۆری پێناچێ خەیاڵ دەبێتە گێڕەرەوە و باسی گەیشتنی بە ماڵی ئەحەشاپەی باوکی دەکات ﴿هێواش چەپەری دەرگاکەم ترازاند ئەوەی وای کرد باوکم گوێی لە جیڕەی چەپەری حەوشە نەبێت، ترازاندنی چەپەرەکەو قروسکەی سەگێك کە دەتوت چەقۆی کول دێنن بە مورغەی پشتیدا، ئەو دوو دەنگە لەیەك کاتدا بوو....﴾[٢٤]. بەم شێوەیە خەیاڵ وەك گێڕەرەوەیەکی ئەو رووداوانەی لەو ساتوەختەدا روویانداوە رۆڵ دەبینێ.

لەبەشێکی تری رۆمانەکەدا بەناوی "فیچقەی رەنگی لەچکە لەمەمکی خەیاڵەوە" کارەکتەرێك کە تا ئەو کاتە نەبووە رووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەو ئەویش مەهروبی مردوو شۆرە کە تارادەیەك باسی ئەوە دەکات کە لەرابردوودا چی بوە و ئێستا چیە. ئەم کارەکتەرەش رۆمان نوس زۆر ئەندازیارانە و هونەریانە رۆڵی داوەتێ هەم بۆتە گێڕەرەوە بۆ ژیانی خۆی و هەمیش بۆتە گێڕەرەوە بۆ ژیانی کەسانی تر و رووداوی تر.

بە هەرحاڵ پێم وایە هێندە بەسە کە لەبارەی گێڕەرەوەوە تیشکی بخەینە سەر (لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازی لە نێوان نوسەری رۆمان و گێڕەرەوەی رووداوەکانی ناو رۆمان، کە خۆی لەلایەن نوسەرەوە دروست کراوە هەیە. بەڵام ئەم جیاوازیە هەرگیز بەمانای سڕینەوەی یەکجارەکی دەنگی رۆمان نوس نیە لەناو کارە هونەریەکەیدا چونکە لە راستیدا ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا جیهانی رۆمانەکە دەبێتە جیهانێکی میکانیکی و لەهەموو هەست و سۆز و داهێنانێك خاڵی دەبێتەوەو توشی وشکی و برینگی دەکات، ئەوساش رۆمانەکە لەخانەی داهێنانەوە دەچێتە خانەی زانست یان خەیاڵێکی رووتەوە، لە بەرامبەریشدا، نابێت نوسەری رۆمانەکە بە ئارەزووی خۆی تەواوی جیهانی رۆمان کۆنترۆڵ بکات. بەڵکو دەبێ سەربەستی بەگێڕەرەوە و کارەکتەرەکانی ناو رۆمان بدات تا خۆیان گوزارشت لە خۆیان بکەن و ببنە خاوەنی دەنگی خۆیان)[٦].

(نوسەر نایەوێ کەسایەتیەکانی لە دوورەوە سەیرکەی، لەبەردەمتا هەڵبەزنەوەو شیوەن بۆ رابردوو بگێڕن، بەڵکو دەیەوێ سەفەریان پێ بکات بۆ ناو ناخی خوێنەر، وەك مێخ لە ناو روحتا دایانکوتێ )[٧].

**دووەم : گێڕدراوە ( رووداو)**

رووداو یان گێڕدراوە یان کەرەسەی رۆمان لەرۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا دەکرێت بڵێین زۆر شت هەڵدەگرێت، یان دەکرێت زۆر





خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکەین.چونکە کەرەسەی رۆمان هەر لەو رووداو و دیاردە کۆمەڵایەتیانەوە کە لەناو کۆمەڵی کوردیدا بوونی هەیە تا دەگاتە ئەو زوڵم و ستەمەی دەرحەق بە تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێن وەکو ژن کوشتن و بەزۆر بە شودانی کچ و تەنانەت هەندێکیش لەو رێو ڕەسمانەی لە کۆمەڵی ئێمەدا دەکرێت وەك مردوو شۆرین و خواپەرستی و.....هتد {هەربۆیە لەکاتی خوێندنەوەدا بەردەوام هەست دەکەیت بەکامێرایەکی هەستیاری سینەمایی وێنەکان رادەستی تۆ دەکرێت}[٨]. ئەم وێنەو دیمەنانەش پڕن لە رووداوی کارەساتبارو جەرگبڕ، کەلەچەندین شێوەدا خۆی دەبینێتەوە. هەر لەسەرەتای رۆمانەکەوە باسی کەسێك دەکات بەناوی مچەپیزێ ﴿حکایەتەکانی مچەپیزێ بەئەندازەیەك ترسناك و غەریبە، خەڵکی دەستی لەوە شتوە، مچە پیزێ و حکایەتەکانی وەك واقعی و راست چاو لێبکەن﴾[ل٣٧]. دواتر هەروەك وێنەیەکی سینەمایی و وێنەیەکی ڤیدیۆی جولاو باسی یەکێك لەو شەوانە دەکات کەخەیاڵ لەنێوان ماڵی حسەکەڕو ماڵی باوکیدا مچە پیزێ دەبینێ. یەکسەر لەگفت و گۆیەکی نێوان خەیاڵ و مچەپیزێ دا فلاشباك بۆ دووساڵ لەوەو بەرمان دەگەڕێنێتەوە و ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن باوکی بەزۆر خەیاڵ دەدات بەپیاوێکی هاو تەمەنی خۆی ﴿دوای ئەوەی باوکم بەزۆر دامی بەحسەکەڕی هاو سونعی خۆی﴾[ل١٠٧]. لێرەدا راستەوخۆ باسی یەکێك لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگەمان بۆدەکات کە بریتیە لەبەزۆر بەشودانی کچان. بەتایبەت بەشوودانی کچان بە کەسانێك کە زۆر لە خۆیان بە تەمەنترن و هەندێکجار هاوتەمەنی باوکیانن.

هەر بەهەمان شێوەو بەهەمان فلاشباك بەڵام ئەمجارەیان بۆ پانزە ساڵ پێشتر دەمان گەڕێنێتەوە و باس لە وەدەکات کە چۆن خەیاڵ لەدایك بووە، ئەمەش بە ناشکوریەك و نارازیبوونێکی باوکی خەیاڵ نیشان دەدات لەدەست لەدایکبوونی کچ کە خوا پێیدەدات.

﴿ئەو کاتەی باوکت دەیوت بە کەلیمەی ناشکور ی ناڵێم دەبێ ئەم شانکزی و دڵتەنگیە روو لەمن بکات، ئاخر خوایە ئەمە سەری دوانزەیەمین کچە دەمانبێ﴾[ل١٢٧]. سەیرکە چ رەخنە گرتنێکە لەکۆمەڵگە ئاخر چەندین جار ئەمەمان بەر گوێ کەوتووە، باشە بۆ دەبێ پێدانی منداڵی کچ لەلایەن خواوە مایەی شانکزی و سەر شۆڕی بێت ؟ باشە کچیش هەروەکو کوڕ مرۆڤ نیە ؟ ئەی ئەمە باسکردن نیە لەو زوڵم و جەور و ستەمەی

دەرحەق بەرەگەزی مێ دەکرێت لەکۆمەڵگادا؟

یەکێکی تر لەو کەرەسەو بابەتانەی کەلەم رۆمانەدا خراوەتەروو چونی خەڵکیە بۆلای شێخ و پیاو چاکان تاوەکو دوعایان بۆبکەن و بەڵایان لێدوورخەنەوە.ئەمەش تا ئێستا لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەرماوە و لەهەندێك كات و ساتدا خەڵکی پەنای بۆ دەبەن. هەروەك بەپیرۆز دانانی ئەو کەسانەش کە تەنانەت گەیشتوەتە ئەو رادەیەی کەسێك چەندین ساڵە خۆی لەژیاندا نەماوە و تا ئێستاش خەڵکی پۆل پۆل سەردانی مەزار و گۆڕەکەی دەکەن و داوای ئەوەی لێدەکەن کە مراز و ئاواتەکانیان بۆ بەدی بهێنێت. تەنانەت باسی دەروێش و دەف ژەنینی موریدەکانیش لەم رۆمانەدا فەرامۆش نەکراوە بەڵام بەو پەڕی بروا بەو دەفانەوە باسی لێوە کراوە و دەفەکان وەك رەوانەوەیەك بۆکێشەو بەڵاو ناخۆشیەکان تەماشاکراون ﴿ رایسپاردن ئەم نەفرەت و موعجیزەیە بدەنە دەستی رەحمەتی دەفەکان. دڵنیام بەرەکەتی خوا لەرێی دەنگی ئەم دەفانەوە ئەم موعجیزەیە یەکلای دەکاتەوە﴾[٦٧].

هەر لەم رۆمانەدا زۆر جوان هێما کراوە بۆ هۆکارەکانی خۆ کوشتنی کچان و ژنان و هەڵاتنیان لەدەستی مەینەتی مەرگەساتی دنیا کەلەلایەن کۆمەڵگەی باوك سالاریەوە بەسەریاندا سەپێنراوە ﴿ خەڵکی ئاواییەکەمان نەك بەچاوێکی باش سەیری خەیاڵیان نەدەکرد و بیریان لێنەدەکردەوە، بەڵکو وەك جۆرێك لە نەفرەت و بەشێك لە سێبەری شەڕو کاولکاری سەیریان دەکرد﴾[لا٧٨]. دەبێ ئەو کچە چ گوناهێکی هەبێ کە وەکو سێبەری شەڕ و کاولکاری تەماشا بکرێت ؟ ئەمەش گوزارشتێکی جوانە کە بەشێك "ناڵێم هەموو" کۆمەڵگە تا ئێستاش بیرۆکەیەکی باشیان لەبارەی ئافرەتەوە نیە و بەشەریکی شەیتان و نازانم چی و چی ناوی دەبەن. کچێك کە ئەوە خوێندنەوەی کۆمەڵگە بێ بەرامبەری و لەماڵی باوکی پشویەکی خێری نەدابێت و بەزۆریش درابێ بەپیاوێ کەهاوتەمەنی باوکی بێت لەکاتێکدا خۆی تەمەنی سیانزە ساڵ بێت "بەگوێرەی گێڕانەوەی رۆمانەکە". ئەمەسەرەڕای ئەوەی لەکاتی لەدایك بوونیدا بێدایکیان کردووەو بەهەتیوی گەورەبووە بێگومان هیچ رێگایەکی تری لەبەردەمدا نامێنێ جگە لەهەڵاتن و راکردن لەو واقعە تاڵە، بەڵێ جگە لە خۆکوشتن هیچ رێگایەکی لەبەردەمدا نامێنێ، هەر بۆیە ئەو کارە دەکات و بەسەر دارێکی بەرزا هەڵدەزنێ و





خۆی دەخنکێنێ.بەڵام بەرای من لەمەرگی خەیاڵدا نوسەر گەمەیەکی جوانی لەرۆمانەکەدا بەکارهێناوە ﴿ چەند سامناکە مەرگ لەو بەرزی بەرزیەوە سەیر بکەیت و بیبینی لەوەتەی خوا بنی دنیای داناوە کەسێك کە دەمرێت تۆ سەر شۆڕدەکەیت، مردوەکە لەبەردەست و پێتدا دەبینی و سەیری دەکەیت، ئەمە بۆ یەکەمجارە دەبینیت دەبێ چاو بۆ بەرزترین شوێنی ئاسمان هەڵخەیت و زۆر بەقوڵی بۆ ئەو بەرزاییانە بڕوانی تا مەرگ لەناو

قیامەتی ئەو هەموو رەنگە ببینی کەلەناو لەچکەکەیدایە سەری ئەو رەفتەیەی توندکردبوو لەملی چاوەکانی زەق زەق کرابونەوە﴾[لا٨٢]. ئەمە خۆی لە خۆیدا مەرگێکی جوانەو جیاوازیشە، بەبڕوای من خەیاڵ بەمەرگی خۆی جوانترین تۆڵەی لەکۆمەڵگا کردۆتەوە کە ئاوا ئازاری دەروونی و جەستەیی داون تا بۆ بینینی تەرمەکەی سەر هەڵبڕن.

سەرەڕای ئەم بابەتانە چەندین بابەتی تر بونەتە کەرەسە بۆ رۆمانەکە وەك بابەتی خەم و پەژارەو نائومێدی کەهەموویان زۆر جوان بەکارهێنراون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نوسەر زۆر جوان خەیاڵ و لۆژیکی خۆی بەکارهێناوە و ئاوێتەی رووداوەکانی کردووە بەجۆرێك کەئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە واهەست دەکەیت کە خۆت وا لە مەملەکەتی حکایەتەکاندا ژیان دەگوزەرێنی. وا هەست دەکەیت خۆت یەکێکی لەو کەسانەی کە ئاو لەکانیەوە بۆ مەهربی مردووشۆر دێنی تا تەرمە بەمێروو داپۆشراوەکانی پێبشوات، ئەو هەستەت لا درووست دەبێ کە خۆت یەکێکی لەوانەی کە دەست دەکەیتە حەوزی ئاوی مزگەوتەوەو حەوزەکە یەکپارچە دەبێ بەرەنگ، واهەست دەکەی یەکێکی لەوانەی هاتووی بۆماڵی شێخی شەوناس. ئەم تێکەڵکردنەی خەیاڵ بەواقعی رۆمانەکە بەراستی کارێکی داناییانەیە، شۆبنهاوەر دەڵێ:(خەیاڵ یەکێکە لەو کەرەسانەی کەهەرگیز هونەرمەند لێی تێرنابێ، چونکە ئەگەر بەیارمەتی خەیاڵ نەبێ هونەرمەند ناتوانێ تێڕوانینی خۆی بۆ شت و رووداوەکان لەوێنەی بەهێزو زیندوو گەڵاڵە بکات)[٩].

سێیەم: بۆ گێڕەرەوە

ئەمیش رەگەزی سێیەمە لەرەگەزەکانی گێڕانەوە، کە پێویستە هەبێ ئەوجا پرۆسەی گێڕانەوە تەواو دەبێت، بۆیە هەرگێز ناکرێت رۆمانێك هەبێت ئەم رەگەزەی تێدا فەرامۆش بکرێت، چونکە لەرۆمانێکدا ئەگەر گێڕەرەوە و گێڕدراوە "رووداو" هەبێت ئەوا ناکرێت کەسێك یان

شتێك یان لایەنێك نەبێت کە ئەو رووداوەی کە روویداوە بۆی بگێڕدرێتەوە. هەربۆیەش بەلانی کەمەوە دەبێت بۆ گێڕەرەوەیەك هەبێت. لەبەشێکی هەرە زۆری ئەو چیرۆك و رۆمانانەی کەهەبووە زیاتر بۆ گێڕەرەوە کەسی خوێنەر یان بیسەر بووە تەنها کاریان وەرگرتنی گێڕدراوەکان بوە و وەکو تەماشاکەرێك لە رووداوەکانیان روانیوە، هەرچەندە کەم تا زۆرێك کاریگەریشی لەسەریان پەیداکردبێت ئەوا هەرگیز کاریان لە رەوتی رووداوەکان نەکردووە.

دەشێت نوسەری بەتوانا لەرێی تەکنیکی نوسینەوە بۆگێڕەرەوە لەناو رۆمانەکەی دروست بکات بە چەشنێ کە کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکان هەبێت، هەروەك رەنگە ئەو بۆ گێڕەرەوەیە هەندێ جار ببێتە گێڕەرەوە و رووداکان بۆ بۆگێڕەرەوەیەکی تر دەگێڕێتەوە، لە رۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا تارادەیەکی باش ئەم تەکنیکە رەچاو کراوە کە زۆر کات یەکێك لە پاڵەوانەکانی رۆمانەکە چۆن دەبێتە ئەکتەری سەرەکی و رووداوەکانی لەسەر روو دەدەن بەهەمان شێوەش لەلایەن کەسێکەوە لە هەمان رۆماندا رووداوەکانی بۆ دەگێڕدرێتەوە، چ ئەو رووداوانەوە بێت کە بەسەر خۆیدا هاتوون وەك لالە مچە ئەو رووداوانەی سەبارەت بە خەیاڵ و ساتوەختی لەدایك بوونێتی بۆ خەیاڵ گێڕایەوە بەم شێوەیەش خەیاڵ بوو بەبۆ گێڕەرەوە و لالە مچە بوو بە گێڕەرەوە. چ ئەو روو داوانەی کە روویان داوە و کەسێك بۆ کەسێکی تری دەگێڕێتەوە وەك رووداني شووکردنی خەیاڵ کە خەیاڵ بۆ لالە مچەی گێڕایەوە بەم چەشنەش خەیاڵ بوو بە گێڕەرەوە و لالە مچە بوو بە بۆ گێڕەرەوە.

## بەشی سێیەم

## دژە باو

دژە باو بوون لە رۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا بەدرێژایی رەوتی رۆمانەکە بەردەوامە، هەر لەسەرەتای رەوتی رۆمانەکە خوێنەر بەدژەباوێکی گاڵتەئامێز ئاشنا دەبێت ﴿ مچە پیزێ وا بۆ ماوەی پانزە ساڵ دەبێ بە رۆژ لە کونی ژوورەوە نایەتەدەرەوە و بەشەویش یەك دەقیقەش چیە لەماڵەوە ئارام ناگرێ و لە دەشت و دەر ژیان بەسەر دەبات ﴾[٣٧]. ﴿ ئەو پیاوەی ماوەی پانزە ساڵە نەك لەشەودا نەنوستوە، بەڵکو یەك وەنەوزیشی نەداوە﴾[٣٧].

ئەمە خۆی لە خۆیدا نەك هەر دژە باوە بەڵکو یاخی بوونیشە . بەدرێژایی چاخی ژیان رۆژ بۆ چالاکیە سروشتیەکان بووە و شەویش بۆ پشوودان و ئارام بوونەوەی





رۆحی و جەستەیی بوە، کە خەوتنیش بەبەشێك یان پێویستیەکی سەرەکی بۆ پشوودان دا ئەنرێ، بگرە زۆربەی جار لەکاتی بوونی نەخۆشی و خەم و خەفەت و ئازار مرۆڤ پەنا بۆ خەو دەبات. وەلێ ئەمەی لای لالە مچە کەماوەی پانزە ساڵە کردویەتیە خوو نەك هەر دژەباوە بەڵکو جوانترین یاخی بونیشە، یاخی بوون لەکلتور، یاخی بوون لەسروشتی ژیان، تەنانەت یاخی بوون لەجەستەو لاشەی خۆیشی . تەنها یاخی بوونە وا لەمرۆڤ بکات بەئیرادەوە، بە بڕواو قەناعەتەوە شەوان مل بەو دەشت و دەرەوە بنێ و رۆژیش لەکونی ماڵ نەیەتە دەرەوە بە رادەیەك خەڵکی ئاواییەکەیان بەشەو پەرست لە قەڵەمی بدەن ﴿ئاخر مچە پیزێ بوەتە شەو پەرست و شەو گەڕ و لە خوا یاخی﴾[١٢٧].

لەوەش سەیرتر دژەباو لەم رۆمانەدا گەیشتوەتە رادەیەك کە کۆرپەی سکی دایکی "مەبەست لە خەیاڵە لەسکی دایکیدا" ئەویش تووشی هەمان دژەباوی بووە بەچەشنێ کە ﴿بە رۆژا جوڵە ناکات و دەخەوێت و بەشەویش دەبێتە ئاگری قورەت و ئارامی لێدەبڕێت﴾[٣٢٧].

ئەمە خۆی لە خۆیدا بەستنەوەی چارەنووسی کەسێکە بەکەسێکی ترەوە کە بەشێوەیەکی هونەری و جوان داڕێژراوە، چارەنووسی خورشەی دایکی خەیاڵ بەهاتنە خەوی مچە پیزێ و کوشتنی لەسەر هەمان بابەت، یان حیکایەت زەدەبوونی خەیاڵ و پاشان مردنی کە ناراستەوخۆ هەر مچە پیزێ هۆکاربووە بۆ ئەمەش .

یەکێکی تر لەدژەباوە سەیرەکان ئەوسەگەیە کە ئەحەشاپە دەچێتە بەردەمی بەو مەبەستەی "هەلا هەلای بکات و لەکونفەیەکونێکا ونجڕ ونجڕی بکات و بیخوات" بەڵام سەیرەکە لەوەدایە ﴿ یەك لرخە لەسەگەکەوە هات و کەچاوم کردەوە سەگەکە رۆح لەبەدەنیا نەمابوو﴾[٤٦٧] . ئەمەئەوپەڕی دژەباویە کە تۆ بچی لەبەردەم سەگێکدا راکشێی بۆ ئەوەی بتخوات لەکاتێکا دڵنیابیت کە نەجاتت نابێ لەدەستی، بەڵام سەگەکە خۆی لەژیاندا نەمێنێ و تۆش زیندوو بمێنی بۆ بەدبەختی رۆژگار.

لەوەش سەیرتر پاش ئەوەی کە خەلکی ئاوایی ئەحەشاپە لەسەر گۆڕەکەی خەیاڵ دەبەستنەوە و دوو گەماڵی هاوشار دەبەن و هەردوو گەماڵەکەی تێبەر ئەدەن، بەڵام لێرەشدا نوسەر دانایانە دژە باوێکی ترمان پیشان ئەدات کە لەبری ئەوەی خواردنی ئەحەشاپە ببینن و رزگاریان بێ لەدەستی ئەوەتا ﴿ کەتەواو نزیك بوینەوە و

گەیشتین و سەیر دەکەین ئۆی خوایە چی ببینین ؟ ئەحەشاپە خەوی لێکەوتووەو لەخەوێکی قوڵدایە و هەردوو هەوشارەکەش وەك تاوەبارانی بەهار فرمێسك بەچاویان دێتە خوارەوە، هەرچی سۆز و خۆشەویستی دنیا هەیە بەناو فرمێسکەکانیدا جۆگەلە دەبەستێ و بەرەو ئەحەشاپە دەپەڕنەوە﴾[ل١٠٣] . ئای چ سەیرە ؟ . تۆ کارێك بکەیت و سەداسەد ئەنجامێك لەهزری خۆتدا دانێی و چاوەڕێی ڕوودانی بکەی، بەڵام کاتێ تەماشا دەکەیت نەك ئەوەت دەست نەکەوتووە کەتۆ ویستووتە بەڵکو زۆریش پێچەوانەی ئەوەت دەست کەوێت. سەگەکان نەك هەر ئەحەشاپەیان بۆ نەخورا بەڵکو تەواو کەوتنە ژێر کاریگەری حکایەتەکانیەوەو هۆن هۆن فرمێسکیان بۆی هەڵڕشت. ڕاستە واباوە کەسەگ هێمایە بۆ بەوەفایی بوون، بەڵام لەکوێی دنیادا هەبووە کە سەگێك چاوەڕێ بیت کەسێك بخوات بەڵام ئەو بۆ ئەو کەسە بگیرێت و جۆگەلەی فرمێسکی بۆ هەڵڕێژێ و بەرەو لای بڕوات. یەکێکی تر لە دژە باوییەکانی تر قسەکردن و بێدەنگیە کە ڕۆمانووس زۆر جوان سودی لێبینیوە، ئەحەشاپە سەرباری ئەوەی ببوە حکایەت و هەموو ئاوایی لێی بێزار بوون و هەوڵی لە ناو بردنیان دا بەڵام لەپاشدا زۆر سەیر بێدەنگی هەڵدەبژێرێ ﴿ ئەحەشاپە سەیر بێدەنگ کپ و کاس بووبوو، بەجۆرێك دەمی داخست و بێدەنگ بوو، لێوەکانی لکابوون بە یەکدا، چەندین جار خەڵك بۆی دەچوونە کەمینەوە تا لێوەکانی لێك هەڵبپچڕێ، خەڵك بەو ئاواتەوە سەری نایەوە و ئەحەشاپەش لێوەکانی هەڵنەپچڕی و دەمی نەکردەوەو تەنیا حەرفێکی نەوت﴾[ل١١٣] . ئەحەشاپەیەك دوای ئەو هەموو کارەسات و ئەو هەموو حکایەت زەدەبوونەی، دوای ئەو هەموو گریان و هاوار هاوارەی کە ببوە پیشەی سەیر نیە کەس حەرفێکیش ی لێنەبیستێ .

﴿ نەسیم دەست دەبات قوڵ ڕێحانە لێدەکاتەوە و دەیخاتە دەمیەوە و دەست دەکات بەخواردنی، لەو ڕۆژەوە نەسیم نوتقی دەبەسترێ، بۆلای شێخ و مەشایەخی دنیایان برد نەکەس توانی چاکی بکاتەوە و نەکەسیش یەك حەرفی لێبیست﴾[ل١٣٧] . لەچ زەمەنێکدا بووە ڕێحانە هۆکار بێت بۆ لەقسە چوونەوە و نوتق بەستن و قسە نەکردن، دەبێ چ حکایەتێکی تیابێ کەسێك بەخواردنی ڕێحانە لەقسەکردن بچێتەوە، ﴿ لەناو جەنجاڵی و غەڵبەغەڵبی ئەو حەشاماتە دا، نەسیمی ڕێحان هاتە پێشەوەو بەدەنگێك کەوتە قسەکردن لەسەر ئەو دوو







جەنازەیە، هەر کەدەمی دەکردەوەو قسەی دەکرد، ئەو مەرز و بومە بەکون و کەلەبەرەکانیشیەوە، جگە لە بۆنی ڕێحانە، بۆنی هیچ شتێکی تری لێنەدەهات . بەدەم نەسیمی ڕەیحانەوە کە سەرتاپای ئەو دونیایەی گرتبوو، نەسیمی ڕێحان دەدواو دەیوت،ئێوە بۆچی سەرتان ئاوساوە لەوەی ئەم مێرولانە لە چ ڕێگەیەکەوە خزابنە ئەم ژوورەو ؟ بۆ هەمیشە لەدەرەوەی خۆتان سۆراغی ڕێگاکان دەکەن ؟ بۆ هەمیشە پێتان وایە لەناوەوەی خۆتانا جگە لە ریخۆڵەو دڵێکی وەك بەرد ڕەق و هەندێ گەنو و گو زیاتر هیچی تری تیا نیە؟﴾[ل١٣٨] . پاش ئەو ماوە زۆرە بێدەنگیە نەسیمی ڕەیحان چەند جوان بەقسە دێت، نەسیمی ڕەیحان پاش ئەو بێدەنگیە زۆرە نایەوێ هەروا ئاسایی بە قسە بێت، ئەو دەیەوێ لەجێی خۆیداو کاریگەر ترین قسە بکات، ئەو دەیەوێ ئەو پەیامە بەمرۆڤەکان بڵێ کە سەیرێکی ناخی خۆتان بکەن و ببینن کەچ ناخێکی ڕەشتان هەیە، پێویستە پێش هەموو شتێ ناخی خۆتان پاك بکەنەوە، ڕق و کینەو دووبەرەکی و سەرجەم ئەو پەڵەو لەکە پیس و بۆگەنانەی کە لەناختاندایە، لەدڵی ڕەقی وەك بەرتاندایە، فرێیدەنە دەرەوە و لەجێگەیدا تۆوی خۆشەویستی و ڕێزگرتن و هاوکاری بچێنن، چونکە هەر بەوە دەگەنە لوتکەی کامەرانی و خۆشبەختی و سەرفرازی ژیان.

**بەشی چوارەم**

**حیکمەتی شەو وەك ڕەگەزێکی ژیان**

لە ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا هێندەی شەو گرنگی پێدراوەو باسی لێوەکراوە هێندە ڕۆژ گرنگی پێنەدراوە، هێندەی هەژموونی شەو دەردەکەوێت هێندە ڕۆژ هەژموونی نیە.

لەم ڕۆمانەدا شەو کراوەتە سەکۆی ڕودانی ڕووداوەکان، شەو ماڵی لەکۆشکردنی حکایەتەکانە، شەو ساتوەختی جوانی و لێچۆڕینی جلیوەی کامەرانیە، شەو کانگای تاریکی و ئەسرار و پەخشکردنەوەی جوانیەکانە ، هەرکەسێکیش بیەوێ لەم ناز و نیعمەتەی شەو بێبەش نەبێت دەبێ ڕەنجی بۆ بدات و ئازاری بۆ بچێژێ، دەبێ خەوی بۆ تەڵاق بدات، چونکە لالە مچە وتەنی ﴿گەر جارێکیش جوانی شەوتان بەچاو ببینیایە، ئەوا وەنەوز هەرگیز نەیدەوێرا و ڕووشی نەدەهات نزیکی ماڵی چاوتان بکەوێ، کە شەو توانای ئەوەی هەبێت وەك ئیسفەنج ئەو هەموو جوانی و ویقارو ئەسرارە کە لەشەو دا هەیە هەڵبمژێت، حەیف نیە وەنەوز خەو وەك خۆرە بیداتە سۆمای چاو و پڕی بکات لە

نووستن ؟ ﴾[لا٦٧] . جوانی شەو ، بەرامبەر نوستن. ئەم دوو نیعمەتەی سروشت ، ئەم دوو جوانیەی سروشت ، لەم رۆمانەدا داوای نیعمەتی یەکەمیان کراوەو دووەمیان ڤیتۆ کراوە . تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ئەو گومانەمان لادروست دەکات کە مرۆڤ بۆ ئەوە دروستکراوە تا شەوانە گوێگر و بینەری ئەو جوانیە بێت کە لەشەودا پەنهانە، بەڕادەیەك شەو تا تاریکترو درەنگتر بێت ، چەم و چنار و تەیر و تیور و با خ و رەز و کوچك و کەڵەك ئەو هەموو ئاواز و گۆرانی دەڵێن و گریان و قسەو باس دەکەن، هەر بۆیەش ناکرێ کەسێك نەبێت گوێیان لێبگرێت.

لەلایەکی ترەوە شەو هەروەك چۆن لەسەر ئەرزی واقع تاڕادەیەکی باش کاتێکی گونجاوە بۆ ژوانی دڵداران و عاشقان تا بێ ترس و دوودڵی و گومان یەك ببینن، هەرواش کاتێکی گونجاوە بۆ ژووان و بەیەکگەیشتنی ئەکتەرەکانی رۆمانەکە . هەر شەو بوو لالە مچە چووە خەونی خورشەی دایکی خەیاڵەوەو مەرگی بە نسیب گەیاند ، هەرشەویش بوو خەیاڵ لەدەستی حسەکەڕ رایکرد و بۆ ماڵ باوکی گەڕایەوە و لەیەکێك لەشەوەکاندا بەدیداری مچە پیزێ دەگات ، هەر شەویش بوو خەیاڵ و باوکی بەرەو ماڵی شێخی شەوناس بەڕێکەوتن و خەیاڵ دنیایەك حکایەتی بینی و بیست تەنانەت هەر شەویش بوو خەیاڵ بەمەرگ گەیشت هەروەك چۆن لالە مچە پێشبینی کردبوو ﴿ دڵنیام جگەلەوەی شەو هێز و وزەی راکردن و یاخی بوونت دەداتێ هەر شەویش دەبێت بەنسیبت بۆ مەرگ﴾[لا٢١٧] . بەڵێ هەرواش دەرچوو خەیاڵ شەوی هەڵبژارد و لەشەودا هەمووانی جێهێشت و مەرگی هەڵبژارد.بەپێچەوانەی شەوەوە لەم رۆمانەدا رۆژ کەمتر کاری پێکراوە و چالاکیەکان یان رووداوەکان کەمتر کەوتوونەتە رۆژەوە ، لەرۆژدا شەپۆلی رووناکی هەیە بەڵام شەپۆلی تاریکی کە لەشەودا هەیە بەجوانتر زانراوە ، لەرۆژدا رەز و باخ و کوچك و دار و بەرد حکایەت ناکەن و قسەو باس ناگێڕنەوە ، تەنانەت دەگاتە رادەیەك کە ﴿ هەر گیز رۆژ بۆ گێڕانەوەی حکایەتەکان نابێت ﴾[لا٤٧] .

بەڵێ هەرچی رۆژە ئەحەشاپە خەیاڵ بۆلای حسە کەڕ دەباتەوەو هەرچی شەویشە خەیاڵ لەدەست حسەکەڕ هەڵدێ و رادەکاتەوە ، لەمەملەکەتی حکایەتەکانی لەچکەکەی خەیاڵدا شەو لەبانگی بەیانیەوە تەواو دەبێت و هەر لەو کاتەوە رۆژ دەست پێدەکات .

﴿ بانگی بەیانی دا ، شێخی شەوناس ئیتر هیچی تری نەوت . نازانم سیحری کۆتایی هاتنی شەو بوو یان نەغمەی بانگی بەیانی یان حاڵ و حکایەتی لەچکەکەبوو وای لەحەزرەتی شێخ کرد کە مۆڵەتی نەداین زیارەتی بکەین و ئێمە ئەو بەجێ بهێڵین. ئەو بێدەنگ پیشتی کردە ئێمە ، لە دەرگایەکی بچوکەوە کە تا نەیکردەوە ئێمە کەسمان نەمان دەزانی دەرگایە ، رۆشتە دەرەوە﴾[لا٧٢] . خەیاڵ نازانێ کام لەو هۆکارانە بوونە هۆی چونە دەرەوەی شێخی شەوناس، بەڵام من دەڵێم هیچ لەوان هۆکار نەبوون بەڵکو حیکمەتی رۆژ بوونەوە بوو وای کرد ئەو ژووانەی شێخ و ئەمان کۆتایی پێ بێ . چونکە ﴿ پێش نیو سەعات لەبانگی بەیانی دوو ژنی سپی ئاو دامان لەناو قیامەت و حەشر و حەلا لای ئەو حکایەتانەوە وەك تەونی جاڵجاڵۆکە دەوریان تەنیوە ، لەناو قیامەتی ژەنینی دەفەکانەوە هاتن و گوێگرتن و حکایەتەکانیان پێ بڕیم و وتیان باوکت چاوەڕێت ئەکات چونکە تەنیا نیو سەعات حەزرەتی شێخ ماوەی هەیە بتان بینێ﴾[لا٦٣] . گومانی تێدانیە ئەم دەستەواژەیە ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە شێخ تەنها شەو کاتی هەیە خەڵك ببینێ و رۆژ بۆ بینینی خەڵك نابێ.



سیمین چایچی

# ئەدەبی منداڵان لە کوردیدا و کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی

بێگومان لقی ئەدەبی منداڵ لە جیهاندا بەشێکی نوێیە و هەر بۆیە لاوازیشە. پێویستی و سەرەتای دەستپێکردنی ئەدەبی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێش چوونی جیهان بەرەو زانست و تەکنەلۆژیی، هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا، بنەمای فیکری و فەرهەنگی مرۆییش سەبارەت بە ژین و ژیان تووشی گۆڕانکاریی بوو، ئەم ئاڵوگۆڕە جگە لە دەرەوە کاریگەریی لەسەر بنەماڵە و چۆنایەتیی پێوەندییەکانیش دانا، واتە لەبەر چاوگرتن و گرنگی پێیان بە رۆڵی ژن وەکو هاوژین و هاوبەش، یان منداڵ وەکو مرۆیەکی چکۆڵە، بەڵام بەرانبەر لەگەڵ گەورەکاندا. هێدی هێدی جێگەی منداڵ لە بنکەی دڵان دەرهات و رۆڵی راستەقینەی ئەو لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەدەر کەوت،





سەردەمی مۆدێرن بوو بە سەردەمی منداڵ سالاری.

لە سەدەی بیستەمدا ئەو ڕاستییەدەرکەوت کە دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ و پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی زانستی و ئاگاییانە بێت. ئەم پێویستییە بوو بەهۆی گرنگی پێدان بە پەروەردەیی منداڵ و کەڵك وەرگرتن لە دەروونناسی و کۆمەڵناسی و جوانیناسی بە شێوەیەکی تایبەت و ئاکادێمیك.

رۆڵی ئەدەبی منداڵ لە پەروەردەکردنی هزر و ئندێشە و روونکردنەوەی روانگەی منداڵ سەبارەت بە ژیان و جیهانی دەورووبەر، زۆر بەرچاو و حاشاهەڵنەگرە کە خۆشبختانە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی جیددی و بەربڵاو هاتووەتە ئاراوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا (هانز کریستیەن ئاندیرسێن)ی دانمارکی بە نووسینی چیرۆکی تایبەت بۆ منداڵان بناغەی ئەدەبی نوێی منداڵانی لە جیهاندا دانا. لەو سەردەمەوە تا ئەمڕۆش ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئەدەبی زارەکی واتە فۆلکلۆر بووە کە لە هەر وڵات و ناوچەیەکدا بە شێوەی شیعر و چیرۆك و مەتەڵ و نەستەق شوێنێکی تایبەتی لە سەردەمی منداڵێتی مرۆدا بووە کە تا ئێستاش هەیەتی، بەڵام زۆربەی ئەو شتانە بە پێی فاکتۆرە پەروەردەییەکانی ئەمڕۆیانە ناچنە ڕیزی ئەدەبی منداڵەوە، واتە بەشی هەرە زۆری ئەو نەریتە (ئەدەبی زارەکی) پاڵ دەدەنە پاڵ پەند و ئامۆژگاری یان داب و دەستووری ژیان و لەم حاڵەتەدا وێژەر لە لێکدانەوە سادە و ئاساییەکانی منداڵدا دەچێتە ڕیزی مۆرشید و مامۆستا.

لەدوای ئاندێرسێن، تەنانەت تا پەنجاکان، جگە لە (ئالیس لە وڵاتی سەیر و سەمەرەدا) بەهەمێکی بەرچاو پێشکەشی قوتابخانەی منداڵ نەکرا. تەنیا دەتوانین ئاماژە بە برایانی "پیێر کاستۆر" بکەین کە پێش شەڕی دووهەمی جیهانی چیرۆکە چیرۆکە وێنەییشد هێنایە ئاراوە. پیێر کاستۆر بە بڵاوکردنەوەی کتێبی وێنەیی حەیوان و دیاردە سروشتییەکان ڕۆیشتە ناو دنیای خەیاڵاوی منداڵەوە، لەمەو بەدوا وێنە بوو بە پێویستیەکی بەرچاو لە شیعر و چیرۆکی منداڵاندا. لە پەنجاکانەوە ئەدەبی نوێی منداڵ بە شێوەی شیعر و چیرۆك لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەرەی سەند و کەم کەم گەیشتە ئەو ئاستەی کە وەکو لقێکی تایبەت جێگە و پێگەی لە کتێبخانە و ماڵ و هۆڵی دابەشکردنی خەڵاتە جیهانییەکان دابین کرا.

لە کوردەواریدا کە بە هۆی دوورەدەست بوونی جەماوەرێك لە منداڵانی شارۆچکە و




لادێیەکان، یان نەخوێندەوار بوونی بنەماڵە، کتێب و گۆڤاری تایبەت بە منداڵ بە ئاسانی لە بەردەستدا نییە، بۆیە ڕۆڵی میدیاکان ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکییە و پێویستە پرۆگرامەکانی تایبەت بە منداڵان پتەوتر و بە شێوەیەکی تەکنیکیتر ئامادە بکرێ.

لەلای ئێمە کە خوێنەری کتێب بەگشتی و خوێنەری منداڵ بەتایبەت کەمە و فەرهەنگی کتێب خوێندن لەناو چینی بەربڵاوی وڵاتەکەماندا پەرەی نەسەندووە، ئەدەبی زارەکیی و دیداریی واتە تەلەفزیۆن و شانۆ کە بە ئاسانی لە بەردەستی هەمواندایە باشترین و سەرنج ڕاکێشترین شێوەی پێوەندییە. نکۆڵی لەمە ناکرێ کە تا گەیشتن بە ئەدەبی بەربڵاو و دەوڵەمەندی منداڵ و هاتنی تاقمێکی گەورەتری نووسەر و شاعیری دڵسۆز بۆ ئەم بوارە، پێویستە گرنگی زۆرتر بە بەشی منداڵانی میدیاکان بدرێ و بە شێوەیەکی زانستی و جیدی، بە کەڵك وەرگرتن لە تەکنیك و ئەزموون لە باری دەرهێنان و نووسین و شانۆگەرییەوە خواست و سەلیقەی منداڵی کورد ببەینە ئاستێکی بەرزتر هەتاوەکو لە دواڕۆژی وڵاتەکەماندا چەندەها هونەرمەندی زانا و پسپۆر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کاری منداڵ بێنە ئەم گۆڕەپانە و ئەدەبی منداڵانی کورد بەگاتە ئاستێکی شیاو و بڵیند.





ئەم بەشە لەلای ئێمەش هێشتا لاوازە، هەرچەند لەژێر کاریگەرێتی ڕەوتی جیهانی و پێویستیی ناوخۆییەکاندا لە حاڵی گەشەکردندایە، بەڵام بەداخوە لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە شتی وای بۆ نواندن و پێشکەشکردن بە ئەدەبی جیهانی منداڵان نییە. هۆی ئەم کەموکوڕییەش یەکەم هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و دووەم ساوابوون و نامۆبوونی ئەم بەشەیە. ئێم بەداخەو نەگەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە کە بایخ بە پەروەردەیی زەین و هزری منداڵ بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و کارناسانە بدەین. هێشتا لە کۆمەڵگا و بنەماڵە و قوتابخانەکاندا شێوەی زەبر و زۆر و ئامۆژگاری لەسەر منداڵ بەردەوامە و گەورەکانمان وەکو (زانای هەمووشتزان) و خاوەن دەسەڵات لە شێوازی کۆنی پەروەردە کردن کەڵك وەردەگرن.

هەموو شتێ بەرەو نوێبوونەوە دەچێ، گەورە وێنە هەڵگری جل و بەرگ و ڕەوشتی ژیانی ڕۆژاوایە، بەڵام کە دێتە سەر منداڵ دەبێتە دیکتاتۆرێکی دڵسۆز و عاشق، کە نایەوێ منداڵ خۆی لە جەغزی فەرمانبەرێتی ئەو دەرباز بکات، جا ئەرکی شاعیر و نووسەر لەم کێشە و کێبەڕکێیەدا چییە؟ ڕێگای ڕزگارکردنی منداڵ ل بازنەی نەریت و پەروەردەیی کۆندا کامەیە؟ بۆ پتەوکردنەوەی ئەدەبی منداڵانی چی بکەین کە دواڕۆژ شەرمەزاری ئەو چینە نەبین و بە سەربەرزییەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا سەر هەڵبێنین.

"ژان پیاژە" دەڵێ: منداڵ فەیلەسووفێکە کە جیهانی دەرەوە لە ڕێگای تاقیکردنەوە دەناسێ، تاقیکردنەوەیەك کە خودی خۆی لە خاڵی ناوەندی ئافراندندایە، کە پێی وایە هەر ڕووداوێك بۆ شادی و لەزەتی ئەو بەدی هاتووە. ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاریی منداڵ لەسەرشانی بنەماڵە و پسپۆران و کارئاسانی ئەم بەشەیە، بەڵام هونەرمەند ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە. نووسەر و شاعیر بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و زەوق و زانین دەچێتە ناو دونیای پڕ لە شادی و پرسیاری منداڵ و بە زمانێکی ساکار لەگەڵیدا پێوەندی دەگرێ و بیر و هزری دەهەژێنێ. ئەوەیە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زیاتر لە ڕابردوو بایەخ بە ئەدەبی منداڵ دەدەن و لە شاعیر و نووسەری ئەم بەشە پشتگیریی دەکەن. بەڵام بەداخەوە لە ئەدەبی کوردیدا بەهۆی گرنگی نەدان بەم لقە چ لەلایەن نووسەران و شاعیران و چ لە لایەن دەزگا پەروەردەییەکانەوە، ئەدەبی منداڵ لاواز و سەرەتاییە، واتە هەم کێشەی چەندایەتیی هەیە و هەم کێشەی چۆنایەتیی.

ئەدەبی منداڵ:

وەک ئاماژە کرا، ئێمە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا ڕەخنە و لێکۆڵینەوەمان نییە. کە وابوو داهێنانیش کەمە و دەبێتە هۆی لاوازی بنەمای تیۆریک، تا ڕادەیەک کە نووسەران و شاعیرانی ئەم بوارە زیاتر بە پێی زەوق و ئەزموون دەنووسن تا شێوازی دیاری کراوی زانستی. مرۆڤ پێش لەدایک بوون لەگەڵ مۆسیقادا ئاشنا دەبێ، واتە شەپۆلی دەنگی دایک ئاوی منداڵدان دەلەرێنێتەوە، کاتێ ئەو ڕەنگدانەوە گەیشتە منداڵ، دەچێتە ناخ و دڵاگایەوە و پێوەندییەکی ڕۆحی و ڕەوانی لە نێوان دایک و ساوا پێک دێنێ. منداڵ پێش لەدایک بوون مۆسیقا دەناسێ و دواتر فۆنۆتیکی وشەکان، ئەوەیە کە "لایەلایە" لە چاو قوچانێکدا لەسەر ڕۆح و ڕەوانی ساوا کاریگەرێتی خۆی دادەنێ و دەیخەوێنێ. لایە لایەکان مانای قووڵی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکان نییە، بەڵکو بە زمانێکی ساکار باسی ژین و ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوە ئاساییەکان دەکا. دایک بە لایەلایە وتن، لەلایەکەوە دەردەدڵ و ئاوات و خواستی خۆی دەدرکێنێ، و لەلایەکەوە بە کەڵک وەرگرتن لە ئوستوورە و هێما باسی خێر و شەڕ، چاکە و خراپە، زاڵم و مەزڵووم دەکا.

لایە لایە لە باری زمانییەوە، زمانێکی عامیانە و لە باری کێشەوە ساکار و ڕەوانە، منداڵ سەرەتا بە مۆسیقا و ئینجا بە وشە و کەلام لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پێوەندی ئەگرێ. لایە لایە یەکەمین شیعری مۆسیقاییە کە هەست و ڕەوانی ئینسان ئەهەژێنێ.

دابەشکردنی پلەی تەمەنی منداڵ و مێردمنداڵ ئەمانەن:

أ- لەدایک بوون تا دوو ساڵان: منداڵ لە ڕێگای پێوەندیی فیزیکی و عەینییەوە دەگاتە قۆناغی ناسینەوە، ئەدەبیات لەم تەمەنەدا ئەدەبی واقیع خوازانەیە و وشە بە مانای خودی واقیعییەکەی بە کاری دێ، واتە ئەدەبی پەروەردەییە.

ب- ٢ تا ٧ ساڵان: زەینی منداڵ لەم قۆناغەدا یاخییە و هیچ دیسپلینێک هەڵناگرێ.

جـ- ٧ تا ١١ ساڵان: زەینی منداڵ لەم قۆناغەدا بۆ شیکردنەوەی هەندێ لە چەمکە دەرهەستەکان ئامادەیە، واتە تەمەنی "ئەنیمیسم" یان "گیاندار بێنداری".

د- ١١ تا ١٥ ساڵان: ئەم تەمەنە کۆتایی قۆناغی منداڵی و سەرەتای دەورانی مێردمنداڵییە. لەم تەمەنەدا هێزی زەینی مێردمنداڵ گەیشتۆتە ڕادەیەک کە هەندێ بۆچوونی دەرهەستکارانە لێک بداتەوە.





دابەشکاریی ئەدەبی منداڵان:

ئەدەبی منداڵ بریتییە لە زنجیرەیەک بەرهەمی زانستی، بە تایبەتمەندیگەلێکی دەروونناسانە و پەروەردەییەوە، زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە خودئاگای نووسەر بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە دێتە بەرهەم. واتە زانستی – ئەدەبین.

ئەدەبی ئەمڕۆیانەی منداڵ گەرچی لەلایەنی پەروەردەییەوە کەم ڕەنگە، بەڵام لە خودی خۆیدا پەیام و کاریگەرێتی تەربییەتی و فێرکارانەشی هەیە. بەگشتی دەتوانرێ بوترێ ئەم ژانرە پێکهاتووە لە شەش بەشی جیاواز و هەر بەش کاریگەریی تایبەت بەخۆی هەیە:

ئەدەبی منداڵان:

١- زارەکی: یاری، لایەلایە، مەتەڵ.

٢- دیداری: فیلم و شانۆ.

٣- نێویساری: شیعر و چیرۆک (کتێب).

١- ئەدەبی زارەکی:

سەرچاوەی ئەم بەشە لە فۆلکلۆرەکاندایە، لایەلایە کە ڕیشەی قووڵی کۆمەڵایەتی هەیە، سینە بە سینە هاتووە و لە زاران گەڕاوە و بێ ئەوەی دەرکەوێ شاعیر و دانەرەکەی کێیە و لە بەردەوامی زەماندا دەم بەدەم گەیشتۆتە ئێمە.

یاری: یاری بەرە بەرە هاتووە و بە هەندێ گۆڕانکاریی لە دەورانی منداڵێتی مرۆڤدا جێگیر بووە.

مەتەڵ: مەتەڵ زۆرتر بۆ گەورەیە، بەڵام چونکە جیا لە لایەنی گاڵتە و گەمە، لایەنی ئامۆژگاریشی هەیە، دەچێتە ڕیزی ئەدەبی زارەکی منداڵانەوە.

٢- ئەدەبی دیداری:

شانۆ شێوەیەکی نوێیە بۆ پێوەندی نێوان منداڵ و جیهانی دەور و بەریەوە کە لەم ساڵانەی دواییەدا لە باری سەرگەرمی و یاریی و پەروەردەوە ڕۆڵێکی گرنگی بووە. بەڵام بەداخەوە منداڵی کورد تاڕادەیەک لەم تەوەرە بێ بەشە و جگە لە هەندێ کاری سەرەتایی نەبێ، شتی وای پێشکەش نەکراوە. میدیاکانیش بایەخێکی ئەوتۆ بە بەرنامەی منداڵان وەکو ژانرێکی زانستی–هونەری نادەن و هەندێ بەرنامەکان خاوەنی وەها فاکتۆرێکی پێویست و دیاریکراوی کاری منداڵان نین. بنەڕەتی شانۆکان واتە نووسین بە پەلە و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کاتی بەرنامەکانە. لە زۆر شوێندا دەرهێنەر، ئەرکی نووسین و شانۆگەریشی لە ئەستۆدایە. پێشکەشکراوەکانی شانۆ هێندە کەمن کە لە ژمارەی قامکەکانیش تێناپەڕن، لەم بوارەشدا لە باری نووسین و مۆسیقا و

دەرهێنانـەوە لاوازیـن. بەڕاسـتی جێـی ئەسەفە کە منداڵانی ئەم وڵاتە لە شادی و زەوقی نێو هۆڵ و شانۆکان بێبەش بن.

شـانۆی منـداڵ کـە بەرهـەمی سـەردەمی مۆدێرنە لە بەشەکانی دیکە نوێتر و کـەم تەمەنترە، بەڵام ئەگەر لە بەرچاو بگیردرێ و گەشە بکا لایەنگری زۆری هەیە بەتایبەت کە لە کوردستان ئەو ئیمکاناتە بە زۆری لەبەردەستدایە.

٣- ئەدەبی نوێساری:

ئەم بەشە بەربڵاوترە و تاقمێکی زۆرتر لە منـداڵ دەگەڕێتـەوە. نووسـینی شـیعر و چیرۆك بشێوەی تایبەتی منداڵ، تەمەنێکی سـەد و چـەند سـاڵانی هەیـە. مێـژووی ئەدەبی نوێی منداڵ لـە جیهانـدا بـە "هـانز کریـستیەن ئاندێرسـێن"ی دانمارکییـەوە دەسـت پێـدەکا، چـیرۆك نووسـەری کـە بەرهەمـەکانی بـە دەیـان زمـانی وەرگێردراوەتـەوە و هێـشتا نـاوی لەسـەر زاری خەڵکە.

بەشی ئەدەبی نویساری بریتییە لە شیعر و چـیرۆك، کـە هـەر کامیـان شـێواز و کاریگەرێتی تایبەتی خۆیان هەیە.

شیعری منال: روانینی واقیع خوازانەیـە بـۆ جیهـان لـە روانگـەی منداڵـەوە، شـیعری منـداڵ باسـی واقیعیەتـە عـەینی و دەرەوەییەکان دەکا بە پێوانەی ئەزموونی منداڵ. لە ڕاستیدا شتێکی زەینی و خـەیاڵی نییـە بـەڵکو مـەوزوع و وشـەکان واقیعـی و ناسـراون، واتـە قـسەی منـداڵ بقـسەی خۆیەتی، ئەو زمانە کە تێی دەگا و لەسـەر زارییەتی، شاعیر بە کەڵك وەرگرتن لە وەزن و قافیە، شیعرەکان بە شـێوەیەکی سـادە و ریتمیـك دەخاتـە بەردەسـتی منـداڵ و زاری منداڵی پێ دەهەژێنێ.

ڕیئالیسم یان واقیعخوازی پێداویستی هـەرە گرنگـی شـیعری منداڵـە لـە پلـەی "الـف" و "بـێ"دا کـە زەیـنی منـداڵ توانـایی لێکدانەوەی لێکچواندن و هێما و ئیستعارەی نییـە، لـە ڕاسـتیدا ئـەو لەگـەڵ شـیعرێك پێوەنـدیی دەگـرێ کـە مانـای وشـەکان لـە دەرەوەی خۆیدا بناسێ یان ببینێ، چونکە منداڵ لە سـەرەتا هەنـدێ وشـەی دیاریکراو دەناسێ واتـە ئەوانـەی کـە لـە بەرچاویەتی وەکوو: دایك، باوك، نان، ئاو، دەس، چاو و هتد.

یـان ئـەو شـتانە و ئـەو وشـانەی کـە بـە هەسـتەکان ناسـیویەتی وەکـو: داخـی، شیرینی، برسییەتی و...هتد.

کاتێ منداڵ دەڵێ دایکم میهرەبانـە، پێـشتر لـە ڕێگـای کرداری دایکییـەوە هەسـتی بـەو میهرەبانییـە کـردووە و ناسـیویەتی. بـەڵام ئەگـەر دەبیـسێ "دایکـم وەکـو مانگـە" بـە سەر سوورمانەوە بـە دوای پێوەنـدی نێـوان





مانای دایك و مانگدا دەگەڕێ و چونکە تاقەت و توانای تێرامانی نییە، ماندوو دەبێ و وازی لێدێنێ.

لە ڕاستیدا زمانی منداڵ زمـانێکی بنەڕەتییـە کـە لـە تاقمێـك وشـەی سـادە و سـەرەتایی پێکهاتووە. ئەگەر شیعر لەو باونە (وشەیی)ە لابدات لە ڕیزی شـیعری منـداڵان دەردەچـێ.

لە شیعری کوردیدا گرنگـی نـەدان بـەم خاڵـە یـەکێك لـە کێـشە بەرچـاوەکانە کـە زۆربـەی هـەرەزۆری بەرهەمـەکان دەگرێتـە بـەر. لـە گرووپـی "ئـەلف"دا لێکـچوونەکان هەسـت پێکراوتـرن، لـە گرووپـی "ب" بـەملاوە ئیستعارەگەلێکی ساکار دێتە ناو شیعرەوە، بەڵام لە پلەکانی سەرەوەدا شـاعیر دەتـوانێ لە هەندێ تەکنیکی شیعری کەڵك وەربگرێ و لـە بـاری وەزن و قافیەشـەوە ئـازادترە بـۆ هەڵبـژاردنی چوارچـێوەیەکی شـیعری، بـۆ نموونە شیعری نوێ و ئازاد.

هەرچـەندە تەمـەنی منـداڵ لـە خـوارەوە بـێ زەحمـەتی شـاعیر بـۆ گەیـشتن بـە زمـانی گاریگـەر زۆرتـرە، چـونکە ئاسـتەنگی و تەنگـەژەیی وشـە و ریـتم و مانـای بـۆ سـاز دەبـێ. واتـە لـە پلـەی "ئـەلف و بـێ"دا پێویستە وشە ساکارتر، ریتم شادتر و توندتر و مانا روون و ئاشنای زەینی منداڵ بێ.

تایبەتمەندی شیعری منداڵان بە باری فـۆرم و چوارچێوەوە:

گـەرچی چوارچـێوەی شـیعر لـە پێـشەوە دیاری ناکرێ، بـەڵام هـەروا کـە ئاماژەمـان پێکـرد شـیعری منـداڵ بهـۆی پێداویـستی بەرچـاوگرتنی فـاکتی زانـستی لـە کـاتی ئافراندندا خـاوەنی چـەندین خاڵـە، کـە لـە خوارەوە باسی لێ دەکرێ:

١- ریتم شاد و خێرایە
٢- وشـەکان لـە بازنـەی زانـینی منـداڵ تێناپەڕن.
٣- خانـە شـیعرییەکان (نیوەبـەیت) تـا دەکرێ کورتن (واتە ٥ تا ٧ برگە).
٤- زیاتر لە ٨ تا ١٠ بەیت نین.
٥- تـەکنیکی شـیعری بـە پێـی تەمـەنی منداڵ لە بەرچاو بگیردرێ.
٦- وشەکان ساغ و پاراو بن.

چوارچێوەی شیعری منداڵان بەتایبـەت لـە پلەی "الف" و "ب"دا ئەمانەن:

چوارینە-غەزەل-مەسنەویی

دەکرێ بە پلـە "ج" و "د" بـەرەو بـان لـە شیعری نوێ، بەڵام کێشدار کەڵك وەربگرین و تـا ڕادەیـەك لـە بەربەسـتیی قافییـە دەرچین. بە پێچەوانەی ئـەدەبی کلاسـیك، شـیعری ئـەمڕۆی منـداڵان ئـامرازێکی فێرکـاریی و پـەروەردەیی نییـە و ڕۆڵـی شـاعیر لەگـەڵ مامۆسـتا و دایـك و باوکـدا جیاوازە، واتە شـاعیر بـە هەسـت و زەیـنی منداڵ یاری دەکا و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە

ناو جیهانێکی پڕ لە جوانی و مۆسیقا ڕەنگ و شادمانیەوە.

شاعیری منداڵان:

شاعیری منداڵ مرۆیەکە کە بە وتەی فرۆید منداڵ بوون لە ناخو دئاگایدایە و دەتوانین بە لێکدانەوەی بەرهەمەکانی، کەسایەتی ڕۆحی و ڕەوانی ئەو بناسین. چونکە سەرچاوەی کەسایەتی مرۆڤ لە سەردەمی منداڵیدایە. شاعیری منداڵان کەسێکە کە بە باشی دەتوانێ پردێ لە نێوان ئێستە و ڕابردوودا ببەستێ و بە ڕوانینی قووڵی نوستالۆژیك بە پێی زانین و زەوقی منداڵ برهەمێك بخوڵقێنێ.

دەزانین کە هونەرمەند لە کاتی ئافراندندا دەگاتە ئاستێکی بەرز و جیاواز، بۆ گەیشتن بەم ئاستە پێویستی بە ئازادی مەلی خەیاڵ و کردەوە هەیە، بەڵام چونکە شاعیری منداڵ لە کاتی نووسیندا بۆ پاراستنی تەکنیك ئەسیری هەندێ جەبر و بەربەستە، ئازادی کردەوە و خەیاڵی نییە. لێرەدا دێینە سەر ئەو بڕوایە کە نووسینی شیعری منداڵان بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەست دەکەین ساکارە، کارێکی سەخت و پڕ زەحمەتە، کە جگە لە ناسینی تەکنیکی شیعر و هەبوونی جەوهەری زاتی شاعیرانە، پێویستی بە زانستی دەروونناسی و جوانیناسی و پەروەردەیی منداڵ هەیە.

"مەحموود کیانوش" نووسەری بەناوبانگی فارس دەڵێ:

نزیکایەتییەك لە نێوانی شاعیر و منداڵ و مرۆڤی سەرەتایی هەیە، ئەم نزیکایەتییە لە ڕوانینی هاوبەشی عاتیفییە بە جیهان و سرووشت. واتە هەروا کە مرۆڤی سەرەتایی بۆ ناسینی جیهان هەوڵی داوە، مەبەستی منداڵیش ناسین و یارییە، بۆیە دەبێ شاعیر هەوڵ بدا بگاتە ئاستی ناسین منداڵی دەروونی خۆی بدۆزێتەوە، جگە لە یاری بەدوای هونەردا دەگەڕێ.

منداڵ خۆی لە خۆیدا لە سروشت نزیکە و بە پێوانەی "ناسینی جیهان" لە مرۆڤی سەرەتاییش نزیکە. بەڵام شاعیر کە لە سەردەمی منداڵی دوور کەوتۆتەوە و گەیشتۆتە ناسین، پێویستە لە کاتی نووسیندا لە ژیانی عەقڵانی و فیکریی بێتە دەر تا لە سروشت نزیك ببێتەوە و مرۆڤی سەرەتایی لە دەروونی خۆیدا بدۆزێتەوە، ئینجا بە هەموو شتێ گیان و مانا ببەخشێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین شاعیر بوون، مانەوە لە منداڵیدا. و لە ناخی هەر شاعیرێکدا منداڵێك حەشار دراوە.

چیرۆکی منداڵان:

ئەو خاڵانە کە بۆ شاعیری منداڵان لە بەرچاو دەگیرێ، چیرۆك نووسیش دەگرێتە بەر، نووسەر دەبێ شارەزای دەروونناسی منداڵ و جوانیناسی و کۆمەڵناسی بێ و بە پێی ئەو خاڵانە بنووسێ.

تایبەتمەندی چیرۆکی منداڵان:

١– پاراستنی زمانی بنەڕەتی و ساکار.

٢– لە بەرچاوگرتنی کورتی بەرهەم بە پێی پلەی تەمەنی خوێنەر.

٣– کەڵك وەرگرتن لە واقیعییەتەکان بۆ پلەی "ئەلف" و "بێ" و خەیاڵ و هەڵبژاردنی وێنە بە پێی تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی دەق و فانتازیا بۆ چینی ژوورتر.

چیرۆکنووس چەند بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی ئەوەندەش لە ئافراندندا سەرکەوتووە. بەرهەمی منداڵ ئەگەر ڕۆحی منداڵانەی تێدا نەبێ وەکو پەیکەرەیەکی بێگیان وایە، کە هەرچەند جوان و سەرنج ڕاکێش بێ ڕۆح و گەرمی ژیانی نییە.

دیارە خوێنەر بێ ئەوەی شارەزای تەکنیك بێ هەست بەو ڕۆحە دەکا.

ویلیام لێك دەڵێ: مرۆی لە دوو بەش پێکهاتووە: مەعسوومییەت و ئەزموون. گەورەکان کەم کەم لە درێژەی تەمەنیاندا ئەزموون بەدەست دێنن، بەڵام مەعسوومییەت دەگەڕێتەوە بۆ (self)دا هیچ بەربەستێکی جینسی و نەتەوەیی و چینایەتی لە ئارادا نییە.

بە پێی ئەم هەڵوێستە، (self) لە نووسەری منداڵاندا ژیانێکی نزیك و بەردەوامی هەیە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتوویی یان دابەزینی بەرهەم. ئەو خاڵە هەرچەندە بەقووەتتر بێ نووسەر سەرکەوتووترە.

لە زۆربەی نووسەراندا ئەم شێوە ڕەفتارییە وەبەرچاو دێ و لە هەڵس و کەوتیاندا دەبینرێ. بۆ وێنە "ئەسترید لیندگرین"ی سوێدی کە چەند خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە، وەها ڕۆحێکی شاد و سووکی بووە کە لە تەمەنی ٧٢ ساڵاندا بە درەختدا هەڵزنیووە و لە هەر شوێنێ منداڵان یارییان بکردایە، لینداش دەڕۆیشتە بازنەی یارییەکە یانداو بەشدار دەبوو.

هەروەها مووریس سنداك لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی جیهانی "هانس کریستییەن ئاندێرسین"دا گوتی: لە نووسینەکانمدا بەردەوام منداڵێتییەکی نهێنی هەیە. و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کاریکاتۆری کەسایەتی خۆم لە کەسایەتی کاراکتەری چیرۆکەکانمدایە.



شەریف فەلاح - سنە

# ئاوڕێکی کورت لە شەپۆلەکانی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵات، نەوەی نوێ وەک نموونە

بەرایی:

بەپێی ئەو فاکتەر و بەڵگانەی کە لەبەر دەست دان، مێژووی ئەدەبی کوردی تا رادەیەکی زور زارەکی بووەو کەمتر وەك نووسراوە و مەکتووب ماوەتەوە، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە، عاشقانی وشەی رەسەنی کوردی و عارفانی قەقنەس ئاسای ئەدەبیات، لە دژوارترین هەلومەرجی ژیاندا رۆشتوونەتە ژوانی ئەهوورایی شیعر و لە چەند قوناغدا چەندین تابلۆی رەنگین و چامەی بەرزی شیعرییان بۆ نەتەوە و نەسڵەکانی داهاتووی خۆیان بەجێ هێشتووە. ئەو تابلۆ شیعرانەی ئەگەر بە چەمك و پێوەری ئەمرۆژییانە و بە شێوەیەکی زانستی، لە روانگە جیاوازەکانەوە، راڤە و شرۆڤە بکرێن، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ و ئەتوانین ئەو ئیدعایەش بکەین کە ئەگەر ئەو شیعرانە لە شیعرە جیهانی و ڕەسەنەکانی میلەتانی دیکە بەرزتر نەبن، بێگومان هیچ کەمتریش نین. !! هەر لە بابا تاهیری عوریان و سەیدی هەورامی و خانای



قۆبادییەوە بگرە هەتا نالی، مەحوی، سالم، بێسارانی، مەولەوی، وەفایی و.... چەندین شاعیری پایەبەرزی دیکە کە هەر کام قوتابخانەیەکی دەوڵەمەندی شیعرییان بۆ بەجێ هێشتووین. بەڵام چارەنووسی مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیش، ئەگەرچی لە هەوێن و ناوەرۆکی خۆیدا، لە چارەنووسی ئەدەبی کلاسیکی کوردی جیاواز نەبووە و نییە، بەڵام لە زۆر بواردا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر پێناسە و جۆگرافیایەکی تایبەت بۆ خۆی درووست بکات و بوون و ماهیەتی خۆی بسەلمێنێ .

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیەی کە هەم لە دەورانی شۆڕشی مەشرووتیەت لە ئێران و هەم لە دەورانی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوییەکان و هەمیش دەورانی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی، خوێندن و نووسینی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی قەدەغە کراوە و قفڵی ئاسنین لە دەروازەی وشەی کوردی دراوە، بەڵام شاڵاوی مودێڕنیزم و مودێڕنیزاسیون بە هەموو چەمك و رەهەندەکانییەوە، کەم تا زۆر کۆمەڵگای کوردستانی خستە ژێر نفووز و کاریگەریی خۆیەوە. هەر بەو پێیەش، ئەگەر نەڵێین ئاڵوگۆڕێکی بونیادی و ریشەیی، دەتوانین بڵێین کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە بواری سیاسی، رامیاری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و .... پێك هێنا.( چۆنیەتیی مامەڵە کردن و میکانیزمی هەڵسوکەوت لەگەڵ چەمکە مەعریفی و رەهەندە جیاوازەکانی رۆژئاوا لە کۆمەڵگای کوردستاندا، مێژوویەکی دوورو درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە. دەخوازێ بە شێوەیەکی زانستییانە راڤە، تەفسیر و شرۆڤە بکرێت. کە جێگای لێرەدا نیە. ) ئەوەی لێرەدا دەمهەوێت بە شێوەیەکی گووشراو ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئەدەبیاتی کوردی (شیعر) بەگشتی و شیعری کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەتی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری و نفووزی پرۆژەی مودێڕنیزاسیۆنی رۆژئاواو تاڕادەیەکی زۆر هەم لە بواری رواڵەت و هەم لە بواری نێوەرۆکیشدا، ئاڵوگۆڕی بەسەر هات.

**بەرەی یەکەم، دەیەی ١٣٤٠ی هەتاوی:**

لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە چوارچێوەی ژانری شێعر و لە شێوازی نوێدا ئەگەر بمانەوێ بە شێواز و مێتۆدێکی مێژوویی ـ گێڕانەوەیی جەخت لەسەر سەرەتاکانی نوێبوونەوەی دەقی شێعری کوردی بکەین، بێگومان هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکین کە سوارەی ئیلخانی زادە وەك شاعێرێکی رۆشنبیر، کونجکۆڵ و خوێنەوار یەکەم کەس بووە کە ئەم رچەیەی شکاندووە و هاوڕی لەگەڵ هاوەڵەکانی وەك "عەلی حەسەنیانی (هاوار)، فاتیح شیخولئیسلامی (چاوە)، موسلیح شێخولئیسلامی (رێبوار) و قاسم موئەیەدزادە (هەڵۆ) توانیویەتەکان و گوڕێك لەم پێناوەدا هەڵبێنێتەوە،

تایبەتمەندییەکانی ئەم حەرەکەتەی سوارە ئەوە بوون کە ئەو بەپێی هەلومەرجی ژیان و خوێندن لە تاران و ئاگایی و شارەزایی لە ئەزموونی شێعری فارسی و بەتایبەتی "نیما یووشیج" هەنگاوێك هەڵبگرێتەوە.
بەڵام سوارە لەم نوێبوونەوەیەدا نەیهێشتووە ئەو کاریگەرییەی شێعری نیما زەق و بەچاو بێت و لەلایەکی دیکەشەوە ئەزموونی شێعری گۆرانی لەبەردەستدا بووە و هاوکات بۆخۆشی خاوەن فکر و تێڕوانینی نوێ بووە بۆ ئەدەب و شێعر و داهێنان کە شێعرەکانی کۆمەڵە شێعری خەوە بەردینە و چەند رەهەندی بوونیان دەربڕی ئەم راستیەن.
پاش مەرگی کاك سوارە رەوتی شێعری نوێی کورد بەردەوام دەبێ، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنە ئارای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی هاوتەمەن و هاوەڵەکانی سوارە بەهۆی تێکەڵاو بوونیان بە فەزای سیاسیی ئەوکاتی کوردستان و چوونە ناو شۆڕشی ئەو بەشەی نیشتمان لە ئاراستەی راستەقینەی ئەو رەوتە شێعرییە لادەدەن و جەوهەری راستیی شێعر و هونەر دەخەنە ژێر رکێفی سیاسییەوە، لەم قۆناغە دایە کە جۆرێکی تر و تێڕوانین و فۆرمێکی دیکە لە شێعری نوێی کوردستانی رۆژهەڵات کە درێژەدەری رەوتی سوارەیە دێتە ئاراوە کە رەگێکی لەناو بیری ناسیۆنالیستیی گرێدراو بە شۆڕش و ئەدەبی شاخ و ئەو رەگەکەی دیکەشی گرێدراوە بە ئەدەبی شار لە کوردستانی ئێران کە سەرەتای فۆرم گرتنی بووە.
کەسانێکی وەك "شەریف حوسێن پەناهی، جەلال مەلەکشا، عومەر سوڵتانی (وەفا) قاسم موئەیدزادە (هەڵۆ) لەناو شار و هەروەها کەسانێکی "ئەحمەد بازگر، حوسێن شەبەق، ناسر حیسامی، حەمزە پیرۆتی (مامۆستا بێبەش)، ئازاد لوتفیانی (ئازا)، ئەحمەد قادری لە شاخ نوێنەرایەتیی ئەم قۆناغەی شێعری رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.

**بەرەی دووەم، سەرەتای دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی:**

پاش چەند ساڵ دوای ئەو دوو شەبەنگە کەسانێکی وەك "ساڵح سووزەنی، فەریدوون ئەرشەدی مارف ئاغایی، ژیلا حوسێنی، سیمین چایچی، رەحیم لوقمانی و ك.دئازاد" و چەندین کەسی دیکە بە دەربڕین و روانگەی جیاوازترەوە دێنەوە مەیدان و لەو ساڵانە ئیدی شێعرێك لەدایك دەبێت کە هەڵگری فۆرم و تێڕوانینی نوێ و جیهانبینیی تازەیە و هەرکام لەو شاعیرانە دەنگ و رەنگی تایبەت و جیاواز لەوی دیکەیان هەیە و لەناو ئەم دوو شەبەنگەدا دەنگێك خۆی دەنوێنێ کەلە هەموان جیاوازترە، هەرچەند بە تۆخی نوێنەرایەتیی ئەدەبی بەرگری لە چوارچێوەی شێعری





نوێدا دەکات، هاوکات زمان دەربڕین و ناوەرۆکێکی قووڵی هەیە، ئەویش شاعیری بوێر و بە هەڵوێست جەلال مەلەکشایە، شێعری جەلال لەلایەك شێعرێکی تووڕە و یاخی و هاوکات شیعری قۆناغی گۆڕانە، گۆڕان بەرەو گرینگی پێدان بە فۆرم و پێکهاتە لای شاعیرانێکی وەك مارف ئاغایی، فەرەیدوون ئەرشەدی و دواتر، بێهزاد کوردستانی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، جەلیل ئازادیخواز جەلیل عەباسی، رەئووف مەحموودپوور، کامبیز کەریمی، یوونس رەزایی، محەممەد ئەحمەدی ساماڵ، عەزیز ناسری، و چەندین کەسی دیکە توانییان شەپۆلێکی دیکەیە لە رەوتی نوێخوازیی شێعر لە کوردستانی ئێران بنیات بنێن.
لەم قۆناغەدا ئەگەرچی تا رادەیەك زەمینە و بەستەری یاخی بوون و لادان لە "نۆرم "و قاڵبە سەلەفیەکانی شیعری نوێ ( وەك: کێشی برگەیی، جیهانبینی شیعری بەرگری (مقاومت)، نۆستالۆژی رۆمانسیەت و ....) کە هێشتا وەك پەتایەك بەرۆکی شیعری بەرنەدابوو، فەراهەم کرا و هەرکام لەو شاعیرانە بە رواڵەت هەوڵیان داوە لە پەنجەرەی خۆیانەوە سەیری جیهان و دەوروبەر بکەن و تێدەکۆشان شێواز و جیهانبینی و رێبازی تایبەتیی خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام لە هەندێ بواردا نەبێت کە چەند کەس توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن و چەندین شیعری نەمر بخوڵقێنن، ئیدی زۆربەی هەوڵەکان یان لە چوارچێوەی لاسایی کردنەوە لە یەکتردا مانەوە، بە شێوەیەك ئەگەر شیعری چەند کەسێکیان لە پاڵ یەکترەوە دانرابا، هەست دەکرا لەلایەن یەك شاعیرەوە نووسراون. یان گیرۆدەی سێبەری شاعیرە لووتکەکانی فارس وەك: شاملوو، فەرۆخ زاد، سێپهری و... بوون یان ئاوێتەی شیعری بەرگری (مقاومت) بوون. ئەو شیعرەی کە لە کوردستانی باشوور، لە لایەن شێرکۆ بێکەس، رەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو و ..... شۆڕەتێکی نێونەتەیی بۆ خۆی فەراهەم کردبوو! !.بەتایبەت کاریگەریی خەستی رۆحی رۆمانسییانەی شێرکۆ بەسەر شیعری هەندێك لەو شاعیرانەدا بە ئاشکرایی دەبینرێت. ئەڵبەت نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین هەندێك لەو شاعیرانە، توانییان ئەزموون و تەکنیك و جیهانبینیی شاعیرانی دیکە، دەروونی بکەنەوە و زمان و فۆرمی تایبەتی شیعری بۆ خۆیان درووست بکەن.
بۆ نموونە خاتوو ژیلا حوسێنی، بە کەڵك وەرگرتن لە "جسارت" و تابۆ شکێنی فرووغی فەرۆخزاد و سەمیمیەت و سادەیی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و پشووی درێژیی خەیاڵی شێرکۆ بێکەس، جیهانێکی شیعریی ژنانەی وا خوڵقاندووە کە مۆرك و ناسنامەی تایبەتیی خۆی پێوە دیارە.
لێرەدا من باسی هەلومەرجەکان، بەستێنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی هەرکام لە قۆناغەکان ناکەم و بەخێرایی

بەلایانـدا تێدەپـەڕم و زیـاتر مەبەسـتم خـستنە ڕووی گۆشـە نیگایەکـە لـەناو و دەنگەکان و سەرەتای قۆناغە شێعرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

چەند دەنگێک لـەو شاعێرانەی کە باسم کرد و سـەر بـە بـەرەی شـێعری شـارن لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بـەپێی جـۆری تێـڕوانین و تایبەتمەنـدیی شـێعرییان توانیویانـە هاوکـات هـەم لەگـەڵ ڕەوتـی شاعیر انی دەیەی ٥٠ی هەتاوی و شۆڕشـی گـەلانی ئێـران و هـەم شاعیرانی دەیـەی ١٣٦٠ی هەتاویدا خۆیان بگونجێنن و هـەم لـەناو بـەرە و نـەوێ نوێـشدا حزوورێکـی چالاکییان هەبێت، کە دەتوانین ئاماژە بـە جـەلال مەلەکـشا، سـاڵح سـووزەنی و فەریدوون ئەرشەدی بکەین.

لـە قۆناغـە شـێعری و ئەدەبییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا ئـەوەی جێگـای سـەرنجە و دەبـێ هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێت، ئەوەیـە کـە لـەناو ئـەو بەرانـەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوان و گـەنجان تێدا خۆیان دەبیننەوە و ئەزموونیان هەیە و لە هـەر شـار و ناوچـەیەک چـەندین لاوی بەهرەمەنـدی شـاعیر سـەریان هەڵـداوە و تێکەڵ بەو جۆرە لە نووسینی شێعر بوون، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی سیاسـی و فەرهـەنگی و نـەبوونی دەرەتـانی ڕۆژنامەگـەری و ڕاگەیانـدن نـەیانتوانیوە خۆیـان دەربخـەن و بەرهەمـەکانیان بـڵاو نەبوونەتـەوە بۆیـە کـەمتر بـە کۆمەڵگـەی ئـەدەبیی ناسـراون و خوێندنـەوە و بـۆ بەرهەمەکانیان نەکراوە.

یـان لـە ڕەوت و قۆناغـە شـێعرییەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا وەك زۆر شـوێنی دیکە شەپۆلە شێعرییەکان لە پاوانی کەسدا قـۆرخ نـەکراون و ڕەوتـەکان بـەربڵاو و فـەردەنگین، شـەپۆلە شـێعرییەکانی ڕۆژهـەڵات بـەربڵاو بـوون و بـە بـەرینایی سنووری جۆغرافیای کوردستانی ڕۆژهـەڵات دەنگ و شێعری جیاوازت بـەرگوێ دەکـەوێ و دەقـە شـێعرییەکانیش فـرە ڕەهەنـدییان پێوە دیارە، هەرچەند دەتـوانین بەشـێك لە هۆکارەکـانی بگەڕێنینـەوە بـۆ کاریگـەریی ئەدەبیاتی فارسی و بەشێکیکشی پێوەندیی بە کاریگـەریی ئـەدەبیاتی بیانییـەوە هەیـە کەلـە ڕێگـای وەرگێڕانـی دەق و تیـۆریی ئەدەبییەوە شوێنی خۆی داناوە.

## بەرەی سێیەم، ناوەڕاستی دەیەی ٧٠ی هەتاوی:

هـەر قۆنـاغ و دەورەیـەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی لە هـەر کۆمەڵگایـەك ئـەدەب و هونەری جیاواز بەرهەم دێنێ، یـان دەبێتـە هۆی ڕەخساندنی دۆخێك بۆ سـەرهەڵدانی تێڕوانینێکی جیاواز بۆ ئەدەبیات.

ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی، واتە یەك ساڵ دوای دروست بـوونی باڵێك بـەناو ڕیفۆرمخواز لـە پێکهاتـەی سیاسـیی ئێرانـدا، جۆرێـك لـە کرانەوەی سیاسی و بەتایبـەت فەرهـەنگی و ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لـەو سـاڵانەدا جموجۆڵـــە ئـــەدەبی و





فەرهەنگییەکان لەناو ئەنجومەن و ڕێکخراو و دامەزراوەکان ڕوویـان لـە زیـادبوون کردبـوو، بـەرە و نەوەیـەکی نـوێ هاتبوونـە مەیـدان، تێـڕوانین و خوێندنـەوەکان بـۆ ئـەدەبیات و بەتایبەت شێعر، هەسـتی و مرۆڤ گۆڕابـوون.

جیـاوازیی ئـەم قۆناغـە لەگـەڵ قۆناغـەکانی دیکـە لـەوەدا بـوو کـە زۆرینـەی ئـەدیب و نووسـەران و بەتایبـەت شـاعیران پێچەوانەی نـەوەی پێـشوو، کەسـانی خوێنـدەوار، خوێنـدکار و خـاوەن پلـەی زانـستگایی و ئـەکادیمی بـوون و بـە شـێوەی زانـستی ئـەدەبیاتیان خوێنـدبوو کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیدا خاڵێکی بەرچاو و بەرجەسـتە بـوو بـۆ سـەرەتای وەرچـەرخانێکی جیـددی لـە شـێعری هاوچـەرخی کـوردی لـە ڕۆهـەڵاتی کوردستان.

ساڵی ١٣٧٧ بۆ یەکەم جار لەناو کۆمەڵەگەی ئـەدەبیی کوردسـتانی ئێـران و بەتایبـەت لـە بواری شێعردا کۆدەنگییەك دروست دەبێت و کۆمەڵێك شاعێری نوێخواز کە هێنـدێکیان لـە شـاعیران و دەنگـەکانی دەیـەی ٥٠ و ٦٠ی هـەتاوی و هێنـدێکی دیکەشـیان لـە نـەوەی نـوێن، لەسـەر خوێندنـەوە و پاشـخانی قۆناغـەکانی پـێش خۆیـان و بەتایبـەت بـە جەخت کردنەوە لەسەر بنەمای دەق، هـەوڵی نوێبوونەوە دەدەن و سەرەنجام "بەیاننامەی شـێعریی داکـار" لـە شـاری مـەریوان بـڵاو دەکەنـەوە و لـە حەفتەنامـەکانی ئـەوکاتی وەکـوو "سـیروان، ئاویـەر، تیـشك، گۆڤـاری سـروە و زرێبـار" و ئەنجومەنـە ئـەدەبی و

ناوەنـدە فەرهەنگییـەکانی زۆرێـك لـە شـارەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان کەوتـە بـەرباس و بـوو بـە سـەرەتای ڕەوت و وەرچـەرخانێکی بنـەمایی لـە شـێعری کوردی.

ــ بەیاننامەکـە بـریتیبـوو لـە دوو بەشـی سـەرەکی ــ یەکـەمیان بـەناوی بنـەما سەرەکییەکانی "داکار" لە هەشت بەنـدا هاتبوو کە جەختی لەسەر پشتیوانی کردن لەو جووڵانەوە ئەدەبی و هونەرییانە بوو کە بۆ گەیشتن بە دنیایەکی نوێ لەباری فـۆرم و ناوەڕۆکـەوە دەبنـە خـاوەن ئـەزموون و ڕوانینێکــی فەلــسەفی و هونــەریی هەنووکەییان هەیە و لە دەروونی ئینسانی هاوچـەرخ دەکۆڵنـەوە و ئەیانهـەوێ لـە ئەدەبی بەرگرییەوە بپەڕنەوە بـۆ ئـەدەبی سەربەخۆی هەڵمەتبەر و زێدەتر گـوێ بـۆ ناخودئاگای کەسایەتی شل دەکەن و پشت بە هزری داهێنـان دەبەسـتن. ئەوانـەی کـە بـە چـاوێکی ڕەخنەگرانـەوە ئەڕواننـە ماهییەتی ئێستای گەلەکـەیان و پێوەنـدی سـاکاری شـتەکان هەڵدەوەشـێننەوە و پێوەنـدی نوێتریـان بـۆ بـەرپا دەکـەن و...بەشی دووەمی بەیاننامەکەش تایبـەت بوو بە شیعر لە ڕوانگەی داکارەوە... کـە لە دەبرگەدا جەختی دەکردە سەر:

١ ــ پرسـیاری ڕەخنەگرانـە لـە ئێـستا و ڕابردوو و داهاتووش

٢ ـ تێپەڕین لە واقیعی شتەکان بۆ گەیشتن بە هەزاران جیلوەی نادیار

٣ ــ دۆزینەوەیەکیتر لەوپەڕی نیشانە و ڕەمزەکان لە زمانی دەربڕیندا

٤ ـ پێکهێنانی زمانێکی جیاواز لە زمانی ڕۆژانە و زمانی سواوی ئەدەبی سەدەم

٥ ــ کرانەوەی نوێترین دەلاقەی ڕوانین بەرەو دیمەنی ئەندیشەی مرۆڤ

٦ ـ گریانی پرسەدارانە لە کاتی شادیدا و بە پێچەوانەوە

٧ ــ ململانێیەکی دژوار لەگەڵ ژیان و جیهان

٨ ــ دەرچوون لە کێشی برگەیی بۆ گەیشتن بە مۆسیقای دەروونیی ڕستە

٩ ــ شیعری بزووتن و جووڵانەوە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکیتر لە وێنەکەوە بۆوێنەیەکیتر تا گەیشتن بە فۆرمیکی تەواو

١٠ــ داکار مەکتیبێکی تایبەت بە یەک دەورە نیە و ڕەوتێکە لە هەموو سەردەمێکدا ئامادەیە

لەناو ئەم بەرەیەدا کە جیاواز لە یەکتر دەنووسن دابڕانێک لەگەڵ بەرەی پێش خۆیان دروست دەبێت، فۆرم و ناوەرۆک گۆڕانییان بەسەردا دێت، تێڕوانین، وێنە، هێما و ئیماژەکان جۆرێکی دیکەن و بە چەشنێك سیمبۆل و توخە نەتەوەیی و مێژووییەکان لەناو ئەم دەقانەدا کەمڕەنگ دەبنەوە و گریێ و خەون و تێڕوانینە تاکەکەسییەکان بۆ جیهان و دەرووبەر جێگای خەمە گشتییەکان دەگرنەوە و شێعر شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی خودی شاعیر و بە جۆرێکی تر باس لە هەستی و بوون و دەوروبەر دەکات کە خوێنەری ئاسایی بەهۆی جۆری دەربڕین و هاوکات یارییە زمانییەکانەوە دێر و بە ئەستەم ئۆگری دەبێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جۆرێك لە نامۆیی و ناتێگەیشتوویی لە نێوان دەقی شێعری و خوێنەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە بەیاننامەی شێعری داکاردا باس لە جۆرێك لە شێعری "حجم" دەکرێت و پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێت کە شێعر جووڵە و بزووتنە لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر هەتا سەرەنجام بگاتە جوانیناسی و فۆرمێکی جیاواز.

ئەگەر بمانەوێ هەندێ زیاتر لەسەر شێعری بەرەی سێیەم ڕابوەستین دەتوانین بێژین، شێعری نوێی ڕۆژهەڵات، شێعرێکی فرە دەنگ، فرە ڕەهەند، بەربڵاو لەباری فۆرم و ناوەڕۆك و خاوەنی توخمگەلێکی وەك گرنگی دان بە دڵەڕاوکێ و خەون و خولیا و ئازارەکانی تاك و باوەڕهێنان بە هەقیقەتی پارچەکراو و دوورەپەرێزی لە جیهانی ئارمانگەرایی (موتڵەق) و جیهانی پاوانکراوی ئایدۆلۆژیای تاك ڕەهەند، گرنگیدان بە عەشقی زەمینی و دیاریکردنی ڕەگەزی خۆشەویستیی "ژن و پیاو" و هەروەها شکاندنی نۆرم و قاعیدە ڕێزمانی و دەستوورییەکانی زمانی کوردی لەلایەن هەندێ شاعیر و لە ئەنجامدا شێعرێکی پلۆراڵە. هەر بۆیە فەزا و تەکنیك و زمانی





شێعری و جیهانبینیی هەر یەك لە شاعیرانی ئەم نەوەیە، مۆرکی تایبەتیی خاوەن شێعرەکەی پێوە دیارە.

لە چوارچێوەی شێعری نوێ و بەیاننامەی شێعری داکاردا شاعیرانێکی وەك "فەریدوون ئەرشەدی، ساڵح سووزەنی، عەلی دەسماڵی، ئازاد ڕۆستەمی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، ئەیاز خوونسیاوەشان، ڕەزا عەلیپوور" و دواتر ساڵ بە ساڵ ئەم کەسانە هاتوونەتە مەیدانەوە و لەناو ڕەوتە شێعرییەکەدا حزووریان هەبووە و ئێستاش بەردەوامن "ڕەئووف مەحموودپوور، جەلیل عەباسی، ئیرج عیبادی، یوونس ڕەزایی، کەماڵ ئەمینی، ناهید عەرجوونی، جەماڵ مەلایی، ڕامان سۆفی سوڵتانی، جەمیل مەفاخری، بێهزاد ڕەحیمی سەنەندەج، عەلی قاسمی، محەممەد ئەحمەدی (ساماڵ)، عەزیز ناسری، بەیان عەلیرەمایی، فاتمە فەرهادی، بەیان عەزیزی، لەیلا ساڵحی، فەوزیە سولتان بەیگی، ناهید حوسێنی، فەرانەك ئەحمەدی، لەیلا کەریمی، گوڵاڵە دروودیان، ناهید ئەشرەفی، سوغرا کەریمی، نەسرین باباخانی، شیلا گیلانی، فاتمە حوسێن پەناهی، هەڵاڵە سوهرابی، دیمەن سوهرابی، محەممەد موەفەقی، جەمیل مورادی، پەرویز زەبیح غولامی، سمایل عەزەمی، قاسم تاباك، هەرمان وەتمانی، زانکۆ خەلیفە، کاوان نەهایی، عەلی حوسێنی، هەژان بابامیری، ئەنوەر عەرەب، ئەرسەلان چەلەبی، کەریم حیکمەتی، موراد ئەعزەمی، قادر فەرامەزری، شوعەیب میرزایی، شەریف مورادی، قادر عەلی خا، هەوار خزرزادە، عوبەید سورخابی، قەرەنی ئەحمەدئاقایی" و دەیان لاوی بەهرەمەندی دیکە بە شێوەزار و دیالکتی سۆرانی لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو شەپۆلی شێعری نوێدا بە ڕوانگەی جیاوازەوە سەرقاڵی نووسین و داهێنانن.

زۆر لە شاعیران و ڕەخنەگرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایان وایە لە چوارچێوەی بەیاننامەی شێعری داکاردا چەند شەپۆل و ڕەهەندی شێعریی جیاواز لە ڕۆژهەڵات سەریان هەڵداوە کە هەرکام لەو لاوانە بەپێی تایبەتمەندییە زمانی و خەیاڵییەکانیان نوێنەرایەتیی دەکەن، هەرچەند لەمەڕ سەرهەڵدانی و لەدایك بوونی ئەو ڕەوت و شەپۆلانە لە ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان و لەلای ڕەخنەگران بیروڕای جیاواز و ناکۆکی ودژبە یەك لە گۆڕێ دایە، بەڵام هەتا ئێستا بەهۆی نەبوونی دەرەتان و دەرفەتی ڕۆژنامەگەری و گۆڤاری ئەدەبی و بەتایبەتی نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبیی زیندوو کە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە و خەسارناسانە بۆ شێعری هاوچەرخی لاوانی ڕۆژهەڵات بکات، پرسیارەکان هەر وا بێ وەڵامن و زۆر دەقە شێعر کەلە دایك بوون هێشتا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە و ئەمەش خەسارێکی گەورەیە بە پەیکەری شێعری بەرەی نوێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەندێ لە رەخنەگرانی شێعری نەوەی نوێی رۆژهەڵات لەو باوەڕە دان کە هێشتا پاش بەرەی سێیەم، رەوت و شەپۆلێکی تازە کە هەندێك بەناوی بەرەی چوارەم باسی لێوە دەکەن لەدایك نەبووە و ئەو سەرهەڵدانە لەباری زمانییەوە مومکین نیە، چونکە شەپۆلی سێیەم هێشتا لە حاڵی ئەزموون و تاقیکردنەوە دایە و زۆری ماوە بگاتە مەنزڵگە و پێگە و مۆرکی تایبەتیی خۆی. روانگەیەکی دیکەش پێی وایە ئەگەریش ئەزموونێکی تازە (جیالە ئەزموونی بەرەی سێیەم) لە حاڵی لەدایك بووندا بێت، ئەوە پێویستیی بە کات و کۆمەڵێك فاکتی دیکە هەیە هەتا وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی لەبارەوە بکەین، چوونکە ئەوەی هەتا ئێستا کۆپی و لاسایی کردنەوەیەکی کرچ و کاڵی شێعری فارسەکان و هەروەها دووپاتکردنەوە و جوینەوەی وێنە، فۆرم و ناوەرۆکی بەرەی سێیەمی شێعری نوێی کوردییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەم رەخنە و کەموکۆڕییانەش کەلە گۆڕێ دان ناکرێ نکوولێ و حاشا لە بوونی وزە و توانایەکی زۆر بۆ نوێبوونەوە و راچەنینێکی تر لە بەستێنی شێعری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەین کە لاوان و بەهرەمەند و خوێندەوارانی ئەمڕۆ نوێنەرایەتیی دەکەن کە دەتوانین ئەو شەپۆل و رەوتە شێعرییانەی کەلە ١٢ ساڵی رابردوودا پاش بەیاننامەی "شێعریی داکار" لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بوون و قسە و باسیان لەسەر دەکرێ، بەم چەشنە دەست نیشان بکەین و بە کورتی لە چەند خاڵدا توخم و تایبەتمەندییەکانیان بخەینە روو:

بەرەی سێیەم، شێعری پێوەر ـ جیاواز، چرکانە شێعر، بەرەی چوارەم، شێعری شێت و نوێترخوازان

توێژینەوەو باس کردن لە سەر شێواز، زمان، تکنیك و جیهانبینیی هەر یەك لەو شاعیرانە زەرووری و پێویستە. دەخوازێ وردتر و رێکوپێکتر و هاوکات لەگەڵ مێتۆدی زانستی و بە شێوەیەکی بابەتیانە، شیعرەکانیان راڤە و شرۆڤە بکرێت، بەڵام لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندیی شیعری ئەم قۆناغە (سێیەم) دەکەین.

ـ لەباری نێوەرۆك و جیهانبینییەوە:

هەروەك لە دەقەکانیشدا دەردەکەوێ ئەگەرچی شاعیرانی ئەم نەسڵە نەیانتوانیوە لە جیهانبینی و خەسڵەتەکانی شیعری بەرگری (مقاومت) بە تەواوەتی خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاوازیی بنەڕەتی دەبینین کە بریتین لە:

لادان لە هەقیقەتی تەك رەهەندی و روانگەی بەرتەسکی پاوانخوازی و بڕواهێنان بە هەقیقەتی چەند رەهەندی (چند بعدی)، لادان لە ئەڤینی ئۆستوورەیی و ئاسمانی و گرینگی دان بە ئەڤینی زەمینی و لەش و لاری واقعی ژن و پیاو. گرنگیدان بە ناسنامەی تاك لە چاخی مۆدێڕندا وەك خولقێنەر و سەنتەری رووداو، لادان لە روانگەی بەرتەسکی حیزبایەتی و گرینگی دان بە گەشەسەندن و رۆحی نەتەوەیی. شکاندنی پێکهاتە و بەژنی زمان و گرنگیدان بە باری هونەریی زمان، گواستنەوەی ئەزموونی ژیانی شار بۆ تێکست و هونراوەی ئەدەبی.

ـ لە بواری رواڵەت و ساختارەوە:

(فرم)، چەند شێواز یان سەبکی شیعری لە حاڵی لە دایك بوونە کە دەکرێ هەندێك خەسڵەت و پارامتری شیعری زمان، وتار (گفتار)، تلەپیۆم (شیعری شانۆیی)، چرکانە و... بەدی بکەین. لێرەدا زۆر بە کورتی چەند نموونە دەهێنمەوە :

ـ شیعری گوتار (گفتار):

هەندێك لە شاعیرانی ئەم قۆناغە بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو زەرفیەت و تواناکانی زمانی رۆژانە و بە نزیك بوونەوە بە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی و ئاخاوتن لەگەڵ بەردەنگیکی هەمیشەییدا، رۆحێکی عاتیفی و شاعیرانەی وایان کردۆتە بەر زمانی ئەدەبی کە زۆر نزیکە بە زمانی رۆژانەوە. لەو پێوەندییەشدا ئەتوانین ئاماژە بە دیوانی مەداری زۆقمی ئیبراهیم ئەحمەدی نیاو دیوانی "هەر هیچ تەنیا"ی محەممەد ئەحمەدی (ساماڵ) بکەین .

ـ شیعری زمان :

هەندێك لە شاعیرانی بەرەی سێیەم بەو پێناسەیەی کە: زمان ئەو گەوهەرەیە کە توانایی بە شاعیر دەدات ئەزموونەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ خوێنەر. بە واتایەکی تر زمان سیستم یان کۆمەڵێك نیشانەیە بەو مانایەی کە (دال)ەکان دەمرن و (مدلوول)ەکان بە نیسبەتی وەزعیەتی جوگرافی، فەلسەفی، مێژووی، کۆمەڵایەتی و رۆحی و ڕەوانیی خوێنەرەوە دیمانە دەکرێت. هەر بەو پێیەش خوێنەر لە دووبارە نوسینەوەی دەقدا بەشدار دەبێت و دەقیش بە نیسبەتی خوێنەرەوە هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە. لەو بوارەشدا ئەتوانین ئاماژە بە ئەزموونەکانی ساڵحی سووزەنی و چەند کەسی دیکە بکەین.

ـ شیعری تلەپیۆم (شیعری شانۆیی):

کۆمەڵێکی دیکە لە شاعیرانی ئەم قۆناغەیەش بە کەڵك وەرگرتن لە فەزا سازی و بزووتنی رۆحی شانۆیی و هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە "کێشمکێش "و جەوهەری دیالۆگ لە شانۆدا و گواستنەوەی ئەو جیهانە تایبەتە بۆ جۆگرافیا و مەڵبەندی شیعر، بە چەشنێك کە شیعر زۆربەی تایبەتمەندییەکانی خۆی وەك خەیاڵ، زمان، موسیقا، عاتیفە و.... پاراستبێت، خەریکی ئەزموونی شێوازێکی دیکەی شیعرین. لەو زەمینەیەش دا ئەتوانین ئاماژە بە کتێبی "ئاخرین چرکەکانی ژیانی چۆلەکەیەك" لە کامبیز کەریمی بکەین .

ـ شیعری چرکانە:

تاقمێکی دیکە لە شاعیرانی شەپۆلی سێیەم بە کەڵك وەرگرتن لە فەلسەفەی ڕۆحی دوالیستیی ژیان و بە گرنگیدان بە خەیاڵ و وێنەی گوشراوی شیعری و هەروەها هەوڵدان بۆ دەرچوون لە کێشی بڕگەیی و گەیشتن بە مۆسیقای وشە، خەریکی ئەزموونی شێوازێکی نوێی شیعرین بەناوی چرکانە. لەو پێوەندییەشدا ئەتوانین ئاماژە بە بێهزاد کوردستانی و ئەیاز خوون سیاوەشان بکەین.

هەر ڕەخنەگر، توێژەر و باسکارێکی ئەدەبی کە بیهەوێ لەسەر شێعری نوێی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توێژینەوە بکات، دەبێ بەدوای وەڵامی ئەم چەند پرسیارەدا بگەڕێ:

١) ئاخۆ شێعری نوێی کوردستانی ئێران تەنیا ئەو شێعرانەن کە زۆربەی زۆری توخمە زماییەکانیان لەناو زاراوەی سۆرانیدا پێناسە کراوە؟ یان خود باڵێین ئاخۆ شێعری زاراوەکانی "کەڵوڕی و هەورامی و کورمانجی "یش ئەکەونە خانەی شێعری کوردییەوە؟

٢) ئاخۆ ئێمە لە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی خاوەنی ئەرشیڤێکی ڕێکوپێك لە ڕەوتی شێعری نوێی کوردین؟ بە واتایەکیتر ئاخۆ سەرجەم ئەو شاعیرانە کە هەر لە سەرەتای ئەم پرۆسەیەدا نزم یان بەرز ــ ڕۆڵیان هەبووە و پێویستە لەسەریان بدوێین، دەقەکانیان لە قەوارەی کتێبدا چاپ بووە؟

دیارە زمانی کوردی، زمانێکی فرەزاراوەیە، کە هەرکام لەوانە هەڵگری کۆمەڵێ توانایی، خەسڵەت و پوتانسیەلی ئامادەن بۆ دهێنان، کە بێگومان توانست و زەرفییەتەکانیان لە زۆر ڕووەوە جیاوازن و ئەتوانن هەڵگری ئەزموون و تایبەتمەندیی جیاوازی شێعری بن.

ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانبەشانی زاراوەی سۆرانی، زاراوەکانی هەورامی، کەلهوڕی، لەکی فەیلی و .. بەتایبەتی لە بواری شێعری نوێدا بە شێوەیەکی بەرچاو بووژانەوەیەکیان بە خۆیانەوە بینیوە و بەتایبەت لەناو زاراوەکانی کەلهوڕی، فەیلی و ئیلامی لە کرماشان و ئیلام گەلێك شاکاری پێ خولقێنراوە.

لە بەستێنی ئەدەبی هاوچەرخ کوردی و بەتایبەتی ژانری شێعری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەك دەزانین و لە زۆر شوێن و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانیی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە قوتابخانەی شێعریی موکریان (شێعری کلاسیك) خاوەن تایبەتمەندیی شوێن، جوگرافیا و توخم و پێکهاتەی زمانی و فۆرمی تایبەت بە خۆیە و تێیدا گەلێك شاعیر لەدایك بوون و توانیویانە بنەمای قوتابخانەیەکی بەرین و چەند ڕەهەندی شێعری بنیات بنێن. ئێستاش و لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا شێعری کلاسیك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





هەر بەردەوام بووە و شانبەشانی شێعری نوێ توانیویە خۆی نوێ بکاتەوە و بە زمان، دەربڕین، خەیاڵ، فۆرم و داڕشتنی تازە و جیهانبینییەکی دیکەوە بوونی خۆی بسەلمێنێ کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شاعیرانی لاوی کلاسیك و غەزەلنووس لە ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە درێژەدەری شاعیرانی نەوەی پێش خۆیەتی و لەسەر بنەما و پاشخانی ڕابردوودا خەریکی داهێنانن کەسانێکی وەك: "محەممەد ئینسافجوویی (ئەهوەن) سەعید نەجاڕی (ئاسۆ)، جەلال مەلەکشا، شەریف حوسێن پەناهی، ڕەحیم لوقمانی، ڕەسووڵ کەریمی (سووتاو)، سەعدوڵڵا مەجیدی، ئەحمەد مەولانی، عەلی سەلیمی بابامیری (پەشێو) نادر نیروومەند (بۆران)، ئەمین گەردیگلانی، سۆران حوسێنی و هەروەها لەناو نەوەێ نوێشدا کەسانێکی وەك "ڕەسووڵ سوڵتانی، هادی حەبیبی، جەلال نەجاڕی، لوقمان پیربادینی" و چەندین ناو و دەنگی نوێتر لەم مەیدانەدا دەنووسن و هەڵگری پەیام و ڕوانگەی نوێن لە بواری شێعری کلاسیك و بەتایبەت غەزەلدا.

**شیعری هەورامی:**

زاراوەی هەورامی کە بە یەکێك لە زاراوە کۆن و ڕەسەن و لەمێژینەکانی زمانی کوردی دێتە ئەژمار، لە شێعری کلاسیك خاوەن پاشخان و شێعرێکی ئێجگار دەوڵەمەند و پڕ واتایە. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بڕەی سێیەمی شێعری نوێی کوردی بە زاراوەی سۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەڤەری هەورامان واتە شارەکانی "مەریوان، سەولاوا، پاوە، نەوسوود و نۆدشە و دەورووبەریان" شەپۆل و ئاخێزگەیەك لە زاراوەی هەورامیدا و لە شێوازی شێعری نوێدا لەدایك بوو و ئاخێوەرانی ئەو زاراوەیە ئیدی لەگەڵ نۆرم و دەستەواژە، وێنە و فۆرمی و تەکنیکی نوێ لە جوگرافیای شێعری هەوراماندا ئاشنا بوون و باس و لێدوان لەسەری لە ناوەندە ئەدەبییەکان هاتە گۆڕێ. ئەم قۆناخە لە ڕاستیدا کە بە قۆناغی سەرەتا و دەسپێکی شێعری نوێی هەورامی دێتە ئەژمار، هەرچەند کرچ و کاڵ و کۆرپەیە، بەڵام چەند دەنگێکی جیدی و خاوەن ئەزموون بوونەتە کۆڵەکەی و هەتا ئێستا هێناویانە و توانیویانە بە چاپی چەند کۆمەڵە شێعرێك بوون و سەرهەڵدانی بەسەلمێنن کە دەتوانین ئاماژە بە شاعیرانێکی وەك:

«جەلیل عەباسی(قەقنەس)، کولسووم عوسمانپوور، ڕەوف مەحموودپوور، پەرویز بابایی، محەمەد ڕەشید ئەمینی، داوود غەفاری، محەمەد شەریف عەلیڕەمایی ، یووسف ڕسوڵ ئابادی، هادی سپەنجی، مەنسور ڕەحمانی، موختار هیدایەتی، موختار شوکری پوور، جەهانگیر مەحموود وەیسی، ئەحسەن ڕەشیدی، مودریك کەریمی ، محەممەد ئاشنا عەباس مەنش، شایان ڕەبیعی، فەرید عەباسی، سابیر

سەعیدی، عەبدوڵڵا حەبیبی، کورش ئەمینی، "ئەمین حاجی زەڵمی، ئیبراهیم حاجی زەڵمی، شنۆ رەحیمی، سابیر عەزیزی ، بێهروز محەمەدپوور، بورهان ئەختەر و...»

لەم نووسراوەدا ناوی کەسانێك هاتووە کە یان خاوەن دەفتەرە شێعری پەخش کراوەن و یان دەقە شێعریان لە گۆڤارە ئەدەبییەکانە چاپکراوە، یان لە باسە ئەدەبییەکاندا خوێندراونەتەوە. رەنگە ناو کەسانێك بن شێعریان چاپ و پەخش نەکرابێتەوە و یان نەخوێنرابێتەوە.

## شێعری کەلهوڕی فەیلی و لەکی لە کرماشان و ئیلام:

لە بواری شێعری کوردیی کەلهوڕی و لەکیدا لەناو نەوەی نوێی شاعیرانی کرماشان دەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بکەین کە ئەمڕۆ لە مەیدان و کۆمەڵگەی ئەدەبیی کرماشاندا حزووریان هەیە و دەنووسن کە بریتین لە: "فەرشید یووسفی، کەرەمڕەزا کەرەمی، محەمەد شەکەری، ئەحمەد عەزیزی، ئەحمەد جەلالی گۆران، سولێمان داوەند، ئەمانوڵڵا خان رەشیدی، وەلی رەزایی، عەلی ئەسغەر زەعفەرانی، کەیوومەرس عەباسی قەسری، عەبدوڵڵا مورادی (دلڕیش مایەشتی)، میرزا یووسف تاڵاندیشی دەبینرێن کەلە نووسەران و چالاکانی ئەدەبیی دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ی هەتاوین و چالاکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەرەو ئەملا بریتین لە: جەلیل ئاهەنگەرنژاد، عەلی ئۆڵفەتی، فەریاد شیری، سەعید عبادەتیان، عەلیڕەزا خانی، عەلیڕەزا جەمشیدی، عەباس جەلیلیان، شێردڵ ئیلپوور، ئەردەشیر کەشاوەرز، کوورش هەمەخانی، سەلاحەدین قەرەتەپە، ئیرج قوبادی، بێهرووز ئیبراهیمی، رەزا مەوزوونی، پەرویز بەنەفشی، رەزا یەعقووبی، ئەمین گەجەری، مەهوەش سولێمان پوور، پەریوەش مەلەکشاهیان، عەلی محەمەد محەمەدی، میهرداد محەمەدی، ئەمروڵڵا عەزیمی، مەنووچێهر کەمەری، عەزیزی، ئازەرپەیك، فەتاحیان، جەلیلی یەکان، شێرزادی، تەقی رەشیدی، یەدوڵڵا لورنژاد، سەید محەمەد پەروەر و...." لە پارێزگای ئیلام و شار و شارۆچکەکانی دەورووبەری کەسانێکی وەك: "زاهیر سارایی، ناهید محەمەدی، کامران رەحیمی، عەبدولجەبار کاکایی، مستەفا بەیگی، ئیرج خالسی، ئیسلام ئەنساری فەر، سەید محەمەد درەخشەندە، عەلی شەهبازی، حەبیبوڵڵا بەخشوودە، دوکتور عەلی سەهامی و ...."

لەسەر دەستی نەوەی نوێ شەپۆلێکی بەرین لە شێعر، چیرۆك، و بەتایبەت نووسینەوە و ساغکردنەوە و کۆ کردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی و فەرهەنگ نووسی لە هەرێمەکانی کرماشان و ئیلام سەرێهەڵداوە و دەتوانین وەکوو قۆناغی زێڕین لە بووژانەوە زمانی ئەدەبی





نووسیاری ناودێری بکەین، لەناو ژانرە ئەدەبییەکان وەکوو نەریتی باوی گشت کۆمەڵگای کوردی، ژانری شێعر گوتاری زاڵە و رێژەی دەقی نووسراو و چاپ کراوی شێعر لە ژانرەکانی دیکەی وەك چیرۆك، پەخشان، رەخنە و لێکۆڵینەوە زیاترە و هەر بەم بۆنەشەوە ئەو شەپۆلە نوێخوازیی و گەشە سەندنە زیاتر بە سیما و قەڵافەتی ژانری شێعرەوە دیارە و بیروڕا جیاوازەکان زیاتر خۆیان لە قەرەی شێعر داوە و شاعیرانی ئەو دەڤەرە خەریکن بە روانینێکی دیکە و بەرینتر لە ناوچەییەوە لەناو کایە زمانی و ئەدەبییەکاندا جێگای خۆیان دەکەنەوە.

هەروەك لە شار و شارۆچەکەکانی دیکەی کوردستانی ئێران ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە رەوتە شێعری و ئەدەبییەکاندا رۆڵیان هەبووە، لە کرماشانیش ئەو دیاردەیە هەبووە و لە پلەی یەکەمدا ئەنجومەنی ئەدەبیی "سروە" لە ئیسلام ئابادی رۆژئاوا و دواتر ئەنجومەنی ئەدەبیی "قەڵەم" لە گیلان غەرب و پاشان ناوەندە فەرهەنگییەکانی شاری ئیلام وەك "ناوەندی ئەدەبیی هانا" و بەتایبەت لەناو زانکۆکان رۆڵی بەرچاویان لە گۆڕانکاری و شەپۆلی نوێخوازیی "ئەدەبی مۆدێرنی کورد - باشووری کوردستانی ئێران"دا هەیە و بۆ یەکەم جار بەیاننامەی شێعری مۆدێرنی کوردیی کرماشانی (کەلهوڕی) لە ئەنجومەنی ئەدەبیی سروە سەریهەڵدا و ناوچەکانی دیکەی گرتەوە. بەڵام بەهۆی نەبوونی رەخنەی ئەدەبیی چالاك و بنیاتنەر کە لەسەر بنەمای ئەدەبیەت و لایەنی هونەریی دەق بەرهەمەکان هەڵسەنگێنێ، هەتا ئێستا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی "ئەدەبی کورد ـ باشووری کوردستانی ئێران" دەرنەکەوتوون و ئەمەش بۆشاییەکی مەزنە لەناو بازنەی کۆمەڵگەی ئەدەبیی کرماشان و ئیلامدا.

– هۆکارەکانی پێوەندی نەگرتنی خوێنەر و ئەم جۆرە شێعرە چییە؟

کارا نەبوونی رۆڵی رەخنە:

دەبوا رەخنەی ئەدەبی کوردی و رەخنەگرانی نوێخوازی شێعری کوردی ئەرکی ناساندنی ئەو جۆرە شێعرەیان بۆ خوێنەری ئاسایی وەئەستۆ گرتبا. لە وەها هەلومەرجێکدا کە پێویستی بە بوونی وەها دەقگەلێك زۆر هەست دەکرێ کە لە ئاستێکی بەرزدا ئەو پێوەندییەی کە پێشتر باسمان کرد، واتا پێوەندی نێوان (نووسەر ـ خوێنەر) یان (دەق ـ بەردەنگ) بەدیبێنێ هێندێك نووسراوە هاتە گۆڕێ کە بە داخەوە بە باشی نەیانتوانی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە. کاك عەتا نەهایی دەڵێ: «سنووری نێوان جۆرە جیاوازەکانی نووسین وەها کەمڕەنگ بۆتەوە و شێواوە، یان هەوڵ بۆ خانەبەندی کردنی زمانەکان وەها تووشی گرفت بووە کە هەموو جۆرە نووسینێکی وەك شەرح کردن و ساغکردنەوە و پەراوێز نووسی لەسەر دەقە کلاسیکەکان، لێدوانی بەپەلە و

خوێندنـەوەی رووکەشـی دەقـە تازەکـان و بـاس و بابـەتی تیـوریکی زانـستی، هـەر هـەموویان بـە نـاوی رەخنـەی بەرهـەمی ئەدەبییەوە دەنووسرێن و لە هەمووشیاندا ئەوەی کە ون و غایبە رەخنەیە و ئـەوەی کە پـشت گـوێ خـراوە و فـەرامۆش کـراوە دەق و بەرهـەمی ئەدەبیـە.» ئـەم بەڵگەیـە دەسـەلمێنێ کـە بەرهـەمی رەخنـەیی لـە کوردستانی ئێران و لـەم ساڵانەی دواییدا بوونی بووە بەڵام بە چەند هـۆ نـەیتوانیوە رایەڵی پێوەندی نێـوان نووسـەر و خوێنـەر بێ:

١ ــــ هێنــدێك لــەو بەرهەمانــە زۆر رووکەشییانە و لە ئاستێکی نزمدا تەنیا لـە هـــەوڵی رادەربـــڕین و بۆچـــوونی تاکەکەسی دابوون و بە هیچ شێوە ئاوڕیـان لە تیوری ئەدەبی قوتابخانەکانی رەخنـەی ئەدەبی نەداوەتـەوە. کـە واتـە لـە حاسـت ئەم جۆرە شێعرە بە یەکجار کپ و بێدەنگ دەبێ. جۆرە شێعرێك کە دەتـوانین بڵـێین بەشـێکی زۆری لــە بەدیــهاتنی خــۆی قــەرزداری قوتابخانـــە جۆراوجۆرەکـــانی رەخنەی ئەدەبیە.

٢ـ ئەو بەرهەمانەی کـە تـەنیا بـە شـێوەی کلاسیـك لـە هـەوڵی روونکردنـەوەی مانـا بەرهـەمی ئـەدەبیدا بـوون و تـەنیا بـۆ روونکردنـــەوەی قامووســـی هێنـــدێك جوانکـاری ئـەدەبی بەسـەندەیان دەکـرد. دیسانیش جانتای ئەو جۆرە نووسینە لـە تیوریـــە ئەدەبییـــەکان خـــاڵی بـــوو و نەیدەتوانی شرۆڤەگەری ئەم جۆرە شێعرانە بـێ کـە مانـا لـە وانـدا سـڕك و سـڵە و زۆر درەنگ دەستەمۆ دەبێ.

٣ــ ئــەو نووســراوانەی کــە تــەنیا بــە پێناسەکردنی تیـوری ئـەدەبی بەسـەندەیان دەکـرد. بـۆ نموونـە رەنگـە لـە وتاریکـدا فۆرمالیسم پێناسە بکرێ یان پێکهاتەخوازی یـان هێرمێنۆتیـك و ... دیـسانیش ئـەو بەرهەمانە لە سەر ئەو جۆرە شـێعرە پیـادە ناکرێن ئەوانە هەرچەند زۆر بە کـەڵکن بـەڵام یارمەتییــەکی ئــەوتۆ بــۆ خوێندنـــەوەی ئەوجۆرە دەقە نادەن.

٤ــ ئـەو نووسـراوانەی کـە پـشت بـە تیـوری مـۆدێرن دەبەسـتن بـەڵام بـۆ خوێندنـەوەی شێعری کلاسیك و بە تایبەت نالی بەکار دێن ئەوانـەش هەرچـەند دەکەونـە خانـەی ئـەو نووسـراوە بـە کەڵکانـەی کـە بەشـێك لـە سامانی ئـەدەبیاتی ئێمـە سـەرلەنوێ و بـە شێوەیەکی نوێ دەخوێنێتەوە بەڵام دیسان گوێ بە دەقی ئاوانگارد نادەن.

٥ـ ئەو دەقانەی کە بۆ پێناسە کردنی تیوری ئـەدەبی کـەڵك لـە شـێعری سـەردەمیانە وەردەگـرن، بـەڵام خەسـارێك کـە هەیانـە ئەوەیـە لـە جیـاتی ئـەوەی لـە هـەوڵی دۆزینەوەی داهێنانی نووسـەر بـن تـەنیا لـە هـەوڵی دابەزانـدنی تیـۆری دان و پاسـاو بـۆ





تیوریەکان دێنێتەوە. ئـەو جـۆرە نووسـراوانە لـە مەبەسـتی مـن زۆر نیزیـك دەبنـەوە بـەڵام هێشتا ناگەنە ئاستی تیۆرییەکی پراکتیزەیـی پیشەدار.

٦ــ لــە بەرامبــەری هــەمووی ئــەو جــۆرە نووسـراوانە چـەند نووسـراوەی بـە کـەڵك کـە هــەم تــوانی بەشــێکی زۆری ئــەزموونی رەخنەیی بۆ زمانی کوردی بگوازێتـەوە وەەم لە ئاستی تیوریشدا بـە پێـز بـوون سـەرەرای ئەوانــە لــە لایەنــە شــاراوەکانی شــێعری کەسـانێکی وەکـوو (یـونس رەزایـی ــ رەزا عــەلیپوور ــــ محەمــەدی ئەحمــەدی و...) دەدوان، بەڵام بەداخەوە رێژەی ئـەو وتارانـە یـەکجار کـەم بـوو و بـەردەوامیش نـەبوو. کەسانێکی وەکوو (رەهبـەر مـەحموودزادە ــ مـراد ئـەعزەمی ــ عەبـدولخالق یـەعقووبی ــ فــەرزاد میرئەحمــەدی ــ عــەلی قــاسمی ) توانیان هـەتا ئاسـتێکی بـاش ئـەم پرۆسـەیە بەرێوە بەرن.

**سەرچاوەکان:**


**١ ــ کتێبی رۆچـنەیەك بـۆ ئـەدەبی کـوردی لـە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی دووەم (شێعر) ئا: شەریف فەلاح ـ ئامادەی چاپ.**

**٢ ــ وتـاری رەوتـی شـێعری نـوێی رۆژهـەڵاتی کوردستان، ئەیاز خـوون سیاوەشـان ــ وێبلاگی سەرهەڵدان**

**٣ ـ وتاری ئەتمۆسفێری یەك دەیە شێعری نوێ لە نیگایەکـدا، «کێـشەکـان، دەسـکەوتـەکـان، خەسارەکان» نووسینی: کەماڵ ئەمینی.**

**٤ ـ وتـاری رەچەڵەکناسیی شـێعری هاوچـەرخی هۆرامی نووسینی: عادڵ محەممەدپوور**

**٥ ـ وتاری بۆ شێعری جیاوازی کوردی خوێنەرێکی ئەوتۆی نیە؟ نووسینی: ئەحمەد چاك**

**٦ ـ وتاری پێگەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام و قۆناغەکانی، نووسینی: شەریف فەلاح**

**٧ ـ چەندین دیمانەی نووسەر، لەگەڵ شاعیران و رەخنەگرانی هاوچـەرخی رۆژهـەڵات بـۆ پـرۆژەی ئەدەبی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.**



مستەفای سەیدمینە

# ڕەنگبێ شیعری وەفایی بێ!

برای خۆشەویستم مەلا سمایلی نوورەدینی، سەرنووسەری گۆڤاری "شمشارە"ی ئـازیز، لـە دەرەوەی بەرگی دووەمی ژمارە (٥٣)ی ئەو گۆڤارەدا "هۆنراوەیەکی بڵاو نەکراوەی نالی"ی بڵاو کردۆتەوە، دوای چەندان جار خوێندنەوەی وردی شیعرەکە، ئەمن بۆنی"وەفایی"م لەو شیعرە پێنج بەیتییە کرد و بە شیعری وەفایی تێگەیشتم، چونکە:

١- شێوازەکەی پتر لە شێوازی وەفایی دەچێت و سادەییەکەی لە چەند شیعرێکی وەفـایی وەکو ئەم شیعرە نزیکە:

**گەردشی چاوت قەراری عاشقی میسکین دەبا**

**ساحیری چاوبەستە، ئاریٚ، دڵ دەکێشێ، دین دەبا**

**قیبلەکەم بەو زاری هەر وەک غونچە بۆیە پێکەنی**

**دا بڵێن: خەندەی لە گوڵ دێ، ئابڕووی پەروین دەبا...**

**دیوانی وەفایی لـ٣-٤**

**محمد علی قەرەداغی**

٢- چەند وشەو تـەعبیری موکریـانی وەکو:"بـە دنیـا وەردەبێ"،"وێستا"،"بـەردەبێ"ی تێدایە....

جێـی خۆیــەتی ئامــاژەش بـۆ ئــەوە بکــەم کــە هەنــدێك وشــەی شـیعرەکە بەهەڵــە لــە







دەستنووسەکەوە ڕاگوێزرابـوون، ڕاسـتم کردوونەتـەوە، ئەوەش دەقی شیعرەکەیە:

ڕوویی تۆ خۆش خۆش ئاگرێکە، خۆش بە عالەم وەردەبێ

زولفی تۆ شەو دووکەڵێکە،ڕۆژ[1] بە دنیا وەردەبێ

چاوی بیمارت تەبیبی ئەندەروونی عاشقە

نەشتەری موژگانی تۆ خوێنی دڵی پێ بەردەبێ

ئاگری[2]کوڵمت کە مشکی وشکی زولفی دووکەڵە[3]

دووکەڵێکە[4]وا کە چاوی عالەمی پێ تەڕ دەبێ

من عەجەب ماوم کە هەردوو زولفی زوو وەجهەینی تۆ

گاهێ ڕۆژیان پێ دەگیرێ، گاهێ پێیان بەردەبێ !

زاهید ئینسافت ببێ، نالیی[5]: وێستاش هەردەڵێ:

هەرکەسێ عاشق نەبێ، هەر کەر بووە و هەر کەر دەبێ

پەراوێز:

(1)لە گۆڤارەکەدا (ڕەش) نووسراوە.

(2)لە گۆڤارەکەدا (ئەپەری) نووسراوە.

(3)لە گۆڤارەکەدا (کاکڵە) نووسراوە.

(4)لە گۆڤارەکەدا(هەرگوڵێکە) نووسراوە.

(5)لە گۆڤارەکەدا (نالی) نووسراوە، بەڵام دەکرێ ئەوەی شیعرەکەی نووسیوەتەوە، هەڵەی کردبێت و"وەفا"بێت، کە"وەفایی"چەند جارێك وەکو نازناوی شیعریی بەکاری هێناوە، یان"ناڵێی"بێت، کە لە هەردووك باردا، کێشی شیعرەکە هەرتەواوە، هەرچەندە دوا دێڕی شیعرەکە زۆر سادە و ناهونەرییە و نە لە نالی دەوەشێتەوە و نە لە وەفایی و لە ڕووی هونەرییەوە لەگەڵ سەرجەم شیعرەکە نایەتەوە و زۆر وێدەچێت لەخۆڕا بۆی زیاد کرابێت.


دۆکیۆمێنتی مێژویی

هۆنراوەیەکی بڵاونەکراوەی (نالی)

# مەلا عەبدوڵای ئەفزاری
# نابینای کوردپەروەر

خالید ئەویندار/ خانێ

خوا لێی خۆش بێ " مەلا رەسولی ئەلەست " پیاوێکی قسەخۆش، گفت رەوان و لفت جوان بوو، کەمتر پیاوی ئاوام دیبوو، پێچێکی "پرلیۆن"ی بەسەرەوە دەبەست قەت تاقە ریشوێکی بە خەسار نەدەدا. مەخابن ئەم مرۆڤە رەزاسووک و خوێن شیرنە کوێر بوو، کەچی قەت نەماندی چاوساغێك دەستی بکێشێ، ئەوەندە زیت و وریا بوو ئەگەر بڵێم هەموو دوکانەکانی ئەو کاتی شار شارەزا بوو رەنگە زێدەڕۆییم نەکرد بێ. بەڵام ئەوەی پتریش لە لای ئێمەی مناڵەورتکەی گەڕەکێ سەیر بوو ئەمەبوو کە دەماندی بێ ئەوەی هەر گرێیە بکا سێ چوار کوێری دیکەی بە دوای خۆی دا رادەکێشا و پێچا و پێچی کۆڵانەکانی دەبڕی و راست دەچووە بەر دەرکی ئەو شوێنانەی مەبەستی بایە.

"قوتابی" بووم، بوومە "سوختە"، چوومە نێو فەقێیان. شەوانی سێ شەمۆ و هەینی پشووی خوێندنمان بوو. یەکێ لەو کەسانەی بەتایبەت لەم شەوانە دا دەهاتە لامان مەلا رەسول بوو. گۆچان بە دەستێك و پرێسکەی شریت(کاسێت)ان بەدەستەکەی تر، "زەبت"(تەسجیل)ە کەشی وەك جانتا بە شانی دادەکرد. تەق تەق لە دەرگەی حوجرەکەمان نزیك دەبۆوە، بانگی دەکرد:





ـ فەقێ... مام فەقێینە... میوان رادەگرن؟

ئێمە، بەتایبەت سوختەکان، سەرەرای ئەوەی زۆرمان خۆش دەویست، هەم قسەی خۆش بوون هەم زەحمەتی بۆ کەس نەبوو ، لەبەر زەبتەکەشی هێندەی دیمان پێ خۆش بوو کە دەهاتە حوجرەکەمان.

پشووی خوێندن ئەو کاتە ئاوا رادەبرا: ئەگەر میوان هەبا... بەتایبەت فەقێی حوجرەی دیکانە، ئەوە سەر لە ئێوارەوە پەیدا دەبوون و شەونشینیەکە بەم چەشنە بەرێوە دەچوو" لە پاشی شێوخواردن زوربەی جاران دەس دەکرا بە لێك پرسینەوەکە پێمان دەگوت " شەڕە سوئال "، ئەوە ئەزموونێکی باش بوو لە نێو فەقێیان دا بۆ جەڕباندنی رادەی فێربوون و تێگەیشتنی  هەر یەك لە بەشدارانی نێو گۆڕەپانی ئەو شەڕگەیە، شێعرێنە یان "شەڕەشێعر"یش باو بوو ئەوەش بۆ تاقی کردنەوەی بیر و هۆشی بەشدارەکان پێوانەیەکی باش بوو، پرسیاری هۆشەکی و "لوغەز و موعەمما"ش بەشێکی دی بوو. جا پاش ماندوو بوون بۆ سانەوە و زاخاوی مێشك و هێندێ دڵخۆشی دەس دەکرا بە "گەڕەلاوژە"، " جۆرابێن"، "فەلای بێ دەنگ"، "کۆسە"، "پشکیلان" و ... نێوە نێوەش لە حوجرەکەی ئێمەدا ئەوە دەنگی گۆرانی بێژە ناوداره رەسەنەکانی کورد بوو کە لە گەرووی زەبتەکەی مەلا رەسولەوە هەوای حوجرەکە و مێشك و ناخی ئێمەی پڕ دەکرد لە هەوای رەسەنی موسیقا و وشەی ناسکی کوردی و سۆز و خۆشەویستی ژیان و هۆز و نیشتمانە بێ بەختەکەمان. ئاخ... یادی ئەوان رۆژان بە خێر...شەو رادەشکا... تازە کۆڕی ئێمە گەرم دەبوو و کورەی کاومان دەگڕا...

لەو هاموشۆیە رۆژ لە رۆژێ پتر لە کاك مەلا رەسول نزیك دەبوومەوە...شتێکی کە ئێستاش بۆم هەڵ نەهاتووە ئەوەیە کە بۆچی کوێرەکانی ئێمە لە خەڵکی ئاسایی بە هەست تر و نیشتمان پەرستتر و گەل خۆشەویستتر بوون...تێم گەیشت زەوقی شێعر ناسینم هەیە و دەتوانم شێعری جوان هەڵاوێرم، هۆنراوانیش جوان دەخوێنمەوە، تێشم گەیشت کە دەزانم کوردی بنووسمەوە، دەشێ وێرا شتم پێ بخوێنێتەوە و پێم بنووسێ... ئاخر ئەو دەمی کوردی نووسین تاوان بوو و خەڵکی لەسەر دەگیرا و ئەشکەنجە دەکرا... ئێوارەیەك لە دوای نوێژی شێوان کە لە"راتبە"کردن ڕا هاتمەوە لە پەنا دەرکی حوجرەی راوەستا بوو، ئیزنی لە "موستەعید"ە کان بۆ وەرگرت بووم، چاوەنۆڕی من بوو، روی لێنام بۆ

شـــێوخواردن بــچمه ماڵەكـــەی، دڵــم نەشكاند... سەڵت بوو، بە تەنیا دەژیا، لە حەوشـەی ماڵێك لـە دامـێنی "گـردی كـاك مامەنــدی" كرێگرتــە بــوو، هۆدەیــەك و پێشخانەیەكی پـێ بـوو، بـەڵام ماڵەكـەی ئەوەنــدە رێــك و پێــك و پــاك و خــاوێن بوو،دەتگوت كابانێكی بـە سـەلیقەی دەس رەنگین كەیبانووی ماڵەكەیـەتی. زۆرم پـێ ســەیر بــوو...هــەر وەك چرۆچــاوی واق وڕماوی دیبم لـێم وەدەنـگ هـات، بەشێوە ئاخاوتنی خۆی گوتی:" هەتیو... چیە بۆ وا زەق بوویە ؟ پێت سەیر نەبێ ئێمەمانان خـودا زەیـنی پــێ داویـن... هـەتیو خـەڵك پێیان وایە ژنی جنمان هەیە ! ! ... بـەخوا كـەرن، هــا..هاهــا... ئــەری كـاكۆ ئــەتۆ "گۆشتاو"ت پێ خۆشە؟، پێم باش بوو بۆ ناسیاوی ئێوە"دەعوەت"ێك بدەم ".

گوتم:

_ ناسیاوی دەگەڵ كێ ؟

به بزەوە:

_ دە پەلە مەكە، حەمەدرێژ، دەڵـەی حـەو مانگـــەی، بــۆ وا بـــە پەلـــەی، عەبـــە دێ...عەبە.

_ عەبە كێیە دەخیلت بم.

_ هــەیهۆ... دەیبـــینی، مـــەلا عــەبلای برادەرم، ئەویش وەك خۆمە، ئەفزاری، بـە خـۆی و قـونێ خـواری...هـا..هـا...، قاقـا پێكەنی.

چم نەگوت. نان و خوان و قاپ و قاچاخ ئامادەكران، چاوەرێی میوان ماینەوە.

زۆری پێ نەچوو، تەقەتەقێك دەرگەكەی خستە هاوار، بە زمـانی كوێرانـە شـتێكیان بە یـەكتر گـوت، هـەردووك پێكـەنین. مـەلا عــەوڵا هــات، وەژوور كــەوت، بــە داخــەوە ئەویش خروێكە بە منـداڵی ئـەنگاوتبووی و چاوەكانی لـێ سـەند بـوو، كـورێكی خـۆی چاوساخی بوو، سەیر دەرۆیی، خۆی قـەپ كرد بوو، بـە ئەسـپایی هـەنگاوی هەڵدێنا، دەتگوت وشتر سوارە، تۆقەیـەكی گـەرم و گـوڕی دەگــەڵ كــردم، مــەلا رەسـول بــە یەكتری ناساندین. دانیـشتین، قـسەی ئـەو دووانە پێكـەوە ئەوەنـدە خـۆش بـوون لـە هەموو تەمەنی خۆم دا نەمدیوە دوو هاورێ ئەوەندە بە لەزەتەوە پێكەوە قسە بكـەن. روحیان شاد بێ...

نان خورا، زۆری پـێ نەچـوو هاتـە سـەر مەبەستی ئەو ناسیاوە و گوتی:

_ كۆمەڵە شـێعرێكم هـەن و بـۆ دڵـی خـۆم گوتـومن، پـێم خۆشـە بنووسـرێنەوە، بـا نەفـــــەوتێن، هێندێكیــــــشیان بـــــۆ نووسـیومەتەوە، بـەڵام زۆرم پـێ خۆشـە هەموو بە خەتێكی خـۆش و بـێ هەڵـە بـن، جـا ئەگـەر پەڵانیـشم دەگـەڵ هەڵگرنـەوە لێتان مەمنوون دەبم.





بەشەرمەوە عەرزم كرد:

_ مامۆستای بەرێز، من بۆ خزمەتی جەنابت ئامادەم، بەڵام خەتم خۆش نیە و ئـەوەش لــە وزەی مــن دا نیــە بڵــێم پەڵــەم پـــێ هەڵدەگیرێنەوە.

گوتی:

_ نا... زۆر مەترسـە، هێندەشم قورەشێل نـەكردووە، بـۆ خەتەكەشـت نیگـەران مەبـە چوونكە وەكـی بۆیـان بـاس كـردووم دەبـێ لەمانــەی بــۆم نووســراونەوە باشــتر بــێ، تازە... كاكە، خۆتۆ كوردیەكە بێ غەڵەت و هەڵە دەنووسی، جا هەر ئەوەندەم بەسە...

بـەڵێنم پـێ دا. دەسـتی دە بـەرۆكی خـۆ ڕۆكــرد، خــۆی قــەف كــرد و دەفتــەرێكی باغــەڵی ئەســـتووری دەرێنـــا و گـــوتی: فەرموو... بیسمی لای لێ بكـە ...بـا دەس پێ بكەین.

پیاو هەق بڵێ هێندێ پارچـە شـێعری بـە خـەتی زۆر خـۆش و لـە خـەتی مـن جـوانتر نووسـرابوونەوە، بڕێكیـان ئەگـەر مامۆسـتا لەوێ نەبا بـە مـن نەدەخوێندرانـەوە، بـەڵام لەسەر یەك بەشـی هـەرە زۆری دەفتەرەكـە لەسەر رێنووسی فارسی نووسرابۆوە، ئـاخر لە سایەی داد و عەداڵـەتی "سـێبەری خـودا " ! ! ! بەشی هـەرە زۆری خوێنـدەواران لـە تێگەیشتنی زمانی دایكیان بێ بەش بوون.

ئەوەندەم راشكاوی و خۆمانـەیی دەگـەڵ پەیدا كـرد پرسـیاری زۆر تایبەتیـشی لـێ بكـەم. رۆژێكـی هـەڵم دایـە و گـوتم ئـەرێ مامۆسـتا گیـان خـۆ مـن پـسام ئەوەنـدی شێعری موناجـات و پارانـەوە و دڵتەڕانـە و چی و چیت بۆ وەنووسم، ئەرێ ئـەتۆ پێـت وایە ئەو نەتەوەی مـن و تـۆی لـێ وەپـاش كەوتووین ئەوەندە بەختیارە كـە چ خـەمی دە دیكــەی نــین. هەناســەیەكی ســاردی هەڵكێشا، سەری هەڵبڕی، كولۆگروو ئەوكی رێك كوشی، گریا... پڕ بـەدڵ گریـا... بـە كـوڵ گریــا، دەڵــێن چـاوی كـوێر فرمێـسك ناكا، بەڵام من بە چاوی خۆم دیم كە چۆن چـاوە قرپۆكـەكانی مامۆسـتا داوەسـتان. بەدەم گریانەوە گوتی با بۆ سبەی بـێ... سبەی بۆت دێـنم ، بـا منـیش هەسـتم بـەو ژانانە كـردووە كـە لـە دەردی "تەپاڵـە" و "چاوســاغ و كــوێر" و "دەردی ســواڵ" گرانتر و بە ژان تـر بـن ... راسـت دەكـەی خۆ ئەوانیش نابێ ببـەتلێن. لـە مـاڵی مـەلا رەسـوڵ سـبەی شـەوێ پێـك دەگەینـەوە، شەوچەلەكەش لە ستۆی خۆم...

" عەبلا..خـوابتگرێ هـەر بینـا تووشـی تێهەڵدانت كردینەوە... ! ! "

مەلارەسـول بـوو دەسـتی لەسـەر دوگمـەی زەبتەكـە دانـابوو خــەریك بــوو بەســەری قامكان جێگەی شریتەكە بكاتەوە...

مەلا عەوڵاش گوتی كاكە، دەزانی سەرێ

بۆ نێو سەران نەبێ دەڵێن بۆ بڕین باشە، خۆ ئێمە لە گۆچان و چاوساخ و توورەکەی سواڵێ بەولاوە شتێك شك نابەین پێشکەش بە نیشتمانی بکەین، ئەدی ئەگەر تێشمان هەڵنەدەن چۆن لە رومان هەڵدێ خۆ بە دایکی شەهیدان نیشان بدەین.

مچورکێك بە لەشم داهات، کوورەی دڵی نێل دام، کوڵێك گرتمی... نازانم چ بوو، بەڵام ئەو دوو پیاوە کوێرە سواڵکەرە لەلام ئەوەندە گەورە هاتنە بەرچاو کە هەتا ئەودەم کەس ئەوەندە لە لام جێگەرێز و هێژا نەبوو، شانازیم پێ کردن... یەکەم جار بوو وا بە گەرمی و خۆشەویستیەوە باسی ئازادی و نیشتمان و کوردم لە دوو کەسی هاو دڵ و هاوبیر دەبیست... بە داخەوە من لەوەی کالترو بێ ئەزموونتربووم کەڵکی باشتر لەو جورە گەنجینانە وەرگرم.

" دەی کاکە، شریتەکە لە دوو دە با بڕواتە پێش.. وابزانم دوو سێ شێعر دەبێ تێپەڕێ... ئەوانەی کاکە – مەبەستی من بووم – دەیەوێن و پێی خۆشن لە چوار یا پێنجەمین شێعرەوە دەس پێ دەکا ".

شریت هەڵوێزنرا، گەیشتە ئەو شێعرە:

کوردە ناموست لە دەس دا بەسە پەستی و عاجزی

بەسە...، قەومی خۆفرۆشتن، کوردە گیانت دارزی

شار بە شار کوردیان شەهید کرد، تا گەیشتە سەقزی

سیجن و ساواك پڕ بوون تەنیا لە قەومی کورد زمان

.....

دێتە گوێچکەم ناڵە ناڵی قەومی کوردی کوڕ کوژاو

شین و زاری کیژە کورد و پیرە دایکی زگ سووتاو

ئاه و گریانی مناڵی "مامەش" ی باوك گیراو

بەو هەناسەی وان، خەریکە بگرێ ئاگر ئاسمان

مامۆستا گوتی : رەسوڵ گیان، دەی با نەختێکی تریش بچێتە پێشێ..."(هەردووکیان بزەیان هاتێ) ئەوی وڵامی کاکەیە دوای ئەمە.

گەیشتە سەر بەستەشێعرەکە. بەسپایی گوتی:

" جا کاکۆ گیان گوێ ڕادێرە، خۆ دیوانی من هەر باسی ئەوین و عاشقەتی و پاڕانەوە نیە، ئاخر غەیری باوەڕە سیاسیەکەم پێم وایە ئەوە ئەرکی شێعرە لەم رۆژگارە دا، بەڵام کاکە ترسێندراوم و ترساوم... نەك لە تێهەڵدران و گیران بەڵکو







لە برسی بوونی مناڵە بەستزمانەکانم... دە گوێ گرە دەی...

**بەراستی**

بەراستی کاکە: من کوردم، بەڵام درکانی ناوێرم !!

کە لوقمان و ئەرەستوو بم، چ ناژێم چوونکە من کوێرم

کەچی لای خۆفرۆشانی ئیدارەی "سازمان" ئەمرۆ

بەهەر لادا ئەڕۆم، شوێنم کە دیار بێ بۆ ئەوان شێرم

وەرن با پێکەنین سەیرە لە کوێرێ چەندە ترسیانە

ئەوان خاوەن سپا و سانێکی زۆر وهەر ئەمن مێرم

ئەوەندەم چێشتووە بەند و کوتانی سازمانی رەش

کە بۆ زیندان ئەچم باشتر لە ماڵی خۆمی پێ فێرم

لە رێی رزگاریا گیانم دەبێ بۆ نیشتمان دانێم

نەمامی پڕ گوڵ وبەرگی ژیان، بەخوێنێ ئاو دێرم

وەرن کۆڕی شەیاتین خەولە چاوی من هەراسان کەن

لە دوای نینۆك دەرێنان و فەلاقەیش ئاو کەنە ژێرم

بە داخ و کارەبا و سووتان، گیان گەر بێتە سەر لێوم

دەبێ بەو حاڵە بمرم، گوێ لە دوژمن شەرتە نادێرم

بە کوردی، وان دە رێی کورد دا ژیان وماڵ ومنداڵم

هەتاکو دوا پلەی بەرزی دەرۆم، یەك پلە نابێرم.

مووم لێ قرژ بوون، لە دڵی خۆم دا شانازیم پێ دەکرد، هەستێکی پڕ لە رێز و خۆشەویستیەکی لە رادە بەدەر شەپۆلی دەدا لە دڵ و مێشکی من دا سەبارەت بە مامۆستا، گشت تێروانینەکانم گۆڕانیان بەسەر دا هات، پێشم سەیر بوو چۆن لەم رۆژگارە رەش و پڕلە ترسە دا، کە کەڵ بە موو بەندە، ئی واش هەیە ئاوا بە راشکاوی قسەی دڵی خۆی بکا. هەستامە سەرپێ توند توند سەری مامۆستام بەهەردوو دەستان رێك کوشی و نێوچاوانە کرووزەکەم ماچ کرد، دەستم ماچ کرد...کوڵ گرتمی...

خوا پاداشی کاك مەلا رەسول بداتەوە، نەیهێشت ئەو بێدەنگیە زۆر درێژ بێتەوە، هەڵیدایە:

"ئەدی چۆن، کاکە گیان... ئێوەی چاوزەق پێتان وایە ئێمەی کوێر چوونکە

چاومان نیە هەست و شعوور و باوەڕپشمان نەزۆکە، نا... ئێوە بێ گوێن، ئەگەر ئەو بارە نالەبارەی ژیان نەبا فەلەك ئەو قورسایيە پەستەی بەسەر دا نەسەپاند باین و ئێمە ناچار نەباین بۆ پاروە ژارەمارێك ئەم دەرکەو ئەو دەرکمان کردبا دەبوو زۆری لەو زلانەی کە لەبەر چاوی ئێوە پیاوماقوڵن کەوشیان بۆ کاکە عەبلای من و عەبەکانی دیش جووت کردبا. ئای... رەحمەت لەو گۆڕوبانەت بێ کاك مەلا رەسوولی ئەلەست وەکی منت بەو گەنجینانە خەنی کرد یەزدانی مەزن لە دلۆڤانيەکەی خۆی بێ بەشت نەکا.

ئەو کەسانەی کاتی هەڵگیرسانی ئاگرە بێ ئامانەکەی راپەڕینی مەزنی گەلانی ئێرانیان بە دژی دام و دەزگای "شا "و دەست و پێوەندە ناراستەکانی وەبیر بێ و هەر نەبێ لەوان دەمان دا بە رێبواریش بە شارە خنجیلانەکەی ئێمە دا رابرد بن مەلا عەولای "ئەفزاری"یان دیوە و ناسیوە و خۆشیان ویستووە.

"خەبات"، کوڕەجوانە ژیکەڵانەکەی دەستی دەکێشا، مامۆستاش بەو دەنگە دلێرە مەیلەو بۆرەیەوە خەلکی هان دەدا و شێعرەکانی خۆی دەخوێندەوە:

تەمەن رۆیی سپی بوو ریش لە داخی "شا" و یارانی
سەرنجی نێو دڵی من دەن هەمووی هەرکێم و زوخاوە
دەبینی من بەبێ چاوی شیاوی خزمەتی گەل نیم
بڵێ پێم هۆی چیە تۆ بۆچ زمانی خۆت گرێداوە ؟؟!!
ئەری ئەی شاهی خائین، نۆکەری غەدداری ئەمریکا
هەتاکەی دەستی خوێناویت لە یەخەی نیشتمان داوە
ئەوی کوشتت وەکو"زوحاك"، درایە ماری سەر شانت
ئەوی نەتکوشتووە، نووسیت، لە نۆرەی مردنت ناوە
ئەگەر پێت وایە تاسەر دادەنیشێ گەل بەبێ دەنگی
دەبێ من پێت بڵێم بێ گوێ، خەیاڵێکی گەلێ خاوە ، ...

هاندەرێکی گەلێك بە توانا بوو، گیانی شۆرشگێرانەی دەخستە نێو کۆمەڵانی خەلك، بە تایبەتی لاوانی بە بیرو ئەندیشەی کوردانەوە گۆش دەکرد:

پڕ بووە جامی زوڵم، یارەب هەتا کەی نارژێ
بۆچ بمێنێ زوڵمی ناهەق، چاکە ئاگر داکوژێ
یاخوا لاوێك بێ لە تۆڵەی"کا عەلی"دا بیکوژێ
لابەرێ فەرق و جیایی بەینی هەر چوار نیشتمان.





(مەبەست شەهید "عەلی گوێرەش"ی ئازاو قارەمانە کە لەگەڵ هاورێکانی دا لەرۆژی بیست و نۆی خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی بەحوکمی بێدادگا نگریسەکەی "جەلدیان" تیرەباران کرا. رەوانی شاد بێ.)

راپەڕینەکە سەرکەوت، جێژنی ئازادی گیرا، بوو بە شایلۆغان، خەلك سەرمەستی سەربەستی بوون و مامۆستا وەك فەرامۆش کراوێك دیسان دەستی پێ کردەوە.. "خێری ئەم حافزە رەحمەتی خواتان لێ بێ..." ئای لەو ناعەدالەتیە... وای لەو بێ دادیە... وای.

رۆژنامەی "کوردستان" و زۆر بلاڤۆك و رۆژنامەی تر کەوتنە بازار. مامۆستا دەستی کرد بە رۆژنامە فرۆشی، هاواری بۆ فرۆشتنی رۆژنامەکان دەکرد و نێوە نێوەش شێعرێکی خۆی تێوە دەتەنی، شاعیرە شۆرشگێرە بە هەڵوێستەکەی شارەکەمان بووە رۆژنامە فرۆشی گەرۆك. ئەو حیزبە شۆرشگێرانە دەسەڵاتیان بەدەست بوو کە ئازادی گەلەکەیان دەویست و خەباتیان بۆ نەمانی چەوساوەی دەکرد، کەچی لەبەرچاوی ئەوانیش مامۆستا رەزاسووکەکەمان بۆ پەیدا کردنی پاروەنانێك هەر دەرکا و دەرك دەگەڕا.

نازانم ئەوە چ رازێکە ئەو کەسانەی هەڵوێست بەرزن و زوو زوو ناگۆڕێن ژیانەکەشیان هەر نەگۆڕە و پڕ لە دەردی سەری. هەر راست لەوکاتەی دا کە ئەو پیاوە مەزنە توورەکەی سواڵێ شانی دەروشاند زۆر کەسی بێ مایەی خوێری و چەپەڵ و هەلپەرست، کە هەرگیز درووییەکیان لە لەشی نیشتمانەکەیان دەرنەهێناوە و بە داخەوە زۆرجارانیش هەر هۆرە بوونە و چقڵی چاوی گەلەکەیان، لەژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە جوراوجورانە دا "لە پڕێکەوە بوون بە کورێك" و هەرچی خێرو بێرە دەچووە نێو کیسە و ورگی ئەوان.

مامۆستا هەژارە لانەوازەکەمان لە چاخی دەسەڵاتی پاشایەتی و لە ماوەی کورتی دەسەڵاتی شۆرشگێرانی کورد و لە دەورەی زاڵ بوونی کۆماری ئیسلامیش دا بەسەر شارە بێ بەختەکەمان، ئەو، توورەکەی سواڵێی هەر لەشانی نەبۆوە. وەك هەر کەس لە بیری نەمابێ ئەو پیاوە رۆژێك، رۆژگارێك دەنگی بەرگری و گوڕەی شۆرش بووە کە بەهەق ناوی "بڵێندگۆی راپەڕین"مان بەسەردا بڕی بوو.

ئەو پیاوە مەزنە، ئەو شین گێڕەی شارەکەمان، زۆر بە بێ نازی ژیا، هەر

بەبێ نازیش مرد، لەپاشی مردنیشی، تەنانەت ئەو ئاواتەی کە چاپ و بڵاوکردنەوەی شێعرەکانی بوو نەهاتە دی. دیوانەکەی بە تەتەڵەکراوی بەسەر دەستمان دا ماوەتەوە، چۆن ژیانەکەی نگبەتی وەك مێردەزمەیەك سواری سینگی ببوو شێعرەکانیشی خێرخوایەکیان لێ پەیدا نابێ بەرگێکی جوانیان دەبەر کا، کوێرەوەری ئامادەکردن و پێداچوونەوە و سازکردنی باوێتە ئەستۆی ئێمە و بەهرەو سوود و خێرەکەشی بۆخۆی بەرێ.بەڵام ئاواتەکەی مامۆستا هەر نەبێ دوای مردنی بێنێتە دی... یاخوا خێرۆمەندێکی جوامێر خۆی دەرخا...

* * *

کورتەی ژیاننامەی مەلا عەبدوڵای ئەفزاری:

_ لە گوندی "سەروکانی" ناوچەی "لاجان"ی سەربە شاری خانێ(پیرانشار) لە ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاوی و لەبنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایك بووە، نێوکیان بریوە و ناویان ناوە"عەبدوڵا". عەبدوڵا پێنجەمین منالی ئەو دایك و باوکە بووە، مەخابن هەر لەسەر پشتی لانك بە نەخۆشی "خروێکە" چاوەکانی بۆ هەمیشە کەوتنە نێو تاریکایی ئەبەدی.

_ عەبدوڵایان دوای فراژو بوون خستۆتە بەر خوێندن، لە گوندی "توان" و "سێلوێ" و "خانەقای بورهان"درێژەی بە خوێندنی قورئان داوە.

ماڵیان هاتۆتە شاری "نەغەدە" و لەگەڵ هاورێیەکی دا بۆ درێژەدانی خوێندن روی کردۆتە شاری "سلیمانی" و "تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی" و "مزگەوتی حاجی مستەفای قەیردار" لە پیرەشارە خۆشەویستەکەی "کەرکوك"ی کوردستان، ئەوجار گەڕاوەتەوە گوندی"زینوێ شێخی".

_ لەشارەکانی "بۆکان" ، "نەغەدە" و "خانێ" ژیاوە، بەشی هەرە پتر و تادواپشووی شارە "توك لێکراو"ەکەی خانێ ئەو منەتەی بەرکەوتوو کە قەفەزی ئەو خۆشخوانە بێ ئەنوایە بێ.

_ دوو جاری ژن هێناوە و بەرهەمی ئەو زەماوەندانە سێ کوڕ و کچێکە، بۆ هەموانیش شێعری داناوە.

_ لە رۆژی ۳/ ۱۱/ ۱۳۷۳ی هەتاوی دا دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت و لە گۆڕستانی کۆنەخانێ نێژراوە.

_ مامۆستا لە دەوری ساڵی ۱۳۴۲ ڕا دەستی بە شێعر دانان کردووە و بە زۆر هۆ و مناسەبە هۆنراوەی هونیوەتەوە و بابەتەکانی شێعری مامۆستا پێك هاتوون لە پەندی پێشینان، حیکمەت، ئاشقانە، کۆمەڵایەتی ، نیشتمان پەروەری و







لاواندنەوە. بە بڕوای من شین گێڕی بەشێکی هەرە گرینگی شێعری مامۆستایە و لەو بەشەش دا گەلێك سەرکەوتووە، هیچ روداو وکارەساتێکی تاڵی کوردستان نیە شەپۆرنامەیەکی مامۆستای بەسەرەوە نەبێ هەر لە بێدادگای جەڵدیانەوە بگرە هەتا بۆمبارانی شارەکانی کوردستان لە شەری وێران — ئێراق دا و ئەنفالە بەدناوەکەی بەعسیان و کۆمەڵ کوژیەکەی قارنێ و کۆرەوە مێژووییەکەی باشووری کوردستان و مەرگەساتەکەی هەڵەبجەی شەهید و کوشتارەکانی باکوور و...

ئەمەش چەند نموونەیەکی شێعری مامۆستا ئەفزاری:

**لاله**

بەهارە گوڵ دەروێنەوە
کوێرەکانی دەزێنەوە
باڵندە پۆل پۆل دێنەوە
لە کوردستان بسێنەوە
کەو وکۆتر وقەل وقازن
شەهێن وشمقار وبازن
هەموو خەریکی پەروازن
بۆ کوردستانی دێنەوە
دەزانن کورد بێ فێڵترن
رێگای پەلەوەر ناگرن
بە داو باڵندان ناگرن
تەپکەیان لەبۆ نانێنەوە
کورد خۆی تینووی ئازادی یە
کەیفی لە نەغمەی شادی یە
بێزار لە گشت بێ دادی یە
لە هەر لایێ ڕا بێنەوە
دیسان هات تەشریفی بەهار
بەهاری پڕگوڵ و گوڵزار
گوڵ شین دەبن لە چوار کەنار
بەسروەی با دەشنێنەوە
لالە، نەسرین و نەسترەن
خونچە، چنوور و یاسەمەن
عەتر دەرژێننە سەر چەمەن
سەت دڵیان پێ دەکرێنەوە
داردەردەکا شکۆفە گوڵ
دڵی بلبل دێنێتە کوڵ
ئەویندار لێکتر ناکەن سڵ
دەستەو لە ملان وەردێنەوە
چیاو دەشت و دۆڵ ونزار
هەموو با ببنە لالەزار
بەتۆچی"ئەفزاری"بەهار
زامی دڵت مەکولێنەوە.

**تێبینی/ سەرەڕای هەوڵی زۆر وێنەی ئەفزاری مان دەست نەکەوت، تکایە ئەگەر دەکرێ وێنەی کەسێکی وەك سێبەر بۆ دابنێن، ((مەحمود باوزی))**



ئۆمبرتۆ ئیکۆ

# پێناسە هەڵەگری دەمارگیری

لەفارسیەوە/ئەرسەلان حەسەن

بنەڕەتخوازی و یەکبوونخوازی وەك بەڵگە نەویستترین شێوازی دەمارگیری و هەروەها چەمکگەلێکی سەخت بەیەکەوە بەستراو لەقەڵەم دەدرێن. ئەگەر بۆ فەرهەنگۆکی (پتی ڕوبێر) یا (کولتوری مێژوویی زمانی فەرەنسە) بگەڕێینەوە، دەبینین کە لە پێناسەکردنی بنەڕەت خوازیدا، یەکسەر ئاماژە بە وشەی یەکبوونخوازی کراوە و ئەمەش وادەکات کە پێمانوابێت هەموو بنەڕەتخوازو یەکبوونخوازن و بەپێچەوا نەوە. بەلآم تەنانەت ئەگەر شتێکی وا لە زۆربەی مەسەلەکاندا ڕاستبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بگەینە ئەنجام کەهەموو دەمارگیرە کان، بناژۆیی یا یەکبوونخوازن. گەرچی لە ئێستادا ڕووبەڕووی شێوازی جیای بنەڕەتخوازی بووینەوە و هەنگاوی یەکبوونخوازانەش لە هەموو شوێنێك







بەرچاو دەکەوێت، بەم حاڵە مەسەلەی دەمارگیری قوڵترو مەترسی وروژێنەرترە.
بنەڕەتخوازی لە زاراوەی مێژووییدا پرسێکی هێرمۆنەتیك و پەیوەندی بە شێوەی وەرگێڕان و ڕاڤەی کتێبی پیرۆزەوە هەیە.
بنەڕەتخوازی نوێی خۆراوایی لە سەدەی نۆزدە و لە کۆمەڵگای پڕۆتستانتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هاتۆتەئاراو وەرگێڕانی وشە بەوشەی دەقی پیرۆز، بەتایبەت لەبەستێنی جیهان ناسیدا ئامانجی بوو" چونکە لەم بوارەدا وا بەزەین دەگەیشت زانستی ئەو سەردەمە گێڕانەوەی کتێبی پیرۆز ڕەتدەکاتەوە. بەم شێوەیە هەرجۆرە ڕاڤەو وەرگێڕانی ئەندێشەیی یا شێوازی فێرکردن کە گومان لە دەقی پیرۆز زۆر دەکات، زۆرجار دەمارگیرانە دەکەوێتە ژێر نارەزاییەوە، هەروەك کە پاشان لە هەراوزەنای دژی داریۆنیزم ڕوویدا.

ئەم فۆرمی مەیل بۆ وەرگێڕانی وشە بە وشە، لە مێژینەیەکی کۆنی هەیەو زیاتریش لە بەینی باوکانی کڵێسا، لە نێوان ئەو کەسانە مایەی باس و مشتومڕ بووە، کە بەندی وشە بوون و ئەوانی دی کە – وەك قەشە ئۆگەستین – زیاتر باوەڕییان بە ڕاڤەی نەرم نوێنیە. بەڵام لە چاخی نوێدا، بنەڕەتخوازی تەسکبینانە هەردەیتوانی بۆ دیاردەی پڕۆتستانتی بگۆڕێت" چونکە بۆ بنەڕەتخوازبوون دەبوایە قبوڵت با کە لە ڕاڤەی کتێبی پیرۆزدا بنچینە و بنەمای حەقیقەت پەنهانە. لە کۆمەڵگای کاسۆلیکدا، دەسەڵاتی کڵێسایە کە پشتیوانی لە ڕاڤەی دەقی پیرۆز دەکات. بۆیە ئەم کارە لەبەرامبەر بزاوتی پارێزکارانەی وەك بنەڕەتخوازی پڕۆتستان لەنێو کاسۆلیکەکان زیاتر شێوازی باوخوازی بەخۆوە دەگرێت. دیارە بنەڕەتخوازی ئیسلامی و بنەڕەتخوازی جولەکەشمان هەیە.

بەڵام ئایا هەموجۆرێکی بنەڕەتخوازی وەك پێویست دەمارگیرانەیە؟ بێگومان لەجوغزی هێرمۆنەتیك بەڵێ، بەڵام لەچێوەی سیاسەت دا وەك پێویست وا نیە. دەکرێ لەم ڕووەوە تاقمی بنەڕەتخواز لەبەرچاو بگری کەوایاندەزانی هەڵبژێردراوان لەئیمتیازی تێگەیشتنی کتێبی پیرۆز، ئەویش هەر بەشێوەی ڕاستەقینەی، بەهرەمەندن بێ ئەوەی کە تاقمێکی وا پشتیوانی لەتازەیی ئایین کردبێت یا بیەوێت وا لە ئەوانی دی بکات تا لەم باوەڕەدا بەشداربن یا بۆ ڕەگاژۆی کۆمەڵگایەك بجەنگن کە بەزۆرەملێیی بیروباوەڕێکی وا قبوڵ بکەن.

مەبەست لە یەکبوونخوازی، ڕوانگەی ئایینی و هاوکات سیاسیە، پشت ئەستوور



بەوەی کە بنەمای ئایینی هەم دەبێ بۆژیاری سیاسی کۆمەڵگا مۆدیلێك بێت و هەم سەرچاوەیەك بۆ یاساکانی دەوڵەت. ئەگەر بنەڕەتخوازی و باوخوازی لەبنچینەدا پابەندی باوەڕە باوەکانن، لەبەرامبەریاندا

یەکبوونخوازی پێشکەوتوو تەنانەت شۆڕشگێڕیش هەیە. هەندێك لەجولانەوەکانی یەکبوونخوازانەی کاسۆلیکی بنەڕەت خواز نین و بێ هیچ جەختکردنەوەیەك لەخوێندنەوەی وشە







بەوشەی کتێبی پیرۆز بۆگەیشتن بەکۆمەڵگا خەبات دەکات کە ئیلهامی لە بنەمای مەسیحیەت وەرگرتووە. تەنانەت هەندێکجار ئامادەی پەسندکردنی جۆرێك لەجیهانناسی یاخواناسی ئیلهام وەرگرتوو لەتەیاری دووشاردنیشن.[1]

ئێستا بزانە جیاوازیەکان دەتوانن چەند مووبەموو وردبین بن. نمونە (دیقەتی سەرنجی سیاسی)[2] لە ئەمریکا لەبەرچاو بگری. ئەم دیاردەیە سەرچاوە لە پێویستی بە پەسندکردنی جیاوازی هەبوو دەگرێت و لەبارەی مەسەلەی ئایینیەوە، ڕوانگەیەکی کراوە و ئازادی بیرکردنەوەی هەیە، بنەڕەتخواز ئەژمارناکرێت. هەرچەند دیاردەیەکی وا دژی ڕەگەزخوازییە، کەچی پەیتا پەیتا بۆ شێوازێکی نوێی بنەڕەتخوازی دەگۆڕێت کە بە شێوازی مەزهەبی و کەموزۆر ئایینی، سوود لەزمانی ڕۆژانە وەردەگرێت" زمانێك کە سەروکاری لەگەڵ مانای ڕواڵەتی وشە هەیە بێ ئەوەی کە بەدوای ڕۆح و هەقیقەتیەوە بێت. بەمجۆرەیە کە دەکرێت تاکێکی کوێر بەمەرجی (نابینا) ناو لێنان یا (خاوەنی هەست و تێگەیشتنی تر) زانینەکانی، لەخەڵك هەڵاوێر بکات" یا دەکرێت لەبارەی ئەوکەسانەوە جیاوازی بکات، کە پەیڕەوی بنەمای سیاسی ڕاست و ورد) ناکەن.

بەڵام ڕەگەزخوازی چییە؟ بێشك ڕەگەزخوازی نازی تۆلیتار بووە و دەیویست زانستیانە خۆی بخاتەڕوو، بەڵام لەبنچینەدا پەیوەندی بە ڕەگەز، شتێکەوە نیە، کە بنەڕەتخوازانە بێت. ڕەگەزخوازی نازانستی جوڵانەوەی وەك یەکیەتی ئیتالیا، یا ڕەگەزخوازی نیمچە زانستی لە ڕەگوڕیشەی کولتوری هاوشێوە بەهرەمەند نین (لە ڕاستیدا یەکیەتی ئیتالیا هەرگیز ڕەگوڕیشەی کولتوری نیە). بەڵام هەرچۆنێکبێت بە ڕەگەزخوازی ئەژمار بکرێت.

بەڵام ئایا دەمارگیری لە پێناسەی وەك: بنەڕەتخوازی، باوخوازی، تێکڕاخوازی و ڕەگەزخوازیدا، تەرخاندەکرێت بۆ یاری دژایەتی وردی واتایی؟ لە ڕابردوودا هیچ شێوازێکی دەمارگیری نیە کە ڕەگەزخواز نەبێت (وەك دەمارگیری لەبەرامبەر ملحد یا دەمارگیری دیکتاتۆرەکان لەبەرامبەر نەیارانی سیاسییان). دەمارگیری پرسێکی زۆر قوڵ، بەربڵاو سەرچاوەی دیاردە گەلێکە کە جیاوازی بەرچاویان هەیە.

بنەڕەتخوازی، تێکڕاخوازی، ڕەگەزخوازی نیمچە زانستی، هەموویان بابەتی زارەکی و جۆرێك ئایدۆلۆژی لەخۆدەگرن. بەڵام دەمارگیری، بەدەر لەهەر ئایدیۆلۆژیاو بۆچوونێك، پێکدێت. بۆیە دەمارگیری

تـەنیا ڕەگوڕیشەی بـایۆلۆژی هەیـە کـە لـە ئاژەڵـدا بەچەشـنی ڕەفتـاری قەڵـەمڕەوی سەرهەڵدەدات و لەسەربنەمای کاردانـەوەی هەسـت و زۆرجـار ڕواڵـەتی وەسـتاوەتەوە. ئێمە ئەوانەمان خۆش ناوێن کە لەگەڵما نـدا نین چونکە ڕەنگی پێستییان جیـاوازە یـا بەزمانێك قسە دەکـەن کـەتێیان ناگـەین یـا چونکە بـۆق، سـەگ، مـەیموون، بـەراز و یـا سیر دەخۆن و خۆیان دەکوتن (تاتۆ).

دەمـارگیری لەبەرامبـەر ئـەوەی خـاڵی وەرچـەرخانە لەمنداڵانـدا — کـە بوونـە خاوەنی کاڵەکێك هەرئەوەی حەزییان لێیـە — کارێکی ئاساییە، بەڵام بەداخەوە گەرچی مرۆڤ چەند زووتـر بەسـەر جەسـتەی خۆیدا زاڵ دەبێت، لێبـوردەیی و هـەڵکردن تـەنیا بـــەهۆی ڕێنمـــایی دایمـــی و ئـــەوەش لەگەورەکاندا دێتەدی. بۆچی مرۆڤ لـەژیانی ڕۆژانـەیدا، بـەردەوام لەبـەردەم هـوروژمی سەرچـاوەگرتوو لـــەجیاوازی "خـــاڵی وەر چـەرخان" دایـە. بیرمەنـدانیش وۆرتـر لـەو ئامۆژگاریانە دەکۆڵنەوە کە پەیوەندییان بە جیاوازیـــەوە هەیـــە، بـــەڵام قـــەت خـــۆ لەمەسەلەی دەمارگیری دڕندانە نا دزنـەوە، چونکە دەمارگیری لەچێوەی هیچ پێناسـەو شیکارێکدا جێی نابێتەوە.

هەرچـــەند سەرچـــاوەی دەمـــارگیری دڕندانـە، پەیوەنـدی بەبنـەمای جیـاوازی "خـــاڵی وەرچـــەرخان"ەوە نیـــە، بەپێچەوانەوە ئـەم بنەمایـە، لـە ڕاسـتیدا سـوود لەبـەربواری دەمـارگیری بڵاوو قـوڵ وەردەگرێت کە لەئەزەلەوە هەیە. بۆ نمونە خـۆ لەهـەمان مەسـەلەی (بەدواداچـوون و ئـــازاری سیاســـیەکان)[٣] بدزینـــەوە" مەسەلەیەك کە پەیوەنـدی بەسـەردەمێکی دوورو نادیـــارەوە نیـــە، بـــەڵکو زادەی هەلومـەرجی سـەدەی نـوێ یـە. Males Maleficarum[4] شـەش سـاڵ پـێش دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا دەنوسرێت و هاوسـەدەی pica de la Mira dole[٥]، و لەگـەڵ Marilee Fiction[٦] وئۆمانیزمی فلۆرانسی. (وڕێنـەی شـەیتانی جادووگـــەران) بەرهـــەمی Boding، بەقەڵەمی کەسێکە لەسـەردەمی بوژانـەوە کـە پـاش دۆزینـەوەی کۆپـەرنیك دەسـتی بەنوسـین کـردووە ! ڕوونکردنـەوەی ئـەم خاڵە کاری من نیە، کە بۆچی جیهانی نـوێ دەربـارەی بـەدوا داچـوون و ئـازاری سیاســـیەکان لەســـەرنجی زارەکـــی دەکۆڵێتەوە. تەنیا دەمەوێ بیربێنمەوە کە دەکرێت بنەمایەکی وا بەم بەڵگەیـە بنیـات بنرێـت کـە پێـشتر جۆرێـك بـەدگومانی دەربـارەی جادووگـەران لەخەڵکدا هەیـە. دەکرێـت بنـەمای نـاوبراو لەســـەردەمی دێـرینی کلاسـیك (هـۆراس لـەم بارەیـەوە





دەدوا)، لەبڕیاریRotariesو لـە (پـەیامی خوایان) بەرهـەمی سـنت تۆمـاس دا هەیـە. ئـەم بنەمایـە وەك ڕاسـتیەك ڕێـك هێنـدەی دزەکـان لەمادەیـەك لـەمادەکانی مافـەکانی سزادا دابوو. بەڵام نابیروبـاوەڕی ڕەشـۆکی، بنیاتنـــانی بنـــەمای ئـــازارو ئەشـــکەنجە نەشیاوە.

شـەڕی جوولەکـە بـە زاراوەی زانـستی، لەسەدەی نۆزدە سـەری هەڵدا، بـەڵام هـەر لەئێـــستادابوو کـــە بـــۆ جەماوەرناســـی هەمـــەگیری نـــەوەکوژی و ڕاپەڕانـــدنی پیـشەییەکەی گـۆڕا. لەگـەڵ ئەوەشـدا جیـا لەپاســـاوی تایبـــەتی ســـەرهەڵدانی ئـــەم دیاردەیە، ئەگەر پێش ئـەم جەدەلـەی دژی جولە کە لەلایەن باوکانی کلێسا بـاو نـەبوو (گەرچی بـە زارەکـی وەك جـەدەلی مەسـیح ناسـانە)و لەجەماوەریـشدا، هەرشـوێنێك گەڕەکی جولەکە نشینی لێ بێ، بە کردەوە جۆرێـك شـەڕی جوولەکــە بەدرێــژایی سـەدەکانی ناوەڕاسـت خـۆی دەرناخـات، ئەوکاتـە شـەڕی جولەکـە هـەرگیز سـەر هـەڵنادات. تیـۆری پەیوەسـت بـەپیلانی جوولەکـە لەسـەرەتای سـەدەی نـۆزدەش نەبووە، پەیدابوونی شـەڕی جوولەکـە لـەناو جـەماوەردا بـەڵکو ئـەم تیۆرانـە سـوودییان لەنـەفرەت و قـین وەرگـرت کـە پێـشتر دەربـارەی جیـاوازی "خـاڵی وەرچـەرخان" هەبوو.

کەچـی ترسناکترین جـۆری دەمـارگیری بـێ ئـەوەی کـە هـیچ ڕێبازێـك هـەبێت، دەمارگیرییەکـە سەرچـاوە لەهەڵـچوونی سەرەتایی دەگرێت چونکە گرفتە بتوانرێت بەهۆی سەلماندنی لۆژیکی، دەستنیـشان یـا ڕەتبکرێتـەوە، هـەروەك ڕەگـەزخوازی زارەکی لە (شەڕەکانم)[٧] دەکرێت لـەڕووی ڕەخنـەو نـاڕەزایی بنـچینەیی پـەلاماری بدرێت و لەبەین بچێت. بەڵام ئەگـەر تـوانی درێـژە بـەژیانی خـۆی بـدات و ئەمرۆکـەش وێڕای دژایەتیەکان ماوەتەوە، بەم بەڵگەیە کـە ئـەمجۆرەی ڕەگـەزخوازی ڕەگـی لـەدەمارگیری دڕندانـە یـا لەڕاسـتیدا نەزانانەدایە کە لـە بنچینەدا هـیچ پێـوەرو ڕەخنەیەك قبوڵ ناکرێت. مـن دەمـارگیری لـە لایـەنگرانی یەکیـەتی ئیتالیا ترسـناکتر لەدەمارگیری هەبوو لـە بـەرەی نەتـەوەیی لوپن[٨] دەزانم. چونکە لوپن لەباکگراونـدی خۆیـەوە تیۆرێـك بەیـەدەك دادەنـێ کـە کەشیشانێك ئاڕاستەیان کردووە کە پاشان لێی هەڵگەڕاونەوە. لەکاتێکدا کە Bossy جگـە لەهەڵـچوونی سـەرەتایی (ئەوەنـدە بەسە سـەرنج لەقسەکانی بـدەی) شـتێکی دیکـە لـەخۆی دەرنـا خـات و بۆیـەش ترسناکترە.

بێین چاوێك بەوەدا بخشێنین کەئەمرۆکە

لەئیتالیا دەگوزەرێت" ولاتێک کە تەنیا لەهەفتەیەکدا ١٢٠٠٠ئەلبانی چوونە ناویەوە. مۆدێلی گشتی و هەروەها فەرمی، هەمان مۆدێلی پەسندکردن و پێشوازی مرۆڤ دۆستانە بوو. تەنانەت ئەوانەی کە دەیانەویست ڕێ لەو کۆچە بەرفراوانە بگرن، پەنایان بۆ پاساوی ئابووری و کۆمەڵناسی برد، نەک بۆ پاساوی ڕەگەزخوازانە. بەلام هەرجۆرە تیۆرێك لەبەرامبەر دەمارگیری درندانە ڕەنگی دەگۆڕێت، کە فێڵبازانە گەشە دەکات و ڕۆژبەڕۆژ گەشە دەکات و دەتەنێتەوە. دەمارگیری درندانە بە هاوکاری خولگەی ڕیزبەندی کاردەکات و بەگشتی هەموو تیۆری ڕەگەزخوازانەی پاشانیش لەخۆیدا جێ دەکاتەوە: ئەگەر چەند ئەلبانیەك کە لەم ساڵانەی دواییدا چوونەتە ئیتالیا، بوونە دزوخراپەکار، بەمجۆرە ئەنجامگیری دەکرێت کە هەموو ئەلبانیەکان دزو خراپەکارن. ئەمە هەمان خولگەی کورتی ترسناکە چونکە هەریەك لەئێمە ئامادەین خوو بدەینە ئەوجۆرە بەڵگانە: ئەوەندە بەسە کە لەفرۆکەخانەی ولاتێك جانتاکانمان بدزرێن تا بەڕاشکاوی بگەینە ئەو باوەڕەی کە دەبێ لەتەواوی خەڵکی ئەم مەملەکەتە خۆبپارێزین.

لەوەخراپتر، ترسناکترین جۆری دەمارگیری، پەیوەندی بە هەژاریەوە هەیە" هەر ئەوانەی کە قوربانی جیاوازی "خاڵی وەرچەرخان"ن. ڕەگەزخوازی تایبەت بە دەوڵەمەندانە و هەربەوە وازییان هێناوە کە تیۆرەکانی پەیوەست بە ڕەگەزخوازی بخەنەڕوو. بەلام هەژارەکانن کە بەکردەوە دەبنە ڕەگەزخواز – کە لەڕاستیدا توندترین جۆریەتی –.

کاتێك دەمارگیری دەبێتە زارەکی، ئیدی بۆ بەچۆکداهێنانی زۆر درەنگە و ئەوکەسانەی کە دەبوایە بەسەریدا زاڵبن (واتا ڕووناکبیران) یەکەم قوربانینی. بۆیە دەبێ ڕووناکبیران لەگەڵ دەمارگیری درندانە بجەنگن، بەلام ئەم دەمارگیریە بەجۆرێك نەفامانەو سەرەتاییە کە تێفکرین لەبەرامبەر ئەم هەموو کارەساتانە داماو دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا خەباتمان هەرلەوێوە دەست پێ دەکات" دەبێ بزانین کە چۆن دەچینە ناخی تاریك و نوتەکی دەمارگیری درندانەوە و پێش ئەوەی کە بنوسرێت بەکنەی هەرچی زۆرتر ڕێك لەهەمان شوێن بیدۆزینەوە، کە خشتی یەکەمی دادەنرێت.

١- Die-hard de Char din(١٩٥٥-١٨٨١)، دێرینەناس و زانای تیۆلۆژی.

٢-Political Correctness.







٣-لەبنچینەدا Chasse aux sorcerers(خستنەداوی جادووگەران) کە لەوانەیە پاشان بە خوازە لەبەدواداچوون و ئەشکەنجەی نەیارانی دەوڵەت یا حزبی فەرمانڕەوا بەکارببرێت.

٤-(١٤٨٦) Males Malefic arum لەگەڵ وەرگێرانی فەرەنسی Le mortal sorceries (پتکی جادووگەران) بەدەستی دووکەس لەئەندامانی ئەنگیزیسیۆن بەناوەکانی Jacques وHoary Initiator's Springerنوسرا.

٥-pick de la Mira dole(١٤٩٤-١٤٦٣)،زانای ئۆمانیزمیەت و ئەفلاتوون ناسی ئیتالی کە تەیفێکی فراوانی فەیلەسوفانی سەدەی بوژانەوە کە لەژێر کاریگەری دابوون. لەتایبەتمەندیەکانی شێوازی تێفکرینی توانای لەشیکارو ئاشتکردنەوەی ڕوانگە دژەکان لەگەڵ یەکتری.

٦-Marcela Fiction (١٤٩٩-٤٣٣) فەیلەسوف و بیرمەندی ئیتالی کە فکروبیروباوەڕی ڕۆشنگەرانەی کاریگەری بەرچاوی لەفۆرمۆلەبوونی ڕێنسانسدا هەیە. لایەنگری جۆرێك ئایینی سرووشتییە کە بەدوور لەترس و تۆقین سەرچاوە گرتوو لەگوناه، بە دوای گەیشتن بە ڕزگاری یا هەرئەو ئارامی دەروونیە.

٧-Miens Kempsبەرهەمی ئەدۆلف هیتلەر.

٨-Leperڕابەری دەستە ڕاست و ڕەگەزپەرستی بەرەی نەتەوەیی لەفەرەنسا.

*-سەرچاوە/ادینە/١٣٧،ترجمە/چیترا رهبر



زایەر زەنگنە

# ژنێ لە شوشە
# گەڕانێکە بە ناو میتۆلۆژیادا

**بەژنی ئەو**
**پڕ بووە لە شێتی قەسیدە .**

قەسیدە بە خۆی هەیەجانە، گەڕانە بەدووی ڕایەڵەکانی رووحی مرۆڤ و، فڕینە بەرەو ئەو جیهانەی، کە لە ناخەوە دەیهەوێت پێی بگات. نیشتنەوەیە بەسەر تەوەرەکانی ژیان و دۆزینەوەی بەها ڕۆحییەکان، چوونە ناو خەڵوەتگای نهێنییەکانی ئەوینە! بە هەموو مانا جوانەکانییەوە، کاتێك شیعرێ لە دایك دەبێت فەلسەفەیەکی نوێ بە ڕۆحی ژیار ئاشنا دەبێت و، مۆسیقایەك لە فیکەی ڕیتم و وشەو پیتە مانا بەخشەکانییەوە بە گوێی نەمریدا دەچرێ، ئا بەو ئاوایە ژیان دەگوزەرێ و، شیعریش بە گش پۆشاکە سەردەمیانەو گۆڕانەکانییەوە بە نەمری دەمێنێتەوە، نە پیر دەبێ نە دەمرێ و نە لەناو دەچێ، ئەوە یەکەمین پاوەنکاری هزری مرۆڤایەتییە، کە بەدرێژایی هەزارە و







سەدەوە ساڵ و مانگدا تەریب وێڕای ژیاندا درێژ دەبێتەوە..ژنێ لە شوشە یەکێکە لەو دەقە شیعریانەی شاعیر (سەراب)ە، کە ڕەنگە بەشێك لەو خەسڵەتانە هەڵگرێت و ئاورتە دێتە ناو ژیانەوەو، بەدوای مانایەکی جوان بۆ ڕووداوەکان لە دەرەوەی دونیای ئەبستراکی میتافیزیکەوە دەگەڕێ . ئەگەر بە وردی ئەو شیعرە بخوێنینەوە! وێڕای ئاوێتە بوون دەگەڵ ڕیتم و ئاواز و سەلیقەی تایبەتی شاعیردا بە دونیایەکی تەواو لەبیر کراودا ئاشنا دەبینەوەو، دەمانباتەوە دەرەوەی ژیانی ئاسایی خۆمان، بەدوای خەسڵەتە هەمەجۆرەکانی دا دەگەڕێ! ئەو خەسڵەتە تایبەت و جوانانەی خواوەند بە مرۆڤی بەخشی و لە نیوەی ڕێگەدا ئەهریمەن دەستی تێوەرداو نەیهێشت پێیبگا.. ژنێ لە شوشە گەشتێکی ناوازەی شاعیرە بە نێو دونیا جوانەکەی میتۆلۆژیا بەو ئومێدەی ئاواتە پڕ بەهاکەی مرۆڤایەتی لەو جێگەیەی کە لێی ون بووە وەدۆزێتەوە.. ئەو دەڵێ:

**ئەو ڕۆحە پیرۆزەی لە هەیەجانی**
**کە جارێ مەسیح و**
**جارێ تر خاچەکەی دەیبەخشێ بە مرۆڤ.**

لێرەدا شاعیر بە مەبەستەوەو، بۆ ئەوەی تەواوی ویستەکان لە توێی وشەکاندا بە کەمترین دەربڕین و، زۆرترین ماناوە نیشان بدات . سیمبول دێنێتە پێشەوەو، بۆ مەسیح بەهایەك و خاچەکەی کێشێ تر بەرجەستە دەکات و مەسیح، کە نیشانەی لێبوردەیی و ئاشت بوونەوەیە بە هەموو مانا وێژەییەکەیەوە دەیان دەروازە بۆ گفتوگۆ ئاخافتن ئاوەڵادەکاتەوە، سەراب مەسیح دێنێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ جارێکی دی، ئەو کێشمەکێشمە مێژووییەی نێوان ئایینەکان و پەیامبەرەکان دێنێتە ئاراوە. لە ڕێگەی مەسیحی پەیامبەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەخشندەیی مێیینەو، ئەو دەمەی خواوەندی دایك دوور لە هەموو سزایەك دەگەڵ بەندەکانی خۆیدا بە میهرەبانییەوە دەژیا ! هێشتا مرۆڤەکان مانایەکیان بۆ جەنگ و کوشتارو بە گژاچوونەوە لە فەرهەنگی ژیاندا نەبوو، بۆ ئەو دەمە کە خواوەند ئافرۆدیت (ئەناهیتا) لەو عەشقە مەزنەی بۆ عەشتاروت هەیبوو، ئەوینی بەسەر هەموو مێینەکانی سەر زەویدا دەبەخشیەوەو، ئەوان لە وەرزی ژیانەوەو گیان بە بەردا هاتنەوەی ژیاندا خۆیان پێشکەش بە سروشت دەکرد، تا ئەفسوونی خۆی پیشان بدات، بەو خۆ بەخشینەی کە بەردەوام بە جووت بون لەگەڵ نێرینەکاندا کۆتایی دەهات، کۆرپەیەك بە سروشت ببەخشن و، دڵی خواوەندی پێ خۆش بکەن، هەر بەو



شێوەیە درەخت و ئاژەڵەکانیش. ئەوان لەناو یەک بازنەی ژیاندا دەخولانەوە، کە هەرگیز لە یەکتر دانەدەبڕان! تەنانەت لەدایک بوونی بێ باوکانەی حەزرەتی مەسیحیش بەرجەستە کردنەوەی هەمان تێڕوانینی ژنی بەخشندەو خودان ژیانە، ئەوە ڕۆحی خواوەندە، مریەم ئاوس دەکات، بێ ئەوەی مرۆڤێك دەستی بیگاتێ! دواتریش هەر ڕۆحی مێینەی ئەو خواوەندە بەخشندەیەیە، لە مەسیحی نێردا ڕەنگ ئەداتەوە، ئەوە تێکەڵ کردنی دوو ڕەگەزە، کە بەر جەستەی نێرینەیەك بە ڕۆحیانەت و سۆزی مێینەوە هێمای قوڵبوونەوەی شاعیرە، بە ناو و ژێیەکانی بیری ئەفسانەی و ئامێتەبوون دەگەڵ فەنتازیاو بەرهەم هێنانەوەی یەکەمین





پیتەکانی ئایینە، لە کاتێکدا کە سەردەمێك بەسەر مەرگی خواوەندی دایك دا تێپەڕیوە، بۆیە مرۆڤەکان لەو کاتەوە خواوەند بە شمشێری عەقڵی پیاوسالاری لەناو دەچێ! ئیتر هزری مرۆڤەکانیش لەو خاڵەدا دەوەستن و ناکارن لەوە بگەن، کە ئەوە ڕۆحیانەتی خواوەندی دایکە لە چینەکانی هەرە ژێرەوەی ستەمی عەقڵی نێرینەوە سەر دەردەهێنێتەوە، تا پەیامی خواوەند بە مرۆڤەکان بگەیەنێت و، لەو بێدەربەسی لووت بەرزییەی خۆیان ئاگاداریان بکاتەوە. ئەو ژنە تەواوی ئەو پەیامەیە و سەر لە نوێ لە ناو زەمانەوە سەر دەر دەهێنێتەوە، تا بێژێ ئەوەی ئینگۆ بە نەزانی خۆتان لە خاچی ئەدەنەوە ڕۆحیانەتی خواوەندێکە، کە یەشتا سێبەری لە ڕێگەی ژن بوونەوە ژیان و، بەها ناسکەکانی دەپارێزێ! شاعیر ویستوویەتی وا بڵێ، بۆیە نەك تەنها مەسیح بە خۆی بەڵکو خاچەکەشی،

جارێ تر خاچەکەی دەیبەخشێ بە مرۆڤ. پەیامی مەسیحیش بە لە خاچدانەکەی مەزنتر دەبێت و، تەواوی سیمبولە مرۆڤایەتییەکان بۆ مرۆڤایەتی بەجێ دەهێڵێ، ئەو دەبێتە قوربانی بیرو بڕوا نەرم و بەخشندەکانی! ئەو دەبێتەوە بە قوربانی پەیامە بەسۆزە دایکانەکەی. ئەو دایکەی چەندین سەدەیە لە هزری مرۆڤایەتیدا ون بووە، لە جێگەی ئەوە پەیکەرێکی نێرینەی تژی لە جەور و ستەم، فەرمان ڕەوایی دەکات و، فرمان بە کوشتن و لە نێو بردن و تۆڵە سەندنەوە دەکات. ئەو پەیکەرە خواوەندەی لە دوای کوشتنی خواوەندی دایك زۆر بێڕەحمانە لە سەر عەقیدەی جیاواز بیروبۆچوونی جیاواز پشت تێکردن و، دەرچوون لە ریتوالە خوێناوییەکانی تۆڵە بە مەرگ و سەپاندنی سزای توند دەکاتەوە، ئەو پەیکەرە خواییەی مەسیح هەڵدەواسێ و بیری خۆشەویستی لەسێدارە دەداو، ئەوین و لێبوردە و بەخشندەیی لە خاچ ئەدات. ! شاعیر دەڵێت ئەو ژنەیە، کە پڕ بووە لە شێتی قەسیدە! چونکە لە وەها دەمێکدا تەنها هەڵبەستە جوانەکانی، کە بۆ خۆشەویستی گوتراون! تینوێتی دەشکێنن و دەبنەوە دونیای میسالی مرۆڤ و، دەبێتە ئەو ژیانەی عەودالێتی و هەرگیز نایگاتێ..

**ئەو ژنە دەیەوێ**

**تەواوی داری عەساکەی مووسا**

**بگرێتە دڵی من و....**

ئەو ژنەی سەراب لە م شیعرەدا لێ دەئاخفێ، گاڵتەو گەمەو شۆخی بە هەموو سیحرەکانی سەردەمی خۆی دەکات و، دەیهەوێت ڕووە ناجۆرو درۆ جوانەکان، هونەرە بێ سەلیقەکان، کە بۆ خەڵەتاندن ئارایشت کراون پووچەڵ بکاتەوە. مووسا

ئەو شۆڕشگێڕەی یەکەم یاخی بوون لەناو هزری مەملەکەتێکی تژی بە شارستانیەت دەست پێدەکات! یەکەم ڕستەی مرۆڤ بوونی خۆی دەنووسێتەوە، یەکەمین لەوح ئەداتە پشتداو، بە دووی ڕاستیدا وێڵ دەبێت و، هەموو ڕۆژێ لە سەر چیای توور بە خواوەندی خۆی دەگات و، بەو حەوسەڵە درێژەی خۆی، کە هەیەتی گومرابوون لە خۆی ئەتەکێنێ و، بێ سڵمینەوە لە حەقیقەتی خودا دەگەڕێ، ئەوە ئەو ژنەیە، کە لە هەرجێگەیەك گومرابوون بەدی بکات بە دار عەساکەی دەیپێکێ و، جەنگی لەگەڵدا بەرپا دەکات، شەڕ بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، بۆ بەرز ڕاگرتنی بەها جوانەکانی مرۆڤ دەکات. ئەو ژنە، کە هەر بە خۆی جارێك خواوەندە و جارێك پەیامبەرە! دەبێتەوە مووسای سەردەمی خۆی و لەگەڵ عیسادا دووانەیەکن سروشت بەرهەمی هێناونەتەوەو، ڕۆڵی بەخشندەیی و جورئەت و بوێری پێ بەخشیوون بەو پێیەی مووسا سۆفییەکی گەریدەیەو، بەو هەموو لێبوردەییەوە، هێمان قوتابی زاهیدەو دەیهەوێ لە ڕێگەی ئەو گەڕانەوە، کە کەسێکی چوون پیرخدری هەمیشە زیندوو! دەکاتە هاوەڵی خۆی و بە دووی دەکەوێت و دەبێتە قوتابی ئەو بەو چەشنەش

**ئەو ژنە**

**زاکیرەی هاورێتی!**

**بێنێتە پێشەوە**

**بە سولەیمانیش بڵێ!**

**تو حوزنی کوکوختی و بەرائەتی پەپوولە**

**خێرابکەو**

**زمانی سەرابی ئەم عیشقەم فێر بکە..**

هاورێیەتی و عەشق عەساکەی مووساو زمانزانی سولەیمان، حوزنی کوکوختی و بەرائەتی پەپوولە، ئەو کۆمەلە واژە پڕ لە مانایەن بەناو ئایین و میتولوژیا و هونەری میلی دا شۆر دەبنەوەو، چەمك و ناسنامەی جودا دەهێننە کایەوە، ئەوانە گوزارشت گەلیکن زۆرترین کات عەودالیان پێوە دیارە و، سەرابی شاعیر بە مەبەستەوە ویستویەتی تەوزیفان بکات، عەشق و هاورێەتی هەر بەڕاستی لە لای مووسا بوونی هەبووە، ئەو دەمانەی بەدووای ڕاستیدا وێڵ دەبێت مووسا لە درێژەی گەشتەکەیدا دوو جاران تووشی ئەم ڕەوشە دەبێت، جاری یەکەمیان کاتێ لە دەستی فیرعەون هەڵدێت و، بەو بیابانەدا لەگەڵ ماڵبات و هۆزەکەیدا کۆچ بەرەو زەوی چاوەروان کراو دەکەن! هەرچەندە هاورێکانی تووشی نارەحەتی دەکەن، ئەو عەشقە خوداییەی لە ناخیدایە جێ پێی قایم تر دەکات و، مکور تر





پێنگاڤ دەنێت زایندەیی عەشقی ئەو هاورێیەتییە لە ئاسمانێ ڕاوە باڵداریان بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ دەبارێنێ، تابیکەنە خۆراکی ژەمەکانیان و لە برسێتی قوتاریان بێت! ئەو بەوئاوایە! گەرەکییەتی باسی عەشق و هاورێیەتی بکات، کە بە شێکیان پریەتی لە پاڕانەوە و پاژەکەیدیان بڕوا و شەقاونان لە پێناو ڕاستیدا ژنێك دەیهەوێت مینا دار عەساکەی موسا لیپاو لیپ لە ڕاستی وەك زمانی باڵندەکان جوانترین ئاواز بە گوێی ژیاندا بچرێ. وەلێ ئەو غەمگینە چون ئەو کوکوختییەی لە زمانی منداڵیماندا چیرۆکەکانیمان دەژنەوت و بەدیار بێ ئوقرەییەوە، پێشمان دەخواردەوەو غەمبار دەبووین! وەك ئەوکیژۆڵە بێ گوناهەی لە ترسی ئەوەی لە کاتی خلافانی بە یارییە بێ گوناهە منداڵانەکەیەوە! لە ترسی ئەوەی لە بەر بێ ئاگایی لەو شیرەی بە دیارییەوە دایان نابوو، تا نەرژێ، کەچی خلافاو لە بێ ئاگاییدا ئەو شیرە کە هەلچوو هێندە لە خودا پاڕایەوە تا بوو بە کۆترە باریکەیەك و بە ڕۆژگاری خودایە بە دووای زردایکەکەیدا دەگەرێ و دەخوێنی تا لەو ترسەی لە ناخیدایە ڕزگاری بکات، ئەو کچە ڕێك وەك پەپوولە بێ گوناه ! وەك بییسوو غەمبار، وەك ئەو ژنەی شاعیر لە شیعرەکەیدا دەیچوێنێ،

ویستویەتی هەموو ڕەگەزەکانی بێگوناهی و میهرەبانی تیا بەرجەستە بکات بەردەوام دەبێت و دەڵێ:

**ئەو ژنە لە ڕێیە!**

**پەنجەرەی دوا سەبری ئەیوبی هێناوە بۆ ئێرە**

**دەیەوێ پەرداخی شەرەفی پیاوانێ بشکێنێ**

........................

لە ڕاستیدا چواندن لە شیعری کوردیدا لە سەردمی نوێ و کلاسیکدا زۆرن و، کوردانیش بە گشتی لە لێکچواندا بە توان و باڵان، پێموایە سەرابیش جوانی پێکاوە لە نیشادان و پێکەوە بەستنی دوو ڕووداوی جیاواز لە دوو سەردەمدا، تەنها ڕایەڵەی کات پێکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەو ئەیوب نیشان ئەدات وەك قوربانی وەك جەلاد، ئەیوب لە یەك کاتدا بە خۆ نیشانەی مکور کردن و توانای بەرگە گرتنە، ئەو لە کاتێکدا بە پەری لەسەر خۆی و کێش کردنەوە دەتوانی لە قەدەر ئەو نەخۆشییەی ڕووی تێ کردووە خۆراگری نیشان بدات! لێ هەر ئەو کەسەشە، کە لە پای ئەوەی شەرەفی شکاوە، هەرەشەی تۆڵە سەندنەوە لە ژنەکەی دەکات. لە چیرۆکی ئەیوبدا ئەوە گوتراوە لەو دەمەی ژنەکەی ڕۆژانە وێرای

ئەو نەخۆشییەی ئەیوب، دەچێ لە شارە نزیکەکان نانی بۆ سواڵ دەکات و، دەرخواردی ئەدات لێ ڕۆژێك کە لەبەر ناچاری پرچەکەی سەری بۆ خاتری نانێك قرت دەکات و دەیبەخشێ! دڵڕەقانە ئەیوب هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات، کە ئەگەر چاك بێتەوە سزای بە جەڵت کردن و تێلا لێدان دەداتەوە. ئەو بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و تەنانەت ساردیش نابێتەوە! ئەوەی شاعیر لێرەدا قسەی لەسەر کردووە، چەمکی ئەو مۆراڵ ئەخلاقیە، کە پیاوان بە گوێرەی ئیشتیای بیر کردنەوەی خۆیان لێکی دەدەنەوە و، لە کاتێکدا مۆرال لە لای ئەیوب کە بە خۆی سیمبولی ئۆقرە گرتنە لەسەر ئازار ئەوەیە، کە بە تەنها لە ڕووکەشی ڕووداوەکانەوە بڕیار لە سەر تاوانباری بەرامبەرەکەی ئەدات و لە خاڵێکدا کۆی دەکاتەوە کەچی لە ڕاستیدا ئەوە ژنەکەیە، ڕەهەندی مرۆڤایەتی هەڵدەگرێت بێ پسانەوە ساردبوونەوە، لەگەڵ ئازارەکانی ئەودا ئاشنا دەبێت و، ڕاستی چیرۆکە، کە سەرابی شاعیر بە دوایدا وێڵەوەو، لای وایە ئەوەی لە مرۆڤ بووندا هەیە زۆر لەوەی مەزن ترە، کە پیاوەکەی بیری لێدەکاتەوە.. هەر بۆیە شاعیر پێی وایە هەموو دەرچوونێك لەو جغزانەی پیاو دەکێشێ شەرەف شکاندنە.ئەو دەیهەوێ پەرداخی شەرەفی پیاوانێ بشکێنێ) کە چەشنی ئەیوب سەرەڕای بەخشندەیی مێینە وەك مرۆڤ، وەك خاك و سروشت وەك هەموو بەخشندەکان، کەچی دواتر پیاوان مامەڵەیەکی ئەندامییانەی لە تەکدا دەکەن،

**ئەو پیاوانەی**

**کە شمشێر**

**لە جێی گوڵ دەخەنە ڕستەوە**

**کەماچی لێوانی شیعرێتی و**

**ژن بوونی دەکوژن**

ئەمە دوالیزمی (ئەیوب) ی قوربانی و ئەیوبی جەلاد، هەمان ئەو دژانەن، کە لە دوا جاران ژن دەکوژن . ئەو زمانەی شاعیر بە کاری بردووە، زمانێکی سادەییە مرۆڤ دەتوانی بە سانایی لێی تێبگات، بەڵام ڕەنگە هەمویان نەتوانن پەی بەو نهێنیانە بەرن، کە لە سێبەر وشەکاندا نمایش دەکەن. بۆیە هێندەی سادە وەدیار دەکەون لە خۆ بەدەستەوەداندا ئاڵۆزن، نایەنە بە ردەست و، پێویستی بە شرۆڤە و لێکدانەوەی جودا هەیە، چون هەموو دەقێ لە ناو خۆیدا، واتای، بە پێی تێگەیشتنی خوێنەر واتای جودا دەبەخشێ ...

ئامون ئەو خواوەندە پر جەورو ستەمەی کە مێژوی میسر پر دەکات لە خوێن، ئەو





خواوەندەی لە کاتی بە گڕ چونەوەی ئاتوندا، هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی لە پێناو مانەوەی خۆیدا دەکاتە قوربانی. ئەمە ئەو بەشەی دیکەیە، ئەو بەشەی گەشتی شاعیرە بە ناو میتولۆژیای پێغەمبەران و، چواندن و هۆنینەوەی لە ناو دەقێکی شیعریدا، بەو مەبەستەی ئامانجێکی دیکە وەدەست بهێنێت

**ئەو ژنە!**

**هەموو کات دەپرسێ یوسفی ئێمە لە کوێیە**

**چاوەڕێی چییەتی بۆ نایات**

**ئەم هەموو ئامونە و**

**ئەو هەموو بتانە بشکێنێ!**

گەشتی یوسف بە خۆی گەشتێکی پر تراژیدیایە! چیرۆکێکە پڕە لە کێشکردنی ئەندێشە، بە دووی هەناسەی بێ پسانەوەی خۆیدا. بۆیە دەبێت هەموو جارێ بزڤرینەوە سەر ئەسلی مەسەلەکە بۆ وەی لە مەبەستە پەنهانییەکانی شاعیر بگەین و، ئەوەی دەیەوێت بیڵێ بیپێکین، ئەو ژنە وێلە وەدوای فریاد ڕەسێکدا بەها تایبەتەکانی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە بۆ سەر جۆگەی خۆی، چوون پرسی شەرەف بە خۆی یەکێکە لەو مەسەلانەی چیرۆکی یوسف بە مەبەستەوە لە سەری دەوەستێ، هێربرت ڕید دەڵێ (بۆ روون کردنەوەی کاری زەینی مرۆڤ لە چەند لاوە چەندین تیۆر بە دیهێنراوە،بەڵام بە بڕوای من ئەو تیۆرانە. زیاتر لایەنی ئاینی مەسەلەکان لە پێش چاو ناگرن و، لەو ڕووەشەوە هەڵەن) شاعیر بەو مەبەستەی مانایەکی تەواو بە مەبەستەکەی بدات زۆرترین کاری لەسەر ئاین کردووە، بۆیە دەبینین ئەو یوسفەی بە خۆی قوربانی دەستی هەوەس بازی ژنە وێڵەکەی ئاغاکەیەتی، لە هەمان کاتدا ئەو فریاد ڕەسەیە، کە لەدووا توخبەکانی دەسەڵاتەوە دەزڤرێتەوە تا پەیامێکی جوان بە هزری مرۆڤایەتیدا بدات، ئەو لە دووای بەسەر بردنی تەمەنێك دەگەڕێتەوە لای یەکەم ژن و، یەکەم تاوانی بۆ هەڵبەسترا، بەڵام نەك بۆ ئەوەی سزای بدات و، تۆڵەی تەمەنێك بەندکردنی بەز سۆنگەیەوە لێ بستێنێتەوە، بەڵکە بۆ ئەوەی دەستی بگرێت و، لە خۆشەویستی ماڵەکوتی نزیك بکاتەوە، نزیك لە خواوەندەێ هەمیشە بە دووای بە هانەیەکدا وێڵە، تا لە بەندەکانی خۆی خۆش بێت و، مۆژدەی دونیایەکی بێ چەوساندنەوەی پێ ببەخشێ! هەڵبەت لە بیری ئاینی یەکتا پەرستی جوولەکەو فەلەو ئیسلامدا ئەوەی بتەکان دەشکێنێ باوکە ئیبراهیمە، کە بە گڕ بتی خواوەندەکاندا دەچێتەوەو دەیانشکێنی، بەڵام بیری ئاینی جیاوازە، دەگەڵ

فەلسەفەی شیعریدا، ئەو مەبەست لە یوسف یەکەمین پەیامبەرە بتەکانی ڕۆحی مرۆڤ دەشکێنی و، میتودی تەماشا کردنی مرۆڤ بە مانا مرۆڤایەتیتەکەی دەهێنیتە پێشەو، لەگەڵ ئەوەی بڕوای بە لایەنی نەگریس مرۆڤ هەیە ! ئەو پانتاییەکی نوێ بۆ لێبوردەیی دەهێنیتە پێشەوەو، دەیهەوی پێمان بێژێ پیویستە گش مرۆڤێك سەح بداتە ناخی خۆی شی بکاتەوە ! تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کە خراپەیان لەگەڵ کردووین بە چاکە ڕەفتار بکەینەوە، کە ئەمەش دیسان دەمان گەڕێنێتەوە بۆ بیرۆکەی خواوەندی دایك، ئەو خواوەندەی بڕوای بە لایەنی خراپی مرۆڤ هەیە ! بەڵام لێبوردەییەکەی هەمیشە ڕێگەی ئەوەی لێدەگرێ، بیر لە تۆڵە بکاتەوە، بەم چەشنەش شاعیر دەیهەوێ ئەو ژنە شووشەییە بکاتە پەیامبەرێکی نوێ، پەیامێ کە لە ناخی شاعیرێتی و سوزی مرۆڤەوە هەڵ دەقولێت،

**ئەو ژنە هاتووە و ئەو**

**پەیامێ دەداتە دەستی خەون**

بەڵام پەیامی ئەو ژنە لە پەیامی مرۆڤە سادەکان جودایە ئەو لە کاتێکدا بەخشندەیی بەسەر ژیاندا دەبەشێنێتەوە ! بە خۆی لە هەموو بە خشندەییەك بێ بەرییە، ئەو ڕێك وەك عیسا وەك یوسف وەك پەیامبەرێك لەو کاتەی لە خاچ دەدرێ نزا دەکات، لەو دەمەی تاوانبار دەکرێت دەپارێتەوە لەو دەمەی دەکرێتە پارو و، پێشکەشی سەر مێزی گوناهکاران دەکرێت، پەیامی خۆی ئاراستەی مرۆڤەکان لە هەر جێگەیەکی سەر ئەم زەمینە هەیەدەکات، کۆچی ئەوین بۆ ناخیان بگەڕێنێتەوە، ئەو بەم شێوەیە ئەدوێت. بەو شێوەیەش پەیامی خۆی پێشکەش دەکات و خاڵ دەخاتی سەر رۆحی وشە، ئەو ژنە نامرێ ئەو خەریکی کۆ کردنەوەی ڕەنگەکانە بۆنەیەك بۆ ئاشت بوونەوە رێك دەخات ! رێك وەك گەشتەکەی نوح، بەڵام ئەو هەر بە تەنها لە هەر توخمێك دوو کەس نابات، ئەو لە هەر رەنگێکی مرۆڤایەتی منداڵێکی بێ داییك هەڵدەگرێت ! بە دووای نوایەکدا دەگەرێ و دەبێتە پێخەفی شەوانەو، خۆراکی برسێتی و توێشوی ڕێگەی دور،

**ئەو ژنە**

**خەمی خۆی دەخاتە**

**چێوەی تەمەنی نووحەوە**

**کەشتییەکەی لە بری من**

**پر دەکات لە منداڵی بێ دایك**

ئەو ژنە لە کاتێکدا کەشتییەکەی ڕوحی ئامادە دەکات بۆ گەشتێکی دوور، تا مرۆڤەکان لەو کارەراتە رزگار بکەن، کە خەریکی نوقمی گوناهەیان دەکات، وەك و





نوح وەکو ئیبراهیم ڕەت دەکرێتەوە. خاڵی هاوبەش لە نیوان نوح و ئیبراهیم و، ئەم ژنە شوشەییە ئەمەیە ! لێرەدا رێچکەی ڕووداوە مێژوییەکان ڕێچکەی هۆ و هۆکار دەگرێت و، بە ئاوایی مێژووی زیندوودا هەنگاو دەنێت ! هەرچەندە زەمەن دۆستی هەرە نزیکی شیعرەکەی سەرابە، بەڵام ناشکاری لە هێزە کۆمەڵایەتییە سەپاوەکان خۆ قوتار بکات، ئەو ژنە دەمێك دەبێتە عیساو لە ناو جەرگەی پیاوبوونی خۆیەوە پەیامی سۆزی ژن و، گەڕانەوە بۆ پەیامی خواوەندی ژن دەبەشێنێتەوەو، دەمێ دەبێتە موساو وێڵی دووای ڕاستی دەبێت، دەمێکی دیی ئەیوبێك لە ناخیدا چەکەرە دەکات و، لە سەر ئازارەکانی مکور دەبێت و خۆ دەداتە دەست ئازارو ژانەوە ! دەمێکیش سولەیمانەو دەیهەوێ بە زمانی باڵندە غەمگینەکان بدوێ! ئەو ژنە دەمێکی دی یوسفی سەردەمی خۆیەتی و، لە ناخی هەموو کەسێکدا گەرەکێتی، گولێك بروێنێ و، ئەو پەیکەرە ناجسنانە بشکینێ، کە مۆمیای رۆحی مرۆڤیان کردووە و، ڕوویەکی چروکی بەد گومانیان پێ بە خشیوە ! دەمێکیش نووحە وەك ئەو لەقلەقەی لە ئەفسانەدا هەیە بەدووی منداڵە هەتیوەکانەوە ! ئەوانەی لە سۆزی دایکیان بێ بەش دەبن کەشتییەکەی تاو ئەداو، دەیهەوێ سۆزیان هەڵگرێ و، لەم تۆفانی خەسڵەت ناوازەییەی مرۆڤیان وەدەر بخات و، قوتاریان بکات و، خۆشی ڕۆحی ڕەها ببێت، کەچی لە پای شکاندنی هەر بتێکدا ئاگرێك بۆ سوتاندنی سازدەکەن.



عەبدوالرەحیم سەرەڕۆ

# ئەدەبی ئێرۆسی و کۆمەڵە سەرنجێک

کۆمەڵگە هەر لەسەرەتای پەیدابوون و گەشەسەندنی بەردەوامییەوە کۆمەڵێک یاسای بۆ پاراستن و بەڕێوەبردن داناوەو ئایینیش وەك مەسەلەیەکی ڕۆحی ڕۆڵی تەواوی لەو بارەیەوە بینیوە، هەر میلەتێکیش بەپێی ویست و زەروڕەتە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی ئایینێکی تایبەت بەخۆی و بەپێی گونجاوی لەگەڵ نەریتەکەدا داناوەو دواجار هەر هەموو کۆمەڵگەکان لە بۆتەی یەکتاپەرستی و هێزی ڕەهای فەرزەندەیی تواونەتەوەو باوەڕیان بە بوونی خوایەکی ئافەریدە هێناوە، ئەو سەردەمەی کە کڵێسا لە ئەورووپا تەواوی دەسەڵات و حوکمرانی بەڕێوەدەبرد، هەموو کارو فەرمانڕەواییەکانی حوکم لەژێر رکێفی پیاوە ئایینیەکان بوونە، جگە لە پیاوانی گەورەی ئایینی کەسی تر بۆی نەبوە باس لە زێند (سێکس) بکات. بەڵام ئینانای خواژنی خۆر کە بە چەند سەدەیەك پێش مەسیح (س) هاتۆتە







دونیاوە لە یەکێك لە گوزەشتەکاندا بە خۆشەویستەکەی دەڵێت:" ئەی پیاوەکەی دڵت داگیرکردووم، تا دەتوانی جەستەم بکێڵە." ئایا ئینانا لێرەدا مەبەستی وروژاندن بوە؟! ئایا پیاوانی ئایینی و خەڵکە ساکارەکەی کە بە دوایانەوەن و هەر بە تەنها پاشکۆیەکن بۆ بیرکردنەوەی ئەوانی ترو هەر ئەوەندەیان بەسە کە بڵێن زێند تابۆو حەرامکراو و قەدەغەیە؟!

لەم روانگەیەوە دەبێت ئێمە هەر ئەدەبێکی ئێرۆسی ئیدانە بکەین یان بەتاوانی ئەخلاقی لەقەڵەمی بدەین. من ئەم وتانەم لە پەراوێزی خوێندنەوەی چیرۆکە گەرمەکانی ژووری نووستنەوە بۆ هاتوە، کە زۆرجار دەبێتە مایەی تەشەرو توانجی روناکبیران و ئەدەبدۆستان لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە .

دەبێت ئەو راستییە بزانین کە ئێمە لە زێندەوە هاتوین و بە زێنددا تێدەپەڕین و هیچ بوونەوەرێك نییە بتوانێت غەریزەکانی خۆی وەلاوە بنێت، یان پیادەی نەکات. ئێمە ژن بەو هەموو حاڵەتە مرۆییەوە دەبینین و ئەوانیش هاوبار هەمان هەڵسوکەوتیان بۆ رەگەزی نێرینە هەیە. باشە بۆچی کە باس لە ئەدەبی ئێرۆسییەت دەکرێت راستەخۆ تاوانەکانی زێند لە هزرماندا راست دەبنەوە. کەس هێندەی سیگموند فرۆید بە وەقوری و ئەدەبەوە باسی لەزێند نەکردوە، بەڵام بە تەنها لەبەر ئەوەی دەرگایەکی زانستی بەسەر لایەنێکی شاراوەی بوونی مرۆڤدا کردۆتەوە، ئایا دەکرێت بە بێ رەوشتی لەقەڵەم بدەین و بێ سێودوو رەتیبکەینەوە؟! وەك بڵێین فرۆید کابرایەك بوە لە دنیادا هیچی نەکردووە، بە حەڵاڵکردنی زێند نەبێت، کە ئەگەر بێنە سەر راستی وا نیەو واش نەبوە .

لەهەموو سەیرتر هەندێك لە بەناو ئەدەبدۆستان یان رۆشنبیرانیش بەشێوەیەك باسی ئەم ئەدەبە دەکەن وەك بڵێی ئێرۆسیەت تا سەر ئێسقان دژی مرۆڤایەتی بێت. هەندێکی تریشیان دەڵێن ئەمجۆری نووسینانە بەتایبەت لەبواری چیرۆکدا، مەسەلەیەکی کاتیەو نووسەر هەن لەبەر بێ بەهرەیی و کەم ئەزموونی روو دەکەنە ئەم ئەدەبە، تا لەرێیەوە ناوێك دەربکەن و ناوبانگیان هەبێت. بەوەی ئەو نوسەرانەی بواری ئێرۆسیەت بە تەنها بۆ ناوبانگ دەگەڕێن و هیچ مەبەستێکیان لەخزمەتکردنی ئەدەبەکە نییە !!

نووسین لە بواری زێنددا مەسەلەیەکی هێندە ئاسان نییە تا نوسەر دەست بگرێتە قەڵەم و بەرەو سەرکەوتنی ببات. بە پێچەوانەوە ئەمجۆری ئەدەبە زۆر هەستیارو وردە، پێویستی بە ژەنینی



وەتـەرەکانی هەسـت هەیـە زیـاتر وەك لـە وروژاندنیان .

کـێ لـە ئێمـە (لۆلیتـای) فلادیمێـر نـابۆکۆفی نەخوێندۆتەوە، یان بە فیلم نـەیبینیوە، ئایا نابۆکۆف ئەو رۆمانەی بۆ ناوبـانگ نووسـیوە یـان لـە ئـەوجی ناوبانگـدا بـوە ئینجـا توانیویەتی ئاکارەکـانی زێنـد بخاتـە تـوێی رۆمانێکی هێنـدە بـەهێزەوە. کـە بـاس لـە گەمـەکانی کـچێکی تەمـەن هـەرزەکار دەکاتو دواجار بەچ کۆتاییەکی دەبات .







ئـەدەب وەرگێرانـی واقیعـە بـەو دیـوەی کـە کەسێکی ئاسایی نایبینێت یان هەستی پـێ ناکـات یـان پێـی هـەزمناکرێت. چـونکە لـە کۆمەڵگەی داخراودا زێنـد مایـەی بـەردەوامی زینــدوو بوونــەوەی بوونــەوەرەکان نییــەو هاوکــات هەمیــشە لــە قــاڵبێکی تــابۆو حـەرامکراودا بـوەو ئاشکراکردنیـشی مایـەی سەرشـۆڕیو شـەرمەزاری بـووە، مرۆڤـەکان نەوەکو نەیانتوانیوە تێپەڕی بکەن، تەنانـەت دەگمەنن ئەوانەی کە خۆیان لەقەرەی داوە . ئـەدەب هـیچ کـات بـۆ وروژانـدن نـەبووە، نامەی ئـەدەب نامەیـەکی پـیرۆزە، مەبەسـت لێـی گەیانـدنو دەرخـستنی حاڵەتەکانـە. گۆگـۆل لـە چـیرۆکی کۆمیـدی (نامۆیـەك لەشاردا) کە باسی لە گەندەڵیەکان کـردووە، مەبەستی چاکسازی بوە نەك هانـدانی خـەڵك بـۆ پیـادەکردنی گەنـدەڵی، داسـتانەکانی دڵداری پڕن لە ڕووداوی سەیرو سـەمەرە کـە زۆرجــار بــە لەناوچــوونو شــەهیدبوونی عاشـقەکان دواییـان هـاتووە، مەبەسـت لێـی پەند وەرگرتن بـوە نـەك کوشـتنی عاشـقان. ئــەدەبی شۆرشــگێری زیــاتر جــەختی لەخـەباتگێری لاوەکـان کـردوەو کوشـتنی دوژمنـانی نەخـستۆتە قـاڵبی تاوانکارییـەوە، لەم سۆنگەیەوە دەزانین کە ئەدەبی ئێرۆسی کـار بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەیەك دەکـات نەك پیادەکردنی بەو سەقەتیەی کە هەنـدێك لـە خوێنـدەوارو خوێنـەر بـە هەڵـە لێـی گەیـشتوون. کـێ لـە ئێمـە چـیرۆکەکانی حسێن عارفو محمدی موکریو ئیسماعیل رۆژبـــەیانیو د. کـــاویس قـــەفتانی نەخوێندۆتەوەو لە پشتی ئەو چیرۆکانەوە کۆمەڵێك مەسەلەی لـە لادا گەڵاڵـە نـەبووە کـە هـەنو دەکرێت چارەسـەربکرێن. هـەر چـیرۆکێکی ئێرۆسـی پـڕە لـە کێـشەو ناهامەتیەکانی مرۆڤو پێویستی بـە تیـشك خـستنەسەر دەکـاتو دەبێـت کـار بـۆ لەناوبردنیان بکرێت. نابێت ئێمە لـە زێنـدو ئەنجامــدانی زێنـــددا هـــەر بەتـــەنها تابۆکراوەکان ببینینو پەنجـە بـۆ حـەرامو قەدەغەکان رابکێشینو ببینـە جەماعـەتی (اشهد ما بالله) وەك دەڵێن. جا گەر ئەدەب لەسەر بنـەمای حـەرامو حـەلاڵ کـار بکـات دەبێـت باسـی دزیو پیاوکوشـتنو هـیچ تاوانو تەنانەت کەتنێکیش لە رۆمانەکاندا نــەکرێت. ئــەی دەبێــت ئــەدیب یــان رۆماننووس چی بکات؟ ئەدەب ئـەوە نییـە بخرێتە ناو بوخچەو پریاسکەوە.. ئـەوەش نییە لەبەر خاتری خاترداران چاوپۆشی لـە مەسـەلەکان بکـات. ئـەدەب ئەدایـەکی مرۆییەو بەهیچ شێوەیەك ناکرێت هێڵێکـی شـاقوولی پێبـدرێت ئەگـەر مـەودای هێڵـە ئاسۆییەکەی ئازادانە و بەرفراوانتر نەکرێت . راستە زێند زیاتر دەرگایەکی بەسەر چێژو

وروژاندن کردۆتەوە، بەڵام لە دیدێکی ترەوە چەندین گرفت هەن کە لە زێندەوە سەرهەڵدەدەن و لەسەر ئەدەبە دەریان بخاتو ئاماژەیان پێ بدات، بەڵام ئەرکی ئەدەب نییە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە ئەوە کارێکی یاسایی و لۆژیکیانەی دەوێ زیاتر وەك لە بواری خەیاڵو کارتێکەریو جوانی ناسی .

ئەدەب بە درێژایی مێژوو ئەوزارێك بوە بۆ دەربڕینو تێگەیشتنی ئاستی باڵای مەبەستەکان، هەر ئەدەبە مێژووی مرۆڤایەتی جگە لەوەی پاراستویەتی بەرەو پێشەوەی بردوەو کاری بۆ فەراهەمکردنی تاك بەتاکی مرۆڤەکان کردوە بێ گوێدانە رەگەزو ئاینو ئینتما، هاوکات هەموو نەوەکان لێی سوودمەند بوونە، واتا ئەدەب لێرەدا بستێك لەسیاسەت باڵاترە بەوەی سیاسەت کاتیەو خزمەت بە نەوەیەك یان دوو نەوە زیاتر ناکات، بەڵام هۆمیرۆس ئەمرۆ کوردێكو ئەندۆنیزیەكو چینییەكو رۆژاواییەك دەگریت وەك کاریگەریەکی مرۆیی هەموو هەر بەموڵکی خۆیانی دەزانن، زێندیش مەبەستێکی دانەبڕاوی ژیانی تاكو کۆمەڵگەی مرۆییە. فرۆید دەڵێت: "هەر خەفەکردنێکی زێندی گەر خودی مرۆڤەکە کارامە بێت داهێنانێك دەخوڵقێنێت، پیادەکردنیشی وەك دیارە نەوە دوای نەوە مرۆڤی لێدەکەوێتەوە".. واتا زێند بەخەفەکردنو پیادەکردنیەوە هەر سوود بە ژیاریو شارستانیەت دەگەیەنێت. ئەمەیە سیحری زێند لە بوونی مرۆڤەکان گەر بەخۆیاندا بچنەوەو لە ئاکامەکانی پێشکەوتن بگەن.

ئەوانەی زۆرتر جەخت لە تەحریم کردنی زێند دەکەن ئەوانە نەوسنترینو چڵێسترین جۆرەکانی مرۆی ئەم سەر زەویەن، ئەوانەی دەیانەوێت زێند لە ئەدەب دابڕێت بەوەی تابۆیە، مەبەستیان نییە خزمەتی کۆمەڵگە بکەن، بەڵکو زیاتر دەیانەوێت تاونەکانی خۆیان کڵۆم بدەنو شیفرەی نەناسراوی بخەنە سەرو دڵپیسییەکانی خۆیان بخەنە بەرگێکی ترەوە کە بۆی نەدووراوەو ناشزانن چۆنی بکەن بەبەردا .

نابێت خوێنەرانی ئیرۆسییەت هەر بەتەنها بەدیوە ناشرینەکەیدا بڕوانن و هیچی تر لە بیرۆکەی مرۆییو فەلسەفیەکەی هەڵنەکرێنن. مەمك جگە لەوەی ئەندامێکی مێینەی ناسکی هەست وروژێنەرەو هەموو نێرینەیەك دەوروژێنێ، هاوکات باڵاترین ئامرازی ئابووری پێگەیاندنی نەوە دوای نەوەی مرۆڤەکان بوەو بە درێژایی مێژوو منداڵ پێویستی بەشیری دایك هەبوە .

غەریزەی زێندی لە مرۆڤدا نە بۆ ئەوەیە





گەورە بکرێتەوەو ببێتە هەموو بنەماکانی ژیانو نە بۆ ئەوەش کراوە کە بکرێتە ئەوزارێکی مایەپووك و ئەوەندە بچووك بکرێتەوە کە کەس بۆی نەبێت باسی لێوە بکات .

ئەوەی دەمەوێت باسی لەسەر بکەم پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزەکەیە کە پەیوەندیەکی مرۆییە بەر لە هەموو تخوبو سنورو هێلێکی وەهمی کە ئەوانی تر دایانڕشتوە. بەڵێ مرۆڤ دەبێت لەو مەسەلەیەدا کۆمەڵێك دابو نەریتو پارێزگاری کۆمەڵگە رەچاو بکات، بەڵام نەك بەو ئاستەی باسکردنو نووسینو ئەدەبی لێ قەدەغە بکرێت. جەستە کە جوانی بەخشە.. گەر هونەری نووسین نەبێت بە چ ئامرازێك گوزارشتی لێوە دەکرێت، منیش وەك نوسەرێك ئەدەبی ئابروویەر رەتدەکەمەوە، بەڵام ئەدەبێك بەوپەڕی جوانیەوە باس لە سێکس بکات ئەدەبێکە شایستەی رێزو پێزانینو ستایشکردنە. لە ئەدەبدا رێ پێدراوو قەدەغەکراو نییە، ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێت تاکە پێوەرێکە بە تەنها تاچەند دەخوێندرێتەوە یان ناخوێندرێتەوە .

گەر لە هەوەڵی زەمەنەکانەوە پیادەکردنی سێکسی نێوان نێرو مێ نەبوایە ئێستا نە ئێمەو نە ئەدەبەکەشمان نەدەبووین، "جا کە ئەدەب هێندە قەرداربارى زێندە، بۆ گوزارشتکردن لێی، حەرامو تابۆ بێت ."



# تیۆدۆر فۆنتانە "1819-1898" و چامەیەکی شاکار

**ئا/و: عومەر عەلی شەریف**

تیۆدۆر فۆنتانە"Theodor Fontane" رۆمان نووس و شاعیر و رەخنە گرێکی شانۆیی ئەڵمانە، هەروەها بە پێشەنگی رێبازی ئەدەبی رەخنەیی لە ئەدەبی ئەڵماندا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دادەنرێت، ئەویش بە هۆی هەڵوێستە رەخنەییەکانیەوە کە راشکاوانە بێ پێچ و پەنا لە بەرانبەر چینی ئەرستۆکراتدا دەری دەبڕین.

فۆنتانە لە شارۆچکەی"نۆریروپین"لە باکووری رۆژئاوای شاری بەرلین دا ساڵی ١٨١٩ هاتووەتە دنیاوە، لەم شارەشدا کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی ١٨٩٨. نەوەی خانەوادەیەکی رەسەن لە تایەفەی هۆگنۆت"Hugenott"ئەوانەی کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا بە هۆی ستەم لێکردن و چەوسانەوەی پرۆستانت لە لایەن کڵێسای کاسۆلیکەوە لە فەرەنساوە بەرەو ئەڵمانیا کۆچی کرد و، رۆڵێکی کارایان بینی لە گەشەسەندنی ئابووری بەرلیندا. پاش بەسەربردنی ساڵانێکی خۆش و پڕ لە بەختەوەری لە سەردەمی منالییدا، فۆنتانە پەیوەندی دەکاتە قوتابخانەی "نۆیروپین"ەوە و تا ساڵی ١٨٣٣ لەوێندەر دەخوێنێت. ئەوجا لەو ساڵەدا دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی پیشەیی شاری بەرلین، بە دوایشیدا لەسەر هەمان رێچکەی پیشەیی بابی، کە دەرمان





سازێکی لێهاتوو بوو،لە شارەکانی بەرلین و لایپزیگ و درێسدندا تا ساڵی ١٨٤٨ بە کاری دەرمان سازیەوە خەریك دەبێت. ئەوەبوو لەو ساڵەدا بڕیاریدا، لە پیشەکەی واز بهێنێت و خۆی بۆ جیهانی ئەدەب تەرخان بکات،کە هەر لە ساڵی ١٨٣٩ کاتێك نۆبەرەی چیرۆکەکەی"خۆشەویستی برایان.. Geschwister liebe "ی بلاۆکردبوەوە، خولیای ئەو جیهانە بوو بوو. هەمدیس بۆ ماوەی ساڵێکیش"ساڵی ١٨٤٤" خۆبەخشانە دەبێتە سەرباز لە بەتالیۆنی پاسەوانی قەیسەر فرانتز" Kaiser Frantz" لە شاری بەرلیندا و تێیدا خزمەت دەکات. هەر لەو سەروبەندەدا بۆ ماوەیەکی کورت سەردانی شاری لەندەن دەکات، پاشانیش دەچێتە ریزی یەکێتی ئەدیبانی نەرێت پارێزی پرۆیسیا "ئەڵمانیا"وە، کە بە ناوێکی سەیرو نامۆوە ناسرابوو. تونێلێك بەسەر رووباری شپریێ_وە" Tunnel uber der Spree"کە بە هۆیەوە هەندێك لە ئەدیبە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا دەناسێت" نموونەی: هایزە،گایبل، شتۆرم"ساڵی ١٨٤٤ دەبێتە شایەتحاڵێکی رووداوەکانی شۆڕشی بۆرژوای ئەڵمان و بەشداربوویەکی کارا لەو شۆڕشەدا، هەر لەو دەمەشداوەك پەیامنێری رۆژنامەی درێسدن"Dresdner Zeitung" کار دەکات.

ساڵی ١٨٥٠ فۆنتانە دوو دیوانە شیعر بە ناونیشانی"پیاوان و قارەمانان Manner und helder" و "لە رۆزا موندای شۆخ و جوانەوە Vonder Rosamonde schonen" بلاۆ دەکاتەوە، هەمان ساڵ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ"ئێلی روانیت کومەر Emilie R. Kummer"پێك دەهێنێت.

وەڵێ ئەو ساڵە پڕ لە رووداو و یادەوەرییانە، بەلای فۆنتانەوە ساڵانێکی پڕ لە قەیرانی دارایی و هونەری و هاوکات رامیاریش بوون. ئەوەبوو هەر کە هەموو دەرگاکان بە روویدا داخران، بە ناچاری قەڵەمەکەی خستە خزمەتی بەرژەوەندی "فەرمانگەی ئەدەبی"و پاشانیش "فەرمانگەی ناوەندی کاروباری رۆژنامەگەری"یەوە، کە سەر بە حکوومەتی نەرێت پارێزی برۆیسیا بوون. بەو جۆرە فۆنتانە گەلێك لێکۆڵینەوەو رێپۆرتاژ و گوتار و بابەتی رەخنەیی دەربارەی نمایشە شانۆییەکان نوسی و بلاۆ کردەوە. هەروەها چەند جارێکیش، بە ئەرك و کاری فەرمی، سەردانی ئینگلستان و سکۆتلاندی کرد، کتێبگەلێکی لەمەڕ ئەو گەشتانەوە

بڵاوکــردەوە، نموونــەی"هاوینێــك لــە لەندەنـــــدا" ســـــاڵی ١٨٥٤"لــــــە ئینگلــستانەوە..نامـــە و لێکۆلینـــەوە دەربــارەی شــانۆی ئینگلیــزو هونــەر و ڕۆژنامەوانیــەوە"ســاڵی ١٨٦٠"لــە پــشتی تویدەوە"ساڵی ١٨٦٠.

پاشانیش لە نێوان ساڵانی"١٨٦٦،١٨٦٤، ١٨٧٠، ١٨٧١"دا بووەتـــە پـــەیامنێری جــەنگ، لــەو ســاڵەی دواییــدا لــە لایــەن هێزەکانی فەڕەنساوە دیل کراوە، سـەرەتا لــە گرتووخانــەی"بیزانــسون"و ئــەوجا لــە گرتووخانــەی" دوورگــەی ئــۆلیرۆن"دا بــە ناونیشانی"دیلی جەنگ" بڵاودەکاتەوە.

دیــارترین داهێنــانی ئــەدەبی فۆنتانــە لــە ڕۆمـــان و چـــیرۆکە درێژەکانیـــدا خـــۆی دەبینێتەوە، کە ژمارەیـان دەگاتـە بیـست بەرهـــەم و لـــە دوا دوو دەیـــەی تەمەنیـــدا نووســـــیونی و بڵاویکردوونەتـــــەوە. بابەتەکانیشیان بـە چـڕی لـە چوارچێوەی ژیــانی شــاری گــەورەی بەرلینــدا و لــە نێوەنـــدی چـــینی ئەرســـتۆکراتی ئـــەو سەردەمەی پرۆیسادا، ڕەنگیان داوەتەوە. هــەروەها کارەکــانی فۆنتانــە شــێوازێکی شیکارانەی ئاشـکرایان پێـوە دیـارە، کــە وەهم و حوکمی پێش وەخت سەبارەت بـە شــێوازی ژیــانی لــەم چــینە دەســتڕۆ و خۆشــــگوزەرانە و ڕۆڵـــی ئـــابووری و کۆمەلایەتی تێك دەشکێنێت.

نووســەر لــە ڕۆمــان و چــیرۆکەکانیدا پــەنا دەباتە بەر شێوازی گێڕانـەوە"باسـکردن"ی وردەکارانــەو وەســپ و دەستنیــشانکردنی ناڕاستەوخۆ لە میانەی گفتوگۆی دوو بە دوو و کۆبە کۆی دوورو درێژدا.

لە یەکەمین ڕۆمانیدا"بەر لـە بـا هـۆز Vor dem Storm"ســاڵی ١٨٧٨، نووســەر تابلۆیــەکی کۆمەلایــەتی پــڕ لــە وردەکــاری دەربـــارەی پروســـیای بـــەر لـــە قۆنـــاخی جەنگــەکانی ڕزگــاری..پێــشکەش دەکــات. شــێوازی ئــەم ڕۆمانــە تــا ڕادەیــەکی زۆر کارێگـــەری"والتـــەر ســـکۆت W. Scott"هەمـــدیس کارێگـــەری"فیلیـــا ئەلیکسیس W. Alexis"ی دامەزرێنـەری ڕۆمانی مێـژوویی ئـەڵمانی پێـوە دیـارە. لـە چـیرۆکە درێـژە دیارەکەیـشیدا"شـەترەنجی ڤۆتینـۆ "Schach von Wachenow" پاڵەوانەکەی لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوەی داب و نەرێتە کۆنەکانی چینی دەرەبەگدا، ئەوانەی کــە کاتیــان بەســەر چــووەو ڕاســێیەکانی ســەردەم بــە جێیــانی هێــشتوون، چــۆك دادەدات و دەکەوێت. بەمەش نووسەر دیـدو بۆچـوونێکی شـیکارانە دەربـارەی شکـستی ئەڵمانیا لە جەنگی ١٨٠٨ دا دەخاتە ڕوو.

لە ڕاستیدا هاوسۆزی فۆنتانـە لەگـەڵ داب و نــەرێت و شــێوازی چــینی ئەرســتۆکراتی





پرۆسـیادا، سەرچـاوەکەی دەگەڕێتــەوە بـۆ هەسـتکردن و تێگەیـشتنی تـەواوی، کـە ئـەو چینە ڕۆڵی خۆی لە دروستکردنی مێژوودا لـە دەست داوە، پرسی تیا چوونیـشی پرسـێکی بـێ مەفـەڕە"حەتمییـە"و گومـانی تیـدا نیـە. ئەمەش خۆی لە خۆیـدا ئـەو بابەتـە گـرنگ و هەسـتیارەیە کـە لـە دوا ڕۆمـانی فۆنتانـەدا "ئاغـای شـتێخلن Der stechlen"سـاڵی ١٨٩٨ کە پـڕاو پـڕە لـە تێڕامـانی دەربـارەی ململانێی نێوان کـۆن و تـازە"نـەرێت پـارێز و نوێگەرایی"بە ووردی شیکراوەتەوەو تـاوتوێ کراوە. سەبارەت بـە ڕۆمـانی"خـاتوو جینـی ترابیل" کە ساڵی ١٨٩٢ دەرچووە، ئەوەنـدە بەسە بڵێین، ئەمە تاکە بەرهـەمی گاڵتـەجاڕە لە نێو ڕۆمانەکانی فۆنتانەدا، کە لـە میانەیـدا نووســەر بەرهەڵــستی و نــەیاری خــۆی بــۆ شـــــێوازو ڕەفتـــــاری چـــــینی بـــــۆرژوای هەرزە"نوێ"و هەڵپەرست ناشارێتەوە.

بــەلای ڕەخنــەگرانی ئەدەبــەوە، لوتکــەی داهێنانەکانی فۆنتانە لـە دوو ڕۆمـانی هـەرە شاکارو مەزندا بە دەردەکەوێت، یەکەمیان بە ناونیشانی"هەڵـەو ئـاڵۆزی"کـە سـاڵی ١٨٨٨ دەرچووە و بابەتەکەی بریتیە لـە چـیرۆکێکی خۆشەویـــستی، لـــە دەرەوەی بازنـــە کۆمەلأیەتییــــــە باوەکانــــــدا. پاڵەوانەکەشـی..خـانمێکی سـەر بـە چـینی بـۆرژوای بـچوکە و خـاوەنی تێگەیـشتنێکی کامـڵ و دیـدێکی ڕوونـە، کـە بـە هۆیانـەوە کــۆت و بەنـــدی دژواری کۆمەلأیەتییـــە باوەکــان دەپــسێنێت، چــونکە لــە بــێ مەفەری داڕمان و لە ناوچوونیان، ئاگادار و دڵنیایــــە. دووەمیـــــشیان ڕۆمـــــانی بەناوبانگی"ئیڤی بریـست"ە سـاڵی ١٨٩٥، کــە شــان بــە شــانی ڕۆمــانی"مــەدام بۆڤــاری"ی فلــۆبیر و"ئانــا کارنینــا"ی تۆلـستۆی، بـە قەشـەنگترین وێنـاکردنی خیانــەتی ژن و مێردایــەتی و ئاکامــە تراژیدییــەکانی لــە کۆمەڵگایــەکی بنــەما ڕەوشـتی ڕزیـوو و لەرزۆکـدا..لـە قەڵـەم دەدرێن. ئەم ڕۆمانە نایابە یەکێك بـوو لـە وانــەکانی قۆنــاخی ســێیەمی خوێنــدنی بەندەدا لە بەشی زمانی ئـەڵمانی..کۆلیـژی ئـــادابی زانکـــۆی بەغـــداد"ســـاڵی ١٩٧٧بـۆ١٩٧٨" کـە بابەتەکـەی مایـەی بایەخ و گرنگی پێدانێکی بەرچاوبوو بـەلای ئـــەدەب دۆســـتەکانەوە، هەڵبـــەت بـــە بەندەشــەوە. وەکــو لــەبیرم مابێــت، پاڵەوانی ڕۆمانەکە"ئیڤی بریس" هاوسەری گەورە ئەفسەرێکی ئەڵمانـە، کـە بـە هـۆی ســـەرقاڵی بـــە ئـــیش و ئەرکـــە فەرمییەکانیەوە،هاوســـەرە ناســـك و نەشمیلانەکــەی فــەرامۆش کــردووە. سەرئەنجام لە ئاکامی ئەو واقیعەدا خـانمی دامـاو"ئێڤـی" دەکەوێتـە داوی هـاوڵێکی

مێردەکەیەوە و لە گەڵیدا کاری بەردەستی دەکات. پاش ئاشکرا بوونی ئەو پەیوەندییە ناشەرعیە،مێردەکەی"ئێفی" بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەی شەرەف و سڕینەوەی ئاسەواری ئەو نەنگیە، دۆستی ژنەکەی بانگهێشتی شمشێر بازیەك دەکات" بە گوێرەی داب و عورفی سەردەم و دەیکوژێت. ئێفیش بە هۆی کەتنەکەوەی تەلاق دەدرێت و دەکەوێتە بەر توانج و گازندەی کۆمەڵگای نەرێت پارێزەوە، تا سەر ئەنجام لە ئاکامی گۆشە گیری و تەنیایی و خەفەتدا، دڵی دەوەستێت و دەمرێت. بەسەرهاتی ئەم رۆمانە نایابە، وەك زۆرێك لە کارەکانی فۆنتانە،بووەتە بابەتی بەرهەمگەلێکی سینەمایی و تەلەفزیۆنی لە ئەڵمانیا و دەرەوەیدا، بە گشتی مایەی بایەخ و سەرنجی زۆربوون.

جگە لە بواری رۆمان و چیرۆك، کە لە میانەیدا فۆنتانە بە باوکی رۆمانی ئەڵمان دادەنرێت، هاوکات بە شاعیرێکی لێهاتوو و پایە بەرزو باڵادەستیش لە ئەدەبی نەتەوەی ئەڵمانادا ئەژمار دەکرێت. لێرەشدا جێی خۆیەتی،کە یەکێك لە چیرۆکە شیعرەکانی بخەینە بەر چاو.

ئاغای فۆن ریبێك

ئاغای فۆن ریبێك ئاوف ریبێك، نیشتەجێی
هافیلاندبوو
دارهەرمێیەکی زل،لە باخچەی ماڵەکەیدا
رواببوو
لە تیشکی زێرینی پاییزدا،دانە هەرمێکان
دەدرەوشانەوە
لەگەڵ لقەکاندا، راست و چەپ دەشنانەوە
نیوەڕۆ، کاتێك زەنگی کڵێساکە
دەزرنگایەوە
ئاغای فۆن ریبێك هەردوو گیرفانی لە
هەرمێ پڕدەکردن
هەر کە کوڕێکی مێردمناڵ بە جووتێك قاپ
قاپەوە بەوێدا دەهات
ئاغا گازی دەکرد:کوڕەکەم، ناتەوێت
هەرمێیەکت پێبدەم؟
هەر کە کیژۆڵەیەکی بچووکیشی
دەبینی،گازی دەکرد:
کیژۆڵەکەم،ئەوەتانێ هەرمێیەکم پێیە بۆت!
بەو جۆرە ساڵانێکی زۆر هاتن و چوون
تا ئەو کاتەی ئاغای فۆن ریبێك
بە شانازیەوە گەیشتە لێواری مەرگ
بەڵێ ئاغا هەستی بە کۆتایی خۆی کردبوو
دیسانەوەش وەرزی پاییزی زێرین بوو
دانە هەرمێکانیش بە لقەکانەوە،بە تەواوی
خەنی بوون
لێرەدا ئاغای فۆن ریبێك بە ئامادەبووانی
گووت: وا بە جێتان دێڵم
وەسیت بێت، دانە هەرمێیەکم لە گەڵدا





بنێژن!
سێ رۆژ پاشتر، لە ماڵە گەورە دوو
نهۆمییەکەوە
تەرمی ئاغای فۆن ریبێك هەڵگیرا و برایە
دەرەوە
هەموو جوتیارو سەپانی کێڵگەکان، خەم لە
رووخساریان دەباری
یەك دەنگ دەپاڕانەوە:یەسووع،تۆ پشت و
پەنامانی
مناڵەکانیش بە دڵی پڕ لە حەسرەتەوە
دەگریان و هاواریان دەکرد!
ئاغامان مرد، کێ لەمەودوا هەرمێمان
دەداتێ؟
مناڵەکان بەو جۆرە کردبوویانە شین و زاری
ئاخ، تا ئەو کاتە کەس قەدری ئاغای بە
باشی نەدەزانی
ئاغا نوێکە بەراستی کەسێکی قرچۆك و
بەرچاو تەنگ بوو
یەکسەر باخچەو دارهەرمێکەی، خستە ژێر
چاودێرییەکی توندەوە
وەلێ پیرە ئاغای دانا، کە بە گومان بوو لە
کوڕە تاقانەکەی
خۆی چاك زانیبووی، لە کاتی سەرەمەرگدا چ
دەکا
وەختێك وەسیەتی کردبوو، هەرمێیەکی لە
گەڵدا بنێژن
لە ساڵی سێیەمدا، نەمامە هەرمێیەکی جوان
و تەڕ
لە گڵکۆی خامۆشەوە سەری هێنایە دەر
ساڵان بە خێرو ئاسوودەگی بەسەر نەمامدا
تێپەڕین
تا بوو بە دارێکی زل و لق و پۆکانی بەسەر
گڵکۆدا شۆڕبوونەوە
جارێکی تر لە تیشکی زێرینی پایزدا
هەرمێکان لە گشت لایەکەوە، بریسکەیان
دەدا
کوڕێك هاتە گۆڕستانەکەو لە لای گڵکۆکەدا
وەستا
چرپەیەکی نەرمی لە دارەکەوە درا بە
گوێیدا :
کوڕەکەم، ناتەوێت هەرمێیەکت پێ بدەم
؟
کیژۆڵەیەکیش بە دوایدا هات و هەمان
چرپەی بیست
کیژۆڵەکە! وەرە لام، با هەرمێیەکت پێ
بدەم
بەو جۆرە خێرو بەخششی دەستی ئاغای
فۆن ریبێك—
ئاوف ریبێکی خەڵکی هافێلاند، هەمیشە
نەبڕاوە بوون.

**سەرچاوە:**

**لە کتێبی" "بەشی سێیەمی چاپی قاهیرە،ساڵی ١٩٥٨"بە ئەڵمانی"و ژیاننامەیەکی فۆنتانە بە عەرەبی، ئامادەکراوەو وەرگێردراوە.**



د. هاوژین صلیوە

# دژە پەند لەشیعری کوردیدا

## بەنموونەی شیعری چەند شاعیرێک:

پەندی پێشینان گوتراوێکە لەئەنجامی ئەزموونی ژیانەوە لەشێوەی دێڕەشیعرێك یان ڕستەیەك، یاخود زیاتر گوتراوە، پشت بەئەزموونی ژیان دەبەستێت،هەندێ پەند هەنە لەوەتەی وتراون تاکوئێستاش باویان هەیەو لایەنی ڕاستییان تێدایە، بەڵام هەندێ پەندی تر بەگوێرەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو دەورو زەمانە باویان نەماوە، هەندێ پەندیش هەن هەرلەسەرەتاوە بەهەڵە وتراون، چونکە ئەو پەندانەش مرۆڤ گوتویەتی ئەشێ مرۆڤ لەهەموو دەورو زەمانێك هەڵەبکات، لە نێو ئەدەبیاتی کوردی دیاردەی ئاوێتەکردنی پەندی پێشینان بەشیعر جا چ بەوەرگرتنی وەکو خۆی چ بە تێهەڵکێشکردنی لەگەڵ شیعرەوە، یاخود شاعیر بیرۆکەی پەندەکەی وەرگرتووەو لەنێو شیعرەکانی بەکاری هێناوە... بەزۆرشێوەی تر سودیان لێبینراوە.

دیاردەی بەکارهێنانی پەندی پێشینان







لەنێو شیعر دا زۆر باوەو هەرلەکۆنەوە تاکو ئێستا بە هەهەزارەها پەندی پێشینان خراوەتە دوو توێی دێڕە شیعرەکانەوە، بەڵام ئەو دیاردەیەی کە ئێمە لێی دەدوێین هەر پەندی پێشینان دەگرێتەوە، بەڵام دیاردەیەکی ترە ئەویش دیاردەی دژە پەندە، هەرلە کۆنەوە پەندی پێشینان لەلای هەندێ خەڵك و زۆرێك لەشاعیرانیش وەك دەقێکی پیرۆزو موقەدەس سەیر کراوە زۆر بەی شاعیران تەنها پەندەکانیان ئاوێتەی شیعرەکانیان کردووەو ڕەخنەیان لەو پەندانە نەگرتووە کە لایەنی ڕاستییان کەم تێدایە، هەرچەندە لەنێو پەندی پێشینان پەند هەیە پەندێکی تر بەهەڵە دەخاتەوە، بەڵام لەنێو پڕۆسەی شیعر نووسیندا ئەم دیاردەیە زۆر کەمە، من لەنێو شیعری کوردی دا چەند نموونەیەکم دۆزیوەتەوەو دەیانخەمە ڕوو، ناڵێین لەنێو شیعری کوردی ئەوەندە نموونەیە هەیە، بەڵام نموونەی تریش هەبێت زۆر کەمن و بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، وەکو دیاردەی دژە پەندیش تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکم نەبینیوە لەم دیاردەیە دوابێت، ئێمەش بەچەند نموونەیەکی شیعری لەم بابەتەدەدوێین.

(هێمن)ی شاعیر لەشیعری (چارە نووسی شاعیر) لەم دێڕەدا دەڵێت:

بەهاربوو فەسڵی زستانم، ئەگەر یارم لەگەڵ بایە

درۆیە گەرگوتوویانە بەخونچێکی بەهار نایە (١)

(هێمن)ی شاعیر ئەوپەندەی ئاوەژوو کردۆتەوە کەدەڵێت (بەخونچەیەك بەهار نایە)یار خونچە گوڵێکە بۆشاعیر گەر یارەکەی لەگەڵی بێت بەهاری شاعیر هاتووە.

(هێمن) لەدرێژەی ئەوشیعرەدا لەدێڕێکی تر دەڵێت:

بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ

ئەدی بۆچی دەیانگووت دار کەپیربوو تازە دانایە ؟...(٢)

هێمنی شاعیر ئەو پەندە کوردییەی ئاوەژوو کردۆتەوە کەدەڵێت(دار بەپیری دانایە)، ئەوەتا هێمن وەك ئەو دارە پیربووە کەچی لەئاستی شۆخێکی جوان و دلڕفێن سوجدە دەبات و دە نووشتێتەوە.

شێرکۆ بێکەس لەسەرجەم ئەزموونە شیعرەکانی کە لەسەرووی سی دیوانە شیعرەو بەناو هەمووی گەڕاوین ئێمە تەنها دوو نموونەی دژە پەندمان دۆزیوەتەوە، شێرکۆ بێکەس لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:

لەم شارەدا هەندێ قەڵەم دەفتەرەکانی خۆیان ئەتك ئەکەن

لەم شارەدا سوار ئەگلێ و نابێ



هێمن



شێرکۆ بێکەس

بەسوار.(٣)

پێچەوانەی ئەوپەندە کوردی یەی گوتووە کەدەلێت:(سوار تا نەگلێت نابێت بەسوار) زۆر چار کەسێك هەڵەیەك دەکات یاخود ئاقڵی بەشتێك ناشکێت و چەند جاریش هەوڵ دەدات هەر فێر نابێت، یاخود مرۆ هەیە هەمان هەڵە بەبەردەوامی دەکاتەوە.

لەنموونەیەکی دی دا شێرکۆبێکەس دەڵێت:

ئەم چیرۆکە سەرابەو سەرابیش نییە
ئەم حیکایەتە پەندەو نەخشی سەر بەردیش نییە. (٤)

لەم دەربڕە شیعرییەدا ئەو گوتە کوردییەی ئاوەژوو کردۆتەوە کەدەلێت((پەندی پێشینان وەك نەقشی سەر بەرد وایە))هەر لەکۆنەوە بەرلەوەی پەراوو نووسین بەم شێوەیە بێت لەسەر بەرد نەقش و نووراو هەبووە، ئەو شتەی لەسەر بەر هەڵکەندرابێت ئاسوارەکەی دەمێنێت و ڕەش نابێتەوە، شاعیریش دەڵێت شەرت نییە هەموو پەندێك نەقشی سەربەردبێت و نەمر بێت.

سامی عەو داڵ لەو نموونە شعرییەی دا دیاردەی دژەپەند دەبینرێت و دەڵێت:

... مەڵێن ئەو بابی دزە ئەولادی دەبێ دزبێ





کردیتیانە شایەعە گیا لەپنجی خۆیەتی
گەلەك پیاو چاکانمان دی کوڕی وەك جاشەکەرە
چاوەشیشمان دیت کەواچاکەو زانین تۆیەتی (٥)

سامی عەودالْ ئەو پەندە کوردییە بەهەڵدەخاتەوە کەدەلێت:((گیا لەسەرپنجی خۆی دەڕوێتەوە))، چونکە زۆر باوك هەیە مرۆڤی باشە، بەلام ئەولادەکەی دزوو جەردەیە... بەپێچەوانەشەوەو ب ۆزۆرشتی تریش دەگونجێت.

- سەرنج: دیاردەی ئاوەژووکردنەوەی پەندی پێشینان لەو نموونانە دا هەبوون کەخستمنە ڕوو، لەنموونە شیعرەکانی هێمن بۆدرووست کردنی حالەتی شیعرەکە ئاوەژوو کراونەتەوە، بەلام لەنموونەکانی شێرکۆبێەس و بەتایبەتی لەنموونەکەی سامی عەودالْ بەتەواوەتی دژی پەندەکەیەو ڕەخنەی لێدەگرێت، بێگومان بەپێی هەندێ فەلسەفەش بەپلەی یەکەم پەیامی شیعرو هونەر جوانکردنی هەڵسوکەوت و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگایە، بۆیە بەشێك لەم ئەرکەش بەرشاعیران دەکەوێت بۆئەوەی ڕەخنە لەهەندێ شتی خراپ بگرن، کە لەنێو کولتووری کوردیدا هەیە لەوانەش هەندێ پەندی نادرووست و بێ بنەما.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- دیوانی هێمن، هەولێر، ٢٠٠٣،ل١٦٠.
٢- سەرچاوەی پێشو،ل١٦٠.
٣- شێرکۆبێکەس، خۆم.. ئەو وەختەی باڵندەم-شیعر-، چ(١)،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٢،ل٤٨.
٤- شێرکۆبێکەس،پیایزەمیوان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣، ل١٢٠.



سیروان کەریم

# زەمەنی کاڵبوونەوەی ڕەنگە جوانەکان

بیرم دێت  کە سەردەمی زێڕینی منداڵیم هەموو جوانیەکانی ژیان وەکو خۆی بوو، ڕەنگە جوانەکانی ژیان مانایەکی زۆر جوان و پڕ بایەخی ئەبەخشییە تەواوی ساتەکانی ژیانی ئەوسا، بەڵێ ئەمێستاش بیرم دێت کە لە وەرزی هاوین من و باوکم وەکو هاوڕێیەک بەیەکەوە لە پشووی هاویندا سەردانی گوندەکەمان دەکرد، دوای گەیشتنمان و پشودانێک بەیانیەکەی لە گەڵ دەنگی قاسپە قاسپی کەوە دەنوک سورە جوانەکانی ئامۆزاکەم بێدار دەبوینەوە ، دواتر لە ژێر ساباتی کەپری خانوی گوند سەرسام دەبوین بە دیمەنی زۆر ساکار و نایابی پاکی هەواکەی و ساف و پاکی شیر و پەنیر و گوێزی کوردەواری ،بەڵێ بیرم دێت ئەوسا دەبوایە کچە جوانەکانی گوندەکەمان بەیانییانێکی زۆر زوو بۆ دۆشینی شیری ئاژەڵەکان





ئامادەبوان ، دواتر شوانە گەنجەکەش خۆی و جۆرکێك و گۆپاڵ و شمشاڵەکەی و سەگە بۆرەکەی  یەکە بە یەکی ماڵەکانی گوندەکەمانی بەسەر دەکردەوە بۆ بەڕێکردنی مەڕ و ماڵاتی خەڵکی گوند بۆ لەوەڕگاکان ، منی منداڵی شاریش زۆر دڵخۆش دەبووم بە بیستنی دەنگی ئەو زەنگوڵەیەی کە بە پەتێك لە ملی بزن و مەڕەکان هەڵواسرابوو،دواتر لە گەڵ باوکم بەرەو ناو ڕەزوباخچەکەمان دەڕۆیشتین ، لە سەر ڕێگا لاماندەدا بۆ سەر کانی گوند و دوای ئەوەی مەتارەکەمان پڕدەکرد لە ئاوی ساف وسازگاری کانیەکە دەچوین بۆ نێو ڕەزوباخچەکەمان و بەدەم قرتاندنی وشوە جوانەکانی ترێ ی ڕەش و سپی و سوراوو ..... هتد ، دوای کۆکردنەوەی چەند قەرتارێك بەروبومی تر لە باخچەکەمان لە هەنجیر وهەرمێ و ..... هتد ، بە سواری گوێدرێژێك کە منی منداڵ زۆر ئاسودە دبووم پەیتا پەیتا دەگەڕاینەوە ماڵەوە بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ، نانی نیوەڕۆش هەموو شتەکان کوردی بوون ، برنجی بۆن خۆشی کوردی و ڕۆنی کوردی وگۆشتی بەتامی بزن و دۆی کوردی و دواتریش چای بە تامی بەر ئاگردان کە تامێکی تایبەتی هەبوو ، دواتریش من لە گەڵ خوشك وبراکانی گوندەکەمان یاری کوردەواری جۆراوجۆرمان دەکرد، بەڵێ ئێستاش بیرم دێت کە زۆر جار خوشکە بەڕێزەکانی گوندەکەمان تا دڵم ئاسودە بێت بە سواری ئەسپ  بۆ هێنانی ئاو بە تێرك منیان سواری ئەسپەکە دەکرد، زۆر جار من  و برا گەورەکەم شەڕمان بوو لەسەر ئەوەی باوکمان لە پشوەکانی خوێندن بمانبات بۆ گوندەکەمان،ئەوەی کە هەرگیز لە یادم ناچێت شەڕە بەفری زستانان و گرمە گرمی ڕۆپای دار و تەقین و فیچقە فیچقی بەڕوەکان و لەتکە هەنجیرومێوژو..... هتد ،تا ئێرە ئەمەی دەیخوێنیتەوە بەسەرهاتی کەسێك نیە خوێنەری بەڕێز، ئەمەی دەیخەمە بەر دیدی ئێوەی بەڕێز زەمەنی کاڵبونەوەی ڕەنگە جوانەکانی ژیانی مرۆڤایەتییە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادایە ، زەمەنی بێ گیانی هەموو شتەکانی دەوروبەرمان ، بەڵێ نازانم باسی چ جوانیەکی هەر چوار وەرزەکەی  ئەوسا بکەم !!! لە وەرزی پایزدا بەدەم سواری جەنجەڕو خەرماشەو کۆکردنەوەی دار و ئەمبارکردنی بۆ وەرزی زستان و ووشك کردنەوەی هەنجیرو دروستکردنی دۆشاوی تەماتەو .... هتد ، هەرکە وەرزی زستانیش دادەهات دوای پشووی نیوەی ساڵ من وباوکم بە پیکابە شۆفرلێتە زەردەکەی مام باپیر دەچوین بۆ

گوندەکەمان ، سەختی و خراپی ڕێگاکانی ئەوکات کە زۆر جار بە سەد دوعاو پاڕانەوە تا لە ڕێگای چونە نێو گوند لە ترسی گلۆربونەوە دوای زەحمەتیەکی زۆر دەگەیشتینە گوندەکەمان ، بیرم دێ ئێستاش لەگەڵ یەکەم ساتی گەیشتنمان دەستمان کرد بە یاری شەڕە بەفرو بووین بە دوو گروپ ، دواتر شەوانە هەر شەوێك خەڵکی گوند لە ماڵی کەسێکی بە نۆرە پیاوان کۆدەبونەوە ،بەدیار گرمە گرمی زۆپای دار و کە لە دژوارترین شەوەکانی زستان هەستت بە ساردی نەدەکرد ، خواردنی خۆشاوو گوێز و گوڵەبەڕۆژەو لەتکە هەنجبر و گێڕانەوەی چیرۆك و باس و خواس و مەتەڵی لایەنێکی تربوو کە کۆڕی مەجلیسی گوندەکەی خۆشتر دەکرد ، منی منداڵیش زۆر بێ دەنگ لە سوچێك بێ دەنگ دادەنیشتم ، زۆرجار لە دیوەخانی ماڵی ئامۆزاکەم پێیان دەووتم : بۆ قسەیەك ناکەیت خۆ قسە کردن بە پارە نییە !!! شەوانیش زۆرجار گوێبیستی لوڕە لوڕی گورگە برسیەکانی چیا تەنیوەکانی بە بەفر دەبووم،نازانم چۆن باسی چ جوانیەکی وەرزی بەهارتان بۆ بکەم !!! لە بە هاریشدا بە دەم کێلاّن و ڕەزبڕین و کۆکردنەوەی گژوگیا خۆش و بە تامەکان خەڵکی گوند سەرقاڵ دەبوون ،

کاردی و کەنگرو ڕیواس کە جگە لەوەی بەروبومی بوون دەتوانم بڵێم لە ڕووی تەندروستیشەوە سوودێکی زۆری هەبوو ،ئەو مرۆڤەی کە برنجی کوردی و ڕۆنی کوردی دەخوارد کەی دەیزانی مانای نەخۆشی فشاری خوێن (چغگ الدم)چیە !!! جاران کۆچکردن بە پێچەوانەوە بوو کە ئەویش لە شار بۆ گوندەکان ،بەلاّم ئێستا پێچەوانەوە بۆتەوە ، بە درێژایی ژیانی ئەوسام قەت گوێبیست نەبووم مرۆڤێك گیانی خۆی بسوتێنێ ، بەلاّم ئێستا لە سایەی ئەو دروشمە درۆیینانەی کە بەشێك لە ناوەندو سەنتەرەکان بازرگانی بە ناوی دایکان و خوشکانی ئێمەوە دەکەن،خۆستاندن و خیانەی زەوجی بوون نوێترین ستایلی سەردەمی ئەمڕۆمان ،تەلاّقدانی پیاویش لە لایەن ژنانەوە کراوە بە یاسا، هەموو چەمکە جوانەکانی میهرەبانی و برایەتی و ڕاستگۆیی و شەرەف وکەسایەتی مرۆڤەکانی ئێستا بوون بە ئۆتۆمبێلی جۆری پڕادۆی مۆدێل (٢٠١١) وخانویەکی (٥٠٠) م وچەند دەفتەرە دۆلارێك ،چارەنووسی تەواوی مرۆڤەکان یەك ووشە جیایان دەکاتەوە کە ئەویش تۆی مرڤ ئاخۆ دەوڵەمەندیت یاخود هەژاریت ،ئێستاش بیرم دێت کە سەخترین ڕۆژەکانی زستاندا ٍتاکە شتێك ئێمەی کۆدەکردەوە کە





ئەویش زۆپایەکی جۆری (علاوالدین)، بەڵێ ئێمە نەوەی پارچە پەڕۆیینەکانین !!! نەوەی لانکی کوردی وکلێتەو جلی کوردین ، ئەو نەوەیەی کە بە داخەوە جگە لە جەنگ و ماڵوێرانی چ خۆشیەکمان نەبینی لە ژیان ،بە پێچەوانەوەی نەوەی حەفازەو داینگەو قوتابخانەی تایبەتی و ژووری تایبەتی و لاپتۆپ وئینتەرنێت .... هتد، جارن هەموو شتەکان وەکو خۆی بوون ، بەڵێ تەنها لە ڕەزەکەی ئێمە سالاّنە بەلانی کەم پیکابێك ترێمان هەبوو بۆ فرۆشتن ،ئێستا بەداخەوە زۆر ساڵ تەواوی گوندەکەمان پیکابێك ترێ ی نییە !!! جاران لە گەڵ هاوڕێکانم لە گەڕەکی(سەیداوە) زۆرجار تەنانەت جۆری یارییەکانیشمان وەکو یەك بوو ، ئێستا برا متمانەی بە براکەی خۆی نەماوە ، بە لێ خوالێخوشبێ ئامۆزایەکی باوکی کۆچکردوم هەموو ڕۆژانی هەینیەك سەردانی دەکرین ، بەلاّم ئێستا برا وخزمەکان ئەگەر هەژاربیت هەر ناتناسن تەنها ئەو کاتەی هەواڵی کۆپکردنیان پێ دەگات ، ئێمە نەوەی ئەو ساتانە بووین ئێستاش بیرم دێت لە گەڵ ڕژانی یەکەم قەترە سپیەکەی باڵقبوونم دوای شۆردنی نیوەی خوارەوەی جەستەم وئەداکردنی نوێژ بەم جەستە وگیانە پاکە لە ناخەوە ،بەلاّم زۆر جێگای داخە هەندێك مرۆڤی نەوەی ئەمڕۆمان فێری جگەرە

کێشان و وازهێنان لە خوێندن بوون !!! ئێمە نەوەیەك بووین لە پشوەکانی خوێندن کارمان دەکرد بۆ خەرجی خوێندنی ساڵی دواتر ، بەلاّم نەوەی هاندە هەستیارو زیرەکەکان و ژنهێنان و دادگاو تەلاّقدان و درەنگ تێ گەیشتن لە مانا ڕاستەقینەکەی ژیان ، ئەفسوس هەموو ئاکارە جوان و پڕ بایەخ و ماناداەرەکانی مرۆڤەکانی ئەودەم لە میهرەبانی و هەستی سۆزداری و ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی جگە لە قسەی زرارەکی و چەند وشەیێك نەبێت لە بابەتێکی ئاوادا لە ئەمڕۆدا لە ئەرزی واقیعدا وابەستە کراوە و خراوەتە نێو بازنەی دەوڵەمەندی!!!بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم ئێمە نەوەی سەردەمی کاڵبونەوەی ڕەنگە جوانەکانین.

# شکانی لقی درەخت وەک شکانی قاچی مرۆڤ بەئازاری

# سوهراب شیعرێکە ناسکتر لە باڵی پەپولە

مەحموود نەجمەدین



نووسەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە بەراستی هەوڵ دەدات گیانداران رزگاربکات و مرۆڤ گەر لەژیاندا تووشی دەردەسەری و عەزاب بێت لەناوکاغەزدا رزگار ناکرێت. گرنگ ئەوەیە لە ژیانی راستەقینەدا فریارەسی مرۆڤ بین نەك لەنووسیندا. یاخود هەر نەبێت ئەوەی دەینووسین و ئەوەی لەدڵماندایە چوون یەك بێت. نەك لەنووسیندا فریارەس بین ولە واقیعدا رۆح کوژبین. سوهراب سپهری یەکێکە لەشاعیرەگەورانەی کە هەم بەژیان و هەم بەنووسین عاشقێکی راستەقینەی





جوانی و حەقیقەت و عیرفان بووە. ئێمە لێرەدا شەرح و تەفسیری شیعری سوهراب ناکاین. بەڵکو لەبارەی مرۆڤ دۆستی رۆح دۆستی سوهرابەوە دەدوێن، ئەو شاعیرەی کە عەشقی جوانی و ناسکی و ئارامی بووە. سوهراب موسافیرێك بووە بەدنیای عیرفان و جوانی و حەقیقەتدا. لەشیعرەکانیدا گرنگی بە رەنگ و سروشتداوە. ناسکانە دەینووسی وبەجۆرێك کە ئازاری باڵی پەپۆلە و دڵی ئینسانی وەك یەك بینیوە. زمانی سوهراب زمانی سروشت و فیکر و عیرفانە. عارفێکی گەورەیە و ئاینی ئەو مرۆڤدۆستی رۆحدۆستییە. گەشتەکانی بۆ هند و چین و ژاپۆن و ئەمریکا پڕاوپڕبوون لە مەعریفە و زانست و وردەوردە فێر بووە و ئەوەی فێر بوو ئەوەبووە کە مرۆڤ نابێ توند وتیژ بێت و نووسین لای ئەو هەڵەشەیی و کەف و کوڵ نەبووە و توڕەبوون و جوێن دان نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەو بۆ توڕەبوون و تاوانیش زمانێکی هێمنی هەبووە و بەئارامی جوانی بەخشیوە و جوێنەکانی لەلێوەکان کۆکردوەتەوە. و مردن و ژیانی تێکەڵ کردووە و لە مردندا ژیانی دۆزیوەتەوە. مردنی کردووە بەخاڵی دەست پێ کردنەوە. ئەم شاعیرە سوفییەکی مەزن بووە و عاشقی عیرفان بووە و بۆ باخی عیرفان گەشتی کردووە. کاتێ شیعرەکانی و سەرهاتی ژیانی دەخوێنینەوە دووروویی و دوو فاقی بەدی ناکەین چونکە ئەم مرۆڤە درۆی لەگەڵ خۆی نەکردووە و شیعر و ژیانی تێکەڵ کردووە لە پێناوی جوانی و ئارامیدا ژیاوە. لەژێر تیشکی چەند رستەیەك لەشیعرەکانیدا مرۆڤ دۆستی و جوانی ناسی شاعیر دەبینین. شاعیر لە شیعری ئاو دا دەڵێ

**با ئاوەکە لیخن نەکەین**

**پێدەچێت ئەم ئاوە زوڵاڵە،**

**بچێتەوە قەد سپی داریێ**

**تا خەمی دڵێک برەوێتەوە**

**ئەشێ دەستی دەروێشێ**

**نانێکی وشکی پێ تەڕکا.**

ئەمە ئەو پەڕی جوانی و ناسکی مرۆڤێکە کە بەجۆرێك عاشقی ژیان و مرۆڤە بیرلە کێشە بچووکەکان دەکاتەوە وپێی وایە ئەگەر گوناهی بچووك نەکرێت گوناهی گەورەش روونادات. ئەوە ئەو پەڕی مرۆڤ دۆستییە. سوهراب پێمان دەڵێت ئەگەر بتوانی رووبارێك لیخن بکەیت ئەوە دەتوانی دنیا وێران بکەیت، ئەگەر لقی درەختێك بشکێنیتەوە دەتوانی رۆحی مرۆڤێکیش بکوژی. کێ وابیردەکاتەوە ! ؟ ئەوە ئەو پەڕی عەشقە، ئەوپەڕی عیرفانە کە تۆی مرۆڤ درك بکەیت ئاو رۆحی هەیە و

درەخت رووحی هەیە. کاتێ مرۆڤ ڕێگا بەخۆی دەدات ئاژەڵ بکات بەقوربانی گەدەی خۆی ئیتر ڕێگا بەخۆی دەدات مرۆڤیش بخوات. کاتێ بتوانی پێ بە جەستەی مێروولەیەکەوە بنێی و بیرلە ژیانی نەکەیتەوە سەرئەنجام ئەگەر بۆت بلوێ دەبیت بەهیتلەر.

سوهراب شاعیری ڕۆشنایی و جوانی و عیرفان بەباشی لەبوون حاڵی بووبوو، بوونی هەمووشتێکی بەقەدەر بوونی خۆی بەلاوە گرنگ بووە. ئەوەتا لەشیعری ڕۆشنایی، من، گوڵ ، ئاو دا دەڵێت

**ئەزانم گیایەک هەڵکەنم ئەمرم**

**من پڕم لەنوور و لم**

**پڕم لەدارو درەخت**

سوهراب ژیانی خۆی و گیایەك بەیەکەوە گرێ دەدات و ناتوانێ چڵە گیایەك هەڵکێشێ چونکە ڕەگەکەی ئەوەتا لەناو ڕۆحی خۆیدا، هەست بەبوون و گرنگی و ژیانی گیایەك دەدات. کێشەی بوون ئەوەیە کە مرۆڤی وەکو سوهراب کەمە ڕۆحە شەڕانگێز و کاولکەرەکان زۆرترن لە ڕۆحە ناسك و جوانەکان. سوهراب وا بیردەکاتەوە کە هەموو شتێك ژیانی خۆی هەیە و تایبەت مەندی خۆی هەیە. کێ چووزانێ درەخت کاتێ لقێکی دەشکێنیتەوە هێندەی شکانی قاچی مرۆڤ ئازاری نییە. ئەوەی قاچی سەگێك دەشکێنێ بیردەکاتەوە لەقاچی خۆی! ؟ ئەوە تەنها بیرکردنەوەی سۆفییە ڕاستەقینەکان و عارفەگەورەکانی وەك سوهرابن کە بیر لە وجودی هەموو شتێك دەکەنەوە. لەشیعری پەیامێك بەرێوە سوهراب دەڵێ

**چی جوێن هەیە، لە لێوەکان ئەچنمەوە**

شاعیر دەیەوێت زمان تەنها بۆ جوانی و عەشق بێت. لێوەکان پڕ دەکات لە زەردەخەنە و جوانی و عەشق و وشەی شیرین و جوێنەکان و قسە ناشیرینەکان لە ڕۆح دەردەکات و لەسەر لێوەکان دەیچنێتەوە، ئەو دەیەوێت لە بەردیش حاڵی بێت چونکە پێی وایە بەرد پڕە لەجوانی. بەرد بۆ شەڕنییە و بۆ ئەوە نییە ئازاری مرۆڤی پێبدرێت. کێ وەك سوهراب لە بەرد حاڵی بووە !

لەشیعری غوربەت دا دەڵێت

**مانگ لەدەفری خەیارەکەی سەردەمی**

**گۆزەئاوەکەدا ئەدرەوشێتەوە**

**بۆقەکان ئەقیرێنن.**

شاعیر لەدێڕی یەکەمدا نیگار دەکێشێ نیگاری سروشت سروشتی مانگ لە دەفری میوەدا و لەدێڕی دووەمدا مۆسیقا دەبیستین ئەویش قیرە و دەنگی بۆقە، کە بەلای زۆرکەسەوە بۆق وەك سەگ پیسە و شاعیر باسی مۆسیقای بۆق دەکات. لە





شیعرە بەناوبانگەکەیدا دەنگی پێی ئاو شاعیر دەڵێت

**کەعبەی من لە قەراغ ئاوە**

**حەجەر ئەسوەدی من ڕۆشنایی باخچەیە**

**باخەکەمان لای سێبەری داناییەوەبوو**

بیر و فیکر و ئاینی سوهراب کە لەشیعرەکانیدا دەبینرێ و درکی پێ دەکرێت بیر و فیکری سروشتە ئاین و بیروباوەڕی ئەو سروشتە. پیس کردنی سروشت گوناهی گەورەیە و کوفری گەورەیە. سروشت بۆ ئەو باخی عیرفان و مەعریفەیە. هەر لەو شیعرەدا دەڵێت

**قیتارێکم دی سیاسەتی ئەبرد و چەند**

**بەتاڵ ئەڕۆیی**

**کوشتنی داربییەک بەدەستی دەوڵەت**

**من نەمدیوە دووسنەوبەر دووژمنی یەک بن**

شاعیر دەیەوێت بڵێت سیاسەت دنیایەکی ناشیرینە و خاڵییە لەجوانی و سیاسەت ئیش لەسەر ناشیرین کردنی جوانییەکان دەکات و دنیای جەنجاڵی و درۆ و شەڕو کێبڕکێیە و جوانی ئەوەتا لەسروشت و لە عیرفاندایە. ئەو دەیەوێت بڵێ درەختەکان شەڕناکەن و دووژمنی یەك نین بەڵام مرۆڤەکان شەڕدەکەن و سیاسەت دەکەن و دژی یەکن و یەکتری ئازار دەدەن. هەر لەشیعری دەنگی پێی ئاوادا دەڵێت

**بۆچی ئەڵێن ئەسپ ئاژەڵێکی نەجیبە کۆتر**

**جوانە**

**بۆکەس لەقەفەسدا داڵ ڕاناگرێ**

**گوڵی وینجە چی لەگوڵاڵە سوورە کەمترە**

شاعیردڵێکی ناسکی هەیەو جیاوازی لەنێوان ڕووەك و ئاژەڵەکانیشدا ناکات. دەیەوێت هەموو ڕووەك و گوڵەکان وەك یەك سەیربکات. جوانی دەدات بەهەموو ڕووەکێك و هەموو ئاژەڵێك جوانە. سوهراب یەکسانی خوازە و درك بەجوانی هەموو ئاژەڵێك دەکات و ڕووەك و گوڵەکانیش هەموو جوانن و بەدرکیشەوە. ئەمە تەسەوفی ڕاستەقینەیە و عەشقی ڕاستەقینەیە. ئەمە ڕاستگۆییە. شاعیر لەسەر کاغەز و لەسەر زەوی یەکبیرکرنەوەی هەیە. ئەوەی لەسەرکاغەز بۆ ئێمەی نووسیوە و بەجێی هێشتووە هەر ئەوەشی کردووەبەفەلسەفەی ژیان.

# چۆن شیعر کاریگەری دەبێت

و: نەسیم چۆمانی

بۆ ئەوەی لە شیعر بدوێین، بەر لە هەموو شتێک دەبێت وێنەیەکی دیارمان لە دیاردەیەکی گشتگیرتر هەبێت کە شیعر لەژێر ئەو کۆمەڵەیە دایە. ئەم دیاردەیەش هونەرە! لەو کاتەوەی کە مرۆڤ دەستی بە وێنەکێشان کردووە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، لە تەک گشت ئەو ئەنگیزانەی کە دەیتوانی بۆ ئەم کارە بوونی هەبێت.(نمونەی گواستنەوەی رەگەزێک کە سەرقاڵی ژیانی رۆژانەی بوو، یان رووبەڕووبوونەوەی لە ترسێک کە سەرچاوەکەی لە بێ هێزی بەرامبەر سروشت بوو...یان سەرقاڵی و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانی لە شەو درێژە تەنیاییەکانی)، دەیتوانی بیر لە شتێک بکاتەوە کە ئەنگیزەکانی سەرەوەی کۆ دەکردەوە. ئەوەش گواستنەوەی هەستەکانە.ئەوەیکە مرۆڤ چۆن و کەی بەم چەمکە گشتگیرە (هونەر) گەیشتووە، دیار نییە، بەڵام ئەوە روون بۆتەوە کە رەگەز تەوەرێکە لە ژیانی مرۆڤ و لە گشت سەدەکاندا، نەیتوانیوە وەکو دیاردەیەکی جیاواز لە دیاردەکانی تر بناسرێت. سەرەڕای گشت ئەو پێناسانەی کە تاوەکو ئێستا بۆ هونەر کراوە، ئەوەی دەکرێت بە روونی وەکو رەگەزێک لە رەگەزەکانی و تەوەر، جیابکرێتەوە، شتێک نییە جگە لە تایبەتمەندی: "وروژاندن"! بە مانایەکی تر ئەوە دیاردەیە (هونەر) لە گشت ناوەندە زانستەکانی تری جیا دەکاتەوە،







تایبەتمەندی وروژاندنە.کە لە توانایدا هەیە وەکو دیاردەیەکی ناسرەکی، هەمان هەست بەدی بهێنێت کە هونەرمەند بوروژێنێت. دیاردەی کاریگەری، گیان بنەمای سەرەکی هونەرە. بێ ئەوەی بمانەوێ لە ئێستادا بە شێوەیەکی پراکتیکی لە رەهەندە ئەرێنی و بەهادارەکانی بکۆڵینەوە، دەتوانین ئەوە قبوڵ بکەین کە " هەموو بەرهەمێک ئەگەر وروژاندنی تێدا بێت، هونەرە". بەم پێناسەیە شیعر وەکو یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی درەختی هونەر، نابێت ئەم رەگەزەی تێدا نەبێت. بەڵام چۆن شیعر وەکو دیاردەیەکی رەوانبێژی، دەتوانێت ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا بێت؟ ئەم خاڵە، هەمان خاڵی سەرەکی، لە وێنا کردنی کەسایەتی شیعری و بەرهەمی شاعیرانەیە.بەر لە هەموو شتێک، دەبێت گرنگی بەوە بدەین کە ئەوەی شیعر ئەنجامی دەدات، لە سەرەتا و لەدوای هەموو شتێک، بەهۆی "وشە" روو دەدات. کەواتە وشە رەگەزی سەرەکییە و بە پلەی یەکەم دێت. بەڵام وشە لە خۆیەوە پێناسەی شیعر نییە. خشتێکە کە بە پێی رەگەز و پێگە و جێگیرییەکەی و گۆشەی جێگیر بوونی لە پەیکەری شیعردا، دەتوانێت و دەبێت بەرپرسیارێتی خۆی لە کۆمەڵەی کارکردی کاریگەریدا، جێبەجێ بکات. ر ەگەزی دووەم، رستەیە، واتە ریزێک لە خشتی هاوسەنگ و یەکسان و هاوهێز کە بتوانێت بە لایەنی کەم وێنەیەک، وەکو ریزبەندی خشتێک لە دیوارێکدا، پێک بهێنێت. رەگەزی سێیەم، هەماهەنگی و گونجاندنە. ئەم رەگەزە، هەم پێکهێنەری شیعرە و هەم ئەو دیاردە بنیادنەرەیە کە وەکو مۆسیقای دەربڕین ناو دەبرێت. ئەوەی شیعر لە بەشەکانی تر جیا دەکاتەوە و وەکو بەرهەمێکی هونەری دەیناسێنێت، ئەم رەگەزیە. لێرەدایە کە شیعر وەکو هونەرێکی دەربڕین، لە جۆرەکانی تری دەربڕین نمونەی پەخشان جیا دەبێتەوە و تایبەتمەندی سەربەخۆی هەیە. هەرچەندە پەخشانیش خاوەن رەگەزێکی هاوریتم و یەکسانە، بەڵام جۆرەکەی هێڵە نەک ئەندازیەیی! لێدانی ئاواز لە پەخشاندا وەستان نییە و ئەگەر هەیەتی، دووبارە نابێتەوە، واتە پەیڕەوی لە راهێنانی رینووسزایی یان هاوسەنگی دەنگە کورت و درێژەکان و یەکەی دەربڕین ناکات، بۆیە رەنگە پەیڕەوی لە ریتم و ئاوازەکان بکات، بەڵام پەیڕەوی کێش ناکات. وەلێ لە شیعردا هەم دووبارە دەبێتەوە و هەم لە خاوەن وەستانی لاتەریب و هاوسەنگە وەکو عورز یان لاتەریب نییە و پچراوە، بەڵام هاوسەنگە . کەواتە سێ رەگەزە سەرەکییەکەی هونەری رەوانبێژی لە جۆری شیعر و



وشەی ناوەڕۆك و رستەی وێنەیی و هاوسەنگە. بۆ ئەوەی شیعر وەكو دیاردەیەكی هونەری بە ئەركی سەرەكی خۆی واتە دانانی كاریگەری و رووژاندنی هەستەكان بە ئاراستەیەكی دیاریكراو هەستێت، دەبێت توانستی بەكارهێنانی سێ رەگەزی سەرەوەی هەبێت و وێنەیەكی وا بخولقێنێت كە پاڵنەرەكانی بەرامبەرەكەی بۆ وێنەیەكی نزیك رابكێشێت. بە مانایەكی سادەتر، قسەیەك لە دڵەوە دەربچێت ـ بێگومان لەسەر دڵ دەنیشێت! هونەری شاعیر لەوەدایە كە بە بەكارهێنانی ئەم سێ رەگەزەی سەرەوە توانستی پێكهێنانی وێنەیەكی هەبێت كە توانیبێتی هەستەكانی خودی ئەو بجولێنێت و بیوروژێنێت. بەڵام خاڵێكی گرنگ دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بكرێت ئەوەیە كە وێنەی پاڵنەری شاعیر، دەقاودەق هەمان وێنە پاڵنەرەكانی خوێنەرەكەی نییە، چونكە رەگەزی وێنەكانی سەرەكی،لە راڕەوی هزری شاعیر، واتە تێروانینەكانی ئەو تێپەڕیوە. كەواتە وێنەی شیعری، وێنەی پاڵنەری شاعیر ، لەسەر تێروانینەكانی ئەوە. ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی كە زۆربەی جار خوێنەر ئەو پرسیارەی بۆ دێتە پێشەوە كە شاعیر چۆن توانیویەتی ئەمجۆرە شیعرە بنووسێت؟ هەمان شتە. خاڵێكی تر كە هەموو خەڵك راهاتوون لەسەری، وێنەی وەرگیراوەكان لەتەك تێروانینەكانی خۆیان دەربخەن، بەڵام شاعیر لە ئاوێتە كردنی ئەو دووانە وێنەیەكی تر دەخولقێنێت. ئەگەر شاعیر لە چۆنیەتی سود وەرگرتنی رەگەزە سەرەكییەكان بە توانا بێت، دەتوانێت پاڵنەرە سەرەكییەكان لەپاڵ پاڵنەرە نا سەرەكییەكاندا بۆ پاڵنەرێكی تازەتر دەربخات كە هەستەكان بە تەوژمێكی زیاتر بجولێنێت. بە هەمان شێوەی كە ئەگەر ئێوە دەست لە نزیك سۆپایەك دابنێن، دەمارە پاڵنەرەكان، كاردانەوە نیشان دەدەن، وشەكان و رستە و وێنەی بەكارهێنانی دەبێت بە شێوەیەك بێت كە ئەمجارەیان ئەم پاڵنەرە لە رێگەی چاوو گوێوە ئەنجامی بدات، چونكە شیعر، هونەری گواستنەوەی هەستەكانە لە رێگەی دەربڕینی كێشداردا. بە هەمان شێوە كە پەخشان، هونەری گواستنەوەی ئەندێشەیە





لە رێگەی دەربڕینی پەخشانەوە . راستە كە لە هەر دوو هونەرەكەدا هونەری " ئەندێشە و هەست" بەكار دەهێنرێت، بەڵام لە شیعردا " هەست" لە پێشترە و لە پەخشاندا ئەندێشە. لە شیعردا هونەر چۆنیەتی وروژاندنی هەست وێنە دەخولقێنێت. لە پەخشاندا هونەر چۆنیەتی دەربڕینی ئەندێشە، خولقێنەری وێنەیە. سەیری ئەم نمونەیە بكەن: " چاو تایبەتە بە بینین، ئەگەر بهێڵن. خەندەی پەنجەرە جوانە، ئەگەر بهێڵن. بە ڕقەوە سەیرم مەكەن خەڵكینە دڵی من بۆ ئێوەیە، ئەگەر بهێڵن".

مەحمود ئیكرامی

كەواتە جیاوازی سەرەكی شیعر و پەخشان، لە وێنا كردنی دەربڕینی ئەندێشە و هەست و بابەتی پێشكەوتن و دواكەوتنی هەر كامەیانە. نەك شتێكی تر! شیعر لە بەهۆی لەپێشترینی دەربڕینی هەست لە روخساری خۆیدا كاریگەری دادەنێت، و پەخشان بەهۆی لە پێشترینی دەربڕینی ناوەڕۆكەكەی ، بەڵام ئەم پەیكەرە كاریگەرە، پەیڕەوی لە چ میكانیزمێك دەكات؟ من نامەوێ شتێكی تازە بڵێم و ئەو شتانە دەخەمە روو كە هەمووان دەیزانن. تەنیا مەبەستم ئەوە كە كۆمەڵێك وێنەی لێكترازاو لە پاڵ یەك دابنێم، تاوەكو بتوانین سەیری دیمەنێك بكەین.وەكو دەزانن، بنەمای شیعر لەسەر هەست دانراوە، بەڵام هەست چییە؟ هەست هەمان پاڵنەری دەمارەكانە، واتە ئەو كاتەی ئێوە هەست بە شتێك دەكەن كە مێشكتان جولاَبێت،جا رەنگە ئەم دەمارە پەیوەندی بە چاوی ئێوە هەبێت یان گوێ یان پێستتان ... ئەمە جیاوازی نییە. پاڵنەر بە جولاندنی خانە دەمارەكانی ئێوە و دواتر كاردانەوە كیمیاویەكانی نێوان خانە دەمارەكان و دروست بوونی ئەلەكتریكی، پەیامی دەمارەكان بۆ مێشكی ئێوە دەگوازێتەوە. ئەم میكانیزمە ساكارە هەستی شتێكە لە ژینگەدا. كاتێك ئەم پەیامانە بە مێشك دەگات، لەوێدا تاوتوێ و پۆلێن دەكرێت و هەر كامەیان دەچێتە ناو دۆسیەیەی تایبەت بەخۆی. ئەگەر ئەم پەیامانە بە پێی درێژی و فریكانس رێك بخرێت واتە هاوسەنگ بێت و لە یەك سەرچاوە هاتبێت، وێنەیەكی ستاتیكی دەكێشێت ( تەوژمی پاڵنەرەكان، دەورێكی دیاریكراویان لە وێناكردنی وێنەكان لە لایەن مێشكەوە هەیە).وێنەیەك كە دووبارە مێشك ئەم توانستەی هەیە كە لەگەڵ وێنەی دۆسیەكانی تر بەراوردی بكات و جیای بكاتەوە و دیمەنێكی تازە بخولقێنێت. ئەم كردارە هەمان دووبارە وێناكردنە كە لە رەگەزەكاندا لەگەڵ وێنەی سەرەتایی سەر بە یەك خێزانن، بەڵام لە

رازاندنەوەی رەگەزەکاندا جیاوازی هەیە. وەك ئەو رووداوەی کە لە کاتی ئاوێتە و شیکردنەوەی رەگەزە بەرزەکاندا رووبەرووی دەبینەوە. ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی رۆژ و شەو، لە کاتی خەو یان بێداری ملیۆنان بەڵکو ملیار جار ئەمکارە ئاگایانە یان نائاگایانە ئەنجام دەدەین. چەندە پاڵنەرەکانی دەمار خاوەنی هێز و گونجان و وردبینی زۆرتر بن، بە هەمان ئەندازە رێژەی وەرگرتنی ئێمەش زیاتر دەجولێت، کاریگەری قولتر و کاردانەوەش خێراتر دەبێت. سەبارەت بە زانستە مرۆڤایەتیەکان زۆربەی جار پاڵنەرە مەرجدارەکانی دەمارەکان و کرداری هەستکردن و کاردانەوەی گونجاو، دەبێتە جێگرەوەی هۆکاری سەرەکی یان پاڵنەری راستەقینە. وەکو ئەو هەستانەی کە لە دوای بیستنی وشەی "مەرگ" لە ئێوەدا دروست دەبێت، لە راستیدا بێ ئەوەی کە مەرگێك لە ئارادابێت. کەواتە، وشەکان، هۆکاری گواستنەوەی هەستەکان، لە بەهرەیەکی مەرجدار و لە راستیدا ئەم پاڵنەرانەن کە سەرەرای کاریگەریان لەسەر وەرگری دەمارەکانی بەرامبەر، هاوکات هەم هەست دەوروژێنێت و هەم وێنە دروست دەکات. هەردوو هۆکار " پاڵنەرە نەناسراوەکانی هەموو زمانێك" و " کلتوری پاڵنەرەکان، کە لە کۆمەڵێك پاڵنەری مێژوویی و کلتوری و نەریتی و سروشتی پێکهاتووە" دەبێت تێکەڵ بە پاڵنەرە سەرەکیەکە بکرێت. شیعر، بەر لەوەی بەهرەی چێژبەخشین بێت، بەهرەیەکی زانستییە، واتە یەکێك لە میکانیزمە دیارەکانی ئەزمون، پەیرەوی لە پێکهاتەی فیزیایی و کیمیاوی و ژینگەناسی دەکات.

ژێر نووس: ۱- هەروەکو دەستەواژەی وەکو قرە قوروت، دەتوانن مەرجێکی پاڵنەری دەمارەکان بن و دواتر دەردانی تەرایی ناو دەم بن، وشەکان، ئاوێتەکان، پێناسەکان، دەستەواژەکان و وێنەکانیش دەتوانن سەرەرای بینینی ئەم دەورە دوای دروست کردنی گۆرانکارییە کیمیاوی و هۆرمۆنی و فیزیایی بارودۆخی هەستەوەری لە دەروونی مرۆڤدا ئاوێتەی یەکتر دەکات، بە مەبەستی خۆی، واتە بە بچووك بوونەوە و گەورە بوونی هزر بگەن.

۲- شیعر، شوێنی قەرەبووکردنەوەی سێ هونەر، مۆسیقا ( لێرەدا کێش)، وێنەکێشان و گێرانەوەیە. روخسار لە شیعردا بەرهەمی هەماهەنگی نێوان ئەم سێ رەگەزەیە، کە لادانی یەکێك لەم رەگەزانە لە پێکهاتەی روخسار، چەمکی روخسار لە شیعردا ناگەیەنێت. ! چەمکی روخسار لە شیعردا، لەگەڵ روخسارەکانی تردا جیاوازە. لە هەر دیاردەیەکدا، وێنە پەیوەستە بە کارکردی ئەم دیاردەیە و پێکهاتەی تایبەت بەخۆی هەیە و چەندین بەشی تایبەت بەخۆی هەیە . تیۆری سیستمەکان! بۆ نمونە کاتێك کە باس لە وێنە دەکرێ کە پەیوەندی بە پیاڵەوە هەبێت. بەر لە هەموو شتێك داوای پیاڵە دەکرێت، بە شێوەیەکی بەرجەستەیی کە بریتییە لە قەبارە و رێژە و رەنگ و ... کەواتە خوێنەر دەبێت گرنگی بەوە بدات کە لە لێکۆڵینەوە هونەری و وتارە تیۆریەکاندا، پەیرەوی لە پەیکەربەندی سیستمەکەی خۆی بکات. لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك دەڵێین جیاوازی شیعر و پەخشان لەوەدایە، مەبەستمان رەتکردنەوەی پەیوەندییە دیالیکتی روخسار و ناوەرۆك یان بە مانایەکی تر روخسار و بابەت - مانا - ناوەرۆك - ئەنگیزە نییە، چونکە لە بەراوردکردنی تیۆری پێویست نییە. بە پێی تیۆری سیستمەکان، هەموو سیستمێك لەسەر سیستمی ئەقڵی خۆی پۆلێن کراوە، سیستمی دەروونی، ئاشکرا و پەیوەندی ئەو بە سیستمی گەورەتر دیاریکراو بێت. کەواتە لێرەدا، دیاریکردنی پێکەری ئەم سیستمەیە کە چەمکی روخسار روون دەکاتەوە. سێ رەگەزی سەرەکیەکەی مۆسیقا و وێنەکێشان و گێرانەوە ، بە مانایەکی تر مۆسیقا، وێنە ، چیرۆك، کە کامەیان لەسەر بنەمای دەبرین و ئاوێتەبوون، لێکچوون و دەستەواژە و ئەندێشە مانا دەبەخشن، دەبێت بکەونە ناو ئەڵقەیەکی دەربرین، تاوەکو بتوانن سەرنجی ئێمە بۆ جۆرێك لە نووسین رابکێشن ئەو کاتەی شیعرەکەی دەخوێنینەوە. لە کاتێکدا لە پەخشان، روخسار پەیرەوی لەم بنەمایە ناکات، لە پەخشاندا هونەرمەند ناچار نییە کە رەگەزی مۆسیقی یان ستاتیکی بەکار بهێنێت و ئەگەر بەکاریشی بهێنێت، دەورەکەی کاریگەر بکات. هەر چەندە بەشێك لە نووسەران پەیرەوی لەم ستایلانە دەکەن کە ئەم دوو رەگەزە بە کاردەهێنن، بەڵام ئەمانە دەربرینن، نەك پێکهاتەی دەبرین! ئەم رەگەزانە لە روخساری شیعر، رازاندنەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە پێکهاتەکەی. بە پێچەوانەی پەخشان کە تەنیا لەسەر بنەمای گێرانەوە وەستاوە ! شیعر تەنیا کاتێك زمانی تێگەیشتنە و وەکو هونەرێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت کە سێ رەگەزەکەی سەرەوە پێویستە بە یەکەوە پێکهێنەری روخساری بن.

**لە نووسینی: فەرهاد عرفانی**

**سەرچاوە: سایتی "مانی ها"**



**حسب الله يحى**

# ماسی

**و : کوردستان مجباس محمد**

ماسیەك لەناو دەریایەك بوو منیش دانشتبووم چاودێریم دەکرد و سەیرم دەکرد پارچە نانێکم بۆ تێگرت زۆر بەخێرایی خواردی و دوور ڕۆیشت ...لەنزیك کەنارەکە چاوم کەوت بەگوێچکە ماسیەکی وشك دەدرەوشایەوە سەرم سوڕما... ماسییەك لەدەریاکەوە دەرچوو، خۆی هەڵدا،گوێچکە ماسیەکەشی لەنزیك مندا ئەدرەوشایەوە لەدەریاکەدا.

لەخۆم پرسی .. ئایە ئەم ماسییە لەمن دڵخۆشترە هەروەها گوێچکە ماسییەکەشی ؟ دەستم کرد بەبیر کردنەوە، ئەگەڕام بەدووای وەلاٌمەکەیدا، لێرە لای ئەم دەریایە کەناوی نازانم هەروەها نەسەرچاوەکەی و نە ئەم زەویەش کەلەسەری دانیشتووم،چەکەکەم لەتەنیشتمەوەیە بەتاڵە لەفیشەك، لەکەنار دەریاکەدا دانیشتووم و ئەڕوانمە ماسییەکە و خۆر و گوێچکە ماسییەکە بیر لەکۆتای خۆم ئەکەمەوە بەتەنیایی ئەبێ ئاشکراکردنی ونبووەکان و دیلەکان، ماسییەکە دڵخۆشە بەخۆی .. من دڵخۆشم بەدڵ خۆشییەکەی، ئەو لەمن ناترسێ، هەستم بەنەرمی خۆم کرد کاتێ ئەو پارچە نانەم کردە قوربانی و دام بەماسیەکە لەکاتێکدا دووا پارچە نان بوو پێم تاکوبیخۆم ...ئەویش وەك من بوونەوەرە مادام خواردنم پێییە ئەو پێویستی پێیەتی، کەواتە لەسەرمە پێشکەشی بکەم .. بۆیە ویستم بەیەکەوەبین ...هاوڕێ بین، ئەگەر باجی ئەو هاوڕێیەتیە برسێتیشم بێت، ماسیەکە زانی مەبەستم چییە .. لەسەرەتا ڕای کرد لەهەنگاوی دوواتر نزك بووەوە ...نزیك بووەوە ... وەك ئەوەی بیەوێ چیرۆکی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە . کات وردە وردە لە ئێوارە نزیك ئەبوەوە .... خەریك بوو ڕووناکی خۆر وردە وردە پاشەکشێی ئەکردماسیەکەش چاودێری ئەکردم

وەك ئەوەی لێم بپرسێ تۆ بۆ کوێ ئەڕۆیت ؟لەناخمدا قسەم لەگەل ئەکرد :بڕۆرەوە بۆ نیشتیمانەکەت کە دەریایە ...من لێرە بەنادیاری ئەمێنمەوە.. سبەی بەیانی یەکتر ئەبینینەوە . ماسیەکە لەبەردەمدا بازی ئەدا . گوێچکە ماسیەکەم بۆهەڵدا ...دوورکەتەوە، پەشیمان بوومەوە ...ئایە پێویست بوو لەماسیەك کات بەسەر بەرم کاتێ ئەو ژیانی خۆی بۆ باس کردم من بەگوێچکە ماسیەکە لێی بدەم ؟ ئەوکات بەهەر بردنەم ناوێ هاوڕێیەتیشم لەگەڵ ماسیەکە لەدەست ئەدەم، دوورکەتنەوە لەنێوانمان دەبێت ... ماسیەکە دڵگران بوو بەکارەکەم . جێی هێشتم و ڕۆیشت گوێچکە ماسیەکە بەڕەنگداری خۆی لەئاوەکە مایەوە ' بەدەستم هەڵم گرت، بەجلە سەرابزییەکانم وشکم کردەوە ..ویستم بەڕەنگەکانی دڵخۆش بم..

وشك بووەوە، لەبەردەمما بە مردووی ئەبینرا کەهیچ ڕەنگێکی نەما کەبەردەوام بێت لەسەیر کردنیدا .فرێمدایە ناودەریاکە کەنزیك لەکەنارەکەی ..ڕەنگەکانی جارێکی تر پێکەنینەوە ...ئەوکاتە ماسیەکە لەدەریا دڵخۆش و پارێزراوە، گوێچکە ماسیەکەش لەکەناری دەریا سەرنج ڕاکێش و جوانە، من لێرەنامۆم لەم شوێنە .. هەوڵ دەدەم کات بەگوێچکە ماسی بەسەر بەرم و دڵ ڕەکانە بۆماسی تێدەگرم.

ماسی و گوێچکە ماسیەکە ماڵین،ئەی بۆچی منیش ماڵی نەبم لەگەڵ زەوی هەمووومان لە ژێر یەك خۆر داین هەمووومان بەچاوی گەورەیەك ئەیبینین گوێچکە ماسی ڕەنگەکانی ئەدرەوشێتەوە لەبەرچاوم و دڵخۆشم ئەکات ....خۆڵیش کاتێك لەسەری دا ئەنیشم شتێك ئەبینم



لــەڕووما ... ئێــوارەی بــیر هێنامــەوە ..خـامۆش مـام لـەنێو جلـە سـەربازییەکانم ..بەنەخوتووی خـەونم ئـەبینی... چاوەکانم چــاودێرییان ئــەکرد هــەموو هەســتەکانم ســەرقاڵ بــوون دەبــێ ئێــستا چــی بکــەم ...لەشەودا بەئاڕاستەیەك ئـەڕۆم ڕاست یا چەپ .. لەوانەیە ئاڕاستەکانم لێ ون بووبێت .چەکەکەشــم ســار،کەجوولآنم ...یەکــەم

هەنگاوم دەست پـێ کـرد، گـوێم لـەدەنگی گولـە بـوو بەئاڕاسـتەی خـۆم . مـن نـزیکم لــەدووژمن . یــا لــە هاوڕێیــان..نــازانم، پرســیارم کــرد:ئەگــەر هــەردوولا زانیــان بوونەوەرێك لەم شـوێنە ئـەژی و زینـدووە، بۆچی نایەن بۆلام ..بەدیلی یابەکوژراوی یا لەئامێزی هاوڕێیانم؟سێ هەنگاوم نا ئاماژە ئاگــادار کراوەکــان هاوێــژران، گەڕامــەوە







بــۆلای دەریاکــە ...ئەلــەرزیم ماســیە بــچووکەکان بەردەســت و دەم و چــاوم دەکەوتن، منیش هەم جل و هـەم چەکەکەم لەسەر ئاوەکە بووین ..چەکەکەم لەم دەست ئەدا و بو دەست دووبـارەم ئـەکردەوە، ئـەم ویست بەزمانی نیشتیمانەکەم هـاوار بکـەم . بەلآم دەنگم لـەقورگم پـەنگی ئـەخواردەوە، خــۆمم لەگـــەڵ ماســـی و گوێـــچکە ماسیەکەدۆزییەوە، هەستم بەپارێزراویـەکی سەیر کرد.هـەموو گوڵـەکان بـەڕووما ئـەهاتن لەدەریاکـە سـار ئەبونـەوە، دەریـام خـۆش ویست، ئەلەرزیم و بەسەر ماندوێتیما زاڵبووم مەلەم ئەکردو هەناسەم گران بوو .

هەسـتم بـەنزیك بوونـەوەی مەترسـی ئـەکرد لەکەنارەکە نزێك ئەبوومـەوە لەوکاتـەیا بـیرم کـردەوە ئەگـەر ماسـی بـوو مایـە دوونیـای دەریـا لـەخۆی بگرتمایـە یاگوێـچکە ماسـی بووما‌یـــەو لـــە ئـــاودا بدرەوشـــامایەتەوە حەزەکەم دڵخۆشی کـردم لـەدەریای فراوانـدا بـژیم، لـەژێر ئاسمـانی شـینا . گەیـشتم و هەناسە برکێم بوو، گوێم لەترپـەی دڵم بـوو، گــوێم لـــە شـــەپۆلی ئاوەکـــە بـــوو لەپێشم،تەمەنام ئەکر دەنگەکەی بەرزتر بێت لەدەنگی ترپەی دڵم، لـە پرگوێم لـەدەنگێك بـوو هـاواری بـۆکردم لـە شـوێنێکەوە نـازانم کـوێ بـەلآم دەنگێکـی بەسـۆز بـوو، هەسـتم پێی کـرد . دڵخـۆش بـووم هەسـتام و بـەرەو

دەنگەکـە ڕام کـرد دەنگێکـی ناسـاروبوو لەزمانەکەمـــەوە ...خـــۆم دۆزییـــەوە لەباوەشـی نیـشتمان و زمانەکـەم ...بۆیـە پڕبەدڵ دام لەقاقای پێکەنین....

سەرچاوە گۆڤاری (افاق العربیە )
لاپـەرە ٨٧ ژمـارەی سـاڵی حەوتـەم ١١ _١٢
تەمووز_ئابی ١٩٨٢



# چەند چیرۆکێکی

# زەکەریا تامر

و/ عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

### هەموو بێدەنگن

زوهێر سەبری بە کچێکی جوان گەیشت دەتوت خونچە گوڵە بە پۆشاکێکی سەوزەوە، بە دەنگێکی لەرزۆک پێیوت خۆشم دەوێیت و ناتوانم لە تۆ زیاتر کەسی ترم خۆش بوێت. کچەکە پێیوت تەنها بایەخ بە دوارۆژی خۆی دەدات، لە ناکاو زللەیەک کێشرا بە مليدا، ئاوڕی بەملاولای خۆیدا دایەوە و کەسی نەبینی.

زللەی دووهەمیشی کاتێك بەرکەوت کە بە دەوڵەمەندێکی وت تۆ مەزنترین کەسیت لەم وڵاتەدا و کەسی زللە وەشێنیشی نەبینی. کاتێکیش دەستی پیاوێکی ریشنی ریش بۆزی ماچکرد و داوای لێکرد دۆعای بۆ بکات، زللەی سێیەمی پێاکێشرا و زللە وەشێنی نەبینی. زوهێر سەبری رۆژ نەبوو





زللەی بەرنەکەوێت و هیچ کاتیش زللەوەشێنی نەدەبینی.. بە کەسیشی نەدەوت زللەی بەردەکەوێت نەبادا گاڵتە و مەزاقی پێبکەن و بە شێتی دانێن. بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە خەڵکیش هەموو وەك ئەو زللەیان لێدەدرێت و هەموویشیان بێدەنگن.

### لە چاوەڕوانیی ژنێکدا

فارس مواز بە بێ سەر لەدایکبوو، دایکی گریا، پزیشك لە ترساندا کەوتە هەنسکدان، باوکی لە شەرمەزاریدا خۆی نووساند بە دیوارەکەوە، نەخۆشەوانەکان لە قاوش و هۆڵەکانی نەخۆشخانەکەدا خۆیان شاردەوە و بڵاوبوونەوە. وەك پزیشکەکان پێشبینیی مردنیان کردبوو، فارس نەمرد، بەڵکو زۆریش ژیا، بەڵام کوێر و کەڕ و لاڵ و بێ پرتەوبۆڵە و ئیشکردن. خەڵکی ئیرەییان پێدەبرد و دەیانوت نەك زیان بەڵکو قازانجیشی کردووە. فارس هەمیشە لە چاوەڕوانیی لەدایکبوونی ژنێکی وەك خۆیدابوو، تا پێکبگەن و جۆرێکی نوێ لە مرۆڤ بەرهەم بێنن، بەو هیوایەی زۆر لە چاوەڕوانییدا نەبێت.

### بچووککردنەوەی یەکەم

عەبدوڵڵا سەپان پیاوێکی کەتەی شان و مل پان بوو، لەبەرئەوە دەستگیرکرا کە هەمووجارێ لە پشکی خۆی زیاتر هەوا هەڵدەمژێت..ئەویش نکوڵیی نەدەکرد و دانی بەوەدا نا کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سییەکانی گەورەن. هەرزوو خرایە نەخۆشخانە و دوای چەند هەفتەیەك بووە پیاوێکی کورتەباڵای سینە تەسك و سی بچکۆلە، کە رۆژانە لە پشکی خۆی زۆر کەمتر هەوا هەڵمژێت.

### بە ناوی حکومەتەوە

رۆژنامەنووسێك بە شەقامەکاندا بۆ بابەتێك دەگەڕا بە کەڵکی ئەوەبێت لە رۆژنامەیەکی حکومیدا بڵاوی بکاتەوە. وای بەبیردا هات لە بارەی هەژاریەوە بنووسێت کە تەشەنەی سەندووە، بەڵام وەئاگا هاتەوە کە دەشێت کەسێکی رکابەری بەکاری بێنێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دژی حکومەتە و حکومەت هۆکاری بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاریە.

ویستی لە بارەی زۆر بوونی رێژەی تەڵاقەوە بنووسێت، هەرزوو ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی دەرکرد، نەبادا بەوە تاوانباری بکەن کە خۆی بە شتە لاوەکیەکانەوە خەریك کردووە و دەربەستی دۆزە چارەنووس سازەکان نایەت. وای بە بیردا هات لە بارەی شیعری نوێوە بنووسێت، بەڵام کەوتە باوێشکدان و

لەوەدابوو بە دەم ڕێوە خەوی لێبکەوێت. ویستی لە بارەی کێشەی گواستنەوە و هاتوچۆوە بنووسێت، بەڵام وەك ڕێزێك بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی حکومەت کە پابەندی یاساکانی هاتووچۆ نابن و فەوزا دەنێنەوە نەینووسی. نیازی بوو لە بارەی ئازادیەوە بنووسێت، بەڵام خێرا بڕیاری دا کە ئەوە پرسێکە شایستەی بایەخ پێدان نیە و پشتگوێیخست. کاتێك بە هۆی ڕۆیشتن و بیرکردنەوە لە شەقامەکاندا شەکەت و ماندوو بوو، بۆ پشوودان چووە باخێکی گشتی و لەسەر کورسیەك دانیشت، کورسیەکە بە بۆڵەیەکەوە پێیوت: هەستە، ئەزانی چەند قورسیت؟

ڕۆژنامەنووسەکە سەرسام بوو بە نامۆیی وتی: دنیایەکی سەیرە.. هاوڵاتی بێدەنگە و کورسی قسە دەکات!

کورسی: ئەڵێی بیرت چووە دنیا گۆڕاوە و ئەو زانستەی مرۆڤی گەیاندە بۆشایی ئاسمان دەتوانێت مرۆڤێکیش بکات بە کورسی.

ڕۆژنامەنووس: ناشێ بڵێیت کاتی خۆی مرۆڤ بوویت؟

کورسی: ئێستایش هەر مرۆڤ و فەرمانبەری حکومەتم و پابەندم بەو کارەی پێمسپێردراوە. پێموتراوە ببە بە کورسی و بووم بە کورسی. چەند ڕۆژێك پێشتر داوام لێکرا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەمنی خۆراکەوە خۆم بکەمە بەرخۆلە، زۆری نەمابوو سەربڕێم، ڕۆژێکی تریش خۆمکرد بە ڕۆژنامەنووس، هیچ نەما ڕەخنەی لێنەگرم، هەرکەس ڕەخنەکانمی پێ خۆشبوو نیەت خراپیی دەرکەوت و دەستگیرکرا.

ڕۆژنامەنووس: من ڕۆژنامەنووسم، کەواتە جیاوازیی من و تۆ چیە؟

کورسی: ئەگەر تۆیش لەم وڵاتەدا ڕۆژنامەنووس بیت، هیچ جیاوازیەکمان نیە.

## باڵندەی سەوز

ئەبو حیانی تەوحیدی هەموو نووسراوەکانی سەر پەڕەکاغەزی سووتان و بەدەم هەڵکێشانی هەناسەی سەرفرازیەوە ڕوانیە خۆڵەمێشەکەی. هەستی بە برسێتی کرد، لە ماڵەوە شتێکی نەدۆزیەوە بۆ خواردن بشێت، بە پشتی دەستی دەمی سڕی و سوپاسی خوای کرد. لەبەردەم ئاوێنەکەدا وەستا، خۆی بەدڵ نەبوو، خۆی کرد بە بەرخ، پشیلە، گورگ، باڵندەیەکی سەوز و لە پەنجەرە کراوەکەوە دای لە شەقەی باڵ، بەسەر خانووەکاندا فڕی و لەسەر چڵی دارێك نیشتەوە. بە وردی دیقەتی پیاوێکی دەدا





لە باخچەی کۆشکەکەیدا دانیشتبوو و خزمەتکار و پاسەوانەکان لە دەوری بوون، پیاوەکە ڕوانیە دەوروبەری خۆی و هەموو شتێکی جوان دەهاتە پێش چاو، گژوگیا سەوز، درختەکان سەوز و پڕ بەر، ئاسمان شین، خۆر گەش و ڕووناك، گوڵەکان جۆرەها شێوە و ڕەنگ، بۆیە بە دەنگێکی بەرز و خۆشگوزەران پرسیی:" کەس هەیە لەم دنیایەدا هێندەی من بەختەوەر بێت؟."

هەموو ئەوانەی لە دەوری بوون کەوتنە کێبەرکێی تەئکیدکردنەوە لەوەی کە ئەو: بەختەوەرترین، بەهێزترین، بەسۆزترین، دەوڵەمەندترین، دڵفراوانترین پیاوە لە جیهاندا. باڵندە سەوزەکە تووڕەبوو، بووە قەلەڕەشێك و هێندە قیڕانی پیاوەکەی بێزار کرد و ناچاریکرد فەرمان بە دەستوپێوەندەکانی بکات هەرچۆنێك بێت ئەو قەلەڕەشە لە باخچەکەی دەربکەن، ئەوانیش هەوڵی زۆریان دا و نەیانتوانی، لە شەرمەزاریدا سەریان نەوی کرد، قەلەڕەشەکەیش لەم دار دەچووە سەر ئەو دار و دەیقیڕان و دەیقیڕان. پیاوەکە ناچار بوو بە تووڕەیی باخەکەی جێبێڵێت. قەلەڕەشەکە خۆشحاڵ بوو، بەوپەڕی خێرایی فڕی و لە باخەکە دوور کەوتەوە و خۆی گەیاندە کوچە و کۆڵانەکان و بەسەر تەلێکی کارەباوە نیشتەوە، تەماشای ئەو منداڵانەی دەکرد کە بەخۆشی و تریقانەوەی پێکەنینەوە گەمەیان دەکرد، تووڕەبیەکەی ڕەویەوە، بووە چۆلەکەیەکی بە جریوە، منداڵەکان ئاگایان لێی نەبوو و لە یاریی خۆیان نەکەوتن. چۆلەکەکە فڕی، لە میانەی فڕینیدا بینیی دوو سوپا لە شەڕ و کوشتاردان، بووە فڕۆکەیەکی جەنگی و هەردوو لای جەنگەکەی بۆمباران کرد و قڕی کردن. فڕۆکەکە لە مەیدانی جەنگ و تەرمی کوژراوان دوور کەوتەوە، بەسەر حەوشەی گەورەی زیندانێکدا فڕی کە بە دار و دۆنکی ئەشکەنجەی زیندانیان دەدرا، بینای زیندانەکەی بۆمباران و خاپوور کرد، زیندانیەکان هەر خێرا کەوتنە دروستکردنی بینای زیندانێکی نوێی دیوار و شوورا بەرز. فڕۆکەکە کەشتیەکی بینی دەریا تەیدەکات و سەرنشینانی پێیانوابوو لافاو و تۆفان زەوی نغرۆ دەکات، بووە کۆترێکی سپی و دوور لە کەشتیەکە فڕی و بە چڵێك زەیتوونی سەوزەوە گەڕایەوە، کە خوێن یان بۆیەی سووری لێدەچۆڕا.

## مردنی قژی ڕەش

خۆری نیوەڕۆ سپی بەسەر گەڕەکی سەعدیدا دەدرەوشایەوە، مەلای مزگەوتەکەیش بە نوێژخوێنانی دەوت خوا

پیاو و ژن و منداڵ و باڵندە و پشیلە و ماسی و هەوریشی خوڵقاندووە، هەر ئەویش دەوڵەمەند و هەژاری لە قوڕ دروستکردووە، نوێژخوێنانیش سەری رازیبوونیان بە قسەکانی بۆ دەلەقاند، ئاخر روخساری خۆیشیان لە خۆڵێك دەچوو قەترە بارانی بەسەردا نەبارییێت، خانووەکانیان گڵ و هەرکاتیش مردن دەیانخەنە ژێر گڵەوە.

کە نوێژی نێوەڕۆ کرا، پیاوان بە ملکەچییەکی هێمنانە و خەمناکییەکی چێژدارەوە رۆیشتن و زۆرینەیان روویان کردە چایخانەی گەڕەگ. لەوێ کەوتنە قسەکردن لە بارەی رووداوەکانی رۆژانی پێشوو، واتە ئەو رۆژەی مونزیری کوڕی سالم چوو بۆ بنکەی پۆلیس و بە سەربەرزییەوە رایگەیاند کە خوشکەکەی کوشتووە، چونکە حەیاچوون لە گەڕەکی سەعدیدا تەنها خوێن دەیسرێتەوە.

فاتیمەی میوە کە هەموو دارێك خەونی پێوە دەبینی، فاتیمەی جوان و شۆخە کچ بەوجۆرە مرد. قژە رەشەکەی زۆر جوان بوو، دەتوت ئاوێکی رەشە کە ئەستێرە تیایدا نادرەوشێتەوە، دەتوت خێمەیەکە و دڵنیایی بەو کەسە دەبەخشێت راوەدوونراوە.

فاتمە کە منداڵ بوو، باپیرەی زۆر حەزی دەکرد قژی بۆ دابهێنێت، بەوپەڕی خۆشی و نەشئەوە پرچە رەشەکەی بۆ پەرش دەکرد و دەیوت:" گەنجینەیە..گەنجینە."

ئەو رۆژەی فاتیمە بە هەنگاوی شەرمنانەوە قاوەی بۆ میوانەکان هێنا، قژە رەشەکەی سەرنجی ژنانی داواکاری راکێشا، دوای چەند هەفتەیەك ژنان کەوتنە هەلهەلە لێدان و فاتمە بووە خێزانی مستەفا، ئەو پیاوەی زەردەخەنەی لێ نەبینراوە. مستەفا، فاتمە و قژە رەشەکەی خۆشویست، بەڵام بەردەوام یەك خەونی دەبینی کە لە ژێر رەهێڵە بارانێکدا رادەکات بێئەوەی دڵۆپە ئاوێك تەڕی بکات.

مستەفا بە فاتمەی دەوت:" من پیاوم و تۆیش ژن. دەبێ ژن فەرمانبەرداری پیاو بێت. ژن بۆ خزمەتی پیاو دروستکراوە."

فاتمەیش دەیوت:" چی ئەمرەکەی بەسەرچاو."

مستەفا زللەیەکی تێدەسرەواند:" کە من قسەمکرد تۆ فزە ناکەیت."

فاتمە دەگریا، بەڵام وەك چۆلەکەیەکی بچکۆلەی سەرەڕۆ وابوو، بۆیە زوو ژیر دەبووەوە، پێدەکەنی و فرمێسکەکانی دەسڕی، چاوەکانی دەنوقاند، لە خەیاڵیدا بە نازەوە پێیدەوت:" خۆشم دەوێیت و دەمرم گەر جێم بهێڵیت". بەڵام فاتمە نەیتوانی رۆژێك لە رۆژان ئەم ئاواتەی





بەدیبێنێت.

رۆژێك لە رۆژان مستەفا بە مۆنی و تووڕەیی خۆی دەکات بە چایخانەی گەڕەکدا و بە سالم دەڵێت:" لەبری ئەوەی وەك عەنتەر لە نێو ئەم پیاوانەدا دانیشیت، بڕۆ خوشکەکەت بەرەوە."

مونزر سالم لە شەرمەزاریدا سەری شۆڕکرد، بە قایمی لێوی خۆی گەست، هەستا و بە گەڕەکدا کەوتە راکردن.

فاتمە کە براکەی دەبینێت چەقۆی لێ هەڵکێشاوە و رادەکات، قیژانی و هەڵات، کۆڵان بە کۆڵان، سەر و قژ ئاڵۆسکاو، دەم بە هاوار و فیزاح. بەڵام چەقۆی براکەی گەیشتە گەردنی و پیاو و ژن و منداڵی گەڕەگ مات و ئەبڵەق و سست وەستابوون و تەماشایان دەکرد.

قژی رەش بەمجۆرە مرد، بەڵام فاتمە ئێستاش بە کوچە و کۆڵانەکانی گەڕەکی سەعدیدا رادەکات و لە دەرگاکان دەدات و هانایان بۆ دەبات، بەڵام هیچ دەرگایەکی لێ ناکرێتەوە، چەقۆیش بە خوێن سوور بوو.

**سەرچاوە/ چەند سایتێکی ئینتەرنێت.**



**یا سوناری کاوابانا**

# بەندەر

**و/ حسێن عەلی**

بەدڵنیاییەوە ئەم بەندەرە سەرنج ڕاکێشە ژنانی ماڵ و کیژانی بەڕێز بۆ هاوەڵی کردنی هەر میوانێکی نیشتەنی دێتە میوانخانەکە.. یەکێك لەو ژنانە بە درێژای شەو هەر لە هەڵسانیەوە کاتی بەیانی و نان خواردنی نیوەڕۆ و کاتی گەڕان و گەشت کردن لەگەڵی دەبێت. هەردووکیان وەك هاوسەری مانگی هەنگوینیان لێ دێت.

کاتێك پیاوەکە دەڵێت بۆ میوان خانەی سەرچاوە گەرمەکانی نزیك دەچێت و هاوەڵی دەکات، ژنەکە سەری لار دەکاتەوە، و بیر دەکاتەوە، کاتێکیش پێشنیار دەکات خانوویەك لەم شارە بەکرێ بگرێت، ئەگەر هاودەنگەکەی لە سەرەتای تەمەنیدا بیت دەگونجێ بە بەختیاریەوە وەڵام بداتەوە و دەڵێت: (لەبەرئەوەی ئەمە ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت.. و لەبەرئەوەی ساڵێکی تەواو ناخایەنێ، یاخود نیوساڵیش، دەبمە هاوسەرت).

ئەو بەیانیە کاتێك هاوەڵەکەی بۆ ئامادە





کردنی جانتاکانی یارمەتی دەدا، بەخێرای و ئامادەییەوە میوانەکە خۆی جانتاکانی بۆ کۆچ کردن لەسەر پشتی کەشتیەك ئامادە دەکرد، هاوەڵەکەی ووتی: (ئایا هەتا هەتایە نامەم بۆ نانووسی؟).

وەڵامی دایەوە: (چی؟ ئێستا؟)

وتی: (هیچی تیا نیە. هەموو ئەو کاتانەی لێرە بەسەرت برد لەگەڵتا بووم. وانیە؟ و من هیچ تاوان و خراپەیەکم نەکردووە و ئێستاش هاوسەرت نیم..)

وەڵامی دایەوە: (کەواتە ئابەم جۆرە! ئایا بەڕاستی کردارەکە وایە؟)

نامەیەکی نووسی کە دەیویست بۆ پیاوێکی بنێرێ، پیاوێك ڕوون و ئاشکرا هەر وەك خۆی لەمیوان خانەکە نیو مانگی تەواوی لەگەڵ بەسەر برد.

پرسیاری لێ کرد: (ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان کاتێك پیاوێك لەسەر پشی کەشتیەك جێت دێڵێ و لە هاوسەریت دەردەچێت نۆرەی منیش نایەت نامەیەکم بۆ بنێریت؟!)

**(سەرچاوە)**

**کتێبی (الشاعر النمر) هیام عبدالحمید کردوویەتی بە عەرەبی.**

## یاسۆ ناری کاوا باتا

یەکەم ژاپۆنی بوو ساڵی ١٩٦٨ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا بەدەست هێنا. ساڵی ١٨٩٩ لە ئۆساکا، لەدایك بووە. بەهەڵمژینی گاز خۆی کوشت و جیهانی ئیمەی بەجێ هێشت. لە قۆناغێکی زووی تەمەنیدا زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی لەکیس چوو، ئەمەش شەقڵێکی قوڵی لەکارەکانیدا جێهێشت. ساڵی ١٩٢٤ز بە پسپۆڕی لە ئەدەبی کلاسیکیدا لە دانیشتگای تۆکیۆ دەرچوو. هاوبەشی دەرچوونی گەلێك گۆڤاری کرد، لەگەرمەی بەشداری کردنی لەوەی بەبزووتنەوەی هەست پێکراوی نوێ ناسرا ڕەخنە گران دانیان پیانا و، ستایشی خواستی کوڕ و ئاهەنگی بێ وێنەیان کرد، بەشێوازێکی خەیاڵاوی هەستیار هاوبەشی لە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی ژاپۆنیدا کرد. گەلێك لە کارە ئەدەبیەکانی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێردرا، عەبدالرزاق جەعفەر ڕۆمانی (نیمچە دوورگەی) بۆ وەرگێڕا. وە ماری گۆق ڕۆمانە کورتەکەی (شۆخە خەوتووەکان) وەباسم حەجار کۆمەڵەی (سەماکەری ئیبزۆ). وە لەگیفە الدلیمی (وولاتی بەفر). سەرەڕای هەموو ئەمانە هێشتا زۆر لە داهێنانەکانی لای خوێنەری عەرەب نەناسراوە، لەوانە قۆناغی تەواوی سوریالی کە زۆر کەس لە بواری پێشکەوتنی داهێنانی دا تەنانەت بە بونیشی نازانن.



ژان ماری گۆستاو

# هێی دز ژیانت کامەیە؟

و: بۆ فارسی: ئەسغەر نووری

و: لە فارسییەوە: هەرمان وەتمانی

ـ پێم بڵێ لە کوێوە دەستی پێکرد؟

نازانم، ئیتر نازانم، زۆری لێ لاداوە، ئیتر بیرەوەرییەکەم لەو کات نییە. من لە وڵاتی پورتەغاڵ لە دایک بووم، لە ئیریسیرا، ئەو کات گوندێکی بچووک بوو کە ڕاوچیانی ماسی لەوێ دەژیان، لە نزیکەی لیسبوون، سپی سپی، لە قەراغ زەریا، پاشان باوکم بە هۆی هێندێك کێشەی سیاسی ناچار بوو ئەوێ بەجێ بێڵێ و لەگەڵ دایکم و پوورم نیشتەجێی فەڕانسا بووین. من ئیتر باپیرم نەدیتەوە، بەڵام چاکم لە بیرە ڕاوچی ماسی بوو، چیرۆکی بۆ دەگوتم، ئیدی تازە بە زبانی پورتەغالی قسە ناکەم. وەکوو شاگرد بەننایەك دەگەڵ باوکم کارم دەکرد، پاشان ئەو مرد و دایکم ناچار بوو کار بکا، من چوومە کۆمپانیایەك کە کاری نۆژەن کردنەوەی بینا کۆنەکانی دەکرد، هەموو شتێك باش بوو، ئەو کات وەکوو







هەموو کەس بووم، کارم هەبوو، ژیانی هاوبەشیم پێك هێنابوو، چەند هەڤاڵ و برادەرم هەبوو، لە بیری سبەی دا نەبووم، بیرم لە نەخۆشی و ڕووداو و بەسەرهاتەکان نەدەکردەوە. زۆرم کار دەکرد و پارە کەم بوو، تەنیا دەمزانی بەختەوەرم. پاشان فێری کاری ئەلکتریکی بووم، مەدارە ئەلکتریکییەکان و کەلوپەلی ناوماڵم چاك دەکردەوە و ڕۆشناییم هەڵداوەسی. سیم کێشیم دەکرد، ئەو کارەم زۆر پێ خۆش بوو، کارێکی باش بوو.

ئەوانەی دەیانلێم ئەوەندە دوورن کە جاری وایە لە خۆم دەپرسم ڕاستە؟ ئەو کات بە ڕاستی بەم چەشنە بووە؟ بڵێی ئەوانە خەیاڵێك نەبن کە ئەو کات بۆ خۆم ساز دەکرد؟ ئەو کات هەموو شتێك ئاوا ئاسایی بوو، شەوێ کاتژمێر حەوت دەگەڕامەوە ماڵێ کە دەرگام دەکردەوە هەوای گەرمی ماڵێ لە ناوچاوانی دەدام، قیژە و هەرای مناڵەکانم گوێ لێ دەبوو و دەنگی هاوسەرم کە دەهاتە لام و ماچی دەکردم. چوون ماندوو بووم، بەر لە خواردنی شیو لەسەر تەخت ڕادەکشام و چاوم لەو سێبەرانە دەکرد کە گڵۆپ لە بەری مێچی دەنەخشاند. بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، ئەو کات داهاتوو نەبوو، هەروەتر ڕابردوو، تەنیا ئەوەندەم دەزانی بەختەوەرم.

ـ وە ئێستا؟

ئاخ، ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە، لێرەوە بە دوا سامناکە، ئەم گۆڕانە لە ناکاو بوو، کاتێك کە بە هۆی وەرشکست بوونی کۆمپانیا کارەکەم لە دەست دا دەیانگوت بەرپرسەکەی تا ملان چۆتە نێو قەرزەوە. هەموو شتێك ڕەهنی بوو. ئەو ڕۆژەی کە بەرپرسی کۆمپانیا هەڵات هەقدەستی سێ مانگمان پێ قەرزدار بوو. ڕۆژنامەکان سەبارەت بەم باسە لێدوانیان هەبوو، بەڵام تازە کەس نە ئەوی دێوە و نە ئێمەش پارەکەمان. بەم جۆرە هەموو هاتنەوە سەر سیفر. ئەوە لە چاڵێك دەچوو کە هەموو تێی کەوتین. هێندێك نازانم چییان لێ بەسەر هات، وا بزانم چوونە شوێنێکی تر کە ئاشنایان هەبوو و دەیانتوانی یارمەتییان بدەن. سەرەتا وام دەزانی هەموو شتێك جێبەجێ دەبێ، دیسان کارم بۆ پەیدا دەبێ، بەڵام هیچی بە هیچ نەبوو. خاوەن کۆمپانیایەکان تەنیا ئەو کەسانەی سەڵت بوون و خەڵکی هەندەران دایاندەمەزراند. لەبەر ئەوەی کە بە هاسانی دەیانتوانی لە دەستیان ڕابکەن، بۆ کارە ئەلکترییەکانم جەوازی پیشەم نەبوو، ئاوا کەس کاری نەدەدامێ، چەند مانگان هەر ئاوا ڕۆیشت و من دەست بەتاڵ بووم. تێر کردنی زگ و دانی پارەی



خوێندنی کوڕەکانم دژوار بوو، ژنەکەم نەیدەتوانی کار بکا، حاڵی باش نەبوو، تەنانەت بۆ کڕینی دەوا و دەرمانیش پارەمان نەبوو. پاشان یەکێك لە هەڤاڵانم کە تازە زەماوەندی کردبوو کارەکەی بە قەرز دامێ و من سێ ماوەی مانگ چوومە بەلژیك و لە کورەخانە کارم کرد، سەخت بوو، بە تایبەت کە ناچار بووم تەنیا لە هۆتێل بمێنمەوە، بەڵام پارەیەکی چاکم وەچەنگ کەوت، بەو پارەیە توانیم ماشێنێك بکڕم، وانێت پێژۆیەك، ئێستاش ماومە. ئەو کات وام بیر دەکردەوە کە لەوانەیە بتوانم بە وانێتێك کەرەستەکانی بینا هەڵگرم یان سەوزی بفرۆشم. بەڵام بارودۆخ زۆر دژوارتر بوو، چوون هیچم بۆ نەمابۆوە. تەنانەت ئەو وامەی وەرم گرتبوو لە دەستم دا. خەریك بوو لە برسان دەمردین، وەها بوو کە بڕیارم دا. سەرەتا بە خۆم دەگوت ئەو دۆخە بەردەوام نابێ، تەنیا تا ئەو کاتەی کە بڕێکم پارە دێتە دەستی و کارێك پەیدا دەکەم. ئێستا سێ ساڵ تێپەڕ بووە، دەزانم کە تازە ئەو بارودۆخە ناگوردرێ. ئەگەر ژن و منداڵەکانم نەبوان لەوانە بوو بمتوانیبا







بڕۆم، نازانم بۆ کوێ، کانادا، ئوسترالیا، شوێنەکەی گرینگ نییە، تەنیا گۆڕینی شوێن، گۆڕینی ژیان...

ـ دەزانن؟

منداڵەکانم؟ نا، نا، هیچ نازانن، نابێ پێیان بڵێی، زۆر چکۆلەن، سەریان لەوە دەرناچێ کە باوکیان بۆتە دز، سەرەتا نەمدەویست بە خێزانم بڵێم. پێم گوت کە ئاخری کارێکم دیتەوە، نیگابانی شەو لە ئەنبارێکی کەرەستەی بینا. بەڵام تەواوەتی ئەو شتانەی دەمهێناوە دەیدیت، تەلەویزیۆنەکان، گۆشییەکانی تەلەیفوون، کەل و پەلی ناوماڵ، ئەو شتانەی بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردن بە کار دەهاتن، قاب و قاچاغی زێو، چوون هەموویانم لە گاراژ ئەنبار دەکرد، ئاخرێکەی شکی کرد. هیچی نەگوت، بەڵام دەمدیت لە هێندێك شت دوو دڵ بوو. دەیتوانی بڵێ چی؟ گەیشتبووینە جێگایەك هیچمان بۆ فەوتان نەمابوو. یان دەبوو ئەوەی بکەین یان لە شەقام سواڵ... نا، هیچی نەوت. بەڵام ڕۆژێك کە سەرقاڵی بەتاڵ کردنی کەل و پەلی پشت ماشێن بووم و چاوەڕێی ئەو کابرایە بووم کە ماڵی دزێتی دەکڕیەوە، هاتنە گاراژەوە، زۆر زوو ئەو کابرایەم دیتبۆوە، بیری لێ بکەوە، بێ ئەوەی خۆی لە مەترسی باوێ پارەیەکی زۆری لە تەنگەی باخەڵی نا. دوکانێکی کەل و پەلی کارەبا و ناوماڵی لە شاری هەبوو و دوکانێکی تری ئەنتیکە فرۆشی لە شوێنێکی تر، وا بزانم لە دەوروبەری پاریس. هەموو شتێکی یەك لە دەی نرخەکەی دەکڕی، بۆ ئەنتیکەکەکان پارەیەکی زۆرتری دەدا، بەڵام هەموو شتێکیشی نەدەویست. دەیوت دەبێ ئەرزشی مەترسییەکەی هەبێ. ڕۆژێك سەعاتێکی پاندۆلی نەکڕی، سەعاتێکی پاندۆلی کۆن، وتی سێ چوار سەعاتی وەك وەی لە دنیادا هەیە و لەوانەیە ئاوا بە دندوکەوە بێ. سەعاتەکەم دا بە خێزانم، بەڵام حەزی لێ نەبوو، دڵنیام چەند ڕۆژ دوایە لە سەتڵی زبڵی هاویشت، لەوانەیە لە ترسان.

ئەرێ دەموت، ئەو ڕۆژە کە سەرقاڵی بەتاڵ کردنی پشتی وانێت بووم، گەیشتێ، چاوێکی لێ کردم، حەولی دا بزەی بێتێ بەڵام زۆر چاك هەستم بەوە کرد کە دڵ پەشۆکاوە، تەنیا گوتی، جوان لە یادمە، وتی: جێی مەترسی نییە؟ حەیا دایگرتم، پێم گوت نا و داوا لێکرد بڕوا، چوون کابرای کڕیار بە زووانە دەگەیشتێ و نەمدەویست بیبینێ.

نا، نامهەوێ منداڵەکانم ئەو شتانە بزانن، زۆر چکۆلەن، وا دەزانن وەکوو جاران کار دەکەم، پێم وتن شەوانە کار دەکەم و بۆیە

دەبێ شەوانە بڕۆمە دەر و ڕۆژانەش تاوێك بنووم.

- حەزت لەو ژیانەیە؟

نا، هەرگیز سەرەتا حەزم لێی نەبوو، بەڵام ئێستا دەتوانم چ بکەم؟

- هەموو شەوێ دەچی دەرێ؟

شوێن دەزانێ، هێندێك کۆڵان هەن کە لە ماوەی هاویندا کەسیان لێ نییە، هێندێك شوێنی دیکە زستانان بەم جۆرەیە. جاری وایە ماوەیەکی زۆر وەدەر ناکەوم، دەبێ چاوەڕوان بم، چوون دەزانم ئەگەری قۆڵ بەست کرانم هەیە. بەڵام جاری وایە لە ماڵێ بۆ جل و بەرگ و دەرمان پێویستمان بە پارەیە، کرێ خانوو و پارەی کارەبا لە جێی خۆی. دەبێ لە ئاست کاروبارەکان وریا بم. وەشوێن مردووەکان دەکەوم.

- مردووەکان؟

بەڵێ، دەزانی کاتێك کە ڕۆژنامەکان دەخوێنێوە و دەبینی کەسێکی پارەدار مردووە، دەتوانی ڕۆژی بە خاك ئەسپاردنی بچی و سەرێك لە ماڵەکەی بدەی.

- زۆرتر ئاوا کار دەکەی؟

یاسایەکی تایبەتی نییە، هێندێك کار هەن کە بەس بە شەو جێ بە جێیان دەکەم، لە کووچە چەپەکەکان دا، چوون دەزانم ئاوا ئاسوودەترم، جاری وایە دەتوانم ئەو کارەی بە ڕۆژ جێ بە جێ بکەم، لای ئێوارەیەك، زۆرتر حەز ناکەم بە ڕۆژ کار بکەم، تا شەوێ چاوەڕوان دەبم، تەنانەت بەرەبەیانی، دەزانی، نێوان کاتژمێر سێ و چوار باشترین کاتە، چوون ئیتر کەسێك لە شەقام نییە، تەنانەت پۆلیسەکانیش لەو سەعاتەدا خەوتوون، بەڵام ئەگەر کەسێك لە ماڵەوە بێ هیچ کات ناچم.

- چۆن دەزانی کەسی لێ نییە؟

وەختێك عادەتت گرت ئەوە زۆر زوو بۆت ڕوون دەبێتەوە، لە تۆز و خۆڵی بەر دەرگا ڕا، گەڵاو وشك بووەکان و یان لە ڕۆژنامەکانی کە لە ناو مجری نامەکان دا هەڵچنراون.

- بە دەرگادا دەچێ ژوور؟

کاتێك ڕاحەت بێ ئەرێ، قفڵی دەشکێنم و یان کەلك لە شاکلیل وەردەگرم، ئەگەر نەکرا حەول دەدەم بە پەنجەرەدا بچم. هەمیشە دەستەوانەی تێدەکەم، بۆ ئەوەی جێ قامکم نەمێنێتەوە و بریندازیش نەبم.

- ئاژیری خەتەر چی؟

ئەگەر لە جۆری دژوار بێ، بێ خیاڵی دەبم، بەڵام زۆرتر سادەن، زوو دەیانبینمەوە و سیمەکانیان هەڵدەپاچم.

- چیت پێ باشە هەڵیگری؟

کاتێك دەچییە ناو ماڵی کەسێکی نەناسراو دروست نازانی چیت وەچەنگ دەکەوێ، بەس دەبێ زوو عەمەل بکەی، بۆی هەیە






کەسێك بەدوتەوە بێ، دەی هەرچی باش بێ و زوو بفرۆشـــرێ هەڵیــــدەگری، تەلەویزیوون، زەبت، کەل و پەل و قاب و قاچاغی زێـو، شـتی جـوان، گوڵـدان و پەیکەرەکان بەو مەرجەی زۆر دەست و باڵی پیاو نەگرن.

- زێڕ و گەوهەر؟

نا، زۆر کەمتر، دوای ئەوەش خەڵك کاتێك وەدەر دەکەون زێڕ و گەوهەرەکانیان بەجێ نـاهێڵن. سـەیرە ئەوەیـە شوشـەی خواردنەوەش چاك دەفرۆشرێ. خەڵك زۆر سرنج نادەنە ژێرخانی ماڵەکانیان، قفڵی پاراستن لێنادەن و زۆریان ئاگا لەوە نییە کە چ دێتە پێش. دەبێ زوو هەموو شتێکی بار بکەی و تێقولێنی، چاکە ماشێنم هەیە، بێ وی ناتوانم ئەو کارە بکەم. دەبوو چـووبامە نێـو گرووپێکـەوە و بووبامــە گانگەستەرێکی باش. حەزم لەوە نییە، پێم وایە ئەوان ئەو کارەی بۆیە دەکەن وەڕەز نەبن، دەنا نیازیان چییە؟!. دەیانەوێ دەوڵەمەند بن. دزی گەورە گەورە دەکەن، کەچی من ئەو کارەی بۆیە دەکەم لە برسان نەمرم. بۆ وەی ژن و منداڵەکانم شتێکیان هەبێ بیخۆن، جل و بەرگیان هەبێ، بۆ وەی منداڵەکانم بتوانن بخوێنن و کارێکی باشیان وەچەنگ کەوێ.

هەر سپەی کارێکی پەیدا کەم تازە دزی ناکەم. دیسان دەتوانم شەوانە ئاسوودە بێمەوە ماڵی و بەر لە خواردنی شیو لەسەر تـەخت ڕاکـشێم و بڕوانمـە سـێبەرە نەخشاوەکانی بەری میچی. بێ ئەوەی بیری شتێك بکەمەوە، بێ ئەوەی بیری داهاتوو بکەمەوە، بێ ئەوەی لە شتێ بترسێم...

وا هەست دەکـەم بۆشـاییەکی گـەورە کەوتۆتە ژیانم، لە پشت ئەوەش هیچ شتێك نییە، وەکوو دێکۆرێك، خانوویەکان، خەڵك، ماشێنەکان، وا هەست دەکـەم هەمووی دەسکردین، وا هەست دەکـەم ڕۆژێك پێم دەڵێن ئەوانە هەر هەمووی گاڵتە و قمارە و هی کەس نین... بۆ وەی بیر لەو شتانە نەکەمـەوە دوا نیـوەڕۆ دەچـمە شەقام و هەروا دەڕۆم، ڕێ دەپێوم، ڕێ دەپێوم، لە کاتی گەرما، لە ژێر باران، هەست بە نامۆیی دەکەم، دەڵێی هەر ئێستا بە شەمەندەفەر گەیشتوومێ و کەس لە شاری دا ناناسم، کەس.

- ئەی هەڤاڵ و برادەرەکانت؟

ئای، برادەرەکانم، کاتێك کە گرفتێکت هەیە و برادەرەکانت دەزانن کارەکەت لە کیس چووە و ئیتر پارەیەکت بۆ نەماوە سەرەتا زۆر دڵسۆزن، بەڵام دوایە دەترسن بچی پارەیان لێ وەربگری، ئەو کاتە کە... دەی خۆ تۆ زۆر گوێ نادەیەی و ڕۆژێك

دەبینی کە کەست بە بەرەوە نەماوە، تازە کەس ناناسی، دەڵێی بە ڕاستی بێگانەیەکی و تازە لە شەمەندەفەر هاتوویە خوار.

— پێت وایە بارودۆخەکە وەك جارانی لێبێتەوە؟

نازانم... جاری وایە هەست دەکەم ئەو ناخۆشیانە تەواو دەبن و من دیسان لە بەننایی یان ئەلکتریکی دا کار دەکەمەوە، گشت ئەو کارانەی ئەو کات دەمکردن... بەڵام جاری واشە بە خۆم دەڵێم ئەو حالە قەت قەت ناگۆڕێ. چوون ساماندارەکان خۆ دە چارەڕەشان ناگەینن، گاڵتەیان پێ دەکەن، سامانەکانیان بۆ خۆیان هەڵدەگرن و لە خانووبەرە گەورەکانیان دا قەپاتیان دەکەن، ئەتۆش بۆ وەی شتێکت هەبێ، بۆ پارۆ نانێك، دەبێ بچێ ناو ماڵەکانیان و بۆخۆت هەڵی گری.

— کە بیر لەوە دەکەیەوە بوویتە دز چ هەستێکت هەیە؟

دەترسم، دلە خورپە دامدەگرێ، ئەو فکرە دەمکوژێ، جاری وایە شەوانە وەختی شیو دەگەڕێمەوە ماڵێ و ئیتر وەك ئەو وەختانە نییە. شیو تەنیا چەند ساندەویچی ساردە کە دەگەڵ تماشا کردنی تەلەویزیون دەیخۆم، منداڵەکان دەنگیان لێ دەر نایە، خێزانم چاوم لێ دەکا بەڵام ئەویش هیچ ناڵێ، دیارە زۆر ماندوویە، لە چاوە خۆڵەمێشی و غەماوییەکانێوە دیارە. وەبیر ئەو شتەی دێمەوە یەکەم جار پێی وتم، کاتێك پرسی جێی مەترسی نییە؟ پێم وت نا. بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو. چوون باش دەزانم ڕۆژێك، ڕۆژێکی شووم، گرفتێك دێتە ئاراوە. پێشتر سێ چوار بار هێندەی نەمابوو بگیرێم، تەقەیان لێ کردم. سەرتاپا ڕەشم پۆشی بوو بە دەستەوانە و دەمامکی ڕەشەوە، نەیانتوانی لێم دەن، چوون لە تاریکی دا نەیاندەدیتم. بەڵام ئاخری هەر لێم دەدەن، دڵنیام، لەوانەیە ئەم شەو، لەوانەیە سبەی شەو، کێ چووزانێ؟ لەوانەیە پۆلیسەکان قۆڵبەستم کەن و چەند ساڵ لە گرتووخانەدا بم. لەوانەشە کاتێك کە تەقەم لێ دەکەن نەتوانم زوو هەڵێم و بکوژرێم، مەرگ، بیر لە ژنەکەم دەکەمەوە. لە فکری خۆم دا نیم، من هیچم ناوێ، گرینگ نیم، بیر لەوی دەکەمەوە و هەروەتر منداڵەکانم چییان لێ بەسەر دێت؟ لەم دنیایەدا کێ بیریان لێ دەکاتەوە؟ کاتێك لە ئیریسیرا دەژیام بابە گەورەم زۆری ئاگا لە من بوو. ئەو شێعرەی کە زۆر جار بۆی دەخوێندمەوە ئێستاش لە بیرمە، لە خۆم دەپرسم بۆچی ئەوەیان زیاتر لەوانی دیکە لە یادم ماوە، لەوانەیە چارەنووس وای دانابێ، بڕێك پورتەغالی دەزانی؟ ئاوا بوو، گوێ بدەیە:





...

هێی دز! هێی دز!

ژیانت کامەیە؟

خواردن و خواردنەوە

خولانەوە لە شەقام،

نیوە شەو بوو، کە دز هات

سێ جار لێی دا

لە دەرگای ناوەندی.

ژێدەر: La ronde et autre faits divers, Gallimard,1982



# ماریۆ بارگاس یوسا

و: لەفارسییەوە : سەرکەوت نەجاتی

هاوتەمەنی ژولیەت شێکسپییەرە، چاردە ساڵێتی، بەسەرەهاتی لە چەشنی ئەو دڵتەزێن و ڕۆمانتیکە. دەلالە. بە تایبەت کە دەڕوانێ لاجامەی. دەموچاوی درێژ و جوانی بە کوڵمەی قەتیس و چاوی گەورە و تا ڕادەیەك بادامی نیشاندەری ڕەچەڵەکێکی دوورە لە ڕۆژهەڵات. دەمی نیوە تاکە، دەڵێی بە ددانە چەرمو و ساغەکانی دنیای دەکێشێتە پەلاماری بەرخۆدانی. ددانەکانی کە هێندێك بەرجستەن لێوی سەرووی لە چەشنی خنجکەی خونچە گوڵێك هەڵکێشاوەتە سەر. پرچی زێدە ڕەشی کە لە تەوقەسەری بە دوو لادا کراوەیە وەك چوارلۆی بووك، تۆپەڵی ڕووی گرتووە و لە پشتە سەری بۆتە پرچێکی هۆنراوە کە دەگاتە سێوەنگی و لە ناوقەدی خول دەخواتەوە. بێ دەنگ و حەڕەکەیە، لە کەسایەتییەك دەچێ لە شانۆیەکانی ژاپۆن دا، کراسێکی نەرمونیانی لە پەشمی "ئالپاکا" لەبەردا. ناوی "خوانیتا"یە. پتر لە چوارسەد ساڵ لەمەو بەر لە دایك







بووە، لە شوێنێك بە ناوی ئاند، ئێستا لە سندووقێکی شوشەیی لە سەرمای نەود دەرجەی ژێر خاڵدا دوور لە وەزەنگی مرۆڤ و ڕزان بەسەر دەبات.
من لە مومیاییەکان بێزارم، هەر جارە کە یەکیانم لە مۆزەخانە، گۆرە کەوناراکان یان لە کلکسیونە تایبەتییەکان بینیوە هێڵنجم داوە، ئەو هەست و سۆزەی کاپۆلە کون کونەکان و بۆشی قاپیلکە چاوەکان و ئیسکە پروسکاوییەکان کە نیشانگەری شارستانییەتەکانی ڕابردوویە، لە زۆرینەی خەڵك (و نە تەنیا کەوناراکان)دا بەدی دێنێ، هیچ کات لە منی دا بەدی نەهێناوە. ئەو مومیاییانە دەبنە هۆکارێك بۆ بیر کردنەوەم کە چ سامناك دەبین گەر ڕازی نەبین بە سووتانی لەشمان.
هۆی ڕەزامەندیم لە دیداری "خوانیتا" کە مۆزەخانە گچکەکەی زانستگای کاتۆلیکی ئارکیپا تایبەت بەوی ساز کردووە، حەزی هەڤاڵی نیگارکێشم "فێرناندۆد سیزێتسلۆ" بوو کە شەیدای مێژووی بەر لە "کۆلۆمب"ە، شکم لەوەدا نەبوو کە تماشای کەلەستەی ئەو منالە لەمێژینەیە حاڵم تێك دەدا، بەڵام لە هەڵەدا بووم، هەر کە چاوم پێی کەوت ڕاچڵەکیم و شێتی جوانی بووم. لەبەر قسە و باسی دراوسێیان نەبوایە ئەو کەنیشکەم دەدزی و دەمبردەوە ماڵێ و دەمکردە دۆس و هاوبەشی ژیانم.
بەسەرەاتی خوانیتا ئەوەندە سەیر و سەمەرەیە کە لە ڕووخسار و ڕواڵەتی دا بەیان ناکرێ، ڕواڵەتێك کە هەم دەتوانێ هی کەنیزێکی گوێڕایەڵ بێ و هەم دەتوانێ هی شاژنێکی بەدەعیە و لاسار.
ڕۆژی ١٨ی سێپتامبەری ١٩٩٥ یوەان ڕاینەاردی شوێنەوارناس هاوڕێی ڕێنمایەکی ئاندی "میگێل ساراتە" سەرقاڵی بڕینی لوتکەی ئاگرپڕژێنی ئامپاتو (بە بەرزایی ٢٠٧٠٢) هەڵکەوتوو لە باشووری پێرۆ بوون. ئەوان وەشوێن ئاسەواری بەرلەمێژوو نەکەوتبوون، دەیانویست لە نزیکەوە چاوێك لە گڕکانی پەنایان، لوتکەی بەفرینی سابانگایا بکەن کە هاوکات بازرەقەی دەکرد. تۆپەڵێکی تۆزاویی بە تین دەڕژایە سەر ئامپاتو و بەفرەکانی سەر لوتکەی دەکردە ئاو. ڕاینەارد و ساراتە ئیتر گەیشتبوونە نزیك دوند. لە ناکاو ساراتە چاوی بە زراڤێکی ڕەنگین کەوت لە ناو بەفرەکانی لوتکە. ئەوە پەڕی کڵاو یان سەربەندی ئیینکا بوو. پاش کەمێك لێکۆڵینەوە شتی زۆرتریان دۆزیوە، کفنێکی چەن قەد کە بە هۆی سووانی سەهۆڵی دوند لە ژێر سەهۆڵەکە وەدیار کەوتبوو و دووسەد میتر دوورتر لەو شوێنەی لێی نێژرابوو خزیبووە خوارەوە. ئەم داکەوتنە خەساری نەگەیاندبووە خوانینا. تەنیا پۆشەنی ڕووی دڕاندبوو. یوەان ڕاینەارد لە ماوەی بیست و سێ ساڵ شاخەوانی ــ هەشت ساڵ لە هیمالیا، پازدە ساڵ لە کێوەکانی ئاند ــ هەرگیز وەها هەست و ئیحساسێك

دابنەگرتبوو کە ئەویٚ ڕۆژیٚ سەر لە بەیانی لە بەرزایی ۲۰۷۰۲ میتری ڕووکەشی زەریا، لە ژێر خۆری بەتین کاتێک کە ئەم کەنیشکەی ئینکای لە باوەش کرد. یوهان ئەو گرینگۆ خۆشەویستە، بە ئاو و تاوی شوێنەوارناسان، کە ـ بۆ یەکەم جار لە ژیانم دا ــ تێگەیشتبووم، گشت باسەکەی گێڕایەوە.

ئەوان دەیانزانی کە بێتوو خوانیتای لەویٚ بەجیٚ بێڵن و بۆ یارمەتی خوازتن بڕۆنە خوارێ یان چەتەی گۆرە مێژوویییەکان دەگەنە سەری یان لافاو دەگەڵ خۆی دەبیات، هەر بۆیە بڕیاریان دا کە لەگەڵ خۆیان بیبەن. ڕاپۆرتی سیٚ ڕۆژ هاتنە خوار لە ئامپاتو و هەڵگرتنی خوانیتا (بوخچەیەکی چل کیلۆیی کە لە تێلەکەی شوێنەوارناس بەستراپۆوە) هێندە وروژێنەرە کە فیلمێکی باشی لیٚ دەردیٚ و دڵنیام کە درەنگ یا زوو فیلمێکی لیٚ ساز دەکریٚ.

ئەمڕۆ کە نزیک دوو ساڵ لەم ڕووداوە تێپەڕ دەبیٚ خوانیتای خۆشەویست لە جیهان دا ناسراوە. لە ژێر چاوەدێری کۆمەڵگای جوگرافیای نەتەوەیی سەفەری وڵاتە یەکگرتووەکانی کردووە و لەویٚ نزیک دووسەد و پەنجا هەزار کەس، لەوان سەرۆک کۆمار کلینتۆن بە دیتنی هاتوون.

نەشتەرگەرێکی بە ناوبانگی ددان نووسی: بریا کچانی ئەمریکایی ددانی چەرموو، ساغ و بیٚ عەیبیان وەک ئەو لاوە پیرۆزییە هەبوایە.

لە زانستگای جان هاپکینێز بە پێشکەوتووترین دەزگاکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر خوانیتا بە ئەنجام گەیاند و ئەم کەنیشکە پاش ئەم هەمووە تاقیکردنەوە و توێژینەوە و بە تێڕامانی کۆمەڵێک پسپۆڕ و ماکینەچی گەڕایەوە ئارکیپا و تابووتی کامپیۆتێری خۆی. ئەم تاقیکردنەوانە بەسەرەواتی ئەوی بە سرنجێک کە شیاوی داستانە زانستییەکانە بیٚ ساز دا.

ئەو کەنیشکە بۆ ئاپۆی ــ وشەیەکی ئینکایی بە مانای خوا ـ ئامپاتو لە لوتکەی ئەم کێوە قوربانی کرا تا ڕک و تووڕەیی ئەو خوایە دامرکێنیٚ و بەهرە و خۆشی بۆ هێڤری ناوچەکە دابین بکا. دروست شەش سەعات بەر لە مردن قاپێکیان ئاشی سەوزی دایە بیخوا. گشت ماددەکانی بە کارهاتوو لەم خۆراکەدا لە لایەن گرۆپێک لە زیندەوەرناسەکان دیاری کراوە. نە ملیان بڕیوە و نە خنکاندوویانە. مردنی ئەو لە ئاکامی وێکەوتنی زەربەیەکی ورد لە شەقەی ڕاستی سەری بووە. زەربەکە هێندە بە وردی و شارەزایانە لێدراوە کە لەوانەیە ئەم کەنیشکە هەر ئێشیشی پیٚ نەگەیشتبیٚ، دکتۆر خۆسە ئانتێنیۆ شاوێز ئەوەی بە من دەڵیٚ، ئەو هاوکاری ڕاینەارد بووە لە سەفەرە تازەکانیدا هەر بۆ ئەو ناوچەیە، ئەوان گۆڕی دوو منداڵیان دۆزیوەتەوە کە قوربانی کراون تا تەما و زێدەخوازی ئاپۆکانی کوێستان دامرکێنن.





لەوانەیە کاتێک کە خوانیتا بۆ قوربانی کران هەڵبژێردراوە بە شکۆیەکی تەواو لە سەرانسەری ناوچەی ئاند گێڕابێیان هەروەها بردبێیانە کۆسکۆ و بە ئیمپراتۆری ئینیکایان ناساندبیٚ ــ بەر لەوەی پێشاپێشی کۆمەڵی ئاوازەخوان و یاماکانی نوقمی زێڕ و ژەنیاران و سەماکەران و و سەدان نزاکەر بگەنە دۆڵی کۆلا و لە داوێنی سەرەولێژی ڕژدی ئامپاتو تا لێواری ئاگرپەژێن وەسەر کەون و لاق لەسەر سەکۆی قوربانگا دابنێن. ئاخۆ خوانیتا لە دوا هەناسەدا تووشی ترس و دڵەڕاوکیٚ بووە؟ ئەگەر ئەو حوزم و سەنگینیەی لە ڕووخساری ناسکی دا دەیبینین بە شایەت بگرین و لەو شکۆمەندی و غرووورەی بینەران لە ڕووخساری دا بەدی دەکەن بدوێین، وڵام نەرێنییە. لەوانەیە بتوانین بڵێین کە ئەو بیٚ هیچ بەرخۆدانێک خۆی بە دەستی چارەنووس ئەسپاردووە و لەوانەشە دڵشاد بیٚ لەو کۆرە کورت و توندوتیژاوییە کە دەیکردە ئیلاهەیەک و یەک ڕاست دەیبردە دنیای خودایانی ئاند و لە کراسێکی بەشکۆدا بە خاکیان دەسپارد، سەری لە ژێر کۆلکەزێڕینەی پەرە چنراوەکان و تەرمی لە سیٚ قەد پارچەی نەرم و نیان لە پەشمی ئالپاکا و قاچەکانی لە سەندەڵی ناسکی چەرم داپۆشراوە.

گوڵ بەرۆکی زێوین، قاب و قاچاغی کەندەکاری کراو و دەوری گوڵە پێغەمبەرە، یامایەکی کانزایی بچووک، کاسەیەک چیچا (مەشرووبێکی ئەلکۆلی کە لە ترشاندنی گوڵە پێغەمبەرە دروست دەکریٚ) و هێندێک کەل و پەلی ناو ماڵ یان موقەددەس _ کە هەر هەموویان ساغ ماونەوە ـ لەو خەوەدا کە چەند سەدەی خایاندووە لە لێواری ئاگرپەژێن هاوڕێی ئەو بوون، تا ئەو کات کە لەپڕتاو تینێک سەهۆڵەکانی دوندی ئامپاتۆی کە وەک دیوارێک نیگابانی خەوی قورسی بوون تواندەوە و ئەوی گەیاندە باوەشی ڕاینەارد و ساراتە.

ئێستا ئەو لێرەیە، لە خانووبەرەیەکی بچووک کە هی چینی مام ناوەندیە، لە شارێکی بیٚ دەنگ کە شوێنی لە دایک بوونمە و لێرە ژیانێکی تازەی دەست پیٚ کردووە کە لەوانەیە پێنسەد ساڵی تر درێژەی هەبیٚ. ئەو لە تابووتە کامپیوتێرییەکەی خۆی دا کە بە سەرمای قوتبی پارێزراوە شایەدێکە لەسەر گەورەیی و شکۆی ڕێوڕەسم و باوەڕە پرنهێنییەکانی شارستانییەتە ون بووەکان، یان بۆ ئەو شێوازە توندوتیژانەی کە مرۆڤی نەزان بۆ دوورن کردنەوەی ترس هەڵیان دەبژارد و ئێستاش هەر هەڵی دەبژێرن .

**ژێدەر: گۆڤاری "بخارا" ژمارە ۳۸**

**وەرگێڕ بۆ سەر فارسی: عەبدوڵڵا کەوسەری**



**ئەنتوان چیخۆف**

# بوودەڵە

**و: مەحمودی عومەر باوزی- رانیە**

چەند ڕۆژێ لەمەوبەر،خاتو یولیاڤاسیلینی یونای، مامۆستای تایبەتی منداڵەکانم بانگ کردە نووسینگەکەم. بڕیار بوو کە پارەی قەرار و بڕیارەکەمی بدەمێ، گوتم:

– یولیاڤاسیلینی یونا، فەرموو دانیشە! باحیسابی ئەو ماوەیەی کارکردنەکەتان بکەین، لەوانەیە پێویستیت بە پارە بێت، بەڵام خۆماشەڵلا هێندە بە شەرمو ئابڕومەندیت کە لە ڕووت نایەت هەر باسیشی بکەی.... باشە... ئێمە مانگی لە سەر سی ڕۆبڵ ڕێککەوتبووین.

– نەخێر چل ڕۆبڵ.

– نەخێر، لەسەر سی ڕۆبڵ ڕێککەوتین.... من لای خۆم یادداشتم کردووە... هەمیشەش مانگانە هەرسی ڕۆبڵم داوە بە مامۆستا تایبەتیەکانی منداڵەکانم...



زۆرباشە... دوومانگە کاردەکەیت.

– دوومانگ و پێنج ڕۆژە.

– ڕێك دوو مانگ.....یاداشتم کردووە.... بەوپێیە سەرجەمی پارەکەی ئێوە دەکاتە شەست ڕۆبڵ..... نۆ ڕۆژی لێدادەشکێنین لەبەر پشووی یەك شەممان.... تۆ کەڕۆژانی یەك شەممە، خۆت بەکولیاوە خەریك نەدەکرد و جگە لە پیاسەو سوڕانەوە کارێکی دیکەت نەبووە... وە سێ ڕۆژیش پشوی جەژن.

لە پڕ ڕەنگ و ڕوی یولیاڤاسیلینی سوور هەڵگەڕا. دەستی بۆ یەخەی کراسەکەی برد و چەندجارێك رایوەشاند بەڵام.... بەڵام کەم و زۆر ورتەی لەدەم نەهاتەدەر.

– بەڵێ سێ ڕۆژیش پشوی جەژن، کەواتە دوانزە ڕۆژی لێدادەشکێنرێ، چوار ڕۆژیش کولیا، نەخۆش بوو خەوێنرا... کە لەوچوار ڕۆژەدا تەنها کارت لەگەڵ واریا کردووە... سێ ڕۆژیش بەئازاری ددانەوە گیرۆدە بوویت و مۆڵەتت لە خێزانەکەم وەرگرتبوو، نیو ڕۆژ واتا تەنها دوای نیوەڕۆیان هاتویە لایان..... دوانزەو حەوت دەکاتە نۆزدە ڕۆژ.... شەست نۆزدەی لێبڕوا، باقی چلویەك ڕۆبڵ دەمێنێتەوە... وایە..... ڕاستە ؟

چاوەکانی یولیاڤاسیلینی سوور هەڵگەڕان و وەك گۆم داوەستان، چەناگەی لەرزی، لەدۆخێکی توڕەییدا کۆکەیەکی کرد و تفی قوتدا.

بەڵام، بەڵام کەم و زۆر هیچی نەگوت.

– سەرەڕای ئەمە، لەشەوی سەری ساڵدا، فنجانێکی چا خواردنەوە بە ژێرپیاڵەوە لەدەستت کەوتە خوارەوە و وردو خاش بوو.... کەواتا دوو ڕۆبڵی دیکەی لێکەمدەکەینەوە بۆ نرخی فنجانەکە.... دیارە فنجانەکەمان زۆر لەوە زیاتری دێنا

– یادگاری خێزانەکەمان بوو. بەڵام.... قەیناکا : وەك دەڵێن کە سەرنقوم بوو لەئاودا لوێچێك بێت یان دەریایەك هەر وەك یەکە..... با لەوانە گەڕێین. ڕۆژێ بەهۆی بێئاگایی تۆوە کولیا وەدارێك هەڵگەڕاو چاکەتەکەی دڕا..... ئەمەش دە ڕۆبڵی دیکە.... دووبارە بەهۆی کەمتەرخەمی تۆوە، قەرەواشە کۆنەکەمان پێڵاوەکانی واریای دزی.... تۆ دەبوو ئاگات لەهەموو شتێك هەبوایە و هەر لەبەر ئەوشتانەیە کە موچە وەردەگری. قەیناکا... پێنج ڕۆبڵی دیکەی لێدادەشکێنین. لەڕۆژی ١٠ ی ژانویە بڕی دە ڕۆبڵم دایتێ.

بە پسکە پسك گوتی :

!.......... من هیچ برە پارەیەکم لەتۆ وەرنەگرتووە.

!.......... من کەلەخۆمەوە شت یاداشت

ناکەم.

!.......... زۆرباشە...... دەبێ

– ٤١ کەم ٢٧ دەمێنێتەوە (١٤)

لەوکاتـەوە هـەردوو چـاوی یولیاڤاسـیلینی یونای پربوون لـە فرمێسك، دڵۆپـە ئـارەقی زل زل لوتــە درێــژ و جوانەکــەی داپۆشــی، کیژۆڵـەی بێنـەوا بـەدەنگێکی لەرزۆکـەوە گوتی :

– من تەنیا یەك جار ئەویش لە خانمەکەتان پـارەم وەرگرتـووە...... تـەنها ئـەوە..... پارەی دیکەم وەرنەگرتووە.

– بەراســت وادەڵێــی ؟......دەبینــی ؟ ئەوەم یاداشت نەکردبوو، کەواتا ١٤ کـەم ٣ دەمێنێتەوە ١١......

– بفـەرموو ئـەوەش ١١ رۆبڵەکــەی داوای دەکەیت.

ئەمـە سـێ رۆبـڵ، ئەمــەش دووســێ رۆبڵـی دیکـە و ئەمــەش دوویــەك رۆبڵــی تــر..... سەرجەم ١١ رۆبڵ، فەرموو.

پێنج پارەی سێ رۆبڵـی و یـەك رۆبڵـم نایـە مـستێ و پارەکـانی وەرگـرت، بەدەسـتی لەرزۆکـــەوە خـــستییە نـــاو گیرفـــانی کراسەکەیەوە و لەژێر لێوانەوە گوتی :

– سوپاس.

لەشوێنی خۆم هەستام و دەستم کرد بـە پیاسەکردن سەرتاسەری وجودم پربـبوو لـە رق و تورەیی. پرسیم

– (سوپاس) سەبارەت بەچی ؟

– سەبارەت بەپارەکە ؟

!! – ئـاخر مـن کولاوم ناوەتـە سـەرت ! شەیتان بەنەعلەت بێت تـاڵانم کردوویت! بەئاشکرا دزیم لێکردوویت! سوپاس لەپای چی؟

– پێــشتریش، لەهەرشــوێنێك کــە کــارم کـــردووە بەهــــەمان شــێوە کێــشەیان بۆناومەتەوە.

– کێشەیان بۆدروست کردووی؟ جێگـەی سەرسـورمان نییــە !ســەیرکە، تائێــستا گاڵتــەم لەگــەڵ دەکــردی و دەمەویــست وانەیەکی تاڵت دابدەم.

هەشـــتا رۆبــــڵ کــــەمافی خۆتــــە پێتــدەدەم...... هـــەمووی لـــەناو ئـــەو زەرفەدایـە کـە دەیبینـی! بـەڵام حـەیف و داخ نییە مرۆڤ هێندە دەست و پێ سپیلکە بێـت؟ بۆچـی نـارەزایی دەرنـابری؟ بـۆ بێـدەنگ دەبـی؟ لـەدونیای ئێمــەدا مـرۆڤ چۆن دەشـێ لـەزمانی توندوتیـژی شـارەزا نـەبێ، چـۆن دەکـرێ تـا ئەوئەندازەیــە بودەڵە بێ ؟

!!! بزەیـەکی تـاڵی بـۆکرد. لـە رەنـگ و رویدا خوێندمەوە کە دەڵێ :

– بەڵێ لەوانەیە.

بەهۆکاری ئـەو دەرسـەتاڵەی دام دا، داوای پــۆزش و لێبــوردنم لێکــرد و ســەرەرای





سەرسـورمانی زۆری، ٨٠ رۆبڵەکـەی مـافی خۆیم پێدا.

بەشــەرم و حــەیاوە، سوپاســی کــردم و لەدەرگایەکە چۆ دەرەوە......

لەدواوە لێـی ورد بوومـەوە و لەبەرخۆمـەوە بیرم کردەوە :

(( لـەدونیای ئێمــەدا زۆرداری وبــەهێزبوون چەندە ئاسانە )).




له کۆتایی هەموو پایزێکدا(ماریا لویا) بە گالێسکه بەرۆخی دێهاتەکانی ((گیبۆتکوا))دا گەشتێکی دەکرد. له یەکێ له دێهاتەکانیشدا رادەوەستا، بە تایبەت ئەو کاتەی پیاوەکەی برۆیشتایه بۆ ((بیاریتز)) یا ((سان خوان دی لوش)). گەشتەکەی بۆ شوێنێك بوو حەوانەوەی روحی ئەوی تێدابوو. لەو ماوەیەدا هەستی بە ئاسودەگی دەکردو رۆژگارە خۆشەکانی دەهاتەوە یاد. لەوێ لەو دارستانە پڕ لە دار سەرووەدا.کە لە نزیك گۆڕستانی لادێکەدا بە تەنیشت رووبارەکەوە کە گۆڕی خۆشەویستەکەی تێدابوو. دارستانێکی ونبووی نێو چیابوو بە چوار دەوریدا گوڵ گوڵزار دەبینرا. کاتێك ماریا سەر لە ئێوارە گەیشته دێکە..راوەستا، هەر وەك هەموو جارێك رۆیشت بەرەو ماڵی دایانەکەی. لەسەفەرەکەیدا زۆر ماندوو





بوو. سەر لە ئێوارە راکشاو خەو هەرەسی بۆ هێنا. لە خەوەکەدا بێ ئارامبوو. لەگەل ترسێکدا راچڵەکا و چاوەکانی کردەوە. لەوێدا هیچ شێوە رووناکییەك نەبوو بێتە ژوورەکەوە. وا دەرکەوت کات هەر شەوە، هەوڵی دا دووبارە بنوێتەوە. بەڵام بە هۆی بیرەوەرییە رابردووەکانەوە لە مێشکیدا و لەبەر نا ئارامبوونی لە چوارپایەکەی هەستا، کەل و پەلەکانی لەبەر کردوو پەنجەرەکانی والآ کردوو رێگا تاریکییەکەی گرتە بەر. سەر لە بەیانییەکی پایز بوو، هەست بە سروەیەکی پڕ لە ئاونگ و سەر لە بەیانییەکی پڕ لە ئارامی و دوور لە غەڵبە غەڵب دەکرا. لە دوورەوە هەستی بە هەناسەیەکی لەسەر خۆی دەریای دەکرد.

لادێ و دەریاو چیاکان و هەموو شتەکان لەگەڵ ئەو بەرەبەیانەدا بە تەمێکی خۆڵەمێشی داپۆشرابوون. ماریا هەستی بە ئارامی کرد. بیری بە لای تەمتوومانە چرەکەوە بوو. کە نەیدەهێڵا بە چاو دووربینێ.

هێدی هێدی و لەسەر خۆ چاوەکانی هاتنە بینین. بە تەواوی قوم و لمی دەریاکەی دەبینی و جارجارێکیش بە هۆی تەمەکەوە ون دەبوون. شنە بای پێدەشتەکە نمدارو سارد بوو. پڕبوون لە بۆنێکی ترشی. هەڵمیش لە دەغل و دانەکان دەچوون بە ئاسماندا. تیشکی رۆژی ئەو بەرەبەیانە. تەمە خۆڵەمێشیەکەی بڵاوە پێدەکرد. لادێ بچوکەکان کە بریتیبوون لە چەند کوخ و چەرداخێك وەدەردەکەوتن. وایلێهات بورجە بچوکەکەی کەنیسەکەش دەبینرا. لە هەمان کاتیشدا جار جارێك روخی دەریاکە بەدی نەدەکرا. بە دەستی چەپی رێگاکەدا چەندین کۆمەڵە بەرد بەدی دەکران. بە لای چەپیشدا رۆخی دەریاکە بە کەمی دەبینرا. خەڵکی دێکە لەسەر خۆ بە خەبەر دەهاتن. باکە بە تەواوی دەنگی زەنگی کەنیسەکەی دەگەیاندە ئەوێ. دەنگی نوێژی ئەو بەرەبەیانەش دەبیسترا.

دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکان کرانەوە. جوتیارەکان ئاژەڵەکانیان لە تەویلەو گەوری ئاژەڵەکان دەهێنایە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان. بە هۆی کپی دێکەوە لە قۆرەی ئەو گا و مانگانە کە سەریان بە ئاسمانەوە بوو هیچی تر نەدەبیسترا، لەگەڵ ئەو ژیانە پڕ لە کولەمەرگی و نەدارییەدا ماریا هەستی بە شتێکی نامۆ دەکرد.هەستی بە ئاسوودەگی نەدەکرد، هەتا رووناکی هەتاو نەگەیشتە ژوورەکە. ئەو کاتەی تەماشای ئاوێنەکەی کرد. پاش ئەو دڵتەنگیە و ناخۆشییە هەستی بە

شادی کرد. جلێکی مۆری عادەتی لەبەر کرد و خۆی ئامادە کرد بۆ دەرچوون. شەپقەیەکی پوشینی سادەی بێ رەنگی لەسەر ناو سەرپۆشێکی سپی پەراوێزداری ئاڵاندە بن ملیەوەو ملی ئەو رێگایەی گرتە بەر کە چەند گۆلە ئاوێکی تێدابوو. لە نێوان ماوەیەك و ماوەیەکدا چەندەها گاوانی دەبینی بە گاڕانەکانیانەوە بە هەنگاوی کورت لە پێش ئەو گایانەوە دەڕۆیشتن. کە عارەبانەکانیان رادەکێشا. ماریا یەك یەك سەڵاوی ئەوانەی ئەدایەوە کە بەرانبەری دەهاتن. ئەو کاتەی لە دێکە نزیك بوەوە. بە گۆڕەپانە خەیاڵییەکەیدا تێپەڕی. بەرەو ژێر کەوانە بچکۆلەکە. کە بە هۆی تەڕبونەوە بەردەکانی رەش هەڵگەڕابوون دەڕۆیشت بەرەو شەقامێك پڕ بوون لە بەرد. لە هەمان کاتیشدا لەوێدا بۆنێکی پیسی کەشتییە بە جێماوەکان دەهات. لە ژێر کەوانەکەدا پەرژینێکی کۆن بەدی دەکرا. کە دەوری دێکەی دابوو. وێنەیەکی کۆنی هەڵکەندراوی بەسەرەوە دیاربوو. لە خواریشەوە چەندین قوڵچە دڕگ و زەردەسیر لە نێوان بەردەکاندا بە دی دەکران. دەریاکە لە کۆتایی شەقامەکەوە دەبینرا. جوانی و ئیستاتیکێك بە دیمەنەکەوە دیاربوو. هەتاو پەڵە هەورەکانی پرش و بڵاو دەکرد. لە دەریاکەوەتەم هەڵدەستاو لە ئاسماندا تتکادبوو. دونیا بە گشتی هەتا دەهات رووناکتر دەبوو. دەلاقە دەلاقە شینایی ئاسمان وەدەر دەکەوت. ئەو کاتەی بە تەواوی تەمتومانەکە بنبڕبوو. کوختێك بە تەنیا لە نێوان کێڵگە شینەکەدا وەدەرکەوت. کە پڕبوون لە دار بە ڕوو. بە لوتکەکانیشیەوە بەردی تیژو داری بچکۆلە و بێ روح و بێ گەڵا دەبینران.

دونیا بەسەر روخەکەدا زۆر گەرم بوو. ماریا پەلەی کرد هەتا گەیشتە قوماییەکە. زۆر ماندوو بوو لەوێدا بەسەر بەردێکەوە دانیشت. دەریاکە دەبریسکایەوە. بەردەوام لە ململانێ و گەمەدا بوو لە گەڵ هەتاوەکەدا. سەرقاڵی کۆکردنەوەی تەمبوو. بەڵام بێ هوودەبوو. روناکی و تیشکی خۆر زاڵتر بوو بەسەر شەپۆڵە مەیووە سەوزەکاندا کە دەبریسکانەوە. لە پڕێکدا هەتاو بەرزتر بوو. دەریاش هەتا چاو بڕکا لە گەڵ ئاسۆدا وەك هێڵێکی راست دەبینرا. ئەو شەپۆلانە بەرەو ئەوێ دەهاتن بەشێکیان خڕبوون و بە کەمی دەبینران. بەشەکەی تریشیان پڕبوون لە رەنگی سپی وەك کەرە، ئەو بەشەکەش بەرانبەر بە رووناکی رۆژ ناخی خۆیان واڵا دەکرد. وەك ئەوەی شانازی بە راشکاوی خۆیاندا بکەن. دوا بەشیانیش بە روخی





گابەردەکانەوە دەتەقینەوە. دواجاریش لەسەر خۆ دەگەیشتنە رۆخی دەریاکە و نەخشەیەکی جوان و سپییان بە جێ دەهێشت. لە کاتی کشانەوەشدا بەسەر قوم و لمەکانەوە بەشێك لە وردەدا، خل و خشکیان بەجێ دەهێشت. کە لە ناو جەرگەی دەریاکەوە هێنابویان، لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا دەبروسکانەوە.

دونیا وەك سەر لە بەیانییەکی هاوین وابوو، بەسەر ئەوەشەوە رەنگەکانی دەریا و هەناسەدانی باکە و چپەی تەنیایی ماریای تووشی ئەوە کرد هەست بە بۆنی پایز بکات.

دەریا بە هۆی شەپۆڵەکانیەوە ئەو هەستە چاوەڕوانکراوەی دەنارد. ئاوازی بیرەوەریەکانی رۆژانی رابردووی پڕ لە خۆشەویستی دەخستەوە یاد. ئەو ساتانەی کەوتەوە یاد، لە گەڵ خۆشەویستەکەیدا وەك دوو وێنەی زەیتی بەسەر قومی رۆخی دەریاکەدا راکشابوون. لە ناخەوە لەگەڵ روحی ئەو شەپۆڵ و تەمانەی کە لە دەریا پان و بەرینەکەوە دەهاتنە دەرەوەو دەتوانەوە. لە هەمان شوێندا بوو، پێش دە ساڵ پێش ئێستاکە. دە ساڵ پێش ئێستاکە..!! کە ئەوەی بینی ناساغە، دڵی پێ سووتا. ئەو کاتەی قسەی لەگەڵدا کرد، دەستی کردە لەرزین، یەکسەر هەستی کرد عاشقە، باشیش دەیزانی نەزۆکە و مناڵی نابێ. رەشەبای هەوەس ماسوولکەکانی گورج کرد. هەر لەو کاتەدا هەتاوە سوور هەڵگەڕاوەکە لەودیوی ئاسۆو دەریاکەدا بە تەمای تتکابوونبوو. دە ساڵ تێپەڕی..دە ساڵ..!!

ئەمەش لە هەموو شتێك زۆرتر دڵگرانی دەکرد، تەمەشای ئاسمانی خۆڵەمێشی پیربوونی دەکرد. هەستی ئەوەی دەکرد بەهارێکی تر دێ و هاوینێکی تریش، بیری لە نائومێدی دەکردەوە بەرامبەر ئەو دەریایە کە نرکەی شەپۆڵەکانی دەهات و بەرامبەر سووری بەرەبەیان و شەوە بێ گەردەکان. کە چاوەڕوانی شینبوونی خۆشەویستی و هیوای روحەکانی تربوون. هەر ئەڕۆم وەکو ئەو سپیایەتیەی کە دەبروسکێتەوە. ماریا هیواداربوو بەو رۆخەدا بە تەنیا و دڵشکستیەوە بڕوا بەرەو ئەو دەریایەی کە لە ژێر ئاسمانی پایزێکی زەرد هەڵگەڕاودا هەناسەی ئەدا.

ئەو کاتەی هەستە ونبووەکان گەیشتنە روحی، دڵتەنگ و غەمبارتربوو، ئایندەش بە پێش چاویەوە بوو.



عوسمان دەروێش

# چاوشارکێ



مناڵەکان..لەناو حەوشە پان و بەرینەکەیاندا یاری چاوشارکێیان دەکرد، دوای یاریی پام پڵی پۆ.. چاو شاردنەوە کەوتە بەر ڕێباز. رووی لە دیوارە گڵەکە کرد، لە گەڵ ئەوەی چاوەکانی داخستبوو، هەردوو دەستیشی نووساندبوو بە دیوارەکەوە و نێوچەوانی خستبوە سەری، بە بێ فێڵ و تەڵەکە لە هاوڕێکانی ..ویستی تا پەنجا بژمێرێت، تا هاوڕێکانی فریای خۆ شاردنەوە بکەون، پاشان وریای شارەکەی بێت و یەك بە یەکی ئەوانیش بدۆزێتەوە .

سەربەست و هیوا و ئامانج و رەوەند..هەر یەکەو لە لایەك خۆیان مەڵاس دا ، بە ئاسانی نەدەدۆزرانەوە. یەك ..دوو..سێ..چوار..پێنج..تا گەیشتە چل، زۆر لەسەر خۆ ژماردی، رووشی هەر بە دیوارەکەوە و چاوەکانیشی داخستبوون .دەستێکی گەورەو زبر پشتە ملی گرت .سەربازێك ..بە کلاشینکۆف و کۆڵەپشت و کڵاوی ئاسنینەوە رووی بەرەو لای خۆی وەرچەرخاند . لەترسا واقی ورما، تەنانەت نەیتوانی هاوارێکیش بکات، بە رەنگ هەڵبزرکاوی و حەپەساویەوە، بە بێ ورتە





..دەستە گەورەکە پشتە ملی بەرنەدابوو، پێشی خۆی خست تا لە شوێن خەرمانەکەی پەنای ئاوایی تێکەڵی خەڵکەکەی کرد . چاوێکی بە ناویاندا گێڕا ، بە بێ دەنگی لە پەنای دایکیەوە دانیشت . دوای گەڕان و پشکنین ، کەسی تریان بەرچاو نەکەوت بیبەن . حەشاماتەکەیان سەرخستە ناو ئیڤاکانەوە . ئاوایی خاڵی بوو لە خەڵك و لە گیانلەبەران، بێ سەرو شوێن رادێران.

سەربەست..لە ژێر کورتانی گوێدرێژەکەیان خۆی شاردبوەوە.. دوای بێدەنگیەکی زۆر هاتە دەرەوە، بە پەلە شاری گردا .

– گرررر ..شارم گردا

ڕێباز دیار نەبوو، بە ئارەزووی خۆی شاری گردا . کردی بە هەرا:

– شارم گردا..شارم گردا..شار..شا..ش

هیوا..لە کایانەکەوە،لەژێر کایەکە دەرچوو، سوور هەڵگەڕابوو، سەرو قژەکەی لە کا هەڵکێشرابوو:

– گرررر..منیش شارم گردا

هەردووکیان لە لای شارەکە وەستان . ئامانج و رەوەندیش هەر یەکە لە لایەکەوە بە دەرکەوتن:

– گررر .. شارمان گردا

هەر چواریان لە لای شارەکە وەستان،ڕێباز دیار نەبوو. کەوتنە سۆراخی ، هەموو کون و کەلەبەرێك گەڕان ، هەر نەبوو. چوونە دەرەوە،ئاوایی چۆڵ و هۆڵ، تەنیا خۆیان مابوون لەو گوندە . لە ژێر کونەلانەکە دانیشتن . لە دیار نەمانی خەڵکەکە نیگەران بوون وپەشۆکان .

سەربەست: ئەی ئەمانە بۆ کوێ چوون؟ بۆچی دێیەکە چۆڵە؟

رەوەند: تێناگەم!

هیوا:ئەی باشە ڕێبە چی لێهات؟

ئامانج: بە خوا شتێ بوە . ئەی ئێمە بە تەنیا چی بکەین؟

وویستیان بەرەو چەمەکە بڕۆن بۆ سۆراخی خەڵکی گوندەکە، تەقینەوە بە مل مەفرەزەیەکی جاشدا.

– راوەستن ، بۆ کوێ دەڕۆن؟

– بۆ لای خەڵکی ئاوایی

– باشە ، وەرن سەرکەون، دەتانبەین بۆ لایان.

لە دڵ پاکی خۆیان سەرکەوتن . لە تۆپزاوە ڕێبازی هاوڕێیان بینیەوە.

# پلە گۆشت

ئومێد مەحمود ـ كەركوك

"كێ دەڵێ خۆكوژی و خۆلەنێوبردن، شكستو نشوستییو ترسنۆكییە؟ كێ بەهرەو ئازاییو بوێریی مەزنی خۆكوشتنی پێدراوە؟"

(ئەو دەمەی خودی بوونی مرۆ لە تەرازوی لاسەنگیی میانەی ڕووەو ترۆپكو، داكشان بۆ نێو دامێن دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەو كاتەی باڵی پەپولەی حەزو هەویاو خەونەكانی ژێر قورەلیتەی زەمەن دەكەون؟! ئا ئەو ساتو كاتانە نۆشینی بادەی شەرابی مەرگ، شكۆ بە ڕۆحی هەتا هەتاییو جاویدانیی دەبەخشێت، مەرگیش جۆرو شێوازی خۆی هەن!)

ـ كێ پارەی نەداوە؟

ئەو دەنگە بەئاگای هێنایەوە، دیدەی لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەكە هەڵبڕیو، تەماشایەكی دەورو بەری خۆی كردو، بە هاسپایی دوا پارچە دراوە ژاكاوەكەی نێو بەڕكی دەرهانیو، بە داوای بەخشینەوە، ڕادەستی لێخوڕی پاسەكەی كرد، لە پاسەكە هاتە خوارەوەو، بەرەو ماڵ ملی نا..

نیوەڕۆی هاوینێكی گەرمو خەماویو بێزاركەر بوو، تیشكی ئاگرینی خۆرو، تۆزو خۆڵی خۆڵبارینەكە ناخیان ئەوەندەی تر هەراسان كردبوو، كە ئەنگووستی زەنگی دەرگاكەی ڕامووسی،( ناگەهان دەرگای لێكردەوە، وەك ئەوەی لەچاوەڕوانیدا







خۆی مەڵاس دابێت! نیگای تێڕوانینەكانی چوون تەزووی سەرمای زستانێكی پێشوەخت نەشتەرئاسا دەچەقینە دڵیەوە. خەندەیەكی پڕلە ئۆژنو نازی پێدەبەخشی..!)

(دڵە) هەرگیز سكاڵاو سەرزەنشتی نەدەكرد، وەلی ئەو نیگاكانی دەخوێندەوە. "مافی خۆیەتی، چما ئەوی كەی ژیانی وا سەختو ناخۆشی دیتووە، كەی كراسێكی لە هەفتەیەكی زیاتر لەبەركردووە، چ كاتێك لە ژەمەخواردنی شاهانە بەدوور بووە ..، كەچی ئێستاكانێ خەریكە كراسە پەمەییە كاڵبوەوەكەی، كە ساڵێك زێترە هەر جارەی لایەكی پینە دەكاتو دەیدورێتەوە، ڕەنگی هێندە كاڵەوە بووە، دیارنییە پەمەییە، یان سپی.. تەنانەت ناوكەفی مایۆكەی پینە كردووەو شەیالەی ستیانەكەیشی بە باریكە پەڕۆ درو چێكردووە. زۆریان پێ كوت ئەو هەتیوە چییە تۆ شووی پێدەكەیت، كەچی ئەو شەڕی براوەی لەسەر كردی، تاكو دایكو باوكو خوشكەكەی رازی بوون.. "

ئەو رستەیەت بیرماوە لەسەر كۆڕنیش پێكەوە بوونو، پێی گوتی: ئا !! بەدایكمم گوت، هەر شووی پێدەكەم، ئەگەر بزانم ڕۆژانە تەنێ نانو ئاوم دەرخوارد بدات.."

ڕۆژنامەكەی دەستی لێوەرگرتو، بە شایی بەخۆبوونەوە گوتی:

ـ بەڕاست ! (نەوزاد)ی برام گوتی، دوێنێ شیعرێكت لە ڕۆژنامە بڵاوكراوەتەوە..

(بەرسفی نەدایەوەو هەناسەیەكی قوڵی خەمناكی هەڵكێشا.. بێدەنگیی قەسیدەیەكی خەمناك بوو هەموو ساتێكو ڕۆژانە دەیان جار ئەزبەری دەكردو چون سترانێكی دڵگیرو كاریگەر لەژێر لێوەوەو، هەندێجاریش بەدەنگی بڵند دەیگوتەوە، وەكو ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆی فیستڤاڵێكی مەزنداو، هەمبەر ئاپوراو حەشیمەتێكی كەلەپوچو بەدمەست وەستا بێت.)

"(نەوزاد)ی چاك دەناسیو ئاشنای بوو، چوون ئەو هەر لە بەرایی قۆناغی ناوەندییەوە هاوپۆلی قوتابخانەی بوو، دە نێو هاوڕێكانیدا بە (گیڤارا)یان گاز دەكرد. چون ساڵێك پێشمەرگایەتیو، چەند جارێكیش بە تۆمەتی سیاسیی زیندانیی كرابوو، كتێبخانەیەكی مەزنی لە ماڵەوە بوو، هاوڕێكانی پێویستیان بە چ كتێبێك بوایەو داوایان لێی بكردبا دەستی بەرووە نەدەنان. زۆرجاران وێڕای هاوڕێكانی لەسەر منالە بێ نەواو دەرۆزەكەرو، مرۆ كەنەفتو بێ سایەكان، كە شۆستەو شەقامەكان بونەتە ئارامگای خەونە زەردو سورەكانیان!! زیزو زویر دەبوو، كاتێك ئەوان گەمەو شۆخیو سوكایەتیان پێدەكردن، ئەوی زاری دەكراوە: گەمژەینە! ئەوانە قوربانیی دەستی ورگ زلە گەلحۆكانن. خڵتەی خۆشاوێكن كە بەسەر ماسییەكی سورەوەكراودا

دەکرێ.."

بڕێك جارانیش دەنگی (دڵە)ی دەژنەفت، لای تەباخەکەوەو بەدەم ئامادەکردنی خوانەکەوە بە پرسیارێك لە خەیاڵەکانی جیای دەکردەوە.

(دڵە) ئەوکاتانە کچێکی نوێ سەرو عوزر شۆری سپی پێستی چاو قەزوانی، دیدەکانی لەچاوی گورگ دەچوون، وەلێ دەناخیدا پڵنگێکی شێتی وەرشاردبوو.. هەرچەندە رووخساری هەمیشە خەواڵوبونی پێوە دیاربوو، لێ شێوازی ئاخاوتنەکانی شیرینو نیگا تیژو گەرمەکانی سەرنجراکێش بوون، سینگو بەرۆکو مەمکۆڵە تورتەکانی لەژێر کراسە ئاوریشمینەکەی را، هەناوی دەسووتاند، بێ ویستی خۆی غەریزەی پیاوەتی بەلەسە دەبوو، زۆرجارانیش لەگەڵ (نەوزاد)ی برای دەهاتە نێو دیالۆگو گفتوگۆکانیانەوەو وتەی یەکێك لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی دەکردە بەڵگەی بۆچونەکانی.. هەر لەمیانی ئەو دانیشتنانەدا گرفتاری دەنگە ناسكو پڕئاوازەکەی (دڵسۆز) بوو، .. ئەو رۆژگارە وەکو هەنوکە پەرپوتو کڵاش دڕاو نەبوو.."

ئەو رۆژەی یادهاتەوە کە بۆیەکەمجار بە نەوزادی گوت:

ــ نەوە گیان! منو دڵە یەکتریمان خۆشدەوێت؟

(کە ئەو رستەیە لە زاری حەمە دەرپەڕی .. چاوی پڕشەرمو فەهی داگرتبوون، وشە وەك وردە بەردی سووردگەڕاو لەژێر لێوەکانیدا دەکەوتنە خوار .. نەوزاد سۆسەی کرد! کە شەرمو فەدی دەکات، بۆیە گوتی: جا حەمە گیان! ئێمە کوڕی لە تۆ چاترمان دەست دەکەوێ؟!)

ئەم رستەیە زیاتر وزەی پەیڤینی بە حەمە بەخشی. لێ نەیدەزانی بڵێ چی.. ناگەهان وەك ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە گوتی:

ـ نەوزاد گیان خۆت ئاگاداری ژیانی منی؟! کە چۆنو بە چ شێوەیەك دەگوزەرێ، باوکیشمماڵو سامانێکی وای نییەو، دواتر جیاوازیی، نیوان ئێمەو ئێوە ئاسمانو رێسمانە! پێتوایە باوکو دایکت بەمە رازی دەبن؟!

هێمان دوا واژەی رستەکەی تەواو نەکردبوو، نەوزاد باگوی دایەوە: حەمە گیان ئەمەیان بۆ من لێگەرێو متمانەم پێبکە.

ویستی بۆ زەماوەندی خۆیو دڵە ئۆتۆمبیلە شرەکەی بفرۆشێ! لێ نەوزاد رێی پێنەداو، گوتی:

ــ کارێك مەکە کە پێویستت پێی نییەو لەسەری مایە پووچ دەردەچی؟

هێشتان (دڵە) خوانەکەی تەیار نەکردبوو، حەمە هەر مژولی ئەمدیوو ئەودیوکردنی لاپەڕەکانی رۆژنامەکە بوو، نیگاکانی لەسەر تایتڵێك چەقین (لە ئەمەریکا ٢٥





کەس خۆیان دەکوژن، ژمارەی ئەو کەسانەی لەمساڵدا لە ئەرژەنتین خۆیان لەنێوداوە گەیشتوونەتە ٤٥ کەس)

تەزوویەکی شادیبەخش بە جەستەیدا گەڕا، بیانویەکی دەستکەوت، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت پلانەکەی خۆی پێ پاساو بدات..

دڵە سفرەکەی راخستو چێشتەکەی دانا ..

ـ حەمە گیان بۆچی وا رەنگت گۆڕاوە، چما دەڵێی لە گۆڕستان گەڕاویتەوە..؟!

حەمە کەوچکەکەی دەستی بە چیشتەکەدا راکرد، لە پلێ گۆشت گیر بوو، دڵی داخورپا، زانی (دڵە) لەماڵی باوکی ئەو گۆشتەیان وێداوە..

(دایکی زۆری خۆشدەوێت، زۆرجاران حەمە گوێی لێبوە دایکی پێی وتوە، کچەکەم ئەو گۆشتەم بۆ داناوی بیبەرەوە، با ئەو هەتیوچەیەش ژەهریکا..)

(دڵە)لەناخەوە زۆری پێ ناخۆش بو کە دایکی بەوجۆرە دڵڕەقییە سووکایەتی بە خۆشەویستو شووەکەی دەکات. بێ ویستی خۆی گەرووی وشكو پڕلەگریان دەبوو، بەشەرمو دلگرانییەوە دەیوت: نا، نا نامەوێت!! دوێنێ محەمەد گۆشتی کڕیوە.)

درۆی دەکرد، حەمە سێ مانگیش دەبوو، بە پارەی خوی گۆشتی لە زاری نەنابوو، لێ دەیهەویست دایکی ئاگادار کاتەوە کەئەم گوتانەی بەدڵ نین.

دایکیشی هەرزوو ژیوان دەبوەو دەیوت: ئاخر کچم من لەبەر تۆمە، هەرچەند بەمجۆرە دەتبینم جەرگم دێشێت.

(حەمە گۆشتەکەی نەخوارد، چوون وایدەزانی پارچە ئاسنێکی گەرمە، پێی قوت ناچێت)

(دڵە) لەنێو دەورییە پەلەکە، پلە گۆشتەکەی هەڵگرتو بۆ زاری هینا.

ـ لەبەر خاتری من بیخۆ.

حەمە وێڕای ئەوەی کەشی نێو ژوورەکە هەراسانی کردبوو، کە پانکە شرکەی بنمیچەکە نەیدەتوانی پیچەك فێنکی کاتەوە، ناخیشی گڕی گرتبوو لە هەژمەتا چاوەکانی سوور دەچوونەوە..

کە گوێی لە پرخەی (دڵە) بوو، تەماشای گواستەوە، بەشێکی کراسەکەی شلکەی رانو کەفەڵیان جێهێشتووەو بای پانکە لرخنەکە رایان دەمووسێ ..

بەنیاز بو دوا نامەو دوا رستە بۆ (دڵە) جێبێڵێت، پێنووسەکەی دەنێوان ئەنگوستەکەکانی جێگیرکردو دەستی بە نووسین کرد..

(ئەی فریشتەی مەرگ!! بە نیمچە رووتی دەتبینم، تاسەی گۆی مەمکە قیتو پڕەکەتو.. ئارەزووی مژینی لێوە ئاڵەکانت دەکەم.. شلکەی رانەکانت دوو مۆزی گەیوی پاککراون، حەز دەکەم لوشیان کەم.. قۆرتی نیمچە چاڵی ناوکت کونەقنچکی سێوە سورەن.. دەمهەوێت وە زوان بیلێسمەوە.. وەرە باسکت لە

گەردنم بئالێنەو، با پێکەوە لە ئامێزی بێشکەی ئەو گۆڕە گەرمو میهرەبانە لێی راکشێین، کە بە ئاوریشمی ئارمیی فەرشکراوە.. بە جووت پێکەوە نەفرەت لە پیرێژنی دەیوتی پیسکەو چڵێسی شار بکەین.. "

(دڵە) لەپرمەو هارژنی گریانی حەمە بێداربووەوە، قەت وا ینەدیتبوو! زۆر شڵەژابوو، سەری کردە سەر سینەیو، لە ئامێزی نای.

ـ حەمە گیان بۆ دەگری، ئەم گریانەت لە پای چی؟ !. بۆ دەگ.. ر.. ی

فرە پرسیاری لێکرد، حەمە زمانی بەگۆ نەدەهات.. پێکەوە لەسەر دۆشەکە شرکە هەڵاژان.. بە تۆپزی یەکتریان لە هەمێزی گرت .. هەرچەند کەشی نێو ژوورەکە زۆر گەرم بو، بەڵام هەستی دەکرد جەستەی (دڵە) قالبێکی وەکو سەهۆڵە.. لێ سووسەی ئەوەی کرد جەستەی (دڵە) کێلێکی سەهۆڵە.. نیگاکانی لەساپیتەی ژوورەکە نا.. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو جگەرەیەکی دایرسانو .. خۆی لە ئامێزی دڵە دەرهانیو لەولاوە هەڵتروشکا ..

"هەر ئەمشەو کۆتایی بە فرمانەکە دێنم، دەبێت لەم دۆخە سەنگینە رزگارم بێت، بەرگە ناگرم.. توانم بە بەرەوە نەماوە.. دڵەش بۆ ماڵی باوکی دەنێرمەوە.."

حەمە هەر خولیای هزری لای پلانەکەی بوو .. کە سەری هەڵبڕی، دڵە لەسەر سەرینەکەوە بە تیلەی چاو تێیدەڕوانی..

ــ دڵە گیان پێموابێت خەوێکی خۆشت کرد؟

ــ دڵە گیان پێموابێت خەوێکی خۆشت کرد؟ ئێسە بیرم لەوە دەکردەوە سبەی بچیتەوە ماڵی باوکت، لەوە دەچێت شەو نەیەمەوە ..

(ئەم رستانەی زۆر وە ساردیو، بە هێمنی لە زار دەردەچوو.. وەکو کەسێك کە جارێکی تر یەکتر نەبیننەوە..پێکەوە چوونە دەرەوە (دڵە)ی هەتا لای ماڵی باوکی گەیاندو، خۆی بە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی شاردا کرد..

(سەرجەم دیمەنەکانی نێو شارخۆڵەمیشی دەهاتنە بەرچاوی، تەنانەت نینۆکی سەر قامکەکانیشی سیا دەچوونەوە. گەڵاو درەخت، تەلار و ئاپارتمانە بەرزو جوانەکانیش سەرپاکیان رەشو خۆڵەمیشی ببوون... منداڵێك کە پارچە تێلێکی بەدەستەوە بوو، سەرنجی بەراکێش کرد.. بە وردیو لەسەرەخۆ مینا تایەی عەرەبانە بازنەییەکەی پێ چێ کرد، بەخۆی وت: "خولانەوە بە دەوری بازنەدا هیچ ئەنجامێکی لێچاوەڕوان ناکرێت." شۆخیوگەمەی بەخۆی هات، چونکە سەردەمانێك بوو ئەمە راستییەکی رەهاو بەڵگە نەویست بوو بەلای ئەوەوە ..)





بەکۆڵانەکەدا پێچی خواردەوە، ژنێك بە سۆندەیەکی ئاوەوە بەر بەردەرکەی دەشوشت.. لەگەڵ هەڵدانەوەی قژە خاوەکەی حەڵقەکەی پەنجەی پەڕی، بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوەو، لەقامکی نێتەوە، حەڵقەکە بەدەوری خۆیدا سوڕیاوە..!

دەنگی پۆلە قەتێیەکی ژنەفت، سەری هەڵبڕی، ئاواتی دەخواست لەگەڵیاندا بەرەو باکور کۆچ بکاتو نەگەڕێتەوە ئەم شارە..

"ژیانی مرۆی هەژار لەقاوغە شقارتەیەك دەچێت، تا ئەو دەمەی پشکداری لە هەڵکردنی تەڵە کبریتێکی نێو هەناوی خۆی دەکا.. لە بەڕکی دەنێن، وەلی کە پشتی سوا، جەستەی ئاگر دەدەن."

حەمە دوو سێ جارانی تر لەبەرخۆیەوە وتی:"جەستەی ئاگر دەدەن"

دەمەو خوارئاوابوون وە لۆژە لۆژ یاپشە یاپشە رووەو ماڵەوە لێژبویەوە..

(لەم چرکەساتەدا حەزی دەکرد، بارانێکی بەخوڕ وەبارێو، ناخی ناخی ئاودێرو، لە سارای بێ ئومێدیدا، گوڵێکی سپی چەکەرە بکا..)

"ئایا ئەوانەی خۆیان کردوە بە هەمبانەی پارەهەڵگرتن شێتن؟! یان ئەوانەی نەفرەت لە پارەو شوێنپارە هەڵگرتن دەکەن؟ ئای چەند پرسیارێکی گەمژانەیە..! "

پێکەنینەکەی خۆی وەئاگای هێنایەوە.

(مێژوی سەرجەم مرۆڤایەتیی، دیرۆکی ململانێی نێوان پارەدارو بێ پارەیە) ئەم وتەیەی (نەوزاد)ی بەیاد هاتەوە..

دەمەو خوارئاوابون بە لۆژە لۆژ بەرەو ماڵەوە لێژبویەوە..

هەرکە دەرگاکەی کردەوە، شۆك بوو، دڵی داخورپا، (دڵە)ی بینی لە ژوورەکە دانیشتووەو، چاوەڕێی دەکا.. بەکرڕی چاوەکانی بڕی بووە دڵە .. بە رووخساری ڕا چاوەکانی خوێندەوە..

ــ دەزانم بۆ حەپەسایت؟ .. دڵم نەهات بەتەنها جێتبهێڵمو شەو نەیەمەوە ...

وردە زەردەخەنەیەکی بۆ کردو عەلاگەیەکی نایلۆنی رەشیشی بەدەستەوە بوو، بۆی درێژ کردو، وتی:

ـ (نەوزاد)ی برام ئەو کیسە پارەیەی بۆ ناردووی، دەڵێ با بۆخۆی مامەڵەی پێوە بکاتو، کەی بووی وێمداتەوە.

(لەناخەوە هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشاو، تبلی دۆشاو مژەی نا بە دوگمەی تەلەفزیۆنەکەوە، گۆرانییەك ژوورەکەی جۆشدا (دڵە)ی لە ئامێز گرتو هەنەسەیان ئاوێتەی یەکبوون..."

١٩٩٧/٨/٨ ـ ١٥/٩/٢٠١٢

---

زۆر سوپاسی برای فرە ئازیزم چیرۆکنووس کاکە حەمە سەعید زەنگنە دەکەم کە لەرووی زمانەوانییەوە هاوکاری کردم.

# چەند وردیلە شیعرێک

ئەنوەر عەرەب




(1)

سروودی باڵندە غەمگینەکان

کەی دێتەوە

دارتێلەکانی چپەی دوو دڵدار.

(2)

ئەو بازە غەمگینە

قەت خۆی نابووڕێت

لە سەر شانی چ کەلاکێک هەڵنیشت.

(3)

بەرەو کوێ دەیبا

قشقەرە

گەڵا زەیتونی ئەم کۆترە دیلە؟

(4)

گەمە وانی ئەو سارایە کێیە؟

منم تۆزێکی ماندوو،

پاشماوەی گەردەلوولێکی غەمگین،

نیشتمانم تراویلکە بوو

لە پێناوی دا گریام،

گەمەوانی ئەم سارایە کێیە؟

بمبا لە گەڵ خۆی

بەرەو لمستانی دامرکان.







# خەم و ترس



د . وریا عومەر ئەمین

بێ تامی کرد ... بوو بەچی هەر نەبڕایەوە

ئەم دڵەی من ئاسنیش با ئەتوایەوە !!

لە تاو تۆیە هەرگیزاوگیز داناکەسێ

دابین نابێ بەهیچ شتێ بەهیچ کەسێ

ئاگادارنیت سەردەمێکە بۆت وەک شێتم

لەهەر کوێ بم لێت ئەگەڕێم چاوەڕێتم

خەم وتاڵیت لووتکەی خۆشی و شیرینیمە

هەنسکی هەناسە ساردیم گۆرانیمە

گڕی سۆزت دڵی تاری رووناک کردووم

هۆشی چنراو بە مەراقی بێ باک کردووم

ئاواتێکی و ئەترسم رۆژێ بتگەمێ

لە ئاسمانی ساماڵتا ببمە تەمێ !!!

# ئەلبومی شەقامەکانی کەرکوک

مەدیحە سۆفی

کە تەمی حوزن نوقمم دەکات
ئەوە خەم نییە
نەسیمی بەهار تاری بکا
ئەوە ئیشتیاقە ئیشتتیاق!!!
ڕوح لێوانلێو دەکات
ئەوە نەشئەی ئیشتیاقێکی یەکجار هەڵکردووە
ڕوحم دەخاتە حاڵی دێوانەیەکی عەودالْ
بەشوێن گەنجینەیەکی دزراوی پڕ لە کلیلی دەرگاکانی ژیان
پڕ لە سەبری بێ دەنگ و
پڕ لە شەرابی ڕژاوی گەنجەکانی شەقامی جمهوری
لێوانلێو لە شکۆی دایک
لێوانلێو لە بوێری و هەناسەی هەرزان
لێوانلێو لە تامەزرۆ بۆ ڕاوکردنی ئاسۆیەکی بە خوێن چێنراو





شارێک گیرفانەکانی پڕ بوون لە کتێبی فاڵچیەکان.....
ڕیچکەکانی دڵ بەرەو هەوراز بوو..
ماڵەکانیان تەلبەندی دەستی غەدر و
ڕوحیان تەلبەندی بڕوای نێو قۆزاخەیەکی خەنەیی
لەم شارە بریندارەدا...تەمی حوزنێک میوانە
لە قاپی ڕەحیماوە دەدات...
لە دەروازەی بازاڕی حەسیرەکە نزیک دەبێتەوە
تەمی حوزنێک میوانە...کی ڕایدەگرێ..
لە شارێکی بێ ناونیشانی سەر نەخشەی شۆڕشێک
دەپرسێت..لە شاخ..لە لوتکە لە ڕوحی دەسەڵات..دەپرسێت::
.گەر ئازادی زاد بوایە
بەشی ژەمێکت بۆ ئەناردم؟
ووشە بوایە
بەشی سەردێڕی داستانی پەیمانی خۆتت بۆ ئەنووسیم؟
ڕوح بوایە
بەشی پەرێنەوەی زەینمت بەرەو زیندووبوونەوە
بۆ ئەخستە نێو هەگبەی چاوم؟
سەردانی گڵکۆی نائومێدەکانت دەکرد تا شادبوونەوەیان ؟
سەفەر بوایە
توێشووی ڕوحێکی عاشقت بۆ دەخستنە نێو گەڕان بەشوێن ئارامییەکی ئاوارەوە
چاوەڕوانی بوایە
ئەوسەری تەنافی تەمەنت پێ نیشان دەدان؟؟
ئەوان دەڵێن.......
ئەوان دەڵێن.......

چاوەڕوانی تەنها داوە........
ئێوە بە مەرگەوە ببەستێتەوە

وتیان بەڵێ هەر ئەوەندەی پێمانبکرێ
بە دەفی چاوەڕوانی و بە زیکری تا حاڵ گرتن
لە خاڵێکدا ئیتر خۆزگەکان دۆشدانامێنن
ئیتر تەپ و تۆزی خۆڵەمێشی و دارو بەرد
ئیتر تابوتی قودسەکان و دوکەڵی گڕ
دەرگای بازاڕ دادەخەن و لە چاوەڕوانی زیاتر
هیچ میوەیەک ناچێتە ناو سەبەتەی سەرشانی ئەم قافڵەیەوە
ئیتر منیش لەگەڵ تەمی حوزنی خۆم دەڵێم
بمنێرنەوە بەرەو ئەشکەوتە پڕ لە میهرەبانەکەی ڕوح
ئەو ئەشکەوتەی تەنها لە نێو ئەودا دەبمە خۆم و
تەنها خۆم لە خۆمدا دەکوڵێم و
تەنها لەو تەنهاییە ئەزەلییەدا ڕوحەتێکەڵبووەکەم دەلاوێنمەوەو
جارێکیتر نابمە کڕیاری سەفەری ونبوون
نابمە دووری و مەوداو
بۆ لەمەوداش لەو قافڵەیە ناونوس ناکرێم
نابمە توانەوەی تەمەن لە ژێر ساباتی دەنگێکی غەریب
ئازادم کە ئازاد ...لە کۆتی ئەو ڕوحە هەڵواسراوە
ئەو ڕوحەی تەنها یەکجار تەسلیم بوو و تەسلیم بە شەقامی تۆو
بە بارانی هەوری گەریدەی ئاسمانی تۆو
بە چپەچپی دەرگای کتێبخانەی ئاسۆ و
دواتر بە کەشتی تەنیاییەکی خوایی
ئازادم کە ئازاد...
بائەم شەقامی گەردەلوولەش تەی کەم
با خۆم لە نیو دێڕەکانی شارێکی لە تەم گەوزاوا بدۆزمەوە
ئازادم کە ئازاد...
لە موناجاتی ڕوحێکی بە شوێن ژواندا گەڕاو
ئازادم کە ئازاد...





من شۆڕشێک وەکو شۆڕشی دوێنێ هەر دەدۆزمەوە.....
کۆمەڵە کتێبێکی دەستی فاڵچییەکی قەرنی نوێئ هەڵگرتبێ
دیسانەوە تا قافڵەیەکی تر سرم بکات
ئازادم کە ئازاد....
من بە دیلبوون ناتوێمەوەو بە چاوەڕوانی نابمە سەراب
من ئەلبومی سەر نێوچەوانی شەقامی جمهوریم
ئەلبومێکم پڕ لە وێنەی ئەسپەشێی بەغار
ئەو ئەسپەشێیانەی
تەنها بەعەشقی ڕووت و قوت شەوانی ترسی دەسڕی و
تەنها دایکی ئەم شارە دەزانێ
چۆن شەرابی ژیانی لە قەدپاڵی بێداری زستانا دەخواردەوەو
چۆن مستەکوڵەی دەرگاکان ژێیەکانی دەنگیان مت دەکرد و
چۆن پریاسکەکانی بە دیواری بەندیخانەکانا دەسپێری....
ئازادم کە ئازاد...
ڕوحم بدەرەوە دەست خۆم
با جارێکیتر نەبمە چەتەو
ڕێ لە گۆڕستان نەگرم
تا لەودونیا لە شیلەی چاوەڕوانیا بۆ یەکەم جار مەلەی ئازادی بکەم
بۆ ژوانی ڕوحێکی سرکەیی
کە خوا هەر خوا
خۆی دەزانێ چۆن تەلبەندەکانی دەکاتە کەپری نەمری..
ئازادم کە ئازاد....
تا برینەکانی ئەم شارە بکەمە تابلۆ و لە پیشانگای ئەو دونیا هەڵیواسم
ئیتر ناچارم پسولەی کۆچ بۆ دەربەندی ڕۆژی حەشر ببرم
ناچارم ڕوحی هیوا لە خۆما بارکەم و
ناچارم باڵەخانەی ئەم دونیایە لە بێهودەیی هەڵکێشم و
ناچارم ژەندرمەکانی سوپای ئەگەرەکان

بکەمە خەیاڵی بەرنامەو بکەمە دواویستگەی بروای بەتاڵ

ئازادم کە ئازاد....

با خەونەکان لە کفنی ئەم دونیایە هەڵکێشم و

ئومێدێکی خودایی لەڕوحما چەکەرە بکات

ئازادم کە ئازاد

ئازادم کە ئازاد...

کە ئاسمانی سەرمەدی

دوا پاڕانەوەی ڕوحتی لە ئامێز گرت و

دوا گەڕانی نیگاتی لە ئارای خۆیدا چاند و

کۆتی غەدری زەوی لە ملت پچڕاند و

ئەو حەلە سەهۆڵستانی ناخت دەتوێتەوەو ئازاد دەبیت ئازاد.

من نازانم بۆ کە برینەکان دەکولێنەوە

ئەوەندەی تر بیرت دەکەم....

ئەی شەقامە تەریککەوتووەکەی ئێستاو

ئەفسانەی ئەوسای ڕوحی شار

نازانم بۆ کە ناڵەی ڕوحم

کە نیگا بێ تابلۆکەم

کە وەستێتە بێ وڵاتەکەم

کە پێچانەوەی دوا ڕەشماڵی هەواری ئەمڕۆم

هاوار دەکەن ...یاخی دەبن... توینوو دەبن..

دەبیتە ئەو ئەستێرەیەی خۆی لە هەور دەئاڵێنێ

ئەو خۆرەی باجەکەیم پێ نادرێ

ئەو دەریایەی دەزانم غەرقم دەکاو هەر مەلەی تیا دەکەم

دەبیتە ئەو تاسوقەی دوا ترۆپکی درەختی ژیان

لەدەستمی ڕادەپسکێنێ و

ئەو گللەییەی کتێبخانەی ئاسۆ لە هەورازی دەکاو

شەقامی جمهوری لە باڵەخانەکان و





بازاڕی حەسیرەکە لە قفڵی نەوتی بابەگوڕگوڕو

ڕیزبەندی حەمرین لە ماددەی سەدوچل و

قاپی ڕەحیماوا لە شانۆگەری ئەمڕۆی دەکاو

هێشتاش هیچ شاژنێکی تەور لەدەست

قەڵەم ناگرێتە دەست و ئیمزایەکی سەبووریش

لەسەر ناڵەی ڕوحی شارێکی پر لە دڵەڕاوکێ ناکات...

ئەو گەڕانەی لەخۆمدا دەگەڕێم بۆ تۆ....

ئەو گەڕانەی لە خۆمدا دەگەڕێم

بۆ دیسانەوە خولْقاندنی خەونێکی بەسەرچووی دوێنێ

هەر چاوەڕوانیی خۆڵەمێشی و هەر کتێبی بەسەرچوو

بەپیرمەوە دێت.... وردوخاشم دەکات

چاوەڕوانی بووە شادەماری شۆڕشی عەشق و شۆڕشی وەسێت

هەر زوو زوو ڕوحێک

لە نێو دووکێلی سەردەمی ئەفسانە سەر هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

کە بەجێمهێشتی هیوا بەرز بەرز بوو

چیا لەو بەرزتر..............

کە بەجێمهێشتی

بەفر و گڕ لە من و تۆ هاوڕێتر.............

٢٠١٢/٤/١٠



مەیسەم حەربی

# ڕەنگەکان خوێنی کۆتاییان هەیە

و: لە عەرەبییەوە: سەلاح جەلال

خوێنی سپی بەرە بەیان ..
لە پێدەشتدا پێی هەڵدەکەوێتو  بەکرانەوەی دەمیدا دەلچکێت
لە توندی گەشتی ناو خەونەکان
خوێنی باڵندەیەکی شین..
لە کەوتنە خوارەوەی هەمویدا تارمایی دەدەن
ئەو نینۆکانەیشی بیر دەچێتەوە کە پرشنگ دەدەن
لەسەرە رەشە باوە!
خوێنی ئەو شوشەیەی کە دەشکێت..
قەلە رەشە مەلاس بوەکان برسێتیان پێ پاکدەکردەوە
خوێنی لافیتەیەکی رەش
بە گرتەی ونبون زمانی قوماش پڕ دەکاتەوە
خوێنی سەرسامیەکی زەرد..
لە رێی هەناسەدانیەوە هەوڵی دەرهێنانی راستی دەدات
ئەو گۆڕانی خۆی بۆ جەستە جێبەجێ دەکات







خوێنی پەیوەندی نێوان وشەکان..
لە ناپیشەییدا دەکەونە خوارەوە
بۆ نوسین دەکەنە نێچیرێک بۆ ژەنگ
خوێنی رەنگی سەوز..
بە پەڵاشی ماوەتەوە
لە پێش زەمەنەوە بازی گەیاندنی بەسەردا نەدراوە
خوێنی رۆژگار..
لە دارستاندا وەک گیانداریک خۆی مات دەکات!
تەماشای رێڕەوی جەنگەکەی دەکات ودەڕوات
خوێنی راستگۆیی دەرژێت..
یەکێک  جوانی دەخاتە ژێر پێی
بەڵام دەبورێت و درەوشاوە.. پەرە دەسێنێت
خوێنی پێکەنین بڵاودەبێتەوە. هەر ئێستا لە ئازاردا.
ئەو دەڵێت: رەنگەکان. خوێنی کۆتاییان هەیە.
کارەسات دەیەوێت هەرچیەکیانی بوێت لایببات
لە واتاکە...



سەرچاوە رۆژنامەی الصباح ژمارە(٣٤٢٣ )٢٧ کانونی یەکەم ٢٠١١



ئیبراهیم هەورامانی

# حیکایەتەکانی موسافیرێک

"1"
کە زەنگی دەرگای ماڵەکەم لێ دەدا ،
چەند سەیرە
گوڵی باغەکە دەگەشێتەوە!
بولبولەکەم دێتە قسە!
بزەیەک دەمگرێ.
هەمیشە واهەست دەکەم.
تۆیت بۆلای من دێ ی

"2"
فۆتۆگرافەرەکە
نیگەران بوو ،
کاتێک زانی
کەناتوانێ وەک ئەوەی هەین
وێنەیەکمان بۆ یادگاری
تۆمار بکات
.
"3"
بیرکەرەوە
ئەم هەموو ڕێگایەم
کۆتا پێهێنا.
تەنیا لەبەر تۆ.





دەنا من حەوسەڵەی
تاکە هەنگاونانێکم نی یە.
"4"

گوڵەکانی باغچەکەمان
گلەییان لەبەختییان هەیە.
بەیەخەتانەوە
نایان بینم.

"5"
تەنیا نیشتمانێک شک دەبەم
ئاسوودەیم پێ ببەخشێت
دڵی تۆیە.

"6"
نامەیەکت بۆ نوسیبووم
گلەیت هەبوو.
ئەو شەوە تابەیان
باران هەرخۆشی نەکرد.

"7"
هێندە باسی تۆم
بۆخۆم کردووە
شارپڕبووە
لەسیمای تۆ
بەهیچ جەنگێ ناسرێتەوە

"8"
شەوێکی تولانیە
زستانەکەی سەختە
هاکا تۆزێ تر
ژیان بەستی
من هەست بەسەرما ناکەم
بیرم لای تۆیە
.
"9"
بەیانی یەکی سپی یە
بەفر دادەبارێ
چەند دیمەنێکی جوانی هەیە
بەفرەکە نا ،
هەنگاونانت
بەرەو لای من
.
"10"
نامەیەکت بۆ نوسیبووم
گلەیت هەبوو
ئەو شەوە تابەیان
باران هەر خۆشی نەکرد.

بەشیك لەم شیعرانە لەلایەن خاتوو نەسیم مروەت جو وەرگێڕاون بۆ زمانی فارسی و لەسایتی ایران امروز بلاو کراونەتەوە.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەرویشیان (ڕۆماننووسی هاوچەرخی ئێران)

## بەشی یەکەم




و: لە فارسییەوە: بابەك سەحرانەوەرد

گزنگ ١٠٠ — کانوونی دووەم ٢٠١٣



عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە چەن دێڕ:

عەلی ئەشرەف دەرویشیان، ڕۆمان نووس و ڕووناکبیری هاوچەرخ، لە دایکبووی کرماشانە. لە سەرەتای پەنجاکانەوە سەرقاڵی نووسینە و تا ئێستا چەند کۆمەڵەچیرۆک و ڕۆمانی بڵاوکردووە. بەناوبانگترین بەرهەمی دەرویشیان ڕۆمانی گەورەی «ساڵیانی هەوری» لە چوار بەرگ لە سەردەمی خۆی بایەخی زۆری پێدرا وخوێنەری زۆر بە دەورییەوە کۆ بوو. دەرویشیان تەواوی بەرهەمەکانی بە زمان فارسی نووسیوە ، ئەگەر چی تا ئێستا چەن وتاری لەسەر زمان و ئەدەبی زگماگی بڵاوکردووە ، بەڵام بە نووسەرێکی فارس زمان ناسراوە. ناوبراو لەم گفتوگۆیەدا زۆرتر لەمەڕ ڕوانگە و هەڵوێستە تاکەکەسییەکانی خۆی و پرۆسێسی داهێنان و بار و دۆخی ڕۆشنبیر لە جیهانی مۆدێرنیسم و ئاستەنگەکانی ئەم جیهانە توند و تیژە و هەروەها لە ڕابردووی خۆی بۆ ئێمە بە زمانێکی ساکار و خۆمانە دەپەیڤێت.

**⋆ بەڕێز دەروێشیان، وا باشە ئەم وتووێژە بە چەند پرسیاری نائاسایی دەسپێبکەین هەتا بگەین بە پرسیارە سەرەکی و گرینگەکان. بفەرموون نووسەرە خۆشەویستەکانی ئێوە کێن؟**

– هەر لە سەرەتای ئەم وتووێژە منتان خستە داو(دەروێشیان لە حاڵێکدا کە پێدەکەنێ دریژە بە قسەکانی دەدا.) من وای بۆدەچم بە درێژایی ژیانی مرۆڤ ، نووسەرە خۆشەویستەکانی هەر کەسێك دەگۆڕدرێن. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە نووسەر چیمان دەوێ و چۆن بە هیواکانی ئێمە وڵام دەدات. ئەگەر چۆنیەتی سەرەتای کاری نووسینم بۆ ئێوە دەرخەم، ڕەنگە پێبکەنن.من زۆرتر ئەو نووسەرانەی کە چیرۆکی ئاساییان دەنووسی و بە نوسەرانی «پاورەقی نووس[١]»(پەراوێزی) ناسراوە بوون، لەواقیعدا نووسەرە دڵخوازەکانی من بوون. چونکە لەو تافەدا لە تەمەنی ١٢–١٣ ساڵیدا گۆڤارەکانم کە دەخوێند، ڕووم هێنابووە ئەم جۆرە ئەدەبە. بۆ نموونە لە

گزنگ ١٠٠ — کانوونی دووەم ٢٠١٣

هەرەتی جەحێڵی بەرهەمەکانی «ئیبراهیم موودەڕەسی»م دەخوێند کە بۆ گۆڤاری «ترقی» دەینووسی. ئەمە سەرەتای کاری من بوو بەڵام هەروا کە بە شێنەیی بە خوێندن پەرەم دەدا لەزەتم لە بەرهەمەکانی بڕێ نووسەری دیکەم دەبرد. تا ئەوەی کەبە خوێندنی بەرهەمەکانی«سادق هیدایەت»[٢]گەیشتم. شایانی باسە هەوەڵین دەقێ کە لەم نووسەرەم خوێند چیرۆکێ بوو کە داپیرەم گێڕابوویەوە. داپیرەم زۆر لەسەر ڕوانینی من بۆ چیرۆك کارتێکەر بوو. هەم چیرۆکبێژی و هەم چیرۆك خوێندن. ئەم چیرۆکەش کە ئاماژەم پێدا، ناوی « داوای لێبووردن» بوو. نازانم و وێدەچێت هیچ کاتێکیش نەبوو کە ئەم مەسەلەیە لە داپیرم بپرسم کە ئەم چیرۆکەی لە کوێ بیستووە یا کێ بۆی خوێندووە. یا ئەوەی کە چیرۆکی ڕمەکی و عەوامانە بووە کە لە چاخی خۆی سەر زاری خەڵك کەوتووە ، نازانم. لە هەر حاڵ چیرۆك بۆ من مەسەلەیەکی زۆر سەیر و سەمەرە بوو. بەر لەوەش ئەو حیقایەتانە کە بۆی دەگێڕامەوە، ئەم جۆر گێڕەرەوەشانە بوو و وردە وردە لە کاتێکی تر ئاوڕم لە بەرهەمەکانی (سادق چووبەك)دایەوە. گەورەتر کە بووم گەیشتم بە بەرهەمەکانی (ئەحمەد مەحموود) کە ئێستاکەش لە بەرهەمەکانی زۆر چێژ دەبەم و دوایی کە بەرهەمی نووسەرە بیانییەکان لە ڕێچکەی وەرگێڕان دەسپێکرا و لەم نێوانە (ماکسیم گورکی)م زۆر بەدڵبوو. چونکە بە ژیانی من و ئەو بار و دۆخەی کە تێیدا دەژیام نزیکییەکی سەیری بوو. بەم هۆیە بۆ ئاسەواری گورکی ڕێزم دائەنا و دوا ئەمەش گەیشتم بە خوێندنی ئاسەواری «شۆلۆخۆف» کە «دۆن ئارام» ی ئەوم چەنها جار خوێندوومە و (شەڕ و ئاشتی) تۆڵستۆی و...هتد.

**★ ئەمڕۆکە و لەم تەمەنەدا بەرهەمی کام نووسەرت پێخۆشە و کام یەك لە بەرهەمەکانیان دەخوێنی؟**

– ئەمڕۆکە ئەگەر بمەوێت پێڕستێ لە نووسەرە دڵخوازەکانم بەدەس بێنم، دەبێتە پێڕستێکی هەرە درێژ کە ڕەنگە کەسانێك جێبێڵم و پێم باش نییە ئەم شتە ڕووبدا.

**★ لەم پرسیارانە بە نووسەرە ناوخۆییەکان (ئێرانی)دەگەین. مەبەستم لە پرسیاری پێشوو، بەرهەمی نووسەرە بیانییەکان بوو؟**

– ئیستاکە بەرهەمەکانی «مارکێز»م هەرە خۆش دەوێت و هەروا کارەکانی « تۆنی ماریسۆن»، « یۆسا» و...هتد. هەلبەت «میلان کۆندێرا» ش دەخوێنم ، بەڵام لەمەڕ





بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بیروبۆچوونێکی تایبەتم هەیە کە لە دەرفەتێکدا ئاڕاستەی دەکەم.

**★ وا دەزانن باشترین ڕەخنەیەك کە لەسەر بەرهەمەکانی ئێوە نووسراوە ، کامە بێ و تا چ ڕادەیەك ئێوەی ڕازی و خۆشحاڵ کردووە؟**

– دەزانی کە بەرهەمەکانی من کاتێکی درێژخایەنە بە بێدەنگی ماوەتەوە. ڕەنگە بۆ بەرهەمەکانی من هیچ بایەخ و گرینگایەتییەك تەرخان نەکردراوە کە ڕەخنەیەکی بۆ دابین کەن. بەڵام دواتر بیستم کە هەر لە ساڵیانی بەر لە ڕاپەڕینی ٥٧ی ئێران ، چەن کەس بۆ کۆمەڵە چیرۆکی« ئا لەم لادێیە»، ڕەخنەیان نووسیبوو بەڵام ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە لەچاپیان نەدابوو. دوای ڕاپەڕین لەملاولا لەمەڕ بەرهەمەکانی من شتیان نووسی و باشترین ڕەخنەیەك کە من خوێندمەوە، ڕەخنەی ئاغای (حەسەن فەڕوخ سرێشت) بوو لەمەڕ کۆی بەرهەمەکانم و لە گۆڤاری ( فرهنگ توسعه) چاپ بوو.

**★ لە کاتی نووسین لە چ شتگەلێك زۆرتر لە هەموو شتێ ئاوڕ دەدەیتەوە؟**

– ئەو شتانەی کە زۆرتر کارم پێیانە و لە داڵغەی خۆمدان، بە ژان و ڕەنج و کوێرەوەری خەڵك ، بەو هەموو زوڵمە کە لێیان دەکرێ. لە بەتاڵ بوونی ژیانەکەیان. لە تەواوی ئەمانە بیر دەکەمۆ.

**★ ئاخۆ هەر لە منداڵییەوە پێتان خۆش بوو ببن بە نووسەر؟**

– نا، بیرم نەدەکرد ڕۆژێ ئەبم بە نووسەر. بۆ ئەوەی کە ڕەنگە نووسەری بۆ من وەکوو هەموو شتێکی تر تەنیا پێشهاتێك بوو. بڕوانە، من لە بنەماڵەیەك پەروەردەبووم و ژیانم بردۆتە سەر کە هەر لە ڕۆمانی (ساڵیانی هەوری) وەسفم کردووە و نووسیومە. کرێکار و ڕەنجدەر بووین و چون من لە بنەماڵەکەمان کوڕە گەورەی ماڵ بووم، بۆ قوتابخانە ناردیانم. ئەو دۆخە جۆرێك بوو کە نەمدەتوانی درێژە بە خوێنەواریم بدەم. ناچار بووم یارمەتیدەری باوکم بم، بەڵام حەزیشم لە خوێندن دەکرد.

**★ بەڵگەی ڕووهێنانت بۆ نووسین چی بوو؟**

– بڕوانە، ڕووداوەکانی چاخی سەرۆك وەزیری«مووسەدق» و ئەو زەوقە کە بۆ خوێندنەوە لەمندا ڕیشەی داکوتابوو وەك خوێندنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان منی دەورووژاند کە شوێن ڕووداوەکان بکەوم لە حاڵێکدا کە من تەنیا ١٢–١٣ ساڵ زۆرترم نەبوو.لە لایەکیترەوە خاڵەیەکم بوو لە بەشدارگەی نەوت کاری دەکرد و لەو چاخە

لە ئەندامانی پارتی توودە بوو و چاپەمەنییەکانی ئەو حیزبەی بۆ دەهێنام و منیش دەمخوێندنەوە. بە جۆرێ کە دواتر تامەزرۆیی من لە خاڵەکەم زۆرتر بوو و دەچووم و چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمەم دەکڕی و دەخوێندەوە. کتێبم دەخوێند و پێش ئەوەش لە ماڵی ئێمە کتێبێك وەك ( ئەمیر ئەرسەلانی نامدار) دەخوێندراوە یا باوکم شیعری دەوت کە من بۆم دەنووسی، ئەگەر چی سەوادەکەی کەم بوو. تەواوی ئەم رووداوانە منی بە لای خۆیانەوە بە مەبەستی نووسین و خوێندنەوە هاندەدا. بەڵام هیچ کاتێ ئامانجم نەبوو ببم بە نووسەر. تەنیا کاتێ رووم هێنا بە نووسین کە قوتابی دواناوەندی لە پۆلی سێهەمدا بووم و رۆژنامەی دیواریمان دروس دەکرد و ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی کە خۆم هێڵکاری و نووسینی تێکستەکانی رۆژنامەکە بگرمە ئەستۆ. دواتر تەنانەت بە یارمەتی هاورێکانم گۆڤارێکمان دەرکرد. واتە گۆڤارێ کە دەمانتوانی بیدەین بە هاورێکانی دیکەمان بە مەبەستی خوێندنەوە. لەسەر رووبەرگی هەوەڵین ژمارە ، وێنەی (ئەمیر کەبیر) هەبوو کەخۆم نەخشاندبووم و ئەم گۆڤارە لە نێوان قوتابیان دەس بە دەس دەگەڕا و دەیانخوێندەوە. دواتر هەر لەو تافەدا دەسم کرد بە نووسینی رۆمانێ کە بەشی یەکەمی لە سێ چوار لاپەڕەدا نووسیبووم کە هاورێکانم دەیانگوت: دواییەکەی بوو بە چی؟

**★ لە ئەنجامدا هەوەڵین بەرهەمی خۆتان لە چ تەمەن و لە کوێدا چاپ کرد؟**

– من لەمەڕ چاپی بەرهەمەکانم خۆم زۆر دەپاراست، دەمگوت کە من دەبێ کاتێ بەرهەمێ ئاراستەی چاپ کەم کە بە کەڵکی خوێندنەوە بێت. لە حاڵێکدا کە نووسراوەی زۆرم بوو بەڵام لە بڵاوکردنیان خۆم دەپاراست. هەوەڵین بەرهەمم بە شێوەیەکی جیددی لە بەندیخانەی کرماشان نووسی. واتە هەر ئەو کاتەی کە لە پرسینەوە و ئیفادە نەجاتم بوو و رەوانەی بەند کرام، و کاغز و پێنووسیان پێداین، قۆڵم هەڵکرد بۆ نووسینی چیرۆکی «ئێران» کە هەر چیرۆکی (نییەتی) بوو کە داهاتی ئەزموونی من بوو لەو تافەی کە مامۆستای قوتابخانە بووم. هەڵبەت یەك شت لەسەر من بۆ مامۆستایی زۆر کاریگەربوو و ئەوەیش خوێندنی زنجیرە تێکستێك بە ناوی « یاداشتەکانی مامۆستایەك» بوو بە پێنووسی«محەمەد عاسمی» کە لە گۆڤاری (ئۆمیدی ئێران)ی ئەو سەردەمە چاپ دەبوو. ئەم زنجیرە تێکستە رۆڵێکی کارای هەبوو لەسەر من تا





ببم بە مامۆستا. ئەو تێکستە رەنج و مەینەتییەکانی مامۆستایەکی دەخستە بەرچاوم، مامۆستایەك کە بە هۆی هەژاری لە وەرزی هاوین لە ناچاری مێوەی دەفرۆشت. بەڵام بە تەواوی ئەم کێشە و ئاستەنگە تامەزرۆیی و حەزێکی زۆرم بوو کە ببم بە مامۆستا. لە حاڵێکدا کە مامۆستایی و رۆیشتن بۆ لادێکان زۆر یارمەتیدەری من بوو کە بە روانگەیەکی نوێ بۆ ژیان دابین کەم و لە نزیکەوە دەگەڵ مەینەتی و هەژاری خەڵکی وڵاتەکەم ئاشنا بم. ئەمە بوو کە لە ساڵی ٥٠ ی هەتاوی کاتێ کە دەسبەسەر و رەوانەی بەندیخانە کرام، زۆربەی چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی( ئا لەم لادێیە)م لە زەینمدا داڕشت. واتە نووسیم و لەبەرم کرد. چونکا نەمدەتوانی ئەو تێکستانە لەوێ بێنمە دەرێ. هەر لە بەر ئەوە کاتێ رزگار بووم تەواوم رشتە سەر کاغز و هەوەڵین چیرۆکێ کە لە چاپم دا، بە ناوی ( باخچە چکوولەکەی ئێمە) لە گۆڤاری فردۆسی بڵاوکرایەوە.

**★ ئایا باوەڕتان بە « ئیلهام » هەیە؟**

– نا، تا ئێستا شتێ بە من ئیلهام نەبووە.

**★ ئاخۆ بەر لە نووسینی رۆمانێك، پێشتر نەخشە و گەڵاڵەی ئەو رۆمانە لە زەیندا دائەڕێژی؟**

– نووسەر زۆر جار وێنەگەلێکی زۆری لە زەینمدایە. من ئێستا لە ژوورەکەم دەچمە دەرێ ، رەنگە ئەم دیمەنە بێتە بەرچاوم کە دایکێ دەسی منداڵەکەی گرتووە و چاوەڕوانی تاکسییە یا وابزانە دایکێ کە منداڵەکەی لە سەوەتەی مێوە فرۆشی بە دزییەوە مێوە هەڵدەگرێ و دور لە چاوی دایکی دەیخوات. ئا لەم وێنەگەلە زۆر جار ورد دەبمەوە و هەمیشە لە زەینم جێ خۆش دەکەن. دوا ئەمە ، کاتێ دەمەوێ چیرۆکێك بنووسم لەم وێنەگەلە لە زۆر جێگای دەقەکانم کەڵك وەردەگرم. واتە جۆرێك مونتاژکردنی ئەم وێنەگەلە لەڕێی ئەو ئامانج و بیر و بڕوایەم دەتوانم بێنمە سەر کاغز. زۆر جار بەم شێوەیە زۆرتری وێنەگەلی رۆمانی(ساڵیانی هەوری)م لە بەندیخانەی( قەسر و ئەوین)[٣] لە زەینم نووسیوە. لە بیرمە لە کاتی خوێندنی رۆمانی( گیانی شیفتە)ی رۆمەن رۆلان، یەکێ لە هاورێکانم بە منی وت: ئاخۆ هەتا ئێستا تەلاشت کردووە کە رۆمانێك بنووسی و منیش هەر لەو تافەدا قۆڵم هەڵکرد بۆ نووسینی رۆمان و هەستم دەکرد دەتوانم بەرهەمێك بەم شێوە بنووسم لەمەڕ ژیانی خۆم. لە تەنیاییدا بیرم دەکردەوە و وردە وردە وێنەگەلێ لەبەر چاوم گیانی دەگرت. کەسایەتییەکان

و زۆر شتی دیکە. ئەمە بوو کە کاتێ لە زیندان قوتار بووم ، دەسمکرد بە نووسین. یاداشـی زۆرم هـەڵگرت و کـۆمکردەوە. وێنەگـەلی زۆرم بـە دەسمـەوە بـوو. خـەرمانێ وێنەگـەلی نـوێم هـەبوون کـە دەبوایە ئەوانم لە جێی خۆیان و لـە کـاتی خۆی لە لای یەك دابنایە و دەسم بـە کـار بکردایە. وتووێـژێکی زۆر لـە جـەماوەری عەوام کۆکردبووەوە بوو و زۆر شتیکەش لە زەینمدا بوون.

**★ ئاغـای دەروێـشیان ئـاخۆ لـە کـاتی نووسیندا بایەخ بۆ خوێنەریش دادەنێن؟**

– بەڵێ، لە بنەڕەتەوە یەکێ لەو پرسانە کە منی بە لا خۆییەوە رادەکێشێ و من زۆری لـێ ورد دەبمـەوە ، مەسـەلەی خوێنەرە. بە راستی باوەڕم نییە کە من ئێستا شتێ بنووسم کە سەد ساڵ یا دووسەد ساڵی دیکە بەرهەمەکانم بخوێنن و بڵێن، بڕوانن، ئەم نووسەرە چ شاکارێکی داهێناوە. هەر لە بنەڕەتدا بەم شتانە بیر و باوەڕم نەبووە.لەبەر ئەوەی کە من بۆ ئەم سەردەمە دەنووسم و زۆر داخوازم کە رەنج و مەینەت و کێشەکانی ئەم سەردەمە بگێڕمەوە. مەگەر زۆر نووسەر وا نەبوون. سادق هیدایەت مەگەر لە رۆژگاری خویدا نەیدەنووسی.

**★ وا دەزانن چ کتێبگەلێ لە پرۆسێسی گۆڕانکاری نووسەری ئێوە کاریگەر بووە؟**

– لەمەڕ نووسەری خۆم ، بەرهەمگەلێ کە وەرگێڕدرابوون و هـەروا بەرهەمگەلی نووسەرانی ناوخۆیی لە مندا زۆر تەئسیریان هـەبوو. بەرهەمگەلێ کـە لـە کلاسیکەکانم خوێندبووم چ شێعر چ پەخشان. بۆ وێنە لە بیرمە ئەو کاتەی کە مامۆستا بووم هەر سێ مانگی هاوینم دانابوو بۆ خوێندنی (شانامە)ی فردۆسی. واتە لە هەوەڵ تا ئەنجامی ئەم کتێبەم خوێندەوە. واتە کاتێ بوو کە بۆ زانکۆی ئەدەب دەرچووبووم. دواتر (مەسنەوی مەولەوی)م تەواو کرد. (خەمسەی نیزامی)شم خوێند. بڕوانە، من هێشتا بۆ زانکۆ دەرنەچووبووم کە زۆربەی ئەدەبی کۆنیی ئێرانم خوێندبوو. بەرهەمگەلی ( سەعدی)م خوێندبوو و خستبوومە لا. لە بیرم دێ (شانامە)م دەخوێند ، هێندە تەئسیرم وەرگرتبوو کە وەك ( فردۆسی) شێعرم دەوت و کاتێ دەمویست قسە بکەم ، قسەکانم وەزنی بوو، ئەم کتێبانە زۆر تەئسیری خۆیان لەسەر من نواند.

**★ دوای چاپی بەرهەمەکانت، بۆ دووهەمین جار دەیانخوێنیتەوە؟**

– بەڵێ دەیخوێنم ، بە بڕوای من نیوەی کاری من دەبێ خوێندنەوە بێت ، ئێستایش دەبێ هەر فێر بم.

**★ نا، پرسیاری من شتێکی دیکە بوو، بۆ**





**نموونە رۆمانی ( سالگەلی هەوری) دوای ئەوە کە چاپ بوو، خوێندوتەوە ؟**

– بەڵێ، خوێندوومە.

**★ هیچ بووە بە زەینت بگا کە دەستێ بەسەر بەرهەمەکانی خۆت بکێشی و بەشێکی لێ بگۆڕی ؟**

– لەم جۆرە خوێندنە، زۆر جار بە مێشکم دێ کە چەندە باش دەبوو کە ئێرەم دەقرتاند یا لەوێ ئەو رووداوەم دادەنا. تەواوەن راستە. زۆر جار دادەنیشم و بەرهەمەکەم دەخوێنمەوە.

**★ ئاخۆ لە دواییدا گۆڕانکارییەك لە چاپەکانی دیکەی ئەو کتێبە ئەنجام دەدەی؟**

– تەماشا بکە، من لە چاپی سێهەمی رۆمانی (ساڵیانی هەوری) بڕێ گۆڕانکاریم تێدا ئەنجامدا. واتە یەك دەوری تەواوم بەسەریداهاتمەوە کە بە پێویستم دەزانی. واتە جێگایەك کە بیرم دەکرد زۆرە قرتاندم. نە ئەوەی کە کەسێك ئەم کارە بە من داپەسێنێ. کتێبەکەی من لە ساڵی ۷۰ی هەتاوی چاپ بوو و هەر لەو ساڵە دیسان بۆ جاری دووهەم چاپ بوو. ئەگەر چی ماوەیەك لە مەزرینگەی سانسۆری وەزارەتی فەرهەنگ مابووە، بەڵام دوا ساڵی۷۰ ئیزنی چاپی ئەم رۆمانەم هەتا ساڵی ۷٦ وەرنەگرت. هەر ئا لەم ساڵە بوو کە بە هاتنی دەوڵەتی (خاتەمی) سەرۆك کۆمار و موهاجرانی (وەزیری فەرهەنگ) بە وەزارەتی رۆشنبیری ئاسانکاریگەلێ ساز بوو، هەڵبەت نە تا ئاستێکی ئایدیال. رۆمانی ساڵیانی هەوری کە بڕیاربوو لە ۲۳۰۰ لاپەڕە ، ۷۰۰ پەڕەی بقرتێ کە ئیمە قەبووڵمان نەکرد و هیوای چاپەکانی دیکەشمان نەبوو. لە ئەنجام قرتاندمان و هەمیسان کتێب چاپ بوو کە زۆریش پێشوازی لێکرا. ئاماژەش بەمە بدەم کە من هەشت کتێبی دیکەم هەیە کە ئیزنی چاپ بە شتاقیان نەداوە.

**★ پرۆسێسی چیرۆکی هاوچەرخ ( بە گشتی رۆمان و کورتە چیرۆك) چۆن هەڵئەسەنگێنن ، بە تایبەت لە نێوان نەوەی گەنج کە لەم ساڵانە هاتوونە جەرگەی چیرۆك نووسین؟**

– جیهانیش وەکوو هەر شتێ تووشی گۆڕانکاری بووە. بەرهەمگەلی وەرگێڕدراو ئەمڕۆکە زۆرترن. دوایی ترین ئەزموونگەلی نووسەرە ناوازەکان و نووسەرە لاوەکان، بڕشتی تازە لەگەڵ بیر و هۆش و روانگەی نوێ بە رەوت و پرۆسێسی چیرۆك نووسین زێدە بوون. بەڵام دەبێ ئاماژە بەم مەسەلە بدەم کە بە داخەوە هەر ئەونە کە لە جیهان نووسەرێك خەڵاتی نۆبێل وەردەگرێ ، دەبینین تاقمێکی زۆر لە

نووسەران وا هەست دەکەن هۆی سەرکەوتوویی ئەو نووسەرە لە جۆری بەرهەمەکەی گەمارۆ دراوە. کە واتە با ئێمەش برۆین و وەك ئەو بنووسین. کاتێ مارکێز خەڵاتی نۆبێلی پێبەخشرا، کتوپڕ دیمان حەوت هەشت کەس کە لە نێوان ئەوان نووسەری ناوازەش هەبوون، دەچوون شتێ بە چەشنی « سەد ساڵ تەنیایی» ئەو دەنووسن. هەروا کە ئێستاش وەك داب و نەریتە باوە کە ئێمە دەبێ وەك « کوندەبووەکوێرە»ی هیدایەت بنووسین. لە حالێکدا کە من وەها تەماشای ناکەم. ئەو نووسەرە بیانییە شتێ دەنووسێ کە بۆ نموونە خۆرەتاو بە جۆرێ تیشك دەدا کە لێرە وا نییە. کەسایەتیگەلێك لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتی هەیە کە لەگەڵ ئێمە نییەتی. ئینجا ئێمە دەمانەوێ وەك ئەو بنووسین کە هەڵبەت کاری ئێمە زۆر نارەسەن دەردێ. لەم حەوت هەشت بەرهەم کە بە تازەیی چاپ بوون، ئێوە یەك بەرهەم بە حەز و چێژەوە ناخوێنن. بۆچی؟چونکا ڕیشەورەگەزی ئەو جۆرە نووسینە لە جێگایەکی ترەوە هەڵقولاوە. کەسێکی تر دایهێناوە و کەچی ئێوەش دەچن و ئەوە دەخوێنن. ئەمە هەڵەیەکی زەق و گەورەیە کە برێ لە نووسەرە لاوەکانی ئێمە تووشی بوون.

برێ لە نووسەرە گەنجەکانی ئێمە بە داخەوە خۆیان توووشی ئەم ئازارە کردووە. بۆ وێنە من چیرۆکێك دەخوێنم کە لە فاکنەر وەرگێڕدراوە.شێوە نووسینی ئەو بە کەڵکی ئێمە نایێت. داهێنەرەتی لە نووسەرانی ئێمە دەکوژێت و زەینی سیس و تەممەڵ دەکا. تەماشای ئەو بەیاننامە بکەن کە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل بۆ هەمووان دەیخوێننەوە و بەم رستە دەگات کە دەڵێ:«ئەم خەڵاتە بەم نووسەرە و بەم شێوەیە دەگات کە سەرنجی پێکهاتەی ناوچەیی و کۆمەڵگایی خۆی داوە. لە زۆربەی ئەو بەیاننامانە ئەم مەسەلە رەچاو کراوە. واتە بۆ جیهانیبوون و سەرکەوتن، سەرەتا ئەو بەرهەمە دەبێ ناوچەیی لە ئەژمار بێت. خوێنەرێ کە لە دەرەوەی ئێران ژیان دەکا لە هەر جێگایەك لە جیهاندا بێت دەیەوێ بزانێ کە لە کۆڵانەکانی ئێراندا چی دەگوزەرێ ؟ هەروا کە ئێمە پێمان خۆشە بزانین ئەو کاتە کە «نەجیب مەحفوز» دەخوێنین کۆڵانەکانی قاهیرە چۆن بە ئێمە نیشان دەدا. ئەوان پێیان خۆشە لە بار و دۆخی ناوچەیی وڵاتی من، لە داب و نەریتی ئێرە، لە کولتوور و فەرهەنگی ئێرە ئاگادار بن. نەك ئەوەی کە ئێمە بمانەوێ شتێ وەك دەقەکانی ئەوان بنووسین. دیارە ئەم ئەدەبە بۆ کەس جێی سەرنجدان نییە.چونکا ئەوان





زۆر زوو و بە باشی و لێهاتوویی بەم شتگەلە ئاگادار بوون. ئەوان هەموویان کتێب دەخوێنن. رۆژنامە دەخوێنن و دەزانن ئەم کارە رەگەزی خۆی لە کوێ وەرگرتووە. بە تەواوی ئەم شتانە کە وتم نووسەرانێکی لاو دەناسم کە دەنووسن و لە بەرهەمەکانی ئەوان ورد دەبمەوە. تەنانەت ئەو دەقانەی کە لە شارە چکۆلەکانی تری ئێران بەر لە تاران بڵاو دەبن، دەیخوێنم کە هەوەڵین ئەزموونی نووسەرەکەیەتی. چونکا تەواوی ئەم بەرهەمگەلە بە مرۆڤ روانگەیەکی تایبەت دەبەخشێت. بەڵام ئیزن بدەن لە هیچ کەسێ ناو نەبەم، چونکا ناوی هەندێ کەسم لە بیر دەچێ و...

دەزانن کە من رەخنەش دەنووسم و نووسینەکان لێکدەدەم. لەگەڵ هاوڕێم ( رەزا خەندان مهابادی)کە بڕیارماندا پێکەوە رەخنەی ئەدەبی ئاڕاستە بکەین. هەر لێرە ئەم شتە شی بکەمەوە کە هەندێ کەس ئەم هەڵە لە ئێمە زەق دەکەنەوە کە بۆ یەکبینە خەریکی رەخنەنووسینن. کە واتە ئیدی ئەمە دەبێ چ رەخنەیەك بێت؟ ئێمە هەمیشە بەرهەمێ کە دەنووسین درەنگ لێی دەپرسینەوە. بەڵام هەر ئەوەنە کە ئەم کارە کەسێکی بیانی بیکات زۆر زوو دەسخۆشانی لێدەکەن. لەم ئاخر و ئۆخرەش رەخنەیەکم دەخوێند کە سێ رەخنەگەری بیانی لەسەر کتێبێ نووسیبویان و بە فارسی چاپ ببوو. هیچ کەس رەخنەی نەگرت کە بۆچی سێ کەس رەخنەیان پێکەوە نووسیوە، بەڵام هەر ئەوەنە کە ئێمە بە دوو کەس ئەو کارە بکەین ، عەیبی زۆرمان لێ بەرجەستە دەکەن. ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە نووسەرانێ کە یەك دوو بەرهەمیان هەیە بەم رەخنەیە بە کۆمەڵگای ئەدەبی ئێران بە باشی و شیاوی بناسێنین.

**⭑ یەکێك لە گرفت و ئاستەنگەکانی کۆمەڵگای ئەدەبی ئێمە کە زۆریش ڕەنگی داوە، نەبوونی هەڵوێست و روانگەی تایبەت بە هەر نووسەر لەمەڕ بەرهەمەکانی نووسەرانی دیکەیە. بەداخەوە ئەو جۆر کە دیارە رەنگە ئێوەش خۆتان تووشی ئەم گرفتە کردووە ، پرسیارەکەی من ئەمەیە: ئاخۆ فەزای ڕەخنە لە کۆمەڵگای ئەدەبی ئێمە رەچاونەکراو و پاك نییە کە ئێوەش هەڵوێست و بۆچوونی شەخسی خوتان دەرنابڕن و ئاشکرای ناکەن ؟**

– پرسی هەوەڵ کە شیاوی باسە، ئەمەیە کە بە داخەوە ئێمە خۆمان فێری رەخنەگەری نەکردووە. بە هۆی ئەوەی کە

رۆحییەی زۆر زاڵمانە و دیکتاتۆری لە ناخمان داکوتاوە. هەڵبەت رەخنەی گونجاو و شیاویشمان نییە. زۆربەی ئەو رەخنەگەلە کە دەیبینم بە جێی ئەوە کە بێت تەماشای کارەکە بکات خۆی سەرقاڵی کەسایەتی نووسەرەکە کردووە و بە لەونێ خۆیشی فریو داوە. دەبێ ئەم کێشە رەچاو بکەین و بکۆشین تا فەزایەکی پاک بەسەر رەخنەدا زاڵ بێ. ئێمە کارمان چییە کە ژیانی شەخسی نووسەر چۆنە. ئەگەر چی ژیانی شەخسی نووسەر لە بەرهەمەکەی رەنگدەداتەوە. ئێمە دەبێ تەنیا چاومان لە دەق بێت و رەخنەکەمان ئاراستەی بەرهەم بکەین ، نەك نووسەرەکەی.

ئەو کاتە کە لەگەڵ هاورێکەم بریارماندا رەخنە بنووسین، بەڵێنیماندا ناوی هیچکەس بە خراپی نەبەین. ئاوڕ لە ژیانی تاکی و شەخسی کەس نەدەینەوە. لەبەرامبەری هەر تێکستێك کە ئاراستەی نووسەر وخوێنەر دەکەین،رەخنەگەلی شیاوی بۆ تەرخان بکەین و رێزی نووسەرەکەمان هەمیشە لەبەر چاودا بێ و ئەو ساتە کە دەقەکە ، کەموکورتی و کێشەی تێدا بوو ، زۆر بە دلسۆزییەوە و بێ لایەنگری رەخنەی لەسەر بنووسین.

بەداخەوە بەم چەشنەیش کە خەریکی کار بووین، هەمیسان دیمان کە ئەو کەسەی کە بۆ دەقەکەی وەختی خۆمان زەوت کردبوو و رەخنەی ئەدەبی بۆ بەرهەمەکەی ئاراستە کردبوو، لە پشت سەری ئێمە زۆری قولاندبوو و کاری ئێمەی بێ بایەخ نیشاندابوو. ئەگەر چی ئامانجی ئێمە تەنیا یارمەتی ئەو بوو. دەبێ ئێمە پشت ببستین بە رەخنەی دروست و گونجاو. ئەو جۆرە کە دەبینترێ دەڵێی رەخنە لە وڵاتی ئێمەدا نەزاوە و خوێنەری نییە و بایەخی پێنەدراوە. رەخنە بڕی نییە. کەسانێك بەرهەمگەلی ئێمە دەخوێنن کە هیچ گرینگایەتییەك بە رەخنە نادەن. چونکا رەخنە و لێکۆڵینەوە تا ئێستا نەیتوانیوە فەزایەکی پاك و خاوێن لەم وڵاتە بە خۆییەوە بگرێ تا ئەوەی خەڵکیش پەرەی زۆرتری پێبدەن. رەخنە لە روانگەی زۆربەی خەڵك بووە بە تۆڵەساندنەوە بۆ وێنە من رقم لە نووسەرێ دەبێ و دەچم دەقەکەی بێبایەخ دەکەم و دەیکەم بە تۆڵەساندنەوە. بەڵام ئەگەر حەز لە تێکستەکەی بکەم وەها هەڵیدەکێشم کە دەنگدانەوەیەکی بە گشتی پەیدا بکا. بە داخەوە پەیوەندی گرتن بووە بە پێوەر و ستانداردی رەخنە.پەیوەندی نێوان نووسەر و رەخنەگەر ئەوەیە کە ئەگەر دوو نووسەری هاورێ دەقی یەکتر هەڵسەنگێنن وادەزانن ئیتر سووکە پەیوەندییەکیش نێوان ئەوان






نابێ بمێنێت.لە رۆژگارێکدا کە بەداخەوە کتێب خوێنەری نەماوە دیارە رەخنەش گرینگی پێنادرێت. لە حاڵێکدا کە رەخنەی رۆمانی«ئاوێنە درگادارەکان»[٤]ی هۆشەنگ گوڵشیری کە لە گۆڤاری «کارنامە»[٥]لە چاپدرا، لانیکەم سێ مانگ لە وەختی ئێمەی زەوتکرد. دەبێ تێبکۆشین رەخنەگەلی خۆماڵی وەك رێنوێنێك بۆ بەرهەمە نوێکانی ئەو نووسەرە بێ. رەخنەی شیاو، کاتێکی زۆری دەوێ کە دەبێ بۆی تەرخان بکرێت و ئەم وەختە چ سوودێکی بۆ ئەو کەسە هەیە. نووسەری ئەو رەخنەگەلەش دەبێ ژیان بکات. پێداویستیی و بژیوی ژن و منداڵی بەدەس بێنێ. بەڵام بۆ رەخنەگەر، تەنانەت فلسێ بۆ داهێنەرەکەی تەرخان ناکەن. ئەگەر کۆمەڵە رەخنە بۆ چاپ ئامادە بکەی، هیچ دەزگا و پەخشانگایەك پارەی بۆ دابین ناکات. بۆچی؟چونکا کەس نایخوێنێ. هەمیسان ناچارم بەم پرسە ئاماژە بدەم کە ئێمە دەبێ رەخنەکانمان خاوێن تر و شیاوتر بخەینە ئاراوە و دەبێ بە رواڵەتێکی گشتی و پرۆفیشناڵ تر لێی بروانین و خوێنەر فێری رەخنە خوێندن بکەین.

**★ ئێمە رەخنەگەری پرۆفشناڵ و کارزانمان نییە کە ئەگەر بەرهەمێ لە چاپ درابێ، ئەو رەخنەگەرە بیر و بۆچوونی خۆی بۆ خوێنەر شی بکاتەوە. ئێمە لە چەندین قۆناغدا، رەخنەگەری پرۆفشناڵمان هەبووە و گۆڤارە ئەدەبییەکان هەر کام رەخنەگەرێکی تەواوکاتیان بوو. بەڵام ئەمرۆکە بە داخەوە نیمانە.**

– ئەم باسە بەبڕوای من تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ بار و دۆخی ئێمەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا. ئەم باسە بۆ سانسۆر دەگەڕێتەوە. ناکرێ بە ئازایەتی باسی هەر شتێ بکەین و بە بڕوای من زۆرترین کێشە لە لایەن خودی وەزارەتی رۆشنبیریە کە بەرهەم بە حەزی خۆی سانسۆر دەکا. ئەدەبی ئێمە پەرەی نەسەندووە. رەخنەگەری ئەگەر بیهەوێ لە دایك بێ، پێویستی بە دۆخێکی تایبەتە. کاتێکی درێژخایەنی پێویستە کە رەخنەگەری بەدی بێت. بێ مەترسی لە بیستن، بە درێژایی زەمەن رەخنەگەرێکی باش دەبێ ئاڵاهەڵگری هەر نووسەر و شاعیرێك بێ و لەوان پێشکەوتووتر هەبێ. رەخنەگەری باش لە کۆمەڵگای ئێمە دەبێ زمان( زمانی زگماگی و بیانی) بزانێ تا بەرهەمگەلی بیانییەکان بخوێنێ. لە دواین رووداوەکان و دیاردەکانی رەخنە و گۆڕانکارییەکانی ئەدەب ئاگادار بێ و ئاوڕیان لێبداتەوە.

بەداخەوە ئێمە دواى (راپەڕینی مەشروتە) بــە تایبــەت زۆر لــە بەنــدی سانــسۆردا بووین.بە کوشتن و خنکاندنی و لێـودورینی شـاعیر و نووســەر و بــە گـشتی رۆشـنبیر بەرامبەر بـووین، هەڵنەچووین و پـەڕەمان نەسەندووە و کۆمەڵگەکەمان بـەم چەشـنە هەڵکەوتووە.

**★ روانگەی ئێوە لە بارەی ئەو رۆمانگەلـە کە لەم چەن ساڵەی رابردوودا نووسـراون چــییە، بــە تایبــەت رۆمــانی «ئــازادە خانم[6]»ی رەزا بەراهەنی کە هەنـدێ لـەو بڕوایەدان ئـەم رۆمانـە سـەرەڕای ئـەوەی کە لە باری تەکنیکییـەوە زۆر بـە نرخـە، سەرکەوتنێك بوو بۆ ئێمـە لـە گۆڕەپـانی رۆمان نووسینی ئەمڕۆیی ؟**

– من ئەم رۆمانـەم نەخوێندۆتـەوە، بـەڵام لەمـەڕ رۆمانـەکانی ئـەمڕو، نووسـەر دەبـێ زۆر تێبکۆشێ ، هەڵبەت هـەر هونەرمەنـدێ ئـازادە کـە رەوشـتگەلێکی جۆراوجـۆر لـە ئـەزموون بـدا. کێـشە نییـە. بـەڵام ئەگـەر کەسێ وەك من کە بە خوێنەری خۆم بایەخ دەدەم، پێم باشترە بە جۆرێ بنووسـم کـە خوێنەری من لـە رۆمانەکـەم تێبگـا، مـن وا بۆی دەچـم گۆڕانکارییـە ئەدەبییـەکان کـە لــەم کۆمەڵگایــەدا ســاز بــووە، دەگــەڵ ئاڵوگۆڕییەکانی ئـەو کۆمەڵگایـەدا، دەگـەڵ گۆڕانکارییـــــە پیـــــشەسازییەکانی (شارســـتانییەت) ئــەو کۆمەڵگایــەدا هــەروا گۆڕانکـاری فەلـسەفی و رامیـاری پەیوەنـدی هەیـە. تەنانـەت پەیوەندییـەکی سەرڕاسـتی هەیە. لە کۆمەڵگایـەك دەبـێ یـەك ئـاڵوگۆڕی برخـــسێت و نووســـەر و هونەرمەنـــد دەبـــێ لەگـەڵ ئـەو ئاڵووگۆڕییـە خـۆی بگرێتـەوە و هاوشان بکات. شێوازی جۆراوجـۆر رێخرێـت، وەکوو شەپۆلی هۆش بارودۆخی کۆمەڵایـەتی تایبــەت بــە خۆییــەوە پێویــستە. ئــەم گۆڕانکارییە لە ئەدەبدایش رێدەخرێت. بـەڵام شــرۆڤەکانی ئێمــە هەمیــشە و بــە تــەواوی کتــووپڕی بــووە. واتــە ئــاوای بــۆ دابنــێین کۆمـەڵگا لـە قۆنـاغی دەرەبەگایەتییـە بـەڵام ئێمـە دەمانـەوێ وەك یـەك نووسـەر لەمـەڕ کۆمەڵگای پیـشەسازی و مـۆدێڕن بنووسـین. بەم هۆکارەیە کە ئێمە بزیووین و سەرکەوتوو نین. من ناڵێم کە نووسـەر نـابێ لـە کۆمـەڵگا خـۆی پـێش بخاتـەوە و یـان نابێـت شـێوازە جۆراوجۆرەکـــان دابرێـــژێ و بخـــۆلقێنێ و هەڵسەنگێنێ، بەڵام ئەو کاتە کە دەڵێم بۆچی ئـەم چەشـنە دەقانـە ناچـنە نێـو ئـاڕاوە بـۆ ئەوەیە کە خوێنەریان ئێجگار کەمە.

**★ دەگەڵ زۆربەی نووسـەرانی دیکـەیش کـە کەوتبووینــــە ئاخـــــافتن، ئــــەوانیش رۆمانەکەیان (ئازادە خـانم) نەخوێنـدبوو و لـە دەربـڕینی روانگـەی شەخـسی بەرامبـەر بەم رۆمانە خۆیان دەپاڕاست. بۆچی؟**





– راســتەکەی بــێ، مــن ئــەم رۆمانــەم نەخوێنــدووە. بــەڵام وای بــۆ دانــێن مــن رۆمـانی( رۆژگـاری بەسەرچووی خـەڵکانی بەساڵداچـــوو)ی «مـــەحموود دەوڵـــەت ئابادی»م خوێندووە ، بەڵام هەر چێژم لـێ نــەبرد و ئەمەیـشم دەربڕیـوە. بـۆ؟ لەبـەر ئــەوەی کــە مــن رۆمــانی( جێگــای بــەتاڵی ســلووچ) م خـۆش دەوێـت تەنانـەت ئـەم بەرهەمە کارێکی زۆر گرینگـە و چـەن جـار دەورەم کــردووە. هەمیــسان دەیخــوێنم و کــەڵکی لێـوەردەگرم. بـەڵام ئـەو رۆمانـەی دیکەم خۆش نەویـستووە. دەبـێ دەوڵـەت ئابادی ئەم جۆرە رۆمانەش بنووسێت و لـە ئەزموونی بدات. ئێمـە چاوەڕێ ئـەوە نـین کـە هەمیـشە خـۆی لـە ئاسـتی( کەلیـدەر) بهێڵێتەوە. بەڵام کاتێ من رۆمانی پێشووی ئەوم خۆش ناوێت دەبێ چی بکـەم ؟ هـەر کـــاتێ بەرهـــەمێکم خوێنـــدبێ، ئێـــستا خۆێندبێتمەوە یا نا، بیر و بۆچوونی خـۆم لەمەڕ ئەو بەرهەمە دەنووسم. هیچ جێگـای مەترســـی نییـــە. بـــۆ نموونـــە (ئاوێنـــە دەرگادارەکانی) هۆشـەنگ گوڵـشیری. مـن خوێندمەوە و خۆشم لێ نەهات و رەخنەم بـۆ نووسـی و بۆچـوونی خـۆمم نووسـی و گوڵـشیری کـاتێ لـە گۆڤـاری کارنامـە لـە چاپیدا کە قەت بیرم نەدەکرد چاپی بکات.

**★ ئاغـای دەروێـشیان ئێمـە مـەگین چـەن نووسەری سەرمان هەیە. ئەمە چۆنە کـە نووسەرێ وەك ئێوە دەڵێت ئـەو رۆمانـەم نەخوێندووە کە لـە رۆمانـە تـاق و تـرا و جیددییەکانی ئەم چەن ساڵەیە ؟**

– راست بڵێم من وەخـتم نـەبووە. بڕوانـە، ئەم رۆمانە لە دۆخێکدا بڵاوبوو کـە دەزانـن بار و دۆخـی کۆمـەڵگا بـەو هـەموو رووداوە هەرە ناخۆش و دڵتەزێنە[7] کە بۆ نووسەران روویـدا بـە چ شـێوەیەك بـوو. زۆرسـەرقاڵ بووم. لە لایەکیترەوە سەرپەرژانی دیکـەی زۆرم هــەبوو. بـۆ خوێنـدنی رۆمـان دەبـێ بتــوانێ بــیر و هۆشــت کــۆ بکەیتــەوە تــا بتـوانی لەسـەروبەری رۆمانەکـە تێبگـەی. دوایش ئەم سەفەرە چەن مانگە هاتە پێش و ئێـــستایە کـــە دەبـــێ دابنیـــشم و بیخوێنمەوە.

**ئاگادارییەك:**

**ئەم گفتوگۆیە تایبەت بە گۆڤاری (گزنگ)ە و هیچ گۆڤارێ مافی بڵاوکردنەوەی ئەم وتووێژەی نییە.**

# باکۆجەلال:

# زمان ئەرکی شاعیر دیاری دەکات، نەوەک بە پێچەوانەوە



شاعیری لاو (باکۆجەلال)لەرێگەی شیعرە ناسکەکانییەوە کەوا لەرێگەی سایتە ئەلیکترۆنییەکاندا بلاو دەکرێتەوە،توانیو یەتی وەک گەنجێکی بەهرە مەند دەرکەوێت،ناوە ناوەش بابەتی سیاسی و رۆشنبیریشی دەبینرێت،یەکەم ئەزموونی نووسینی لە ساڵی(۲۰۰۵)لە رۆژنامەی (ئازادی )سەرچاوەی گرتووە،دواتر لەرۆژنامەی (بەلاغ الشیوعی)وەرگێراونەتە سەرزمانی عەرەبی،دوای ئەوەی هۆنراوەی (ئەی ئاسکەمێ)ی لە ساڵی (۲۰۰۹)دا بلاو کردۆتەوە لەو ساوە دەستی بە نووسینی هۆنراوە کردووە، ناوبراو ئێستا لە ولاتی ئەمەریکا دەژیەت و هەمیشەبە شیعرە ناسکەکانی ئاشنامان دەکات،ئێمەلەم دیمانەدا باسگەلیکمان لە مەرشیعرو سەرەتاو زمان وپەیوەندییە کانی شیعرو عەشق کردووە.

**دیمانە/ سەنا جەباری**



***تۆ شیعر دەنووسیتەوە، یا خود شیعر تۆ دەنووسێتەوە؟تۆ چۆن ئا وێزانی شیعر دەبیت؟**

– هەمیشە لە کاتی نوسینەوەی هەر هۆنراوەیەکمدا وام بە بیردا هاتوە کە من هۆنراوەکە دەنوسمەوە بەلأم دوابەدوای تەواو بونی هۆنراوەکە کە وەك هەر خوێنەرێك دەست بە خوێندنەوەی دەکەم خۆمی تێدا دەبینمەوە بۆیا گومانی تێدا نیە کە ئەویش من دەنوسێتەوە هەر من نیم ئەو دەنوسمەوە مادام هۆنراوەکانیش من بنوسنەوە کەوابو هەردووکمان ئاوێزانی یەکتر دەبین تەنیا من نیم ئاوێزانی هۆنراوەکان دەبم ئەویش ئاوێزانی من دەبێت، ئەو دەمەی هیچ ئامرازیك یان زمانێك نابینمەوە بۆ دەربڕینی هەستم بە ناچاری ئاوێزانی هۆنراوەیاك دەبم ئەوکات ئەویش وەك ئازیزترین کەسم گوێ بۆ ڕازو نیازم دەگرێت لە پرۆسەی شیعری مندا بۆم گرنگە هەر شیعرێك کە دەینوسم مۆسیقا و تۆنێکی تایبەت بە خۆی هەبێت کە شیعرەکە خۆی ئەو تۆنە بۆ خوێنەری دیاری بکات ئەوەش دیارە لە ڕێگای زمانەوە دەکریت بۆ ئەو مەبەستەشە کە شیعرەکە بەدەر نەبێت لە ستاتیکا، دواتر بیرمان نەچێت کە کاری شاعیر بەدەر نیە لە وشە ڕێزکردن بەلأم ئەوەی کە وادەکات شیعرەکان پڕبن لە ستاتیکا ئەوەیە کە شاعیر لە ڕێگای وشە و زمانەوە خوێنەر بە دونیایەك ئاشنا دەکات کە لە کاتی بەر لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا خوێنەر پێی نەخستوەتە ئەو دونیایەوە و پەی پێ نەبردوە، زمان ئەرکی شاعیر دیاری دەکات نەك بە پێچەوانەوە، چونکە شاعیر تا ئەو کاتەی بتوانێت بە چەند زمانێك بپەیڤێت و زاراوەی زیاتر بزانێ و زیاتر بخوێنێتەوە دەتوانێت زیاتریش بنوسێت و مەودای خەیاڵیشی فراوانتر دەبێت، بۆیا دەڵێم زمانە ئەرکی شاعیر دیاری دەکات.

**★ خوێنەری کوردی بەتایبەت جیلی لاوان لە کتێب یاخییە؟تۆ هۆکارە کانی ئەمە بۆچی دەگە ڕێنیەوە؟**

– نا کتێبە پیرۆزەکان لە هیچ کات و ساتێکدا پیرۆزی خۆیان لە دەست نادەن ئەوەتا دەبینین دوای۱۵۰ ساڵ ولأتە سەرمایە دارێکان لە کاتی قەیرانی ئابوریدا بە ناچاری دەگەڕێنەوە بۆ کتێب و نەزەڕیاتەکانی مارکس بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانانە بۆیا ناکرێت بلێین کتێب ئەو پیرۆزیەی جارانی نەماوە پێشم وانیە کۆمەڵگای کوردی وعێراقیش بە گشتی و لاوانیش بە تایبەتی لە کتێب یاخیبن ئەوە دونیای سەرمایەداریە مرۆڤەکانی گیرۆدەی ئەو دونیایە کردوە کە سەرمایەداری خۆی

مەبەستێتی و سود و قازانجی لە تەکدا دەکات، لامان ڕونە هەر یەك لە ئێمە کاتێك دەست بۆ کتێبێك دەبەین ئەو کتێبە هەڵدەبژێرین کە خۆمان مەبەستمانە و ئارەزوی دەکەین بەڵام لە کاتێکدا کە هەریەك لە ئێمە تەلەفیزێونێك لە ماڵەکەماندایە و ڕۆژانە تەماشای دەکەین و کراوە بە بەشێکی پێویست لە ژیانمان ئەوەشی کە پشانمان دەدرێت لە ڕێگای تەلەفیزیۆنەوە بمانەوێ و نەمانەوێت کاریگەریمان لەسەر دروست دەکات لە کاتێکدا هیچکام لەو کەناڵانەی تەماشای دەکەین ڕەنگە هەڵبژاردەی خۆمان نەبن و بەڵکو پێش وەخت بۆمان دیاری کراوە، خۆ ڕەنگە زۆربەشیان دەسکەوتی مرۆڤایەتی بن لە ناوەڕۆکدا چ ئینتەرنێت و چ مۆبایل و تا د .. بەڵام سەرمایەداری زیاتر پەرە بەمە دەدات و ئەم هەلەش لە پێناو سود و قازانجی بێ ئەژماری خۆیدا دەقۆزێتەوە وەك وتم لە دونیای سەرمایەداریدا بەهۆی قورسایی ژیان و زۆربونی ئەو شتانەی کە ژیانی داگیرکردوین بەبێ ئەوەی خۆمان مەبەستمانبێت یان بۆما ن بکرێت یان بپەرژێین کاتی بە دەست مرۆڤەکانەوە نەهێشتوەتەوە وای کردوە کە پێویستێکانی خۆمان بە ڕونی نەناسینەوە.

**★ ئایا ئێمە نەوەیەکمان هەیە بەناوی نەوەی تازەوە؟**

– جێی داخە کە نەوەی نوێ لەم سەدەیەدا نەوەیەکی تا ڕادەیەك نا ئەکتیڤە بۆیا ئومێدی گۆڕانیش کەمتر بەدی دەکرێت تێیدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشبین و نائومێد نیم چونکە هەرچەند سەدە جارێك مرۆڤ لە تەك ئەزمونە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانیدا پاڵەوانی خۆی دێنێتە مەیدان بۆ باشترکردنی باری گوزەران و ژیانی خۆی و نەوەی پاش خۆی بەڵێ بە دڵنیاییەوە تا ئەو کاتەی مرۆڤ بیردەکاتەوە دەتوانێت نوێگەر و نوێ خوازیشبێت.

**★ بەرای تۆ مەرجە ئاوانەی دەنووسن کەسێکی (دیار)یا خود)وەهم)ی هەبێت؟**

– من ناتوانم لە ئێستادا خۆم بەراوردکەم لە تەك نالی یان دیوانەدا بە ئومێدم ئەزمون و ژیان لە دواتردا شانسی ئەوەم پێ بات، سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش بەڵێ چۆن هەر شۆڕشێك پێویستی بە پاڵەوانێك هەیە بە هەمان شێوە شاعیریش بۆ نوسینەوەی هەر شیعرێکی پێویستی بە پاڵەوانێك هەیە جا ڕەنگە ئەو پاڵەوانە بۆ نالی حەبیبە و بۆ دیوانە شەم و بۆ فروغی فروخزاد پەروێز شاپور و بۆ منیش ناسکە مێیەك لە شیعری ناسکە مێدا و دوعایەك لە شیعری دوعامدا پێویست بێت،






جا ڕەنگە زۆربەی کات ناوی پاڵەوانەکان لە ناو شیعرەکاندا خەیاڵیش بن بەڵام لە ناوەڕۆکدا بونیان هەیە هەر شیعرێکیش بێ پاڵەوانبێت ئەوا کەمتر سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت بە تایبەت شیعری ڕۆمانسی چونکە خوێنەر لە شیعری ڕۆمانسیدا هەمیشە بەشوێن وەسفێکدا دەگەڕێت کە لایەق بە پاڵەوانەکەی خۆیبێت. کە لە خەیاڵ و ناخیدا بونی هەیە

# کار و چالاکییەکانی
# لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

**ئا : بەڕێوەبەری نووسین**

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا حەڤدە١٧ کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

*لە ژێر زنجیرەی (١٨٧) کتێبی (المدینە الحبلی بالهم) رۆمان لە نووسینی (سالار ئیسماعیل سەمین) وەرگێرانی (انور حسن موسی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٨٨) کتێبی ( ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ) شیعری خاتوونی شاعیر (چنوور نامیق)ە کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٨٩) کتێبی (پینکیو) رۆمان بۆ منالّ لە نووسیتی (سەرتیپ محەمەد هەمەوەندی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٩٠) کتێبی ( شیرینتر لە دەق) لێکۆڵینەوە و رەخنە لە نووسینی (سەردار جاف)، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٩١) کتێبی ( رەخنە و هەندێ لە راستییەکان) رەخنە و لێکۆڵینەوە لە نووسینی (غەفور سالّح عەبدوللاّ)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٩٢) کتێبی (من و دەریا ) شیعر لە نووسینی (عەباس جەمیل جێماو)، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...



























*لە ژێر زنجیرەی (١٩٣) کتێبی (باخچەی گوڵ و پەپوولە) هۆنراوە بۆ منالاّن لە نووسینی (ئەسعەد لورزادە)، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٩٤) کتێبی ( فیغانێک لە کەرکوکەوە) کۆمەڵە شیعری شاعیر (نەوزاد محەمەد کاکەیی)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (١٩٥) کتێبی ( ژنێك لێوانلێو لە ئەوین) شیعر لە نووسینی (خالید باشبلاّخی)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە درێژەی کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکوك رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٢/١٢/٢٧ کۆڕێکی رێزلێنانی بۆ نووسەری لاو و خاوەنی ٦٠ کتێبی چاپکراو سۆران نەدار لە هۆڵی شەهید مستەفا گەرمیانی ساز کرد.




## بەخاکسپاردنی ویژدان بیماری لە گۆڕستانی دڵڕەقی لە لایەن ((عەبدولستار جەباری))یەوە...

**ئەحمەد سەنگاوی**

من شرۆ ڤەکاری وەرزشیم، ڕەنگە پێتان سەیر بێت کاتێك ئەم نووسینە دەخوێننەوە، نووسەرەکەی ئەحمەد سەنگاوی بێت، بەڵام ویژدانی مرۆ ڤ ەەمیشە ەانی دەدات ڕاستییەکان بەرچاو بخات. ئەمەی دەینووسم، نرخاندنی هەوڵی مرۆڤێکە بۆ زیندووکردنەوەی دەنگی ئەو لاوانەی خەریکە تۆزی فەرامۆشییان لەسەر دەنیشێت. ئاخۆ ژمارەی ئەو لاوانە چەند بێت کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەست بەڕوویانەوە دەنرێت؟ ئاخۆ ژمارەی ئەو شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرە ئەدەبیانە چەندە بێت، کە لەلایەن ئەم یان ئەو دەستگە، ئەم یان ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە وە تووشی نائومێدییەکی ئێجگار ترسناك و کوشندە بووبێتن؟ بەەۆی بڵاونەکردنەوەی بابەتەکانیان، کە زۆرجار تەنیا تەماشای ناوەکان دەکەن و ئیتر ناوەڕۆکی نووسینەکانیان لا گرنگ نییە. کەم نین ئەو هەوڵە جددییانەی دەخرێنە ژێر پێوە، کەم نین ئەو نووسینانەی دەسە پێردرێن بە





فەرامۆشی... ئەوەی وادەکات هەوڵی نوێ و دەنگی نوێ و داهێنانی نوێ ڕوو لە سست و لاوازی بکات، نەخوێندنەوە و گوێ پێنەدانی هەوڵ و تەقەلای لاوەکانە، گوناهێکی گەورەیە ناو بخەیتە پێش ناوەرۆکی تێکستەوە. ستەمێکی دڵڕەقانەیە ڕێگە نەدەیت ئەم یان ئەو لاوی تازە پێگەیشتوو قەڵەمەکەی سەوز بێت. بیرکردنەوەیەکی زاڵمانەیە هەموو هەناسە نوێیەکان، هەموو دەنگە تازەکان، تووشی بێزاری تێکشکان بکرێن و سەرئەنجام هەموو هاوارەکان کپ و بێدەنگ بکەیتەوە. ئەم برادەرچێتی و سەندنەوەی ئاوازی یەك گۆرانی، یەك ئاواز، یەك ڕیتم، هیچ نییە، جگە لە شانۆگەرییەکی ناچیزە و قێزەون. زۆرێك لە هاوڕێ هاو عومرەکانم بە بەردەوامی باس لە دڵشکان و بە نادیدەگرتنی هەوڵەکانیان دەکەن. بە بەردەوامی گازەندە لە بێباکیی و لووتبەرزی برێك لە گۆڤار و بڵاو کراوەکان دەکەن و دەڵێن چەندە قەڵەمەکەمان بە برشت بێت، چەندە تێکستەکانی ئێمە لە ئاستێکی باڵادا بێت، لای ئەوان چ مانایەکی نییە، ئاخر ئێمە واجیهە و ناوە دەستنیشانکراوەکانی نێو ئەم کایە گرنگە نین. خۆشحاڵانە لەئێستەدا هیوایەك لەدایکبووە، مرۆڤێکی خۆنەویست هاتووەتە دەنگ. پیاوێکی مرۆڤویست، مرۆڤێکی ویژدان زیندوو دەکۆشێت بۆ بنەبڕکردنی ئەم تاعوونی ویژدان بیمارییە. چ نەخۆشخانەیەکی گەورەیە کوردستان لە سایەی سەری خوێندەوارەکانمانەوە، کە ناهێڵن هەناسەی نوێ و دەنگی بەگوڕ و سەدای دوور بڕ بگات بە هەموو کونج و کە لەبەرێکی نیشتمان. خۆشبەختانە ئەم بێڕەحمییە، ئەم دڵشکاندنە لەئێستەدا ڕوویی شەرم ئاوەر و پڕ لە شەرمەزاری خۆی تووشی ناکامی بووە، ئاخر مرۆڤێکی ویژدان زیندوو خاڵی لە ڕق و قین و بوغز لە هەوڵی هەستانەوەی ئەو دەنگە تێکشکاوەنەیە. مرۆڤێك دەیەوێت ڕۆحی دەرچوو لە لاشەی لاوانی خاوەن بەهرە بگەڕێنێتەوە بۆ نێو لاشەکەی، تاوەکو بتوانن بەەرەکانی خۆیان تاقی بکەنەوە و بیانبینین و بیانخوێنینەوە. ئەم مرۆڤە غەمخۆر و بە ە پەرۆشە کاك ((عەبدوالستار جەباری))یە، کە بەڕێوبەری ەونەری گۆڤاری (گزنگ)ە، لەشاری کەرکوك، بە هۆی ((ستار جەباری))یەوە دەنگە فەرامۆشکراوەکان گەڕانەوە و تێکستی لاوەکان لەبەین نەچوون و تۆزی فەرامۆشییان لێ نەنیشت. لەکۆتاییدا دەڵێم دەرگاکان بگرن، پەنجەرەکان دەکرێنەوە. پەنجەرەکانیش بگرن، کۆترێك دێتە تاقی پەنجەرە کەلبووەکە و تێکستەکان لە چەشنی نامە ەەڵدەگرێت و دەیبات بۆ شوێنی ڕاستە قینەی خۆی.

هەربژی ((ستار جەباری)) ئەو پیاوەی ناینasm و دەزانم کێیە.